پایر ئاورۆن

# جینۆساید
# ڕامانەکان لە وێنانەکراو
# ڕووە تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوە لە جینۆساید

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
مەهاباد قەرەداغی

ناوی کتێب: جینۆساید
ڕامانەکان لە وێنانەکراو
ڕووە تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوە لە جینۆساید
ناوی نووسەر: یایر ئاورۆن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مەهاباد قەرەداغی
پێداچوونەوەی زانستی: د. مەحەمەد ئیحسان
دیزاینی بەرگ: هێمن خدر
چاپی: یەکەم
ساڵی: ٢٠١٩
لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی

لەسەر ئەرکی چاپخانەی شەهاب چاپ کراوە

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ( ) ساڵی (٢٠١٩)ی دراوەتێ

ISBN: 978-91-981378-9-7

Genocide
Reflections on the inconceivable
Theoretical aspects in Genocide studies

Yair Aouron

Translated by: Mahabad Qaradaghi
Scientific Editor: Dr. Mohammad Ihsan

ناوەڕۆک


بەشەکان لاپەڕە

پێشەکی

١: جینۆساید: دیاردەکە و پێناسەکەی
جینۆساید وەک ڕواڵەتی مێژووی مرۆڤ
ئاڵنگارییەکانی پێناسەی جینۆساید
ڕافائیل لێمکین: داهێنەری دەستەواژەی جینۆساید
جینۆساید بە پێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان
دەقی پەیماننامەی بەرگرتن و سزادانی تاوانەکانی جینۆساید
ئەو کێشانەی لە گەڵاڵەکردنی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتنەوە.
هۆنراوە:"سترانی سترانەکان" ئیاکۆڤۆس کامبانالیس
سەختییەکانی بەردەم پەژراندن و پیادەکردنی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان.
دادگای تاوانە نێونەتەوەییەکان

٢: پێناسە و پۆلێنکردنی جینۆساید
تانوپۆ کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان کە جینۆسایدیان تێدا ڕوودەدات
دەستەواژەگەری و پێناسەکان
تیۆریەکانی لوتبڵندیی
جیاکردنەوەی جینۆساید و جۆرەکانی تری کۆمەڵکوژیی
دەستەواژەگەری و پێناسەکان
پۆلێنکردنەکان، تیۆرییەکانی پێناسەکردنی جینۆساید
پێناسەکردنی جینۆساید
پۆلێنکردنەکانی ئەنجامدەرەکان
هۆنراوە: "هەرای مردن" پاوڵ کێلان
پۆلێنکردنەکانی قوربانییەکان
هەلومەرجە پێویستەکان بۆ جینۆساید
جینۆساید وەک پرۆسە
نکۆڵیکردن لە جینۆساید
هۆنراوە: "پەڵەکە بە دیوارەکەوە مایەوە" داڤید ئاڤیدان

٣: هۆلۆکۆست و جینۆساید

پێناسەی هۆلۆکۆست
هۆلۆکۆست و جینۆساید
یاسای ئیسرائیل بۆ جینۆساید
تاوانی جینۆساید(یاسای قەدەغەکردن و سزادان)
تاوان دژی گەلی جوولەکە، تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ
پۆلیساید و دیمۆساید
هۆنراوە:"بڕیاری سەدە" ڤیسلاڤا سیمبۆرسکا

پاشکۆکان
پاشکۆی ١: رافائیل لێمکین:"جینۆساید-تاوانی مۆدێرن"
پاشکۆی ٢: ڕ.ج. ڕومێل "دەستەواژەی نوێی دیمۆساید".
پاشکۆی ٣: ڕ.ج. ڕومێل " دەسەڵاتی کوشتن، دەسەڵاتی بێگومانی کوشتنی بێگومان"
پاشکۆی ٤: جەیرد دیامۆند،" لە ڕەش و سپیدا".

## پێشەکی

یەکەمجار راپۆرت درا کە هاوڕێکانمان سەربڕدران،
دەنگی هاوار و تۆقین بڵند بووەوە.
ئینجا سەدان سەربڕدران،
بەڵام کە هەزاران سەربڕدران و سەربڕین کۆتایی نەدەهات،
پەردەیەکی بێدەنگی باڵی کێشا.
کاتێ نەفرەت وەک باران خوڕڕەی دێت،
کەس هاوار ناکات "بوەستە!"
کاتێ تاوان کەڵەک دەبێت،
ئیتر نابیندرێت.
کاتێک ئازارەکان بەرگەناگیرێن،
ئیتر گریانەکان نابیسترێن.
گریانەکانیش وەکو بارانی هاوین بە لێزمە دەبارێن."

بێرتۆڵد برێخت[1]

جینۆساید ئەوپەڕی جۆری زەبروزەنگی مرۆڤە دژ بە ئەویتری بێگوناە، تۆمەتبارکردنیان بە پاساوی هەڵەی ئەنجامدراوی گشتگرەوە. توندوتیژییەکی لە ڕادەبەدەر و دژوارە بەرامبەر بە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ. ئەگەرچی کۆمەڵکوژیی لە مێژووی مرۆڤدا ڕوویداوە، بەڵام سەدەی ڕابردوو زیاتر لە هەموو سەدەکانی پێشووتر گەواهیدەری کۆمەڵکوژییە. بۆیە سەدەی بیستەم بە "سەدەی جینۆساید"، "سەدەی نەفرەت" و "سەدەی زەبروزەنگ" ناوزەد کرا. سەدەی بیستەم هەروەها گەواهیدەرە بۆ "هۆلۆکۆست": ترسناکترین کارەساتی مێژووی مرۆڤ و توندترین بێبایەخی بەرامبەر بە ئازارەکانی مرۆڤ و، رەنگە گەورەترین بێڕەوشتییش بێت کە تا ئێستا مرۆڤایەتی بەخۆیەوەی دیبێت.
سەرەڕای بەربڵاوی جینۆساید بۆ نەوەکانی ئەم سەردەمە، خەڵک بێبایەخانە سەرنجی داوەتە دیاردەکە. مەنهەجی ئەکادیمی لە ئاستە جۆراوجۆرەکان، بە زانکۆکانیشەوە کەمتر سەرنجیان داوەتە ئەم بابەتە و یاخوود هەر بایەخیان پێنەداوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە زانیاری و هۆشیاری سەبارەت بەم دیاردەیە پێویست و مەرجە(ئەگەچی بەشیش نەکەن) بۆ

---

[1] وەرگیراوە لە شیعرێکی بەرتراند برێخت بەناوی "کاتێ تاوان خوڕڕەی دێت وەک باران"
بێرتۆڵد برێخت (١٨٩٨-١٩٥٦) شاعیر و دەرهێنەر و شانۆنامەنووسێکی ئەڵمانی بوو. کاتێ نازییەکان هاتنە دەسەڵات ناچاریان کرد وڵات بە جێبهێڵێت و لە تاراوگەدا بژیی. یەکەم جار چووە دانیمارک و ئینجا بۆ فینلەندا، ئینجا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دواییش بۆ سویسرا و کۆتاجاریش لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات کە کۆمۆنیست بوو گیرسایەوە. شیعری (کاتێ تاوان خوڕڕەی دێت وەک باران) لە ساڵی ١٩٣٥ نووسراوە، پێش ئەوەی کۆمەڵکوژیی لە لایەن نازییەکانەوە ئەنجام بدرێت. ئەمەش وەک پێشبینییەک دادەنرێت کە لە لایەن شاعیرەوە هەستی پێکراوە کە ڕوویدات

پێشگیریکردن لە ڕوودانی جینۆساید بۆ کۆمەڵ، هاوکاریکردنی تاوانبارانی جینۆساید، یان دەستەوەستانی بەرامبەر جینۆسایدکراوەکان و نەکردنی هیچ شتێک بۆ وەستاندنی.

هۆلۆکۆست ئێستا نمونەیەکی هەرە تووندی جینۆسایدە کە مرۆڤ تا ئێستا ناسیبێتی و زیاتر لە چارەکە سەدەیەکیش گفتوگۆی پەرتەوازە لە ئارادا بوو، سەبارەت بە ئاستەکەی و ئەوەی ئایا هۆلۆکۆست بە جینۆساید بژمێردرێت یان نا، بە بەراورد لەگەڵ ئەو جینۆسایدانەی کە بەسەر مرۆڤەکانی تردا هاتبوون. دواجار، هۆلۆکۆست بە "پیشەسازی مردن"ێکی دەگمەن و نوێ و کاریگەر دانرا، کە لە تیۆرییەکانی نەژادپەرستی و ئایدۆلۆژییەوە سەرچاوەی گرتبوو بۆ لەرەگەوەهەڵکێشانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵی جولەکە، بە چاوپۆشی لە وڵات و شوێنی نیشتەجێبوونیان. لەبەر ئەم هۆیە، هۆلۆکۆست ڕەگی سەرەکی لە نێو کۆهۆشی مێژوویی جولەکەدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگە لە بیرمان بێت، کە ژمارەیەکی زۆر جینۆساید دژ بە گروپەکانی تری مرۆڤ ئەنجام دراوە لە سەدەی بیستەمدا و، پێدەچێ جینۆساید بەردەوامی هەبێت لە داهاتوودا.

نکۆڵیکردن و بێبایەخی و گوێپێنەدانی جینۆساید بۆ هەر خەڵکێک، دەبێ شەرمەزار بکرێت. لە پشت پابەندییە ڕەوشتییەکانمانەوە بۆ ناسینی ئەم کردەوانە، ئەگەرچی پێویستە لە بیرمان بێت کە شکستی دانپیدانانی تاوانەکان لە دژی ئەوانیتر، دەرهاویشتەیەکی نەست و جیهانبینی قوربانییەکانە. لە هەندێ لە دۆخەکاندا، دانپێدانەنان کاریگەرییەکی لێبڕاوەی هەیە لەسەر کۆششی قوربانییەکان بۆ دەربازبوون لە تراژیدیا و خۆبارهێنانەوە، کە پرۆسەیەکە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت و بۆ هەندێ دۆخ بێکۆتاییە.

شێوازی سەرەکی و بنچینەی ئەم کتێبە، بریتییە لە بەها گەردوونییەکانی ژیانی مرۆڤ، لە هەر کوێ بێت و، وتەکانی ئارچبیشۆپ دیسمۆند تووتوو و سیمۆن ویسندال لە پێشەکییەکەیاندا بۆ "ئینسیکلۆپیدیای جینۆساید" The Encyclopedia of Genocide کە زۆر گرنگن بۆ ئەم کتێبە. ئارچبیشۆپ ئێمیریتۆس دێسمۆند تووتوو[2]، نووسیویەتی:

لە دیسەمبەری ١٩٩٥، پەنجا ساڵ دوای کۆتایی شەڕی جیهانی دووەم، من لە ژوورێکی دادگا دانیشتبووم کاتێ کە دانیشتنی دادگای نۆرمبێرگ سازکرا. من بەشدارێکی پانێڵی تەلەفیزیۆنی بی بی سی بووم سەبارەت بە ڕاسپاردەکانی نۆرمبێرگ. دوای ئەوە سەردانی شوێنی کەمپێکی پێشووی نازییەکانم کرد لە داچاو. ئەڵمانەکان وا دیار بوو سوور بوون لەسەر ئەوەی نەتەوەکەیان کارە دڕندانەکانی هیتلەر لە بیرناکات کە لە ئەنجامی وەهمی

[2] دێسمۆند تووتوو لە ساڵی ١٩٣١ لە ترانسڤاڵ لە باشووری ئەفریقا لە دایک بووە. لە ئینگلستان زانستی ئایین (تیۆلۆژی) خوێندووە لە ساڵی ١٩٧٨ بووە یەکەمین سکرتێری گشتی ڕەشپێست بۆ ئەنجومەنی کەنیسەکانی باشووری ئەفریقا. لە ماوەی ژیانی خۆیدا چالاکوانێکی سەرسەختی یەکسانی نەژادیی بوو لە باشووری ئەفریقا و وڵاتانی تر. بۆ ئەو چالاکییانەی لەم بوارەدا ساڵی ١٩٨٤ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێ بەخشرا.

پارێزگاری لە نەژادی ئاری، ئەنجامی دا. لە دەروازەی مۆزەخانەی داچاو وتەکانی جۆرج سانتایانا هەبوو کە بەو شێوەیە دەربڕدرابوو "ئەوەی کە ڕابردوو لە بیر بکات، مەحکوومە بە دووبارە کردنەوەی."

کۆی هۆکارەکان کە وامان لێدەکات لەبارەی هۆلۆکۆست و جینۆسایدەکانی ترەوە کە دژ بە مرۆڤ ئەنجام دراون، فێربین، تا بێز لەو شتانە بکەینەوە کە ڕوویان داوە و ئەودەم ئیلهامیان بەخشیوە، تا پابەندێتی خۆمان بە دڵنیابوون لە هەرگیز روونەدانەوەی ئەو دڕندایەتییە، نیشان بدەین. بەداخەوە وتەیەکی گاڵتەجارانە هەیە دەڵێت، لە مێژووەوە فێر دەبین کە هیچ لە مێژووەوە فێر نەبین. ڕەنگە، ئەگەر جیهان هۆشیاری لەبارەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە لایەن تورکەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە هەبایە، کە یەکەمین جینۆسایدی سەدەی بیستەم بوو، دەشیا جیهان هۆشداری زیاتری هەبووایە سەبارەت بەو نیشانە ئاگادارکەرەوانەی هیتلەر دەیهاویشت پێش ئەوەی شێتبوونەکەی بگاتە ئاستی باوەڕپێنەکراو. چوون وتەی وای هەیە نیشانەی ئاشکرایە بۆ ئەوانەی چاویان هەیە، دەبوایە بزانن و چاوکراوەتر بن. کاتێ زۆرداران هەست بە نادڵنیایی دەکەن و لە سێبەری هەڕەشە و پێشێلکاری ئازادی تاکەکەسییدا، پێویستە ئاریالەکانمان بە تایبەتی هەستیار بینەوە. لە قۆناغی گۆڕانکاری خێرا و داڕوخان و ئاشووبی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ناسەقامگیری سیاسیدا، ئەوانەی لە دەسەڵاتن هەوڵی دۆزینەوەی رێگەی دەرچوون دەدەن بۆ ئەوەی ئۆباڵی هەڵەکانی بخەنە ئەستۆ. جیهان دەبوایە چاوکراوەتر بووایە لە کاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی ساڵی ١٩٣٠ ی ئەڵمانیا.

دەمانەوێت لەبارەی هۆلۆکۆست و نمونەکانی تری جینۆسایدەوە فێر بین، چونکە چەندین کەرەت شەڕی تەکنەلۆجیای مرۆڤ، گەشت بەرەو ئاسۆ، نیشتنەوە لە سەر مانگ، پەیوەندیی خێرایی بروسکەیی و داهێنانەکانی تر، سەرسام و لەخۆبایی کردووین. ئەم دەستکەوتانە وایان نەکردووە کە تەنها بە شیوەیەکی ئاسایی شانازی بکەین، بەڵکو ئەو پێشڤەچوونە ئۆتۆماتیکیانە لوتبەرزیان کردووین. حیکمەت ئەوەیە کە ئێمە بە رەوشتێکی یەکسانەوە ئەو دەستکەوتە تەکنەلۆژیانەمان وەرنەگرتووە. ئێمە سەرسوڕهێنەرانە زرنگین، بەڵام لە رەوشتدا زۆر بچووک و کورتەباڵاین. ئێمە بوجەیەکی زۆر لە مردن و تێکداندا خەرج دەکەین، کاتێ هەر ئەو بوجەیەی کە بۆ ئەو چەپەڵییە بەکار دێت بەشی خواردنی، خواردنەوەی، سەرپەرشتی تەندروستی و خوێندن و فێربوون و دابینکردنی ژینگەیەکی ئاسایش بۆ منداڵەکانی خوا لە هەرکوێ بن، دەکات.

توانای دابینکردنی چەندینبارەی خۆراکی تەواوی جیهانمان هەیە و زیاتریش، بەڵام منداڵەکان لە برسان و لەبەر نەخۆشییە ئاسان خۆلێپارێزەکان دەمرن، لە کاتێکدا خواردنەکان فڕێ دەدەینە سەرانگوێلکەوە بۆ پارێزگاریکردن لە نرخی خۆراک. نموونەی جینۆساید و رووداني هۆلۆکۆست بیرخەرەوەی بەهێزن بۆ ئەوەی کە ئێمە چ توانایەکی نەفرەتاویمان هەیە. بە تایبەتی قڕکردن نموونەی واقیعی ئەو خراپەکارییەیە کە نەک لە

لایەن نەخوێندەوار و بەربەری و دڕندەوە ئەنجام درابێت، بەڵکو لە لایەن مرۆڤی زۆر پێشکەوتوو، زۆر خوێندەوار، کە بانگەشەی کرستیانیتییان دەکرد. ئەو هۆکارەمان دەداتێ کە هەڵویستەیەک بکەین، کە ئەو شتانەی ئەنجام دراون لە لایەن ئەوانەوە کە گوایە ئاسایین، مرۆڤی خوائاساین، بەڵگەی هەرە دڕندەیی و نەفرەتلێکراویین.

بەڵام ئێمە لەبەرامبەر نموونەکانی دڕندایەتی، چەندین نموونەی نائاسایی و نایابمان هەیە لە توانای مرۆڤ بۆ چاکە و ئازایەتی و مەزنیی. دەزانین کە توانای سەرنجڕاکیشیشمان هەیە بۆ ئەوەی ئەم دنیایە بەرەو باشتر بئاژووین.

بەهاو و ئارەزووی گرنگیی ژیانی مرۆڤ لەناوماندا بێدارە، هەموو ژیانی مرۆڤ، بۆیە رەتی دەکەینەوە تەنانەت ساڵیادەکانیش بەنەفرەت بکەین. ئەوەی کە وا دەکات جینۆساید ئەنجام بدرێت، ئەوەیە کە قوربانییەکان لە کەمتر لە مرۆڤ چاویان لێدەکرێت. لە ئەفریقا شتێکمان هەیە بەناوی ئوبنتوو، پێوەری بوونەمرۆڤ، کاتێ دەرک دەکەین کە مرۆڤایەتیمان بەندە بە پێوەری کەسانی ترەوە. دەڵێین کەسێک کەسە لە رێی کەسێکی ترەوە. ئەمەمان خوڵقاندووە لە پێناوی سەربەخۆیی، پێکەوەیی و تەواوێتی. جینۆساید بۆیە روودەدات چونکە مرۆڤ سنگفراوانانە جیاوازی قوڵ ناکات. ئووبنتوو بریتییە لە ئاهەنگێڕان بۆ جۆراوجۆرێتی. جیاوازییەکانمان دەبێ ئەوەمان پێ بسەلمێنن کە پێویستیان بە یەکترییە. مرۆڤی خۆ بە تەواوزان مرۆڤی ناتەواوە. ئووبنتوو لەبارەی میواندارێتی، دڵودەستفراوانی، بایەخدان و هاوسۆزییە.

زۆر گرنگە کە وانەیەکی گرنگ تۆمار بکەین- کە زۆرینەی ئەوانەی کە ئەو دڕندایەتییە دەچێنن، ئەنجامەکەی دەدروونەوە. ئەمە لە راستییدا رەوشتێکی گەردوونییە؛ پرسی راست و هەڵە، دڕندایەتی، تا زۆر و دیار و نەوەستێنراو بێت، خراپە کۆتا قسەی نییە. لە کۆتاییدا، چاکە سەردەکەوێت. هیتلەر لە کوێیە؟، ئەمین، بۆکاسا، پینۆشێت، پۆڵپۆت و هتد؟ جیهان نکۆڵی لێکردن. ئەوانەی کە جیهان شانازییان پێوە دەکات، مرۆڤە باشەکانن. پرسە باشەکان، پرسە رەواکان. ئەوان قسەی کۆتاییان هەیە. ئێمە لە بارەی هۆلۆکۆست و جینۆسایدەکانی ترەوە فێر دەبین تا زیاتر ببینە مرۆڤ، میهرەبانتر بین، زیاتر بایەخپیدەر و هاوسۆزتر بین، نرخێکی بێسنوور بدەینە هەر مرۆڤێک، تا بگەینە ئەو ئاستی زانینەی کە ئەو جۆرە دڕندایەتییە دووبارە نەبێتەوە و جیهان ببێتە شوێنێکی مرۆڤانە تر لەوەی ئەم دوژمنکارییە تۆقێنەرانەی تێدا ئەنجام دراوە.
ئێمە یادی ئەوان دەکەینەوە، تا مەحکوم نەبین بە دووبارەبوونەوەی.[3]

...

[3] دێسمۆند م. تووتوو:، پێشەکی: بۆچی گرنگە هۆلۆکۆست و جینۆسایدەکانی هەموو خەڵکانی تر بناسین؟
Encyclopedia of Genocide) Santa Barbara: ABC-CLIO, 1999, pp.Lvii-lviii.

دێسمۆند تووتوو جەخت لەسەر یادگا و هۆشی مێژوویی وەک ئامرازێکی پێشگیریکردن لە ڕوودانی جینۆساید، دەکاتەوە. ئایا ساویلکە باوەڕ دەکات کە ئادەمیزاد توانای ئەنجامدانی ئەو جۆرە نمونانەی دڕندایەتی نییە بۆ ئاسانکاریکردن بۆ ڕوودانی جینۆساید؟
ئایا ناچالاکی سەیرکەرەکان(ئەو کەسانەی نە قوربانین و نە تاوانبار)لە هەمان باوەڕەوە سەرچاوەی نەگرتووە؟
ئایا هۆشیاری لەبارەی جینۆسایدەکانی ڕابردوو یارمەتی پەردەهەڵماڵین لە سەر ئەو باوەڕەی نەدەدا؟
...
لە پێشەکییەکەیدا بۆ کتێبی ئینسیکلۆپیدیای جینۆساید، سیمۆن ویسندال دەنووسێت:[4]

چەندین چەندین ساڵ، ئەمە ڕای من بوو، کە لە مرۆڤایەتیدا، لە سیاسەتدا و لە دەرکی پەروەردەکارییدا، ئێمەی جولەکە لە جەختکردن لەسەر خاڵی چەوساندنەوەمان و ئازارکێشانمان لە کامپە چڕکراوە سەربازییەکاندا، لەگەڵ هەژدە نەتەوەی تردا لە سایەی ڕژێمی نازیدا، شکستمان هێنا.
ڕێک پاش شەڕ، خەونم بە پێکهێنانی برایەتی قوربانییەکانەوە دەدی، کە ببێتە جەستەی تێکۆشان لە دژی سۆشیالیزمی نەتەوەیی کۆن یان نوێوە. دوای هەموو ئەمانە، ئەمە یەکەمین کات بوو لە مێژووی دووهەزار ساڵەی پێکەوەژیانماندا کە دوژمنێکی هاوبەشمان هەبێت. بەڵام نەمانتوانی ئەو دەرفەتە بەکار بهێنین، وەک هەموو ئەو نەتەوانەی کە لاپەڕەیەک لە مێژوویاندا هەیە ناوی "دەرفەتە لەدەستدراوەکان"ە.

لە ١٩٥٠ کاندا، بانگەوازم بۆ هەمووان کرد کە نەک تەنها باسی شەش ملیۆن جولەکە بکەن کە کوژران و ئەوانی تر پشتگوێ بخەن، ئەمە کەمکردنەوەی سۆشیالیزمی نەتەوەپەرستە بۆ سنوردارکردنی کێشەی جولەکە. کەس ئامادە نەبوو گوێم لێ بگرێت. کاتێ قبوڵم کرد ناوم بدەنە سەنتەرێ کە خەریک بوو دابمەزری لە لۆس ئەنجلس لە ساڵی ١٩٧٧، تاقە مەرجی من ئەوە بوو تەرخان بکرێت بۆ شەش ملیۆن جولەکە و ئەوانی تر کە هاوکات لەگەڵ ئێمەدا ئەشکەنجەیان بینی. وێنای ناکەیت چەندین زوڕناژەن پێکەوە رقئامیزانە تاوانباریان کردم بەوەی کە دەمەوێ لە مانای هۆلۆکۆست کەمبکەمەوە. روونکردنەوەکانم سەبارەت بەوەی کە ئەوەی من مەبەستمە جەختکردنەوە و

[4] سیمۆن ویسندال لە ساڵی ١٩٠٨ لە ئۆکرانیا لە دایک بووە و لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ئۆستراليا کۆچی دوایی کردووە. لە دەمی شەڕی جیهانی دووەمدا چەندین جار ڕای کردووە و لە چنگی نازییەکان خۆی دەرباز کردووە. لە ڕۆژەکانی کۆتایی و دوا قۆناغدا دەستی کرد بە زانیاری کۆکردنەوە بۆ وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لەبارەی تاوانەکانی نازییەکانەوە. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٥٠کان، وێسندال خۆی تەرخان کرد بۆ ڕاوکردنی ئەو تاوانبارە نازییانەی دەستیان لە جینۆساید دا هەبوو بە هیوای ئەوەی بیانداتە دادگا و سزا بدرێن. چەندین کتێبی لە بارەی هۆلۆکۆستەوە چاپ و بڵاوکردەوە و چەندین ئەرشیفی یادەوەری هۆلۆکۆستی دامەزراند.

پێداگرتنە لەسەر زۆریی تاوانی نازییەکان، بەڵام قبوڵ نەکرا. ئەو ڕەخنانەم بەوە دەسەلماند کە ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی دەربازبووی ناجولەکە لە سەربازگە چڕەکانی نازییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە، وەک لە جولەکە دەربازبووەکان و، بۆ ئەوەی لە دژی سیاسەتی ئەنتی سامی نازییەکان و مەیلی نەژادپەرستییان بوەستینەوە، پێویستمان بە یارمەتی ئەوانی تریش دەبێت.

هەروەها گرنگە بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل کە لەم جیهانەدا هاوڕێی هەبێت. باوەرپێکراوترین هاوڕێکانیشمان ئەوانە دەبن کە وەک خۆمان و لەگەڵماندا ئازاریان چێشتووە، هەروەها منداڵەکانیشیان. لە ئەوروپا بن یان هەر شوینێکی تر، هەوڵم دا خاڵە هاوبەشەکانمان دەستنیشان بکەم. چەندین وڵات رێکخراوی قوربانییەکانیان جولەکە نەبوون، وەک هۆڵەندا، دانیمارک، نەرویج و ئیتاڵیا. ئەم رێکخراوانە بە هیچ شێوەیەک دەگمەنێتییان لە هۆلۆکۆستی ئێمە کەمتر نەبوو، لەبەرئەوەی دڵنیا بوون. بە سانایی، نابێت تەنها پەیگیریی لە دەگمەنێتی هۆلۆکۆست بکرێت و بیر لە دوارۆژ نەکرێتەوە، لەوانەی کە هاوڕێی ئێمە بوون و لە داهاتووشدا هاورێمان دەبن. ئەوە ڕاستە ئەگەر دیکتاتۆرێک لە هەر وڵاتیکی دیاریکراودا بێت قوربانی یەکەم لە زۆربەی کاتدا جولەکەکان دەبن، بەڵام دوایی، ئەوانیتریش چەوساندنەوەکانیانی لەگەڵدا بەش دەکەن.[5]

سیمۆن وێسنداڵ روونی دەکاتەوە بۆچی گرنگە یادگا فراوان بکرێتەوە تا هۆلۆکۆست و هەموو جینۆسایدەکانی تریش بگرێتەوە وەک ئامرازێک بۆ بنیاتنانی هاوسۆزی نێوان قوربانییەکان. ئایا زۆرێتی زانیاری لەسەر جینۆسایدەکان یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ پیادەکردنی ئەو مەبەستە لە هەر کاتێکدا دروستکردنی دۆخی خۆدانان لە جێگەی قوربانییەکان، تاوانبارەکان و سەیرکەرەکان؟

[5] Simon Wiesenthal, “Foreword: Why is Important to Learn about Holocaust and the Genocide of All peoples? In Israel. W. Charny (ed), Encyclopedia of Genocide(Santa Barbara: ABC-CLIO,1999), p.lix.

ئەم کتێبە و زنجیرەکتێبی جینۆساید

ئەمە یەکێکە لە زنجیرە کتێبێکی هەشت بەرگی لەبارەی جینۆسایدەوە، کە هێندەی بزانین هەر یەکەیان یەکەمین کتێبن لە جۆری خۆیان. هیوام ئەوەیە کە ئەم کتێبە وەک ناونیشانەکانی تر ببێتە یارمەتیدەرێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵک لەبارەی دیاردەی جینۆساید لە ئیسرائیل و تەواوی جیهان.

ئەم کتێبە بە ڕوونکردنەوەی دەستەواژەی جینۆساید دەست پێدەکات، بارودۆخەکانی کە جینۆسایدی تیدا رووی داوە، سەختی لە پێناسەکردنی تێرمەکە و هەندێ لەو پیناسانەی کە پەیوەندیدارن بە جۆرەکەیەوە. دواتر پەیوەندی نێوان جینۆساید و هۆلۆکۆست و هەروەها تایبەتمەندی چەمکەکانی جینۆساید و دیمۆساید، روون دەکاتەوە. دوای ئەو گفتوگۆ تیۆرییە، سەرنجمان لەسەر کێڵگەی یاسایی چڕ دەکەینەوە و لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی رێگرتن لە رووداو و سزادانی تاوانبارانی جینۆساید، دەرچووی ساڵی (١٩٤٨)، دەکۆڵینەوە. لە چ بارودۆخیکدا هەر پەیماننامەیەک گەڵاڵە کراوە و گفتوگۆکانی دەوروبەرییان، تاوتوێ دەکەین. بە گوتاری ئیسرائیلی، ئێمە وای بۆدەچین یاسای تاوانەکانی جینۆساید(رێلێگرتن و سزادان)ی، هەروەها یاسای (سزادان)ی نازی و هاوپەیمانەکانی نازییەکان، لە لایەن کنێسێتەوە ، لە ساڵی ١٩٥٠پیادە کرا. کتێبەکە هەروەها پێناسەی کورت سەبارەت بە ژمارەیەک لە چەمکەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، دەخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشتر بێتە ئاراوە لە بارەی دیاردەی کۆمەڵناسی کولتوورەوە، کە رێگەخۆشکەر بێت بۆ جینۆساید، وەک، نەژادپەرستی، جیاکاریی، لوتبەرزیی و چەوساندنەوەی کەمینەکان- هەروەها گفتوگۆی چەندین جۆری تاوان دەکات پەیوەنددار بە پێناسەکانیانەوە، بەڵام هاوواتای جینۆساید نین، وەک کوشتنی بەکۆمەڵ، کوشتارگا، قەسابخانە، پاکتاوی نەژادی و هیتر.

زنجیرەکە لە سەر ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە لەبارەی جینۆسایدەکانەوەیە کە لە مێژووی مرۆڤدا وەک کردەیەک لە دژی خەڵک لە لایەن مرۆڤەوە ئەنجام دراوە و، دەبێ تێگەیشتن دروست بێت لەبارەی ئەو بارودۆخە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی کە کۆنتێکستەکەی گرتوتە خۆ. لە کۆتاییدا زنجیرەکە ئامانجی ئەوەیە هەڵسەنگاندنێک بکات بۆ جینۆساید لە میانەی لیکۆڵینەوەی ئەکادیمییەوە و بە بەکارهێنانی میتودە زانستییەکان و لە مەیدانی زانستە جۆربەجۆرەکانەوە لە ناو ئەوانەدا، مێژوو، کۆمەڵناسی، زانستی سیاسەت، پەیوەندییە نیودەولەتییەکان، پەیوەندییەکان و دەروونناسی، لێی بکۆڵێتەوە.

بونیاتی زنجیرە کتێبەکە:
زنجیرە کتێبی جینۆساید پێکهاتووە لە هەشت بەرگ کە هەر یەکەیان بابەتێکی تایبەت لەخۆ دەگرێت و لە هەمان کاتیشدا بەشێکن لە جەستەی کتێبێکی گەورەتر، بەمەبەستی پێدانی ناوەرۆک و پێشینەیەکی پێویست بە خوێنەر، هەر یەکێک لەم پەرتووکانە چاوێک بە

دەستەواژە و چەمکە گرنگەکانی بواری جینۆسایددا دەخشێنێتەوە.  پێشەکی هەر پەرتووکێکیش گفتوگۆ لەبارەی نموونەیەکی جینۆسایدەوە دەکات، لە پێناسەکردنێکی کورتی تێرمەکانەوە دەست پێدەکات و بە چەمکەکاندا دەچێتەوە کە پەیوەندیدار و گرنگە بۆ جینۆساید تا خوێنەر بە زمانێکی سادە. بەوان ئاشنا بکات.

ناونیشانی بابەتەکانی زنجیرەکە بریتیین لە: ئەو جینۆسایدانەی لە لایەن رژێمە داگیرکارەکانەوە ئەنجام دراون؛ قڕکردنی دانیشتوانی ڕەسەنی باکوور و باشووری ئەمریکا؛ جینۆسایدی ئەمریکا؛ جینۆسایدی رواندا؛ جینۆسایدی نەتەوە هاوجنسەکان، کێ هەوڵی یارمەتیدانی قوربانییەکانی دا لە کاتی جینۆسایدەکاندا، تواناکارییەکانی پێشگرتن لە ڕوودانی جینۆساید.

ئامانجی زنجیرەکە :
ئەم زنجیرەیە لە دوو جۆر پەرتووک پێکهاتووە: جۆرێکیان باس لە کێشە گشتییەکانی جینۆساید دەکات و جۆرەکەی تریشیان باس لە چەند نموونەیەکی جینۆساید دەکات کە لە مێژوودا ڕوویانداوە. ئامانجی هەر یەکێک لەم پەرتووکانە، خستنەڕووی ناوەرۆکێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی جینۆسایدێکی تایبەتە و  پەردە لەسەر ڕوداوەکان و لایەنی بەشدار تیایاندا، لادەدات. هەروەها ئەو هۆکارانە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو تاوانانەیان پێ ئەنجامدراوە و تیشک دەخاتە سەر دەرەنجامەکانیان  و، شیکاری بۆ کاریگەرییەکانیان لەسەر تاک و کۆمەڵگا، دەکات.
لێکۆڵەرەوان لەمەڕ خستنەڕووی ڕاستی ڕووداوە مێژووییەکان هاوڕا نین و پەرتووکەکانی ئەم زنجیرەیە هەوڵ دەدەن جیاوازییەکان و بۆچوونە هاودژەکان لەسەر بابەتەکان، لەڕێگەی گفتوگۆوە بخەنە ڕوو. پەرتووکەکان بەگوێرەی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بەردەوام دەبن (هەرچەندە مەرج نییە ڕێکخستنی بابەتەکان بەدوای یەکدا بەم شێوەیەی خوارەوەبێت)

- پێشەکی و پێشخانی گشتی دیاردەی جینۆساید
- بەشدارانی تێوەگلاو لە ئەنجامدانی جینۆساید (حکومەتی وڵاتان، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، نەتەوەکان، خەڵکان، کۆمەڵە نەژادییەکان،تاکەکان،  هەروەها ئەو کۆمەڵانەی هەندێک تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی جیاکراوەیان هەیە)
- تاوانبارانی جینۆساید
- قوربانیانی جینۆساید
- شێوازی بەکارهاتوو بۆ ئەنجامدانی قڕکردنەکە
- هۆکار و پاڵنەرەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە
- پرۆسە مێژووییەکان، ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو هێزانەی بوونەتە هۆی ئەو تاوانە
- کاریگەرییە درێژخایەنەکانی جینۆساید بەسەر قوربانیانەوە

- بەدەمەوەهاتنی ئەوانی تر (بەشەکەی تری جیهان) بۆ جینۆسایدەکە
- هاوڕابوون و هاوڕانەبوونی لێکۆڵەران لەبارەی جینۆسایدێکی دیاریکراوەوە
- پێدراوی هەرلێکۆڵینەوەیەک لە بارەی تاوانێکی دیاریکراوی جینۆسایدەوە بۆ پرۆسەی گشتی لێکۆڵینەوە لە جینۆساید لە جیهاندا
- هۆشیاری لەسەر دانپێدانان و نکۆڵیکردن لە جینۆساید
- ئەو وانەیەی دەبێت فێری بین
- ڕێگرتن یاخود کەمکردنەوەی ئەگەری ڕوودانی جینۆسایدێکی تر لە داهاتوودا

بیروڕا لە بارەی رۆشنبیری جینۆسایدەوە لە تەواوی جیهان

فێرکردن لەبارەی جینۆسایدەوە وا دەکات ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی فەلسەفی و دیداکتیکی* ببینەوە. لە دۆخی رۆشنبیری هۆلۆکۆستدا، ئایلی ویسڵ، پرسیارێکی کاریگەر دەوروژێنێت، کە دەکرێت لەسەر رۆشنبیری جینۆساید بە گشتی پیادە بکرێت:

> چۆن لەبارەی رووداوگەلێکەوە فێردەکەیت کە زانیارییەکانی ئاڵنگارییین و لە سەرووی وێناکردنەوەن؟ چۆن منداڵەکان تێدەگەیەنیت، بچووک بن یان گەورە، کە کۆمەڵ دەتوانێت مێشکی خۆی ونبکات و رۆحی خۆی بکوژێت و دوارۆژی خۆی لەناوببات؟ چۆن پەردە لەسەر ترسناکییەکان هەڵدەدەیتەوە بێ ئەوەی لە هەمان کاتدا پێوەرێکی هیوا پێشکەش نەکەیت؟ هیوا لە چی؟ بە کێ؟ لە پێشکەوتن؟ لە زانست و ئەدەبیات و لە خودا؟[6]

کاتێ رۆشنبیری هۆلۆکۆست جێگەیەکی دڵنیای لە چوارچێوەی ئەکادیمی زۆر لە وڵاتان لە جیهاندا، گرتەوە، کێڵگەی بەرینتری لێکۆڵینەوە لە جینۆساید، کە ئێجگار زۆر گرنگە لە بواری خۆیدا، هێشتاش لە پلەکانی یەکەمی گەشەسەندنیدایە. بێ هیچ گومانێک، ئەو زانیارییانەی کە خەڵک لە زۆرینەی وڵاتانی تر لەبارەی جینۆسایدەوە کە لە سەدەی بیستەمدا ڕوویداوە، بەدەست دەهێنن، لەو زانیارییە کەڵەکبووانەوە سەرچاوە دەگرن کە لەبارەی هۆلۆکۆستەوەن و بە بەراوردی ئەوەن. هەندێک گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە زۆرینەی جینۆسایدەکان کە لە سەدەکانی پێشوو ئەنجام دراون(بێجگە لە هۆلۆکۆست) وەک "لەبیرکراو" و " نەناسراو" دادەنرێن، وەک ئەوانەی کە لە رابردووی دوور ئەنجام دراون.

---

[6] Elie Wiesel, “Then and Now: The experiences of a teacher,” Social Education 42, (1978), 266-271.

*دیداکتیک واتا شێوازی وانەگوتنەوە

ئەوەی گەرەکە بوترێت، پێویستە دانیشی پێدابنێین کە ئەم دوو سێ دەیەیەی ڕابردوو گەواهیدەری زیادبوونێکی دیاری هۆشیاری بوو سەبارەت بە نموونەی جینۆسایدەکانی کە لە سەدەکانی پێشووتردا، لە زۆر وڵاتی جیهان، ئەنجام درابوون و هەروەها پلەی کێبڕکێی ئەوانە(ئەگەرچی کەمیش، ئێجگار سنووردار) پێشڤەچوون لە کێڵگەی لیکۆڵینەوە لە رۆشنبیری جینۆساید(جگە لە نمونەی کێڵگەی کۆڵینەوە لە هۆلۆکۆست، کە پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە دیوە). تێبینی ورد و بە دیقەت لەبارەی گەشەکردنی رۆشنبیری جینۆسایدەوە لە هەموو جیهان، بەهۆی دەستپێشخەری و کامپینی چالاکوانەکانی کەیسەکان و پەرۆشەکانی کە ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ کەیسەکە و ناهێڵن بابەتەکە بخەوێت، بووە. سەیر نییە، کە زۆرینەی ئەو هەوڵانە لە لایەن جولەکەکانەوە بووە کە گەشەیان بە کێڵگەی لێکۆڵینەوە و رۆشنبیری جینۆساید، داوە، سەرەڕای کێڵگەی لێکۆڵینەوە لە هۆلۆکۆست، برەویان بە کۆڵینەوە لە جینۆسایدی خەڵکانی تر داوە، وەک هەوڵی دەگمەنی سەرچاوەگرتوو لە هاوسۆزی بۆ قوربانییەکانی تر. ئەو جۆرە چالاکییانە، باوەڕ وایە هاوکار بن لە توێژینەوە لە بارەی جینۆسایدەوە بە گشتی و بە تایبەتیش توێژینەوەی بەراوردکاریی (یان لێکۆڵینەوە لە جینۆسایدەکان)یش لە زۆر رێگەوە هاوکار دەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی هۆلۆکۆستەوە،بە تەنیا ناکری و نابێت. ئێمەش ئەم بیرۆکەیە دەگرینە خۆمان. ئەوانیتر، ئەم توێژینەوە بەراوردکارییە رەت دەکەنەوە و لە جێی ئەوە جەخت لەسەر دەگمەنێتی هۆلۆکۆست دەکەنەوە.

لە بارەی بەها گەردوونییەکانی ژیانی مرۆڤەوە

زیاتر لە سیی ساڵە، ئیسرائیل و خەڵک لە هەموو جیهان تێکەڵ بە وتووێژێکی تاڵ بوونەوە دەربارەی جینۆسایدەکانی کە بەسەر خەڵکی تردا هاتووە. لەناو ئەو گفتوگۆیانەدا جەخت لە بۆچوونێکی دژەگۆ دەکرێتەوە کە هۆلۆکۆست لە ناو جینۆسایدەکاندا ڕووداوێکی دەگمەنە، ئەگەرچی گرنگی هۆلۆکۆست بۆ جولەکەکان دەگمەنێتییەکەی هۆلۆکۆست نییە. ئەمەش بێگومان مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هۆلۆکۆست دەگمەن نەبووبێت لە نێو جینۆسایدەکاندا، هۆلۆکۆست "پیشەسازیی مردن" بوو لە تیۆری ئایدۆلۆژیای نەژادپەرستییەوە سەرچاوەی گرتبوو، مەبەستی بنبڕکردنی هەموو ئەندامانی گەلی جولەکە بوو، لە هەرکوێ بووبان. هەروەها قورسایی گەورەی ئەو دیاردەیە لە ناو هۆشی مێژوویی گەلی جولەکەدا رەگی داکوتاوە و بەردەوامیشە رۆڵی یەکلاکەرەوە ببینێت.
سەمەرەش ئەوەیە، بێبایەخی و نکۆڵیکردن لە ڕوودانی جینۆسایدەکانی کە بەسەر خەڵکانی تر هاتوون، قووڵ بە نێو کولتووری ئیسرائیلدا ڕۆچووە. کتێبەکەی پریمۆ لێڤی "خنکاوەکان و رزگاربووەکان"بیری دەهێنێتەوە چۆن سەربازەکانی ئێس ئێس گاڵتەجاڕانە رایاندەبوارد بە زیندانییەکانی کەمپی نازییەکان، تەنانەت ئەوانەشیان کە لەو سەربازگانە رزگار بووبوون کەس بڕوای بە چیرۆکەکانیان نەدەکرد کە لە ناو ئەو سەربازگانە بەسەریان هاتووە. لیڤی هەروەها نموونەی مۆتەکەیەکیش باس دەکات کە زۆربەی رزگاربووەکان لە سەربازگەکاندا ئازاریان پێ چێشتووە.

نزیکەی هەموو دەربازبووەکان، بە دەم یان بە نووسینی بیرەوەرییەکانیان، خەوێکیان وەبیر دێتەوە کە زۆر کەرەت دووبارە بۆتەوە لە شەوانی زیندانیان. لە وردەکارییدا جیاواز، بەڵام لە بابەتدا هاوشێوە: ئەوان گەڕابوونەوە بۆ ماڵەوە، بە پەرۆشیی و سۆزەوە بەسەرهاتی ئازار و ئەشکەنجەکانی خۆیان بۆ خۆشەویستەکانیان گێڕاوەتەوە، بەڵام باوەڕیان پی نەکردوون. کەس باوەڕی پێ نەکردوون، بێگومان، تەنانەت کەسیش گوێی لێنەگرتوون. لە زۆربەی نموونەکاندا(و زۆردارانەترین) شێوەیاندا، گفتوگۆکەرەکە گەڕاوەتەوە و بە بێدەنگی ماوەتەوە.[7]

دەبێ ئێمە پرسیاری قورس لە خۆمان بپرسین. چۆن وەڵامی قوربانیانی تر بدەینەوە تەنها ئەگەر داوا بکەن بکوژەکانیان یان نەوەکانی بکوژەکانیان ددانیان بە تاوانەکانی خۆیاندا ناوە؟ چۆن دەتوانین رۆڵی یارمەتیدەریان بۆ بگێڕین بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەیان؟ چۆن پەیوەست بین بەو داوایەیانەوە کە بریتییە لە ددانپێدانانی جیهان بەو نادادپەروەری و ئەشکەنجەیەوە کە جینۆساید خۆی و بێبایەخییەکانی تری دوای جینۆسایدەکە، بووەتە حەقیقەتێک؟

یەکێک لە ئامانجەکانی زنجیرەکتێبەکە لە سەر جینۆساید، کە ئەم کتێبەش بەشێکە لێی، زۆرترکردنی هەستیاریی خوێندکاران و لیکۆڵەران و خوێنەرانی دیکەیە بۆ دیاردەی جینۆساید. ئامانجێکی تر ئەوەیە، هانیان بدەین بۆ خستنە ژێر پرسیاری هەڵوێستی خۆیان و بەرپرسیارێتی خۆیان دەربارەی دیاردەیەکی وا نادادپەروەرانە، بۆ بیرکردنەوە لە گرتنەبەری رێگەی پیویست بۆ پێشگیریکردن لە ئەگەری دووبارەبوونەوە، چ وەک تاک و وەک بەشیک لە کۆمەڵەکەی خۆیان. دووبارە، بنەمای سەرەکی ئەم زنجیرە کتێبە، بریتییە لە بەها گەردوونییەکانی ژیانی مرۆڤ، لەهەر کوێیەک بێت.

***

[7] Primo Levi, The Drowned and the Saved (New Yourk: Vintage International,1989), p.12.
پریمۆ لیڤی، شاعیر و نووسەر و کیمیاناسە، لە ساڵی ١٩١٩ لە ئیتالیا لە دایک بووە، ساڵی ١٩٤٤ نێردرا بۆ سویسرا، بەڵام دەربازی بوو لە کەمپەکە. دوای گەڕانەوەی بۆ ئیتالیا، دەستی کرد بە نووسینی کتێب لە ژێر کاریگەری ئەزموونی هۆلۆکۆست. لە ساڵی ١٩٨٧، خۆی کوشت.

کاتێ نازییەکان بۆم هاتن/ پاستۆر مارتین نەیموێلەر[8]

کاتێ نازییەکان هاتن بۆ بردنی کۆمۆنیستەکان
من بێدەنگ مامەوە
من کۆمۆنیست نەبووم.

کاتێ سۆشیاڵدیموکراتەکانیان زیندانیکرد،
من بێدەنگ مامەوە،
من سۆشیالدیموکرات نەبووم.

کاتێ هاتنە سەر چالاکوانانی یەکێتی بازرگانان
من بێدەنگ مامەوە؛
من چالاکوانی یەکێتی بازرگانان نەبووم

کاتێ هاتن بۆ جولەکەکان
ورتەم لێوە نەهات؛
چونکە من جولەکە نەبووم

کاتێ بۆ من هاتن،
کەس نەمابوو بەرگریيم لێبکات.

---

[8] پاستۆر مارتین نەیموێلەر(١٨٩٢-١٩٨٤) لایەنگری نازییەکان بوو، لە ساڵی ١٩٣٤، تێڕوانینی سیاسی خۆی گۆڕی و دەستیکردن بە تێکۆشان لە دژیان. کاتێ ڕزگاری بوو لە سەربازگەکانی نازی و بەردرا، لە کەنیسەکانی ئەڵمانیاوە بانگەوازی خەڵکی ئەڵمانیای دەکرد بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئەو تاوانانەی کە نازییەکان ئەنجامی دەدەن، وەک پاکانەیەک بۆ خۆیان. ئەم شیعرە لەسەر بنەمای وتەیەک دانراوە کە وشەکانی لە زۆر سەرچاوەی جیاواز و زۆر ڕوانینی جیاوازەوە هەڵدەقوڵێت. بەرەنگاربوونەوەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەوانەی هاوکاری نازییەکانیان کردووە و بێبایەخ و کەموکوڕییان هەبووە و بێدەنگ بوون لە کاتی ئەنجامدانای ئەو تاوانانەی دژی زۆربەی دانیشتوان کراوە.
سەرچاوەی لێوەرگیراو:
http//tag.org/rants/niemoller.htm

## ١
## جینۆساید: دیاردەکە و پێناسەکەی

---

لە یادمە: دوێنێ، یان جاویدانەی لەمەوپێش ڕوویدا. کوڕێکی گەنجی جولەکە مەملەکەتی شەوی دۆزییەوە. نیگەرانی ئەوم لەبیرە، خەمی ئەوم لەبیرە. هەموو شتێک ئاوا زۆر بەخێرایی ڕوویدا. کەمپەکان، ڕاگواستنەوەکان، ئۆتۆمبیلە سەرداپۆشراوەکانی ڕانەمەڕەکان. قەسابخانە گڕگرتووەکان، کە مێژووی گەلی ئێمە و دوارۆژمانی تێدا کرا بە قوربانی...
ئێستاش کوڕەکە دەگەڕێتەوە لام: "پێم بڵێ"، دەپرسێت. "چیت لە دوارۆژی من کرد؟ چیت لە ژیانی خۆت کرد؟"
منیش پێی دەڵێم کە من هەوڵم دا. هەوڵم دا یادگام بە زیندوویەتی بهێڵمەوە، هەوڵمدا من دژ بەوانە بجەنگم کە لەیادی دەکەن. چونکە ئەگەر ئێمە لەیادی بکەین، ئێمە گوناهبارین، ئێمە بەشداری تاوانین.

ئیلی ویسڵ،
براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی
ساڵی ١٩٨٦

جینۆساید وەک رواڵەتی مێژووی مرۆڤ
وەک دیاردەی مرۆڤ، جینۆساید بەشێکە، هەڵبەتە بەشە چەپێندراوەکەی بوونی مرۆڤە، شتێکە کە دەبێ ئێمە لە یادمان بێت و لە بارەیەوە فێر بین. دۆزینەوەی بابەتی جینۆساید، پرسیاری بنچینەیی دێنێتە ئاراوە سەبارەت بە دۆخی مرۆڤ، کە تیایدا مرۆڤ دەتوانێت دڕندایەتی بنوێنێت، هەر ئەویشە دەتوانێت دەستکەوتی مرۆڤانەی باڵایشی هەبێت، رۆحگەرا بێت، دەستکەوتی کولتووری هەبێت. تا قووڵتر ڕۆ بچینە نێو بابەتی جینۆسایدەوە، ڕوونتر ئەو دوو ڕووەی دۆخی مرۆڤمان لەسەر شێوە بنچینەییەکەی خۆی، بۆ دەردەکەوێت.
هەرچەندە نمونەکانی کۆمەڵکوژیی(کە ئێمە لە خوارەوە دەیبینین، کە مەرج نییە هەردەم جینۆساید بن)، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جێگەیان گرتووە، سەدەی بیستەم گەواهیدەری ژمارەیەکی زۆرترە لە جینۆساید، زیاتر لە هەر سەدەیەکی پێشووتر. لە ئەنجامدا، هەندێک کەس وەک لەمرۆڤایەتیخستنی ژیان لە ماوەی سەدەی بیستەمدا، تۆماریان کرد- وەک کولتووری ریشەکێشکردن یان کولتووری مەرگ- ناوزەدیان کرد. ئەو ساتە

جینۆسایدئامێزانە، دەبێ ببەسترێنەوە بە توانای ئێمە بۆ بەکارهێنانی چەک بۆ وێرانکاری و کۆمەڵکوژی، کە پرسیاریش سەبارەت بە دوارۆژی کۆمەڵی مرۆڤایەتی دێنێتە گۆڕێ.

لە پەرتووکی شامپانزی سێیەم: گەشەکردن و دوارۆژی مرۆڤی ئاژەڵ، جەیرد دیامۆند، پرۆفیسۆری دەروونناسی لە قوتابخانەی ئۆکلا، کە قوتابخانەی دەرمانسازییە، جەوهەری جینۆساید وەک دیاردەیەکی مرۆڤ لە گۆشەنیگایەکی سەرنجراکێشەوە، دەدۆزێتەوە.[9] کتێبەکە بەڵگەنامەی ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆبیۆلۆژی سەبارەت بە هەندێ ستاندارد دەهێنێتەوە، کە بەردی بناغەی لێکۆڵینەوەن دەربارەی گەشەسەندن. سۆسیۆبایۆلۆژی هەوڵ دەدات لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ تێبگات، جەخت دەکاتەوە کە وەک چۆن سیفەتە فیزیکییەکان، ئاوایش هەندێک لە ڕەفتارەکانی تاک ڕوودەدەن بۆ ئەوەی وەچەی زیاتر بێننە بوون، کە بە دڵنیاییەوە هەندێ لە ڕەفتارەکانیان بۆماوەن. بە پێچەوانەشەوە، بناغە ئەنترۆپۆلۆژییەکان ڕەفتاری تاکەکان دەگەڕێننەوە سەر کولتوور، کە لەناو فاکتۆرەکانی سۆسیۆئیکۆنۆمی، سایکۆلۆژیا، مێژوو دا ڕەگی داکوتاوە.
دیامۆند زانیاریمان سەبارەت بە دوو جۆر شامپانز دەداتێ: شامپانزی ئاسایی(هۆمۆ ترۆگلۆدیت)ەکان و شامپانزی وردیلە(هۆمۆ ساپێنس)ەکان، کە ٩٨% جینەکانیان لەگەڵ ئەو دوو جۆرەی تری شامپانزدا هاوبەشن کە بۆ ئێمە ناسراون. ئەمە چ پەیوەندی بە جینۆسایدەوە هەیە؟ بە پێی دیامۆند، هەندێ سیفەتی دەگمەن لە ئێمەدا هەیە وەکو جۆر، کە لە جۆرەکانی تری بوونەوەردا نییە، وامان لێ دەکات سەرکەوتوو بین و توانای هەندێ کارمان هەبێت بوونەوەرەکانی تر توانای کردنیان نییە- لەبارەی توانای خۆڕیشەکێشکردنەوە. شامپانزەکانیش، وەکو مرۆڤ، سیفەتی ئێکسۆفۆبیا(تۆقین لە بێگانە)یان تێدایە. مرۆڤ ئەم سیفەتەی بە پلەیەکی سەرسوڕهێنەر تێدا بەڵگەدار کراوە بە پێی ئەو پەیوەستییەی کە لە نێوان تەکنەلۆژیای نوێ کە لە لایەن کولتووری مرۆڤەوە داهێنراوە و جینەکانی ئێمە، کە وەکو شامپانزەکان لە باوباپیرانمانەوە پێمان بەخشراوە. لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی، غەریزەی ئێمە بۆ کوشتن لە بنچینەی بەهای کولتووری، یاسایی و ڕەوشتییەوە سەرچاوەی گرتووە. دایامۆند جەخت دەکاتەوە ئەوە دەسەڵاتی خۆمانە کە هەڕەشەیە بۆ سەر بوونی خۆمان.

دایامۆند دەرکەوتنی دیاردەی جینۆساید دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر کۆمەڵی مرۆڤ و شیکاری بۆ ئەو خووە دەگمەنەی دەکات کە لە سەدەی بیستەمدا ڕوویدا. دەپرسێت؛ بۆچی کەم لەو دۆخانە سەرنجی ڕاکێشا؟ لە هەوڵیدا بۆ شیکردنەوەی ئەوەی بۆچی مرۆڤ دەکوژێ و لە هەمان کاتدا نکۆڵیشی لێدەکات، کە وای کردووە، دایامۆند سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ مەیلی مرۆڤ بۆ دابەشکردنی جیهان بۆ "ئێمە" و "ئەوان". ئەم میکانیزمە وا دەکات ئەو

---

[9] Jared Diamond, The Third Chimpanzee: The Evolution and Future of the Human Animal (New Yourk: Harper Perennial, 1992).
بۆ ڕاپرسییەکەی دیامۆند لەبارەی جینۆسایدەوە، بڕوانە بەشی تایبەتی ١٦ "لە ڕەش و سپیدا"".

کەسەی کە دەکوژێت هەست بکات یەکێک لە"ئەوان"ی کوشتووە، وەک لەوەی کەسێکی لە "ئێمە" کوشتبێت.

دایامۆند وەڵامێکی ڕوون دەداتەوە بەو پرسیارەی کە چۆن ئەنجامدەرانی جینۆسایدە مۆدێرنەکان سەرکەوتوو بوون لە هاوئاهەنگکردنی هاودژەکان لەگەڵ کردەوەکانیان و کۆدە گەردوونییەکانی ڕەوشت:"ئەوان دووبارە پۆلێنیان کردەوە بۆ سێ جۆری پاساوهێنانەوە، هەر هەموویان جۆری جیاوازی تێمای سایکۆلۆژی ساکار بوون:"سەرزەنیشتکردنی قوربانی"[10]. ئەم سێ جۆرە لە پاساودانەوە بریتین لە بەرگری لەخۆکردن؛ سەر بە ئایین یان نەژادی"گونجاو"، یاخوود دنیابینی سیاسی"گونجاو" و بەراوردکردنی قوربانی بە ئاژەڵەوە ، هەیە.

دایامۆند هەوڵیش دەدات نەبزوتنی بەشەکەی دیکەی خەڵک ڕوون بکاتەوە، دەڵێت زۆرینەی خەڵک بایەخ نادەن بەو نادادپەروەرییەی بەرامبەر بە کەسانی تر، یان بەرامبەر کەسانێ کە پەیوەندییان پێیانەوە نییە، ئەنجام دەدرێن. ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی بێگومانە، بەڵام هەموو ڕوونکردنەوەکە نییە. ئەو پێی وایە بەشەکەی دیکە، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە "هەستی سڕبووە"، یاخوود بیرۆکەکە ئەوەیە کاتێ کە مرۆڤەکان دەکەونە نێو دۆخی توندوتیژی و ئازاری لەڕادەبەدەرەوە 'ئەوانی تر، یان تەنانەت خۆشیان' دەچنە دۆخی سڕبوونەوە. ئەم داینامیکە لە ئەنجامی ڕاپرسی دەستەیەک لە قوربانییەکاندا دەرکەوت کە ڕووبەڕووی ئازار و توندوتیژی جۆراوجۆر بووبوونەوە، ئەوانە هەستیان بە گوناهێکی زۆر دەکرد لەوەی خۆیان ڕزگاربوونە. یەکێکی تر لە دەرکەوتە لەڕادەبەدەرەکان بریتییە لە شکستی کاردانەوەی بەشەکەی تری خەڵک. "رێک وەک سڕکردنی ژانێکی فیزیکی بەهێز،" دایامۆند ڕوونی دەکاتەوە، "ئاوا لە ژانی دەروونی"ش دەکرێت: ڕێگایەکی تر نییە بۆ دەرباز بوون لەو دۆخە تا بە عاقڵی بمێنیتەوە.... سەدان هەزار ئەمریکایی کە لە ڤێتنام ئازاریان چێشت، تووشی ئەم سڕبوونە هاتن."[11]
ئەم کاردانەوەیە سیفەتی ئەنجامدەران و وەچەکانی جینۆسایدیشە، کە بە ڕوونی خۆیان بە بەرپرسیار نازانن بەرامبەر بە کردەوەکانی باوباپیرانیان. زۆرینە هەستبەگوناهێکی هاوبەشیان هەیە، هەندێکیان دەست دەکەن بە نووسینەوەی مێژووی ژیانی خۆیان بەو نیازەی لەو ئازارانە دەرباز بن کە لە ڕابردوویانەوە هەڵقوڵاوە.

ئاڵنگارییەکانی پێناسەکردنی جینۆساید
ئەوەی ئەمڕۆ باوە تێڕوانینی گشتی هەیە سەبارەت بە جیاوازییەکانی نێوان زمانی ڕۆژانە و زمانی زانستی. زمانی ڕۆژانە پێویستی بە دەستەواژەی ورد نییە بۆ پێناسەکردنەکان، چونکە جگە لە زانیاریی، بۆ گواستنەوەی هاوهەستی و ڕاوبۆچوون و هەڵوێستییش بەکاربراوە. زمانی زانست لە لایەکەوە زانیاری و پرنسیپەکانی زانست و دۆزینەوەکان

[10] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل . ٢٩٨
[11] هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٩.

لێک جیادەکاتەوە، لە لایەکی تریشەوە ناوەرۆکە مەزەندەکراوەکان، کە ئەمانەش پێناسە و دەستەواژەی زانستی وردی پێویستە. جیاکردنەوەی زمانی رۆژانە و گوتاری زانستی هەندێ جار قورسیشە، بەهۆی گەشەسەندن و فراوانبوونی بوارەکانی پەروەردە و هێزی ماسمیدیا و زانست، کە ئەمانەش پێکەوە وادەکەن هاتوچۆیەک لە نێوانی زمانی رۆژانە و گوتاری زانستی، ڕووبدات. کە ئەمەش ڕوودەدات، دەستەواژە و پرنسیپە زانستییەکان موتوربە دەبن لەگەڵ مانا ڕامیارییەکەی و بەکارهێنانە رۆژانەکانیان و مانا بنەڕەتییەکانیان، ئەمەش وا دەکات کە پەیوەندییەکانیان کەمتر ورد بێت. دەستەواژەی "جینۆساید" نمونەیەکی وێنەیی بزواوی ئەم مانایە بەردەست دەخات.

وشەی جینۆسای لە دوو وشەی لاتینی هەڵهێنجراوە: جێنۆس، وشەی گریکی کۆنە بۆ نەژاد، یان نەتەوە، یان خێڵ؛ ساید ، وشەیەکی لاتینە بە مانای کوشتن. دەستەواژەکە یەکەمجار لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم، لە لایەن یاساناسێکی جوو، ڕافائیل لێمکین(١٩٠١-١٩٥٩) بەکار هێنرا. مانای دەستەواژەی جینۆساید بە بایەخێکی زۆرەوە لە ناوەندە سیاسییەکاندا بەکار برا و بە خێراییەکی زۆر بڵاوبووە و بە فراوانی بەکارهێنرا. لە ئەنجامدا، نەک تەنها بە مانا بنەڕەتییەکەی خۆی، بەڵکو بۆ زۆر دۆخ و پرۆسەی دژوار و خراپ و وێرانکارانە و کوشتنی فیزیکی، وەک لەناوبردنی کۆهۆشی نەتەوەیی، زمان، کولتوور، ئازادی تاکەکەسی و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری؛ چاودێریکردنی رێژەی لەدایکبوون، و لە هەندێ دۆخدا تەنانەت لێکۆڵینەوە لە هەندێ جۆری داودەرمان، بەکار هێنرا. تەنانەت دەستەواژەکە لە چوارچیوەی" جینۆسایدی دەروونی"یش ئاماژەی پێدرا و بەکار هێندرا. هەندێکیش بە مەبەستەوە، مانای دەستەواژەی جینۆساید دەساختێنن، لە کاتێکدا کەسانی تر، لەنێویاندا سیاسەتوانەکان، تۆمەتبارن بەوەی کە بێڕێزانە و هەڕەمەکی بەکاری دەبەن، وەک ئەمەی کە لە خوارەوە دەیبینین.

دەستەواژەی "هۆلۆکۆست" بەهەمان رێڕەودا بردرا. ئەگەرچی دەستەواژەکە بەو مەبەستە بەکاربردرا ریشەکێشکردنی جولەکەکان و گەلانی تر لە لایەن رژێمی نازییەوە بگەیەنێ، کە لە پێش و کاتی جەنگی جیهانی دووەم ئەنجام درا، (ئێمە دەبینین، پرسی ئەوەی ئایا دەستەواژەکە گروپ و گەلانی دیکەی ریشەکێشکراو لە لایەن رژێمی نازییەوە کە بوونە قوربانی، ڕووماڵ دەکات، تا رۆژی ئەمرۆش گفتوگۆ و مشتومڕ هەڵگرە)، وشەی هۆلۆکۆستیش ئەمڕۆ بەکارهێنانێکی بەرفراوانی هەیە لە چوارچیوەی دیکەی جیاواز لە ناواخن و ماناکەی خۆی، کە وا دەکات لە بایەخی رووداوە مێژووییەکان کەم بکاتەوە، لە نێو شتەکانی تردا، دەستەواژەی "جینۆساید" و"هۆلۆکۆست"، بایەخی هەستوسۆزئامێزی زیاتری هەیە.

هەروەها ڕووداوە جینۆسایدئامێزەکان بە ڕوونی بارگاوین بە مانا هەستوسۆزییەکانەوە و ڕاوبۆچوون و هەڵوێستی فرەیان لێ دەکەوێتەوە. بەکارهێنانە زانستییەکەی دەستەواژەکە، داوامان لێدەکات ئەو سۆزوهەست و ڕاوبۆچوونانەش بە جیا ڕەچاو بکەین. زۆر

ڕووداوی کێشەئامێزی وەکو جەنگ، ئافات و پەتا، برسێتی، کۆکوشتن و کارەساتە سروشتیەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا روویان داوە و جێگەیان گرتووە، ئەگەر هەموویان لە ژێر یەک دەستەواژەدا پۆلێن بکەین، نەک تەنها رێگە لە تێگەیشتنمان و پێشگیری بۆ دەستەواژەکە دەکرێت، بەڵکو هەر بە تەواوی رێ لە بەکارهێنانیان دەگرێت.

سەرەڕای گرنگی لێکۆڵینەوە لە بابەتی جینۆساید، تاوان و دڕندایەتی دۆخی مرۆڤ لە مێژووی مرۆڤدا زۆر کەم بووەتە بابەتی توێژینەوەی ناوەندەکانی زانکۆ و پلانی پەروەردەییان. لێکۆڵەڕانی بواری مێژوو، هەروەها نووسەرانی کتێبەکانی مێژووی قوتابخانەکان، وەک پێویست بایەخیان نەداوەتە ئەو کوشتارە ترسناکانەی کە لە ڕابردوودا ئەنجام دراون، لە جێگەی ئەوە زیاتر ئەو ڕووداوە پۆزەتیڤانەیان باس کردووە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویان داوە و پەیوەندیدار بوون بە سەرکەوتنی دادپەروەرییەوە. بۆ نموونە؛ کتێبە مێژووییەکانی دواناوەندی و زانکۆکان، شاری ئەسینا وەکو شارێکی زەنگین ناو دەبەن، بە بێ ئەوەی ئاماژە بدەن بەوەی کە لە ئەسینای کۆن ڕەنگە جینۆساید ئەنجام درابێت. سوپای ئەسینا لە ساڵی ٤١٦ی پێش زایین کوشتاری ئەنجام داوە لەسەر پیاوەکانی میلۆس، کە دوورگەیەکی دەریای ئەیجین بوو[12]. بە هەمان شێوە سەبارەت بە بەزاندنی کارتاجەکان لە لایەن ڕۆمانەکانەوە، زانیارییەکی باو هەیە.[13] هەروەها کۆرینس،[14] چارەنووسی تا ئێستا نەزانراوی دانیشتوانی هەردوو شارەکە. بە شێوەیەکی گشتی، نووسەری کتێبەکانی مێژوو، بە دەگمەن گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە وێرانکردنی شارەکانیان چی گەیاندووە بە نیسبەت هاوشارییەکانەوە. بەم شێوەیە، ئەو مردنە سەخت و نائاساییانەی ملیۆنان مرۆڤ ئێمەی دڕدۆنگ کردووە و ویژدانی نەهەژاندووین. ئەو دۆخەش ناگۆڕێت هەتا مێژوونووسەکان و پەروەردەکاران کۆششێکی هۆشییارانە نەکەن بۆ تیشک خستنە سەر هەموو رووەکانی ئەو ڕووداوانە.

---

[12] میلۆس دوورگەیەکی داگیرکراو بوو لە لایەن شاری سپارتا. بە پێی مێژوونووسی کۆنی گریک تیوسیدادیس، لە لایەن سوپای ئەسیناوە ، لە ساڵی ٤١٦ی پێش زایین، هەموو پیاوەکانی میلۆس کوژراون، چونکە رەتیان کردووەتەوە بچنە پاڵ سوپای ئەسینا و جەنگ دژی سپارتا و پێلۆپێنسیانە هاوپەیمانەکانیان بکەن. ژن و منداڵەکانیان بەکۆیلەکراون و دوورگەکەش لە لایەن ئەسینیاییەکانەوە داگیرکراوە و تیا نیشتەجێ بوون.

[13] کارتاج شارێکی بەهێز و دەوڵەمەندی فینیقییەکان بوو لە باکووری ئەفریقیا، لە جێگەی ئێستای توونسدا، لە نێوان سەدەکانی ٢ و ٦ ی پێش زایین. لە ئەنجامی چەندین جاری بەزین لە چەندین شەڕدا کە ناوی پوونیک (وشەیەکی رۆمانی بەکاربراوە بۆ فینیقییەکان)، جەنگەکان لە ساڵی ٢٠١ی پێش انیین شارەکە لە بناغەوە هەڵوەشایەوە و هەموو دانیشتووانەکەی ڕووبەڕووی مردن و برسێتی بوونەوە. هانیباڵ، سەرلەشکری سوپای کارتاج لە کاتی جەنگی دووەم و سێیەمی پوونیکدا، بەوە ناسرا کە لە رێگایدا بەرەو ڕۆما، چیاکانی ئەلپی بە فیلسواری بڕیوە. ئەم شارە دواتر سەد ساڵ لە لایەن ڕۆمانەکانەوە نیشتەنی بووە.

[14] کۆرینس شارێکی گریکییە، دەکەوێتە رۆژئاوای ئەسیناوە بە دووری ٧٨ کیلۆمەتر، شارەکە لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا گەیشتە ترۆپکی گەشەی خۆی. لە ساڵی ١٤٦ی پێش زایین، دوای داگیرکارییەکی ماوەدرێژ، سوپای رۆمانەکان هەموو پیاوەکانیان کوشت و ژن و منداڵەکانیان بەکۆیلەکردن. دواتر شارەکەیان وێران کرد و لەگەڵ زەویدا تەختیان کرد.

لە میانەی فەرامۆشکردنی ئەو مەسەلانە، لای کەم هەتا ئێستا، زۆرینەی کۆمەڵە زانستییەکان بەئاشکرا نکۆڵی دەکەن لە بوونی و خۆ لادەدەن لە لێکۆڵینەوە لە بارەیانەوە، هەندێ کات بە ئەنقەست و هەندێک جاریش نا. زۆر هێز یەکیان گرتۆتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو دۆخە، بەو ڕاستیانەشەوە کە سەرکەوتووەکان مێژووی کردارەکانی خۆیان نووسیوەتەوە، لە کاتێکدا چارەنووسی دۆڕاوەکان بە شێوەیەکی سروشتی بەشێک بووە لەشکستەکانیان. دەستەواژەی مافی مرۆڤیش لە کۆمەڵەکانی رۆژئاوا تا ڕێژەیەکی زۆر نوێیە. بێگومان، تەنانەت ئەمڕۆش، جەخت لەوە دەکرێتەوە هاوڵاتیان پابەند بکرێن بە دەوڵەتەوە، نەک بە مافەکانیانەوە.

مەیلی نکۆڵیکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو لە کوشتن و وێرانکاری، رۆڵێکی مێژوویی گرنگیشی بینی لە هێنانەکایەوەی نەریتێکی فەلسەفی کە وای بۆ دەچێت مرۆ لە سروشت و بۆماوەوە باشە[15]، ئەمەش بەشداری کرد لە هاتنەکایەوەی ناشیونالیزم و دەرکەوتە هەرە توندڕەوانەکەی. بۆ زۆرینەی مرۆڤ، دەستەواژەی ناشیونالیزم – کە خۆی لە خۆیدا دەکرێ هانی بێڕێزیکردن بە چارەنووسی کەسانی تر و کۆمەڵکوژی ئەندامانی گرووپی نەژادی، ئایینی، نەتەوەی تر- بدات، لێکۆڵینەوەی فراوانی لەسەر کرا و پرسگەلی ئەخلاقی هێنایە گۆڕێ. بە پێی لێکۆڵەری ناشیونالیزم ئێرنست گێلنەر:

> دەشێ ئەوە وا بێت کە.. مەیلی ریزپەڕکردنی یەکێک لە جێی یەکێکی تر یان دۆخێکی تایبەتی کەسێک، خاڵی سەرەکی لاوازیی مرۆڤ بێت کە هەموو خاڵەکانی تری لێوە سەرچاوە دەگرێت؛ کە هەستی نەتەوایەتی و هەستەکانی تریشی پێوە تووش دەبێت، ئەوەی کە ئیتالییەکان لە سەردەمی مۆسۆلینی پێیان دەگووت رۆحی نەتەوایەتی. هەروەها دەشێ کاریگەرییە سیاسییەکان هەستی نەتەوایەتی لاواز بکاتەوە ئەگەر بێتو خەڵکە نەتەوەییەکان هەستیار بن بەرامبەر بەو هەڵانەی کە نەتەوەکەیان دەیانکات، هەر وەکو بەرامبەر ئەوانەی کە دژ بە نەتەوەکەیان هەڵە ئەنجام دەدەن.[16]

---

[15] ئۆگەستین، زانای تیۆلۆژی سەدەی چواری پێش زایین، ئەوەی دەربڕیوە کە تەنانەت مرۆڤ بە شەیتانیی لەدایک دەبێت، پەروەردە و کولتوور یارمەتییان دەدا بۆ تێپەڕاندنی ئەو سروشتە خراپییە و هەوڵدان بۆ ئەوەی باش ببنەوە. هەروەها بابەت فەلسەفی و ئایینی چیندین ساآل ئەم پرسەیان وروژاند، تەنها لە سەدەی هەژدەدا لە سەردەمی رۆشنگەریدا و نووسینەکانی نووسەری فەرەنسی ژان ژاک رۆسۆ بە تایبەتی، ئینجا باس لەوە کرا کە مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا و بە بۆماوە باشە و خۆی خزاندە نێو کولتووری رۆژئاوا شانبەشانی توێژینەوەکانی ئۆگەستین. بە پێی ئەو تێگەیشتنە نوێیە، کولتوور و پەروەردە هۆکاری گەندەڵکردنن و مرۆ بەرەو خراپی دەبەن. لە میانەی سەدەی هەژدەدە، هەردوو تێڕوانین شانبەشانی یەکتر لە کۆمەڵی رۆژئاوادا لە ئارادا بوون و یەک خزمەتی ئەویتریانی دەکرد.

[16] Ernest Gellner, Nations and Nationalism, 2nd ed. (Malden, MA: Blackwell, 2006), p.2.

لەبەر ئەوە دەبێت ئاگاداری پەیوەندی نێوان چڕیی ناسنامەی نەتەوایەتی و مەیل و دەرکەوتە توندڕەوەکەی هەندێ جاری بین، کە لە لایەکەوە لە میانەی سەدەی هەژدەیەمدا دەرکەوت و، لە لایەکی ترەوە نموونەگەلی جینۆساید کە لە سەدەی بیستەمدا ئەنجام دران.

.............

لای کەم لە ئاستی بڕیاربەدەستان، خەڵکانێک کار بۆ چارەسەری ئەنجامدانی جینۆساید ناکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا لەبەر هۆی سادیستی یاخوود لەسەر بنچینەی ئارەزووی خراپەکاری، ڕوو دەدات. پاساوێکی ترسناک کە ئەنجامدەرانی جینۆساید هەیانە گوایە نەیاندەتوانی ئەوە ئەنجام نەدەن لەبەر بەرژەوەندی گشتی. ئایا دەتوانین لەوە تێبگەین گیلنەر مەبەستی چییە لە دەستەواژەی ڕۆحی نەتەوەیی، کە لە چوارچێوەی بیری فاشیزمی ئیتالیایی نراوە، کە تاکەکەس بەرەو هەستی توندڕەوی پاڵپێوەدەنێ بە پاساوی بەرژەوەندی گشتی گروپەکەیان، کە دەبێتە هۆی ئازاردان و بێبایەخکردنی ئەوانی تر؟

...................

هۆلۆکۆست بە بێ هیچ گومانێک ترسناکترین کارەساتی سەدەی بیستەم بوو، کۆمەڵی مرۆڤایەتی تا ڕادەی کۆتایی، تاساند، یان لای کەم ئەو نکۆڵیکردنە گشتگرەی لاواز کردەوە سەبارەت بە تاوانەکانی خۆیان. دووری نێوان ئەو نمونە باڵایەی مرۆڤ وەک لە سروشتەوە باشهەڵکەوتوو، لەگەڵ ئەو واقیعە بێزارکەرەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەوەندە گەورە بووە کە نکۆڵی لێ ناکرێت. ئەگەر ساڵانی پێشوو فەرمانڕەوا سەرکەوتووەکان مێژوویان دەنووسی و مێژوویان دووبارە دەنووسییەوە، هۆلۆکۆست وای کرد کە دەنگی قوربانییەکان، بە تایبەتیش دەنگی قوربانییە جووەکان ببیسترێن. تەنها دوای ئەوەی کە دەنگی جووەکان بڵند بوونەوە، ئینجا دەنگی قوربانییەکانی دیکەی ڕژێمی نازی بڵند بوونەوە (وەکو ڕۆمانییەکان، هاوڕەگەزبازەکان). ئەوانیش چوونە ڕیزی قوربانییەکانی تری جینۆسایدەوە، وەکو ئەرمەنییەکان و ئۆکرانییەکان، کە ئەوانیش پێویستیان بەوە بوو، هەروەها مافی ئەوەیان هەبوو کە دەنگیان ببیسترێت.

ڕافائیل لێمکین: داهێنەری دەستەواژەی جینۆساید

ڕافائیل لێمکین (١٩٠١-١٩٥٩) ، پارێزەرێکی جولەکەی پۆڵۆنی بوو، کە هەموو خێزانەکەی لە هۆلۆکۆست لە دەست دا، بە داهێنەری بیرۆکەی ڕێککەوتننامەی سزادان و قەدەغەکردنی تاوانەکانی جینۆساید دادەنرێت، لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. ئەو یاسای لە زانکۆی لڤۆڤ خوێند و پاش تەواوکردنی لە پۆستی داواکاری گشتی ناوچەکە دامەزرا. لە هەمان قۆناغدا، ڕەشنووسی پرۆژەیاسای نێونەتەوەیی بۆ قەدەغەکردنی ریشەکێشکردنی گروپە ئیتنیکی، نەتەوەیی، ئایینییەکان، نووسی، کە ئەو پرۆژەیە خولیای ئەو بوو هەر لە سەردەمی لاوێتییەوە. لە میانەی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی کە بۆ یاسای تاوانەکان سازکرابوو لە مەدرید لە ساڵی ١٩٣٣، لێمکین لەبارەی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان و هاتنەسەر دەسەڵاتی هیتلەرەوە، قسەی کرد و بە کرداری بەربەریانە و

کرداری وێرانکارانە ناوزەدی کردن. بەربەریەت بە کرداری بەمەبەستەوە ئەنجامدراوی کەسێک دەگوترێت کە دژ بە کەسانی تر دەکرێت بە پاساوی پەیوەستبوونی یان ئەندامبوونی لە نەتەوەیەک، ئاینێک یان رەگەزێکی دیاریکراودا. کرداری وێرانکارانە ئاماژەیە بۆ وێرانکردنی سیستەماتیکیانە بۆ کارە هونەرییەکان و کولتوور و کەلەپووریان[17]. لێمکین لە ئاکامدا ئەم دوو کردەیەی لە یەک دەستەواژەدا کۆکردەوە بە ناوی جینۆساید.

هەوڵەکانی لێمکین بۆ باوەڕپێهێنانی بەشدارانی کۆنفرانسەکە بۆ بەتاوانناساندنی کۆمەڵکوژی، بێهودە بوو. ئەو لە کۆنفرانسەکەدا دەستەواژەی جینۆسایدی بەکار نەهێنا، بەڵام پێشنیاری پەیمانێکی فرەرەهەندی کرد بۆ پۆلێنکردنی ریشەکێشکردنی گروپەکانی مرۆڤ و ناسینی وەک تاوانی نێونەتەوەیی، وەک کۆیلایەتی، جەردەیی، هەروەها تاوانەکانی تری کە بۆ یاسای نەتەوەکان ناسراو بوو. کۆنفرانسەکە لە کاتی گرژییە نێودەوڵەتییەکان و هاتنی هیتلەر بۆ سەر دەسەڵات لە ئەڵمانیا و کشانەوەی لە هاوپەیمانێتی نەتەوەکان، کاتێ کە یەکەمین دەستەی پەنابەری جوولەکە دەستی بە جێهێشتنی وڵاتەکە دەکرد، بەسترا.
بەهەرحاڵ، راپۆرتەکەی لێمکین بۆ ئەوە ئامادەکرابوو کە بەشدارانی کۆنفرانسەکە قایل بکات بۆ پشتگیریکردن لە قەدەغەکردنی کۆمەڵکوژی نێودەوڵەتی، بە بێ راستەوخۆ ئاماژەکردن بە ئەڵمانیای نازی.



رافائیل لێمکین، داهێنەری دەستەواژەی جینۆساید

[17] Berel Lang, Act and Idea in the Nazi Genocide (Syracuse University Press, 2003), p.5.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم، لێمکین چووە ریزی جەنگاوەرە نهێنییەکانی پۆڵۆنیاوە، پۆڵۆنیای بەجێهێشت و بەرەو لیتاونیا بەڕێکەوت، دواجار لە سوێد مافی پەنابەرێتی بەدەست هێنا. لە ساڵی ١٩٤١، دوای مانەوەیەکی کورت لە ستۆکهۆڵم، مافی چوونە نێو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەدەستهێنا، لە کاتێکدا کە مامۆستای رشتەی یاسا بوو لە زانکۆی دوکی و زانکۆی یاڵی. لە هەمان قۆناغدا، راوێژکاری وەزارەتی جەنگی ئەمریکاش بوو، هاوکات راوێژکاری ئەنجومەنی ئابووری جەنگ بوو، دواتریش راوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی دادگای نۆرمبێرگ بوو.

لەگەرمەی جەنگی جیهانی دووەمدا، کە لێمکین نزیکەی هەموو خێزانەکەی لە هۆلۆکۆستدا لەدەست دا، وردەکاری و پێناسە و شیکاری بۆ دەستەواژەی جینۆسایدی پێکەوە نا، کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا وەک پۆلێنکردنێکی سەرەکی دیاردەکە، دانرا. ئەوە لێمکین بوو لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاری کرد کە یاسای قەدەغەکردنی تاوانەکانی جینۆساید دەربچێت، کە بەئاشکرا لە لایەن کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ٩ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨ (سەرەڕای پارێزکردنی هەندێک لە ئەندامەکانی) دانرا و لە١٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥١ دا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە پەنجاکاندا، لێمکین دووجار بەربژێر کرا بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، بەڵام لەبیرکرا و پشتگوێ خرا. لەم چەند دەیەی دواییدا نووسینەکانی هاتنەبەر باس و ئارەزوویان لێکرایەوە، بەڵام بە رێژەیی هەتا ئێستاش نەناسراوە.

لە کتێبەکەیدا "بنکەی تەوەر لە ئەورووپای داگیرکراودا"، کە لە ساڵی ١٩٤٣ نووسیویەتی، لێمکین یەکەمین جار دەستەواژەی "جینۆساید"ی بەکارهێناوە. لێمکین نوسیویەتی"تێگەیشتنی نوێ دەستەواژەی نوێی دەوێت"، بۆ پاساوهێنانەوەی پێناسەکردنی دەستەواژەی جینۆساید وەک وێرانکردنی نەتەوەیەک یان گروپێکی ئێتنییکی. دەستەواژەکە، بە شێوەیەکی گشتی، ئاماژە ناکات بە وێرانکردنی دەستبەجێی گروپێکی نەتەوەیی، تەنها لەو نموونانەدا نەبێت کە کۆمەڵکوژی هەموو ئەندامەکانی گروپەکەی گرتبێتەوە. لێمکین ئەو دەستەواژەیەی بەو شێوەیە بەرجەستە کرد کە بریتیە لە پلانێکی پێشوەخت رێکخراو بۆ لەناوبردنی بناغەی بوونی نەتەوەیەک، بە هەموو ئامرازەکانی بەردەست بۆ ریشەکێشکردنیان، جێبەجێ دەکرێت. ئەو پلانانە، دەخرێنە بواری جێبەجێکردن و کۆشش دەکەن بۆ لەناوبردنی کولتوور، زمان، ئایین و بزوتنەوە سیاسییەکانی ئەو گروپە نەتەوەییانە. هەروەها ئەو پلانانە کۆشش دەکەن بۆ پێشێلکردنی کەسایەتی، کەرامەت و ئازادی و تەندروستی و ژیانی ئەندامانی ئەو نەتەوانە. جینۆساید؛ بەرامبەر بە نەتەوەیەک بە تەواوی پێکهاتەکانیەوە، ئەنجام دەدرێت، ئەو کردەوانەشی کە بەرامبەر تاکەکانی دەکرێت نەک لەبەر ئەوە بێت کە تاکەکە تاوانبارە و سیفەتی کەسایەتی

خراپی هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە سەر بە کۆی گروپێکی ئیتنیکی دیاریکراوە.[18] بۆ نموونە جولەکەکان بە ئامانج گیران تەنها لەبەر ئەوەی جوولەکە بوون و ڕۆمانییەکان بەئامانج گیران تەنیا لەبەر ئەوەی رۆمانی بوون. لەو ڕوانگەیەوە کە تاک ناتوانێ خۆی لە کۆی گروپەکەی دابېڕێت و پەیوەستن بەوانەوە.

لێمکین، هەروەها پێشەنگیش بوو لە پۆلێنکردنی جۆرە جیاوازەکانی جینۆساید بە پێی مەبەستی ئەنجامدەرەکانی، پێناسەی سێ جۆریان دەکات کە بەپێی کرۆنۆلۆژی و ڕەوتی گەشەپێدانیانە. یەکەمیان سەردەمی کۆن دەگرێتەوە گە بە تەواوی یان نزیکەی بە تەواوی دانیشتوانە بەزێنراوەکەی شەڕی پێوە بوو بوو، لەناودەبران. دووەمیان لە سەرەتای مێژووی چاخی نوێ دەستی پێکرد کە هەوڵی لەناوبردنی و سڕینەوەی کولتووریان دەدرا بە بێ ئەوەی زیانی فیزیکی بە دانیشتوانەکە بگەیەنن، سێیەمیشیان ئەنجامدەرانی نازییەکان بوو، کە هەردوو فۆرمەکەی تێدا جێبەجێکرا، جگە لەوەش گروپێک دەستنیشانکرا بۆ لەناوبردن و ریشەکێشکردنی تەواو و گروپی دیکەش بە تەنیا بۆ سڕینەوەی کولتووریان.[19]بە پێی لێمکین، هەموو جۆرەکانی جینۆساید، دوو هەنگاوی هەیە:

1. لەناوبردنی شێوازی نەتەوەیی گروپێکی چەوساوە.
2. لەو دۆخانەدا کە گروپی چەوساوە رێگەی درا بێت لەو ناوچەیەدا بمێننەوە کە چەوسێنەرەکانیانی تێدایە، ئەوە شێوازی ژیانی گروپی چەوسێنەر دەسەپێندرێت بە سەر گروپی چەوساوەدا؛ لەو دۆخانەدا کە گروپی چەوساوە لەڕووی فیزیکییەوە لەناودەبرێن و ریشەکێش دەکرێن، شێوەی ژیانی گروپی چەوسێنەر بە تەنیا بەسەر ناوچەکەدا دەسەپێندرێت.

لە ساڵی ١٩٤٤ دا، لێمکین وای نووسی: "لە شەڕی حازرییدا، کە جینۆساید بە شێوەیەکی فراوان لە لایەن ئەڵمانە داگیرکەرەکانەوە پیادە دەکرێت، هەندێ گروپ- بۆ نموونە جووەکان- بەئامانج گیراون کە بە تەواوەتی لەناوببرێن". ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە مەبەستی لێمکین لە بەکارهێنانی دەستەواژەی"شێوازی نەتەوەیی" هەر

---

[18] Raphael Lemkin, Axis Rule in Occupied Europe: Laws of Occupation, Analysis of Government, Proposals for Redress (Washington, DC: Carnegie Foundation for International Peace, 1944). [Reprinted, Howared Ferting: New York, 1973], p.79.

[19] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩-٨٢.

لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لیمکین کە بریتییە لە بابەتێکی بڵاونەکراوەی سێ بەشی کە بە دەستنووسە و لە ژێر ناونیشی "مێژووی جینۆساید"ە. یەکەمی جەخت دەکاتەوە لە سەرمێژووی قۆناغی کۆن کە نۆ چاپتەرە و لەبارەی نۆ نموونەی جۆراوجۆری جینۆسایدە لە مێژوودا، لەناو ئەوانەدا جینۆسایدەکانی ناو ئینجیل، داگیرکارییەکانی ئاشوورییەکان، یەکەمین جینۆسایدەکانی کە لە دژی کرستیانەکان کراوە، قەرتاجەکان، هەروەها ئەو جینۆسایدانەی کە لە گریکستانی کۆن ئەنجام دراون. دووەمیان باسی ماوەی نێوانیان دەکات و بریتییە لە ١٣ چاپتەر کە باس لە جینۆسایدەکان دەکات لەسەر ئەلبیجێنسەکان، ئەو جینۆسایدەی کە لە لایەن هووبەکان و مەنگۆلییەکانەوە ئەنجامدراون،هەروەها ئیسپانیەکان، ڤیکینگەکان و کروسادەکان. سەبارەت بەو بەشەی کە لە سەر مێژووی نوێیە ٤١ کەیسی جینۆسایدی گرتۆتە خۆی.

ئەوە نییە بە تەنیا پێناسەی جینۆسایدی پێبکات، بەڵکو پەیوەستی دەکات بە گروپە سیاسییەکان، ئایینییەکان، ئیتنیکییەکانیشەوە.

لێمکین هەروەها ئەو تەکنیکانەی جینۆسایدیش تۆمار دەکات کە بە شێوەیەکی فراوان پیادەکراون، لەناویاندا تەکنیکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایینی، ئابووری، بایۆلۆژی(بۆ نمونە قەدەغەکردنی زاوزێی سروشتی گروپەکە)، هەروەها ریشەکێشکردنی فیزیکی گروپەکە. لە دۆخی لەناوبردنی تەواوی فیزیکی دانیشتوانەکە، جینۆسایدەکە بە سێ رێگا ئەنجام دراوە: ١) کەمکردنەوەی گەیاندنی خۆراک بە دانیشتوانەکە و برسیکردنی بەئەنقەست لەسەر بنچینەی جیاکاری نەژادی؛ ٢) لێگەڕانی دانیشتوانەکە بۆ تووشبوون بە پەتا و نەخۆشی؛ ٣) کۆمەڵکوژی.
بە پێی لێمکین؛ تاوانەکانی جینۆساید هەمیشە بە دەستبەجی لەناوبردنی تەواوی گروپە ئیتنییەکە دەستپێناکات. هەندێ جار لە شێوەی زنجیرەیەک کردەوەی وێرانکاریئامێز بەردەوام دەبێت بۆ وێرانکردنی پێکهاتەکانی ژیانی گروپەکە، وەکو لەناوبردنی بەزەبری هۆشیاری نەتەوەیی گروپەکە، زمانیان و کولتووریان (هەندێ پۆلێنی ئەو کردەوانە دەکەن کە لە خوارەوە باسیان دەکەین، وەک "جینۆسایدی کولتووری" ناوزەدی دەکەن، یان وەکو "ئیثنۆساید" ناوی دەبەن، کە سنووردارکردنی زۆری ئازادی تاکەکەسی و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری، مەبەستە و دەگرێتەوە.

جینۆساید بە پێی بڕیارەکانی یوو ئێن:
لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٦ دا، جڤاتی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یوو ئێن، بڕیاڕی دا:

جینۆساید نکۆڵیکردنە لە مافی بوونی تەواوی گروپەکان؛ وەک چۆن هۆمۆساید بریتییە لە نکۆڵیکردن لە مافی بوونی تاکەکەسەکان؛ ئەو نکۆڵیکردنە لە ماف و لە بوون ویژدانی مرۆڤ دەتاسێنێت؛ زیانێکی گەورە بە مرۆڤایەتی دەگەیەنێت لە شێوەی بەشداری کولتووری و بەشدارییەکانی دیکەی گروپەکان، وە هاودژە لەگەڵ یاسای رەوشت و ورە و ئامانجەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.
زۆر نموونەی لەم تاوانانە ڕوویان داوە و چەندین گروپی نەژادی، ئایینی، سیاسی و هیتر بەشێکیان یان بە تەواوی، لەناوبراون.
سزادانی تاوانەکانی جینۆساید لە ئاستی نێونەتەوەییدا جێی بایەخە.
بۆیە جڤاتی گشتی:
جەخت دەکاتەوە کە جینۆساید تاوانە و لە ژێر باری یاسای نێونەتەوەییدا مەحکوم دەبێت و دنیای شارستانی شەرمەزاری دەکات و، ئەنجامدەران و بەرپرسیاران لێی ، ئەگەر تاکەکەس بن یاخود بەرپرسی گشتی، یان پیاوانی دەوڵەت، کە

تاوانەکەیان بە پاساوی ئایینی، نەژادی، سیاسی یان هەر پاساوێکی تر، ئەنجام دابێت، سزا دەدرێن.[20]

بڕیارەکە بە تایبەتی ئەنجامی هەوڵ و کۆششەکانی لێمکین بوو بۆ پاڵنانی جڤاتی گشتی یوو ئێن تا ڕەوایەتی بە پرنسیپگەلێک بدات ببنە زەمینەی کاری دادگای نێودەوڵەتی سەربازی لە نۆرمبێرگ، [21] کە لەو کاتەداهەوڵیشی دەدا سەرکردە نازییەکان وەک تاوانباری جەنگ لە دژی مرۆڤایەتی، بداتە دادگا. لە ئەنجامی کارەکەی لێمکین و، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یوو ئێن پەیوەست بوو بە پرسی جینۆسایدەوە و نەک وەک پرسێکی ناوخۆیی دەوڵەتەکانی کە تیایدا ئەنجام دراون، بەڵکو وەک پرسێکی نێودەوڵەتی چاوی لێکرد و بۆ دیاردەیەکی قابیل بە پێشگیریلێکردنی، ئەنجامدەرانی سزایان بۆ بڕایەوە.

لە ساڵی ١٩٤٧، دوای تێپەڕکردنی بڕیارەکە، سکرتێری گشتی یوو ئێن، گەڵالەپێسنیارەکەی یاساکەی بەسەر ئەندامەکاندا دابەشکردن. دوای ئەوە لیژنەیەکی تایبەتمەند دەستنیشانکرا بۆ پێداچوونەوەی و دانی گەڵالەیاساکە بە کۆمیتەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی جڤاتی یوو ئێن. دوای گفتوگۆکردنی لەو کۆمیتانەدا و لە لایەن کۆمیتەی یاساییەوە، ئینجا بە شێوەیەکی ئاشکرا جڤاتی گشتی یوو ئێن لە کۆبوونەوەی پاریس لە ٩ ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨، پڕۆژەیاساکەی گرتەخۆی.

لە کاتێکدا بڕیارەکەی ساڵی ٤٦ سنووردار بوو، تەنها پێناسەکردنی جینۆساید و بە تەنیا ڕیشەکێشکردنی فیزیکی دەگرتەوە، لیستەکەی لێمکین فراوانکرایەوە و قوربانییەکانی "گروپە سیاسییەکان و گروپەکانی تریش"ی گرتەوە. لەبەر ڕۆشنایی بەرهەڵستیکردنی بلۆکی سۆڤییەتی بەپاساوی ئەوەی سیفەتەکانی گروپەسیاسییەکان بە ڕوونی تیایدا دەستنیشان نەکراون، هەروەها بەهۆی بوونی ڕێککەوتنێک کە لە نێوان زلهێزەکاندا، لەو کاتەدا مۆر کرابوو، دەستەواژەی گروپە سیاسییەکان لە پێناسەکەی ساڵی ١٩٤٨دا، لابردرا. ئەو پێناسەیەی کە لە ساڵی ١٩٤٨یشدا کرا دیسانەوە ڕیشەکێشی کولتووری (کەبە ئیثنۆساید پێناسەکرا بوو) بە جینۆساید، دانەنرا، کە ئەمە لە گەڵاڵەکانی پێشتریدا، هەبوو.

.....

ڕێککەوتننامەی یوو ئێن لەبارەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانەکانی جینۆسایدەوە، جینۆساید وەک ڕیشەکێشکردنی فیزیکی ئەندامەکانی گروپێک پێناسە دەکات، کە بە پێچەوانەی وێرانکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و ڕۆحی گروپەکەیە. ئایا دەبێت پێکهاتەی کولتووری گروپێک لە ناوچەیەکی دیاریکراودا وێران بکرێت بە بێ وێرانکردنی فیزیکی گروپەکە؟

---

[20] بڕوانە کتێبی: Raphael Lemkin, “Genocide: A Modern Crime,” Free World 4 (April 1945), pp. 39-43.

[21] http://www.preventgenocide.org/lemkin/freeworld1945.htm

.....

ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی کۆمەڵکوژی و سزادانی:

بە ڕەچاوکردنی واژۆکردن و ددانپێدانانی بڕیاری ژمارە ٩٦ی ڕێکەوتنی ١١ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٦ لە لایەن جڤاتی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە، کە جینۆسایدی تاوانێکە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، لە بەرامبەریشدا لەبەر ئامانجەکان و ڕۆحیەتی یوو ئێن و هەروەها مەحکومکردنی لە لایەن جیهانی شارستانییەوە؛
ددانی پێدا دەنێت کە جینۆسایدی هەموو قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی زیانی گەورەی بە مرۆڤایەتی گەیاندووەو،
بە باوەڕهێنان بەوەی، لە پێناوی ڕزگارکردنی مرۆڤ لەو بەڵا خراپە، هاوکاری نێودەوڵەتی پێویستە،
لێرەوە و لەمەودوا ڕێککەوتووین لەسەر ئەمانە:

ماددەی یەکەم:
لایەنەکانی ڕێککەوتنامەکە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵکوژی، بە بێ گوێدانەوە ئەوەی لە کاتی جەنگ یان ئاشتیدا ئەنجام دراوە، بە پێی یاسای نێودەوڵەتی تاوانە و قەدەغە دەکرێت و سزای دەدرێت.

ماددەی دووەم:
لەم ڕێککەوتننامەیەدا؛ جینۆساید بریتییە لە هەر یەکێک لەم کردەوانەی بە مەبەستی وێرانکردنی بەشێک یان هەموو، گروپێکی نەتەوەیی، یان ئیتنیکی یان نەژادی یان ئایینی، ئەنجام درابێت، بەم شێوانە:
ئا/ کوشتنی ئەندامانی گروپەکە،
بێ/ زیانگەیاندنی جیدی جەستەیی یان عەقڵی بە ئەندامانی گروپەکە،
ج/ بە مەبەستەوە زیانگەیاندنی جیدی بە بارودۆخی ژیانی گروپەکە، کە ببێتە هۆی وێرانکردنی فیزیکی بەشێک یان هەموو گروپەکە،
د/ سەپاندنی پێوەری وا بەسەریاندا کە مەبەست لێی قەدەغەکردنی زاوزێ بێت لەناو گروپەکەدا،
ە/ ناردنی زۆرەملێی منداڵەکانی گروپەکە بۆ ناو گروپی تر.

ماددەی سێیەم:
ئەم کردەوانە دەبێ سزا بدرێن:
ئا/ جینۆساید؛
بێ/ پیلانگێڕان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید،

ج/ هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بۆ ئەنجامدانی جینۆساید،
د/ هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید؛
ه/ ڕێخۆشکردن ئەنجامدان جینۆساید.

ماددەی چوارەم:
هەر کەسێک کە دەستی لە جینۆساید یان هەر کردەوەیەکی پۆلێنکراو لە ماددەی سێیەمدا، هەبێت، دەبێت سزا بدرت، بە بێ چاوپۆشی لەوەی ئەنجامدەر بەرپرسێکی فەرمانڕەوایە لە کەرتی گشتی یان تاکێکی ئاساییە.

ماددەی پێنجەم:
هاوبەشە واژۆکارەکانی ئەم ڕێککەوتنامەیە پەیمان دەدەن بە پێی دەستوورەکانی وڵاتەکانی خۆیان، یاسای پێویست دابڕێژن، تا کاریگەری هەبێت بۆ ڕێککەوتنامەی ناوبراو، بە تایبەتیش، بۆ دەستەبەرکردنی سزا بۆ تۆمەتباران بە جینۆساید و تاوانە دەستنیشانکراوەکانی تر لە ماددەی سێیەمدا.

ماددەی شەشەم:
کەسانی بەرپرسیار لە جینۆساید یان هەر کردەیەکی تری پۆلێنکراو لە ماددەی سێیەم، دەبێت بە پێی دادگای تایبەتمەندی ئەو ناوچەیەی کردەوەکەی تێدا ئەنجام دراوە، حوکم بدرێن، یاخوود لە لایەن لیژنەیەکی دادوەری دادگای سزای نێودەوڵەتییەوە کە دەشێ دەسەڵاتی هەبێت بەسەر وڵاتی مەبەستدا و سیستەمی دادوەری ئەویان پەسەند کردبێت.

ماددەی حەوتەم:
جینۆساید و ئەو تاوانانەی کە لە ماددەی سێیەمدا پۆلێنکراون بە تاوانی سیاسی دانانرێن، بە هۆکاری ڕادەستکردنی تاوانبارەکانیان. هەردوو لایەن بە پێی پەیماننامەکانی نێوانیان یان یاساکانی خۆیان، ڕێکدەکەون بۆ ڕادەستکردنی تاوانباران.

ماددەی هەشتەم:
دەگونجێت هەر لایەنێکی واژۆکاری ڕێککەوتنامەکە، داوا لە دەزگا تایبەتمەندەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، ڕێوشوێنی لەو جۆرە بگرێتە بەر کە لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیماننامەکەدا کۆکە و بۆی دەگونجێت، بۆ قەدەغەکردن و سەرکوتکردنی کردەی جینۆساید و کردەکانی تری پۆلێنکراو لە ماددەی سێیەمدا.

ماددەی نۆیەم:
ناکۆکی و کێشەی نێوان لایەنە هاوبەشەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە ، لە بارەی ڕاڤەکردن، پیادەکردن و جێبەجێکردنی تاوانی جینۆساید و ئەو کردانەی کە لە ماددەی سێیەمدا

پۆلێنکراون، بەرزدەکرێتەوە بۆ دادگای نێودەوڵەتی دادوەری، لەسەر داوای هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ناکۆک.

ماددەی دەیەم:
ئەم رێککەوتننامەیە، کە بە هەر یەک لە زمانەکانی چینی، ئینگلیزی، فەرەنسی، رووسی و ئیسپانی نووسرابێت، پێویستە رێکەوتی ٩ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨ی پێوەبێت.

ماددەی یانزەیەم:
ئەم رێککەوتننامەیە، لە رێکەوتی ٣١ی دیسەمبەری ١٩٤٩ وە کراوەیە بۆ واژۆکردن، لە لایەن هەر وڵاتێکی ئەندام لە رێکخراوێکی نەتەوەیەکگرتووەکان یان وڵاتانی نائەندام کە داوەتنامەیان بۆ واژۆکردنی لە لایەن جڤاتی گشتی یوو ئێنەوە ئاراستە کراوە. ئەم رێککەوتننامەیە پێویستە پشتڕاست بکرێتەوە و بدرێتەوە بە سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. دوای ١ی کانوونی دووەمی ١٩٥٠ ئەم رێککەوتننامەیە دەکرێ لە جێی دەوڵەتانی ئەندام یاخوود دەوڵەتانی نائەندامی بانگهێشتکراو بۆ واژۆکردن، بێنە ریزی رێککەوتننامەکەوە. پسولەی هاتنەریزەوە دەدرێت بە سکرتێری گشتی یوو ئێن.

ماددەی دوانزەیەم:
هەر لایەنێکی واژۆکاری ئەم رێککەوتننامەیە، لە هەر کاتێکدا کە بیانەوێت، بە ئاگادارینامەی ئاراستەکراو بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوەڕۆکی ئەم رێککەوتننامەیە فراوانبکەنەوە بە جۆرێک کە ناوچە و هەرێمی دیکەی ژێردەسەڵاتی، یان بەرپرسیار لێی لە رێگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەیدا، بگرێتەوە.

ماددەی سیانزەیەم:
لەو رۆژەوەی کە بیست بەڵگەنامەی هاتنەریزەوەی پشتڕاستکراو گەیشت، سکرتێری گشتی یاداشتنامەی ڕەوانەکردن ئامادە دەکات و کۆپیەکی دەنێرێت بۆ هەر وڵاتێک لە وڵاتانی ئەندام لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی نائەندامی ناوبراو لە ماددەی یانزەدا.
ئەم رێککەوتننامەیە لە نەوەتەمین رۆژی دوای هاتنەدەستی بەڵگەنامەکانی بیست ئەندامە واژۆکارە پشتڕاستکراوەکە، جێبەجێ دەکرێت.
هەر بەڵگەنامەیەکی پشتڕاستکراوی هاتنەریزەوە، دوای نەوەت رۆژ لە رادەستکردنی، کاری پێدەکرێت.

ماددەی چواردەیەم:
ئەم رێککەوتننامەیە بۆ ماوەی دە ساڵ برەوی هەیە لە رێکەوتی کارپێکردنییەوە.

لە دوای ئەوەش برەوی هەیە لەماوەی یەک لە دوای یەکدا کە لە پێنج ساڵەوە دەست پێدەکات بۆ ئەو لایەنانەی کە پێش شەش مانگ ئاگادار نەکراوەتەوە لە تەواوبوونی کاتەکەی.
کشانەوە لە رێککەوتننامەکە بە ئاراستەکردنی داخوازی دەبێت بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

مادەی پانزەیەم:
ئەگەر، لەبەر رەتکردنەوەی لایەنەکانی ئەم رێککەوتننامەیە، ژمارەکەی لە شانزە ئەندام کەمتر بوو، ئەوە لەو ساتەوەی کە ژمارەی رەتکردنەوەکە دەگاتە شانزە، رێککەوتننامەکە برەوی نامێنێت.

ماددەی شانزەیەم:
هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ئەم رێککەوتننامەیە، دەتوانێت داوای پێداچوونەوە بە رێکەوتننامەکەدا بکرێت، بە داخوازییەکی نووسراوی ئاراستەکراو بە سکرتێری گشتی.
جڤاتی گشتی هەنگاوەکانی ئەم داخوازینامەیە، ئەگەر هەبێت، تاوتوێ دەکات.

ماددەی حەڤدەیەم:
سکرتێری گشتی؛ گشت وڵاتانی ئەندام و وڵاتانی نائەندامی ئاماژەپێدراو لە ماددەی یانزەیەم، ئاگادار دەکاتەوە، بەم خاڵانەی خوارەوە:
ئا/ واژۆکان، پشتڕاستکردنەوەکان و هاتنەریزەوەکانی کە بە پێی ماددەی یانزەیەم، هاتووە؛
بێ/ ئاگادارکردنەوە هاتووەکان، بە پێی ماددەی دوانزەیەم،
ج/ رێکەوتی برەوپێدانی ئەم رێککەوتننامەیە بە پێی ماددەی دوانزەیەم،
د/ کشانەوەنامە هاتووەکان بە پێی ماددەی چواردەیەم،
ە/ هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەکە بە پێی ماددەی پانزەیەم،
و/ ئاگادارینامە هاتووەکان بە پێی ماددەی شانزەیەم.

ماددەی هەژدەیەم:
ئۆرجیناڵی ئەم رێککەوتننامەیە لە ئەرشیڤی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەگیرێت.
کۆپییەکی رێککەوتننامەکە بۆ هەر یەکێک لە وڵاتانی ئەندام و وڵاتانی نائەندامی ئاماژەپێکراو لە ماددەی یانزەیەم، دەنێردرێت.
سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم رێککەوتننامەیە، لە رێکەوتی برەوداربوونییەوە، تۆمار دەکات.

نەتەوە یەکگرتووەکان
٩ی دیسەمبەری ١٩٤٨
......

ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن گروپە سیاسییەکانی بەدەر کردووە لەناو لیستی ئەو گروپانەی کە کۆمەڵکوژییەکانیان بە جینۆساید ناسراوە. ڕوونکردنەوەی فەرمی بۆ ئەم غەفڵەتە(بە پێچەوانەی پاڵنەرە سیاسییەکانی وڵاتە جیاوازەکانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە زۆربەی کات ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە یەکلاکردنەوەی بڕیارەکاندا)، ئەوەیە کە ناوەڕۆکی دەستەواژەی "گروپی سیاسی" وەک پێویست و بە شێوەیەکی دروست پێناسە نەکراوە، بۆیە کێشەئامێزە. لە چوارچێوەی کۆمەڵکوژی سیستەماتیکیاندا، ئایا گروپەکان بە شێوەیەکی ڕوونتر لە لایەن بکوژەکانیانەوە پێناسە دەکرێن؟ ئایا دەتواندرێت جیاوازییەک بکرێت لە نێوان گروپەکاندا وەک لە جیاکردنەوەی نێوان ژیان و مردن؟

......

دەستەواژەی جینۆساید، ئێستا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە یاساکاندا، لە ڕێککەوتنەنێودەوڵەتییەکاندا، لە حوکمەکانی دادوەرییدا، لە نووسراوە ئەکادیمییەکان و لە میدیاکاندا، بەکار دەبرێت. لە هەموو جۆرێ زیاتر، ئاماژە دەکرێت بە کوشتنی خەڵک- بە بێ هیچ بەرپرسیاری و سوچێکی تاکەکەسی- بەڵکو بەهۆی پەیوەستبوونیانەوە بە نەتەوەیەک، نەژادێک، ئایینێک یان گروپێکی ئێتنیکی جیاوازەوە، لە پێناو ئەوەی زانیان پێ بگەیەنن و لە ریشەیان بکێشن.

گرنگە کەشی گەشبینانەی نێودەوڵەوتی(ئیتر راستی بێت یان دروستکراو) لە قۆناغی گەڵاڵەکردنی ڕێککەوتننامەکە، لەبیرنەکرێت. لە ١٠ی کانوونی دووەم(دیسەمبەر)ی ساڵی ١٩٤٨، واتە ڕۆژێ دوای ئەوەی یوو ئێن ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی گرتەخۆی، جڤاتی گشتی یوو ئێن، جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤی گرتەخۆی. زۆرێک لە ئەدەبیاتی تایبەت بە جینۆساید، لە جاڕنامەکەدا هاتووە بە شێوە و جۆری جیاواز و بەهۆکاری جیاواز. جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ کاریگەری قوڵی هەبوو لەسەر جەنگی دووەمی جیهانی و هۆلۆکۆست، بە تایبەتیش دیباجەکەی. لێرەوە جاڕنامەکە دەریدەبڕێت "ددانپێدانانی کەرامەتی زگماکی و مافی یەکسانی حاشاهەڵنەگر بۆ هەموو ئەندامانی خێزانی مرۆڤایەتی، بناغەی ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی جیهانییە."، بۆیە پشتگوێخستن و ڕێزنەگرتنی مافەکانی مرۆڤ بووەتە هۆی کردەوەی دڕندانە و ویژدانی مرۆڤایەتی تووڕە کردووە". ئەو دوو بڕیارە نەتەوەکانی دنیای هیواخوازکردووە کە جارێکی تر ئەو کردەوانە خۆیان دووبارە نەکەنەوە، سەرەڕای ئەوەش پێویستی خۆشگوزەرانی، ئازادی و مافەکانی تاک و بێگومان مافی ژیان، هەروەها پێویستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە لە گۆڕەپانی جیهانیدا، دەهێنێتە گۆڕێ. لە هەمان کاتدا، دەبێ ئەوە لەبیرنەکەین کە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ دەسەڵاتێکی یاسایی نییە بۆ پابەندێتی، بەڵکو هێزەکەی بە تەواوی ئەخلاقییە، ئەمەش خاڵی لاوازێتی.

هەروەها گرنگە ئەوەش ڕەچاو بکەین کە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید تەنها گروپەکانی ئیتنیکی، نەتەوەیی، نەژادی و ئاینی گرتۆتەوە، بەڵام جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ جۆر و گروپەکانی دیکەشی گرتۆتەوە.

لە ماددەی دووەمی جاڕنامەکەدا دەڵێت:

هەرکەسێک دەتوانێت ئەو ماف و ئازادییانەی هەبێت کە لە جاڕنامەکەدا هاتووە، بە بێ هیچ جیاکارییەک لە هەر جۆرێک بێت، وەک نەژاد، رەنگی پێست، توخم، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی یان هیتر، نەتەوە یان بنەچەی کۆمەڵایەتی، دارایی، لەدایکبوون یان هەر بارێکی تر.

ئەو کێشانەی لە گەڵاڵەکردنی رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتنەوە:
رێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید، یەکەمین رێککەوتننامەی گشتی بوو کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ واژۆکردن بۆ وڵاتانی جیهانی نارد. رێککەوتننامەکە، کە لە ژێر باری یاسای نێودەولەتیدا وڵاتانی خاوەن سەروەری بەخۆیەوە پابەند دەکات، لە رێکەوتی ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٥١ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و کەیسی جینۆسایدی لە کێشەیەکی ناوخۆییەوە گواستەوە و کردی بە کێشەیەکی نێودەوڵەتی. رێکەوتننامەکە، هەروەها، کورتی هێنا لە پۆلێنکردنی جینۆساید وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی(لەبەرامبەردا، بۆ نموونە، بۆکردەی جەردەیی)و، گەڵاڵەکردنەکە خۆی سنووردار کردەوە لەوەی راستگۆیانەتر و ئاشکراتر بە تاوان بیناسێنێت بە پێی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی.

ئەو ڕاستییەی کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەنجامی چوارچێوەی سیاسی نێودەوڵەتییە- بڕیار و کردارەکانیشی لە زۆربەی کاتدا لەژێر کاریگەری ئەو هێزی تێکۆشان و بەرژەوەندییە دژبەیەکانەدا بووە- بووە هۆی ئەوەی لە پێناسەکردنیدا ناڕوون بێت(ناڕوونییەک کە سیمای رێککەتننامەکەی پێدەناسرێتەوە هەتا رۆژگاری ئەمڕۆش). ئەم پێناسەیە جێگەی مشتومڕێکی زۆر بوو، هەندێ کەس رەخنەیان لە بایەخە ئەکادیمی و زانستییەکەی دەگرت. هەندێ کەس بە سیمبۆلیکی یان ڕوونکردنەوەئامیز، یان مەیلەو سروشتی ئەخلاقی وەسفیان دەکرد، کە خاڵییە لە بایەخی یاسایی بەرجەستە. هەندێ کەسی تر مشتومڕی ئەوە دەکەن و دەڵێن تێپەڕینی چەندین دەیە بەسەریدا جەخت لە بێئەرزشییە مێژوویی و سیاسییەکەی دەکاتەوە. بەڵام مەسەلەیەکی لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەیتوانیوە رێگە لە ڕوودانی جینۆساید بگرێت، تەنانەت دوای گرتنەخۆی رێککەوتننامەکەش و، بە دەگمەن توانیویەتی سەرکەوتوو بێت لە بەدادگادانی ئەنجامدەرانی جینۆساید.

رێککەوتننامەکە ژمارەیەک پرس بەرز دەکاتەوە؛ کە لە خوارەوە گفتوگۆیان لەسەر کراوە؛ یەکەمیان گفتوگۆ لەبارەی بەکارهێنانی دەستەواژەی جینۆساید بۆ ئەو کردارانەی کە لە ماوەی سەدەی بیستەمدا ئەنجام دران، لەناو ئەوانەدا ئەو ڕووداوانەی کە لە دەیەی کۆتایی سەدەکەدا ڕوویدا. ئایا ئەو ڕووداوانەی کە لە یۆگسلافیای کۆن ڕوویان دا جینۆساید بوون، یان تەنها کردەی جینۆسایدئامێز بوون؟ ئەمڕۆ کۆدەنگییەک هەیە لەسەر ئەوە کە ئەوەی لە

ڕواندا ڕوویدا بە کردەوە جینۆساید بوو. ئەگەرچی کۆدەنگی لەم جۆرە لە کاتی ڕوودانی کردەوەکانی کوشتنەکاندا، لە ئارادا نەبوو. لە جێی ئەوە، یوو ئێن لە درەنگانێک دوای ڕوودانی ددانی نا بەوەی کە کردەوەکانی ڕوواندا جینۆساید بوون، ئەمەش کاری زۆر نێگەتیڤی کردە سەر قوربانییەکان لێکەوتەی خراپی هەبوو(ئەمەیان بە درێژی لە کتێبی: ڕواندا ١٩٩٤، جینۆساید لە خاکی هەزار گرددا،باس کراوە.) لەم زنجیرە کتێبەدا.

گرنگە ئاگادارانە بمێنینەوە لەو شێوازە گەوجانە، فریودەرانە، بە سیاسەتپاساودراوانە، کە لە سایەیدا پۆلێنی جینۆساید کراوە. پۆلێنکردنی زنجیرەیەک لە ڕووداوەکان لە ژێر ناوی جینۆسایددا کۆمەڵی نێودەوڵەتی ناچار دەکات هەندێ ڕێوشوێنی پێویست، بۆ وەستاندنی یان قەدەغەکردنی، بگرێتە بەر. بەڵام کاتێ لە لە ژێر ناوی کردەی جینۆسایدئامێز دادەنرێت، دەشێ کۆمەڵی نێودەوڵەتی ئەوە هەڵبژێرێت کە هیچ ڕێوشوێنێک لەبەرامبەریدا نەگرێتە بەر بە پاساوی یاسایی. یەکێک لە نموونە کارەساتبارەکان ئەوە بوو کە لە دارفور ڕوویدا، لە سوودان، لە سەرەتای شوباتی ساڵی ٢٠٠٣ ، کە بە پێی هەندێ مەزەندە، ٤٠٠٠٠٠چوارسەد هەزار کەس کوژران و ملیۆنێ کەس لە ماڵەکانیان دوور کەوتنەوە. لە ساڵی ٢٠١٢ ئینجا حوکمی گرتن بۆ سەرۆکی سودان عومەر ئەلبەشیر دەرچوو.

ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن لە دوای ڕوودانی تاوانەکان لە لایەن ئەڵمانیای نازییەوە، لە میانەی جەنگی جیهانی دووەم، گەڵاڵەکرا و گیرایەخۆ. سەرەتا و یەکەم، جینۆسایدی جولەکە، حکومەتی ئیسرائیل واژۆی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی کرد و لەبەر ڕۆشنای ئەودا یاسادانەرانی ئیسرائیل یاسای قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی لە ساڵی ١٩٥٠ دا دارێژا. لەم یاسایەدا، یاسای ئیسرائیلی پێناسەی تاوانەکە دەکات وەک لە ڕێککەتننامەکەدا هاتووە، بەڵام لە دانانی سزاکان و جێبەجێکردنی سزاکاندا، توندترە. یاساکەی ئیسرائیل بۆ یەکەمجار بۆ سزادانی تاوانبار ئەدۆلف ئیخمان بەکار هێنرا و دەستەبەری بناغەی یاسایی کرد بۆ دواتر لەسێدارەدانی. هەروەها بۆ سزادانی جۆن دیجامجۆک و حوکمی لەسێدارەدانی بۆ بڕایەوە لە دادگای قودسدا، ئەگەرچی دواتر دادگای باڵا بێبەری کرد و بەریدا بەهۆی گومان لە ناسنامەکەی هەبوو، دەرنەکەوت کە ئەو ئەو ئیڤانە ترسناکەی کەمپ تریبلانکا بێت.

...

بە بۆچوونی تۆ، بناغەی جیاوازی نێوان جینۆساید و کردەی جینۆسایدئامیز چییە؟ ئایا پەیوەستە بە کردەوەوە؟(وەک ژمارەی قوربانییەکان، یان چڕی کۆششی کۆمەڵکوژییەکە؟ یان ڕادەی وردی و ئاڵۆزی سیستەمی کۆکوژییەکە؟)، یان داڕشتنی ئایدۆلۆژایەکی ڕوون و فراوان بۆ کۆمەڵکوژیی لای بەشێک لە ئەنجامدەران؟ یان.. بە پێچەوانەوە.. ئایا ئاسانە پاساوهێنانەوە بۆ شکستی جیهان بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەرگرتن لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید لە کاتی ڕوودانیدا؟

....

پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک پێویست کار دەکەن بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی جینۆساید؟ دوای هەموو شتێک، چەندین دۆخی جینۆساید لە جیهاندا ڕوویداوە لە دوای هاتنەئارای ڕێککەوتننامەکەوە. هەندێ کەس پێیان وایە دەبێ ڕێککەوتننامەکە هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامرازی پێویست بەدەست بخات نەک تەنها بۆ یارمەتیدانی قوربانییەکان لە کاتی ڕوودانیدا، بەڵکو بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی لە واقیعدا.

پرسێکی تری مشتومڕلەسەرکراو هێنانەناوەوەی گروپە ئایینییەکان و گروپە سیاسییەکانە بۆ ناو ئەو گروپانەی کە دەشێ جینۆسایدیان لە دژ بکرێت. هەندێ کەس پێیان وایە چەوساندنەوەی گروپە دینییەکان بە جینۆساید دانانرێت، چونکە تاکی چەوساوە لەنێو گروپی ئایینی دەتوانێ ئایینی خۆی بگۆڕێت و ئەو چارەنووسە ڕەتبکاتەوە. وەک بینیمان ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان گروپە ئایینییەکانی لەسەر ئەو لیستە داناوە کە دەشێ قوربانی بن، بەڵام گروپە سیاسییەکانی سالآنێکی زۆر لە لیستەکە دوورخستبووەوە. هەندێک پێیان وابوو دەبێت گروپە سیاسییەکان بخرێتە ریزی چەوساوەکانەوە، بۆ نموونە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمی سۆڤیەتی پێشوو، هەروەها قوربانی زۆر لە کەمبۆدیا، کۆمۆنیستەکانی ئەندەنووسیا)، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئەندامەکانیان، لای کەم لە لایەنی تیۆرییەوە، دەتوانن بەندیوارییە سیاسییەکەیان بگۆڕن، بۆ خۆ لە چەوساندنەوە لادان.

لەو جینۆسایدانەوە کە لە ساڵی ١٩٩٠ ا بە دواوە ڕوویاندا، بە تایبەتی ئەوەی لە یۆگسلافیای پێشوو ڕوویدا، کە تاوانەکە ئەنجام درا تەنها لەبەرەوەی قوربان سەر بە گەلێکە بۆیە لەناوبران. (هەروەها ئەوەش بە جینۆساد دانرا (بۆ نموونە دەستدرێژی کردنە سەر ژنانی بۆسنیایی لە لایەن سربەکانەوە)، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن دەستدرێژی کردنە سەر ژنانی وەک جینۆساید نەژماردووە و هیچ حاڵەتێکی دەستدرێژی بۆ سەر ژنانی بەتاوان دانەناوە کە سزای بۆ ببڕدرێتەوە.

...

سیمای هەرە جەوهەری قوربانیانی جینۆساید، دەستنیشانکردنیانە بۆ کۆمەڵکوژی بە پاساوی ئەوەی بەندیواری گروپێکی دیاریکراون. ئایا دەکرێت ناسنامەی سیاسی کەسێک(بۆ نمونە، بەندیواری پارتایەتی یان بەرهەڵستی ڕژێمی حوکم) ناسنامەیەکی کۆگەری بێت؟ ناسنامەی گروپی کە هەر لە لەدایکبوونەوە پێوەستی پێیەوە چۆن جیادەکەیتەوە لە ناسنامەی گروپی هەڵبژێردراو لە لایەن خودەوە؟ (وەکو ناسنامەی سیاسی) جیاوازی چییە لە نێوان ناسنامەی ئایینی و ناسنامەی سیاسی؟

...

هەندێک وای بۆ دەچن کە تێکستی ڕێککەوتننامەکە خەوشدارە بە چەندین ڕێگاوە، لەوانە:

- شکستی ڕێککەوتننامەکە لە جیاکردنەوەی ئەو توندوتیژییەی ئامانجی کۆمەڵکوژیی گروپەکانە، لەگەڵ ئەو توندوتیژییەی کە ئامانجی تاکەکانی ناو گروپێکە. ڕەخنەگران پێیان وایە کە ئەم خاڵە باش ڕوون نەکراوەتەوە و ڕێنوومایی ڕوون لەبارەوە نەدراوە. شکستی هێناوە لە دەستەبەرکردنی پێوەری دیاریکراو بۆ پۆلێنکردنی ئەو گروپانەی کە ڕەنگە ببنە ئامانجی کردارەکانی جینۆساید. (وەکو ئەو گروپانەی کە سروشتی نەتەوەیی، یان نەژادی و یان ئایینییان هەیە) ئەو سیفەتانەی کە ئەم جۆرە گروپانە جیادەکاتەوە لە چوارچێوەیەکی فراوانتری هەیکەلە کۆمەڵایەتییەکەیان، ئەو گروپانەی کە زۆر ڕەنگە ببنە قوربانی کردەی کۆمەڵکوژی، لە کاتێکە ئەو پۆلێنکردنەیان قبوڵ بێت یان نا کە لە لایەن ئەنجامدەرانی جینۆسایدەوە بۆیان کراوە.
- ناڕوونی وشەی "مەبەست" لە ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەکە، (هەر کارێ لەم کارانەی ئەنجامدران بە مەبەستی وێرانکردن). بە شێوەیەکی ئاسایی حوکمە یاساییەکان و حوکمە ئەخلاقییەکان، کوشتن و هەوڵی کوشتن لێکتر جیادەکەنەوە، بە پشتبەستن بە ئەنجامی جیاوازی کردەوەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ئەوەی کە جینۆساید ئاماژەیە بۆ ڕێوشێنی ریشەکێشکردنی گروپێک بە تەواوەتی، نە پێناسەکەی لێمکین و نەش پێناسەکەی کە ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن کردوویەتی، ئەم تووخمەی بە پێوەرێکی پێویست دانەناوە. کەواتە چۆن، ئایا دەکرێت ئەو مەبەستە بسەلمێندرێت کە قەت بەدینەهێنراوە؟ ئاڵینگارییە تیۆری و پراکتیکەکان سەخت بوو بۆیان خاڵی دیاریکراو بدۆزنەوە کە تیایدا مەبەستی گشتی لە عەقڵی تاکەکاندا یەکلاکەرەوەیە. هەروەها ئاڵینگاری گەورەترە لە دۆخی گروپەکاندا و گرنگە کە لە بیرمان بێت ئەنجامدەرانی جینۆساید هەوڵ دەدەن مەبەستەکانیان بشارنەوە و نکۆڵی لێ بکەن، بە تایبەت لە کاتێکدا کە هێشتا ئەنجام نەدراوە.
- ناڕوونی وشەکانی(وێرانکردن، بە شێوەی بەش یان بە تەواوەتی) لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێککەوتننامەکە لە بارەی ژمارەی قوربانییەکانەوە هیچی نەگووتووە، هەروەها لەبەر ئەوەی جینۆساید پێناسەکی ژمارەیی نییە، بۆیە ئەم بەشە لە تێکستەکە دەکرێت شیکردنەوەی جیاواز، بە ڕێگەی جیاواز، بکرێت.
- هەڵوێستی ئاڵۆزی ڕێککەوتننامەکە سەبارەت بە تاوانی تاکەکەسی و ملکەچی بۆ فەرمانەکان (ماددەی چوارەم).ئایا دەکرێت کەسێک کە فەرمانەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردبێت، لەبەردەم لێپرسینەوەدا بە شێوەیەکی یاسایی پاساو بۆ ڕەفتارەکانی بەوە بێتێتەوە کە (ئەو تەنها فەرمانەکانی جێبەجێ کردووە)؟ وەک چۆن تاوانبارانی نازییەکان لە جەنگی جیهانی دووەمدا کردیان؟ لە ڕاستیدا، دادگاکانی نۆرمبێرگ، پەردەی لە ڕووی تاوانگەلی وا هەڵماڵی کە نازییەکان لە ژێر پەردەی یاسا و ویلایەتدا ئەنجامیان داوە. دادگای نۆرمبێرگ ئەو پاساوەی ڕەتکردەوە کە تاوانباران دەیانگووت ئەوان ئەو فەرمانانەیان جێبەجێ کردووە کە

لەگەڵ یاسای ئەڵمانیای نازی کۆک بووە. هەروەها لە قودسیش دادگای ئیسرائیلی لە کاتی دادگاییکردنی ئەدۆڵف ئیخمان وای کرد.

- شکستی تێکستی رێککەوتننامەکە لە دەستنیشانکردنی رێکار و پێوەری سزادان، کە پێویستە بگیرێتە بەر لە دژی ئەوانەی بە پێی ئەو مەرجانە تاوان ئەنجام دەدەن، هەروەها ئەو پێشنیارەی رەتکردەوە کە دەبێت دەوڵەتەکان بەرپرسیارێتی کردەوە تاوانئامێزەکانیان بگرنەئەستۆ. وەک تێبینی کرا، ماددەی شەشەمی رێککەوتننامەکە دیاری دەکات کە تۆمەتباران بە ئەنجامدانی کوشتن"لەلایەن دادگای تایبەتمەندی دەوڵەتییەوە لەو شوێنەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە، دادگایی دەکرێن، یان لە لایەن دادگای نێودەوڵەتی تاوانەوە کە ویلایەتی هەبێت بەسەر ئەو ناوچەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە، لە ژێر ئەوبارودۆخە، دەرفەتێکی زۆر کەم هەیە بۆئەوەی کە تاوانباران لەسەر کردەوەکانیان لە لایەن دادایەکی وڵاتەکەی خۆیانەوە سزایەکی دادپەروەرانە بدرێن، هەروەها رێککەوتننامەکە دەڵێت، دەکرێت دادگای تاکەکەسیی بکرێت- سەبارەت بە تاوانە داریکراوەکان. جگە لەمانەش، رێککەوتننامەکە هیچ سزایەکی دیاریکراوی دەستنیشان نەکردووە و هەروەها بیرۆکەی دروستکردنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تاوانی چارەسەر نەکردووە، وەک دەبینین تا ساڵی ١٩٩٨ دادگاکە دروست نەکرا.
- ناڕوونی لە مانای وردی گوزارەی"زیانی جەستەیی گەورە و زیانی عەقڵی". رێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید یەکەمین رێککەوتننامە بوو کە یوو ئێن لە خۆی گرت و درا بە کۆمەڵی نیودەوڵەتی.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەیری تاوان کۆمەڵکوژی وەک پرسکی ناوخۆیی نەکردووە، بەڵکو وەک پرسێکی نێودەوڵەتی ژماردوویەتی. لە ڕاستیدا پێناسەکەی یوو ئێن بۆ جینۆساید مشتومڕی زۆری لێکەوتەوە و هەندێ کەس باسی بایەخ و کاریگەرییەکەی دەکەن. جگە لەسوودی ئەکادیمی و پراکتیکی، لە ڕاستیدا یوو ئێن، هەر لە رۆژی دەرچوونی رێککەوتننامەکەوە، سەلماندی کە ناتوانێت کۆمەڵکوژی قەدەغە بکات. بە دەگمەن سەرکەوتوو بووە لە دادگاییکردنی تاوانباران.

گۆرانی گۆرانییەکان/ ئیئاکۆڤۆس کامبانیلیس[22]

خۆشەویستەکەم چەند شیرینە
بە جلی رۆژانەیەوە
بە پارچە شانەکەی ناو پرچییەوە
کەس نازانێ ئەو چەند شیرین بوو.
کچەکانی ئاوشویتز
کچەکانی داچاو
ئایا ئێوە ئەو کچەتان دیووە
کە من خۆشم دەویست؟

ئێمە بینیمان لە سەفەرێکی دوور
ئەو کراسەکەی رۆژانەی لەبەر نەبوو
یان شانەیەک لەناو پرچی.

خۆشەویستەکەم چەند شیرین بوو
دایکی یاری لەگەڵ دەکرد
براکەی ماچی دەکرد
کەس نازانێ خۆشەویستەکەم چەند شیرین بوو؟

کچانی بێلسین
کچانی ماوثاوسین[23]
ئایا ئێوە خۆشەویستەکەی منتان دیووە؟

ئێمە ئەومان لە گۆڕەپانێکی تەزیوودا بینی
ژمارەیەک لەسەر قۆڵە سپییەکەی بوو
ئەستێرەیەکی زەردیش لەسەر دڵی بوو.

---

[22] ئیئاکۆڤۆس کامبانیلیس، یەکێک لە هەرە شانۆنووسە بەردەوامەکانی یۆنان بوو، دوو ساڵ زیندانی بوو لە کامپی چڕی ماوثاوسین. لەسەر ئەزموونی خۆی لە زیندان خەمنامەیەکی شیعری لەسەر زیندانی ماوثاوسین نووسیووە، کە گوزارە دەکات لە هاوکاری نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ناو کەمپەکە.

[23] ئەو ناوانەی لەناو شیعرەکەدا هاتوون"ئاوسویتز، داچاو، بێلسین، ماوثاوسین" ناوی ئەو کەمپە زۆرەملێیانەن کە جولەکەکانیان تێدا بۆ کۆمەڵکوژی کۆکردبووەوە.



مۆزەخانەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە یەریڤان، ئەرمینیا

## سەختییەکانی بەردەم پشتڕاستکردنەوە و پیادەکردنی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان:

ئەگەرچی جینۆساید لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاستبەندی بۆ کرا، سەبارەت بە مامەڵەی ئەفریقییەکان لە سوودان، کوردەکان لە عێراق، ناگاکان لە هیندوستان، کۆمینیستەکان(وەک گروپی سیاسی) و، چینییەکان لە ئەندەنوسیا، ئیبۆکان لە نایجیریا، و بەهارییەکان لە بەنگلادیش. رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بەم نموونانە هیچ بڕیارێکی فەرمیان نەداوە. پێش کۆتاییەکانی هەشتاکان، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، رێککەوتننامەکەی تەنانەت لەسەر یەکێ لەو دۆخانە پیادە نەکردبوو کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە کۆمەڵکوژییان لەسەر ئەنجام درابوو.
لە سەرەتاکانی نەوەتەکان، بۆ یەکەم جار لە میانەی دادگای نۆرمبێرگەوە، کۆمەڵی نێودەوڵەتی دوو دادگای تایبەتمەندی دامەزراند بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگ، ئەنجامدەرەکانی لە ڕواندا و یۆگسلافیا. سەرەڕای بایەخە گەورەکەی، بەڵام ئەمە کاریگەری نەبوو، وە نەبووە هۆی رێپێگرتنی تاوانەکە، چونکە بە کردەوەش تاوان ئەنجامدران. بۆ نموونە لە رواندا، سەرەڕای هەبوونی ئاماژەی بەرایی بۆ کۆمەڵکوژییەکە، یوو ئێن هیچ رێوشوێنێکی یەکلاکەرەوەی نەگرتەبەر. ئەگەرچی

کۆمەڵکوژی لە ٦ی ئەپریلی ١٩٩٤دا دەستپێکرد، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەتیان کردەوە وەک کۆمەڵکوژی پۆلێنی بکەن، بەڵکو دەستەواژەی"کردەی جینۆسایدئامێز" یان بۆ بەکار دەبرد، بە پاساوی ئەوەی بەڵگە نەبوو بۆ سەلماندنی ئەوەی "مەبەست"یان بێت، کە وشەکە لە ماددەی دووەمی ڕێککەتننامەکەی یوو ئێن دا هاتبوو. [24] لەو کاتەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە شەڕی سارد هاتبووە دەرەوە، وەک یەکێک لە هێزە زەبەلاحەکانی کە لە دەرەوەی شەڕ مابووەوە و هۆکاری تایبەتی خۆی هەبوو بۆ خۆلادان لە هەر کردەیەکی سەربازی،(لەنیو ئەوانەشدا، کوشتنی هەژدە سەربازە ئەمریکییەکەی لە سۆماڵ کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ ڕوویدا). هەروەها هەڵوێستی بۆ سەلماندنی هەبوونی(مەبەستی وێرانکردن) سەخت بوو یەکلا بکرێتەوە و ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر گفتوگۆکانی ناو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە ڕووداوەکانیان تیایدا پۆلێن دەکرد و بڕیاریان لەبارەی هەڵوێستوەرگرتن و ڕێوشوێنی پێویست، وەردەگرت. وەک دەزانین، ئەگەر ڕووداوەکان لە ژێر ناوی جینۆساید پۆلێن بکرێن، ئەوە وڵاتانی واژۆکاری ڕێککەوتننامەکە لەسەریانە ڕێکاری پێوست بگرن بۆ "دروستکردنی ئاشتی"[25] بۆ قەدەغەکردنیان یان وەستاندنیان. هەزاران کەس لە کردەوەکانی کۆمەڵکوژی ترسناکدا، کە لە سەدەی بیستەمدا ئەنجامدران، گیانیان لە دەست دا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری دا کۆمەکی مرۆیی پەنابەرەکانی ڕواندا بکات. زۆرکەس پێیان وایە دەیتوانی و دەکرا بە ئاسانی بەر بەو کوشتارە بگرێت کە لە ڕواندا ڕوویدا، کە وا دادەنرێت خێراترین کوشتار بوو لە جیهاندا، یان لای کەم لە مێژووی نوێدا. دوای ئەو ڕاستییە، لە ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٩٤ بڕیاری دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تایبەت بە ڕواندای دا.

....

چی شتێ پاساوی دوودڵی و بێهەڵوێستی دەوڵەتان دەداتەوە کاتێ ڕووبەڕووی پرۆسەکانی جینۆساید دەبێتەوە، تەنانەت لە چاخی نوێی "گوندی جیهانی"شدا؟ ئایا ساویلکەییە داوا لە وڵاتان بکەین پارێزگاری لە قوربانییەکانی وڵاتانی تر بکەن، تەنها لەبەر بەرپرسیارێتی ئەخلاقیان یان لەبەر سۆزی سروشتی؟ ئایا کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەسەریەتی بڕیارێک لەبارەی ڕووداوەکانی نیسان تا تەمووزی ١٩٩٤ ی ڕوانداوە وەربگرێت؟

---

[24] بڕوانە ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەی یوو ئێن سەبارەت بە جینۆساید کە ئاماژە دەکات بە "هەر یەکێک لەو کردەوانەی ئەنجامدراون بە مەبەستی وێرانکردن" وەک مانا"مەبەستی دیاریکراو بۆ وێرانکردن". ئەم تێگەیشتنانە لە دۆخی جینۆسایدی ڕواندادا لێکدانەوەی ڕوونی بۆ نەکرا. هەندێک پێیان وابوو
کۆمەڵکوژییەکەی ڕواندا بۆیە بە جینۆساید پۆلێن نەکرا، چونکە لە ناوەڕۆکدا گروپە سیاسییەکان بەرامبەر بە یەکتری لە شەڕی ناوخۆدا ئەنجامیان دا، نەک بەهۆکاری ئیتنیکییەوە ئەنجام درابێت. هەمان ئەو پاساوانە خرانە روو لە دۆخی ڕووداوەکانی کەمبۆدیا لە ساڵی ١٩٧٠ دا.

[25] لێرەدا دەبێ "دروستکردنی ئاشتی" و "پاراستنی ئاشتی" لێک جیابکرێتەوە. دروستکردنی ئاشتی دەشێت بە زۆر و بە دەستوەردانی سەربازیانەش بکرێت، بەڵام پاراستنی ئاشتی هەنگاوێکی دواتری دروستکردنی ئاشتییە. بێ هیچ گومانێک، یوو ئێن و کۆمەڵی نێودەوڵەتی شکستیان هێنا لە دروستکردنی ئاشتییەک کە بەربە جینۆساید بگرێت.

....
لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٣وە ٧٦ وڵات ڕێككەوتننامەی قەدەغەكردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی پەژراند و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠یشەوە ژمارەی واژۆكاران گەیشتە ١٣٠ وڵات. جگە لەوان ٥٠ دەوڵەت مابوو، كە لەناویانداژاپۆن هەبوو (كە تۆمەتبار بوو بەوەی بەرامبەر بە چینییەكان ژمارەیەكی زۆر كوشتاری ئەنجام داوە لە نێوان ساڵەكانی ١٩٣٧ تا ١٩٤٥)، هەروەها ئەندەنووسیا (كە تۆمەتبار بوو بەوەی كردەی جینۆسایدئامێزی لە تیموری ڕۆژهەڵات ئەنجام داوە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ و ١٩٩٨)، ئەمانە واژۆی ڕێككەوتننامەكەیان نەكردبوو. گرنگە ئەوەش بزانین كە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا تا ساڵی ١٩٨٨یش ڕێككەوتننامەكەی واژۆ نەكردبوو، كە دەكاتە ٤٠ ساڵ دوای داڕشتن و گرتنەخۆی لە لایەن جڤاتی گشتی یوو ئێنەوە. ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بۆ ژمارەیەک لە ماددەكانی ڕێككەوتننامەكە پارێزی هەبوو، لە ناویاندا ئەو خاڵەی كە سەبارەت بە دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی تاوانە، لە ترسی ئەوەی لە سەروەرێتی وڵاتە سەربەخۆكان كەم بكاتەوە، كە لە ڕێككەوتننامەكەدا پێناسەیەكی ئاڵۆزی بۆ كراوە و وڵاتان نابێ بە هەمەكی ناچاربكرێن بەرپرسیارێتی تاوانی گەورەی وا لە ئەستۆ بگرێن كە دەشێ لە لایەن هاوڵاتییەكی بچووكیەوە ئەنجام درابێت.

زۆركەس نیگەرانی ئەمریكا بۆ واژۆكردنی ڕێككەوتننامەكەیان دەگەڕاندەوە بۆ ترسی ئەو لە بەرپەرسیارێتییەكەی لەو كردانەی لە دژی ئەفریقییە ئەمریكییەكان و خوودی هاوڵاتیە ڕەسەنەكانی ئەمریكا، ئەنجامی دابوون. جاک نووسان پۆرتەر، كۆمەڵناس باوەڕی وابوو، ئەوان مەبەستیان نەبوو (ئەگەرچی كردەی سەركووتكردنی زۆر)ی ئەفریقاییە ئەمریكییەكانیان ئەنجام دا، هەروەها مەبەستی لە پشتەوە بوو كە ڕژێمی ئەمریكا لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەكانی خۆی لە باكوور و باشووری ئەمەریكا، مامەڵەیەكی سەركوتكارانەی كردبوو، بڕوانە دوو كتێبی تر لە زنجیرەكە: "جینۆساید لە خاكی ئازاد، هیندییەكانی باكووری ئەمریكا ١٧٧٦-١٨٩٠" ، هەروەها، "ڕووبەڕووبوونەوەی كێشەئامێز: ڕیشەكێشكردنی گەلی هیندی لە ئیسپانیای ئەمریكا".[26]
زۆركەس پێیان وایە كە بەكارهێنانی چەكی ئەتۆمی لە لایەن ئەمریكاوە لە دژی ژاپۆن لە كۆتاییەكانی جەنگی جیهانی دووەمدا، جۆرێک لە جینۆسایدە، هێشتاش زۆركەس ئەمریكا تۆمەتباردەكەن بە ئەنجامدانی جینۆساید لە ڤێتنام لە كۆتاییەكانی ١٩٦٠ەكان و سەرەتاكانی ١٩٧٠كان. ئەم بۆچوونانە بوونەهۆی بەرهەڵستیكردنی واژۆكردنی ڕێككەوتننامەكەی یوو ئێن لە هەندێ لە بازنە سیاسییەكانی ئەمریكا و لە نێو ئەندامە دیارەكانی كۆنگرێسی ئەمریكا. بە هەر حاڵ، ئەو ڕاستییەی كە وڵاتێكی زلهێزی وەک ئەمریكا خۆی دوورگرت لە واژۆكردنی ڕێككەوتننامەكە ئەو هەموو ساڵانە، بێگومان كاریگەرییەكەی و دەرفەتی جێبەجێكردنەكەی لاواز كردەوە.

---

[26] Jack N, Poter, “Introduction: What is Genocide? Notes toward a Definition,” in Genocide and Human Rights; A Global Anthology, ed. Jack N. Poter (Lanham, MD:University Press of America, 1982,) pp. 11-12.

تەنانەت کاتێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێککەوتننامەکەی واژۆ کرد لە ساڵی ١٩٨٨ دا، بە خۆپارێزی و ڕوونکردنەوەی ئاشکراوە، ئەمەی کرد. یەکەم خۆپارێزیشی بریتی بوو لە"پێش بەرزکردنەوەی هەر ناکۆکییەک کە دەشێ ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشێک بێت لێی، دەبێ بدرێت بە دادگای دادپەروەری جیهانی بە پێی ئەم ماددەیە، دەبێ پەسەنددنامەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ هەر کەیسێکیان وەربگیرێت.[27] تێگەیشتنەکان سەبارەت بەبۆ جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە، رادەستکردنی تاوانباران، دروستکردنی دادگای نێودەوڵەتی تاوان، هەروەها خۆلادان لە بەشداری لەم جۆرە دادگایانە، بوو. هەروەها تێگەیشتنەکان سەبارەت بە ململانێ چەکدارەکان بوو، بە بی هەبوونی مەبەستی کۆمەڵکوژیکردن، بە پێی ماددەکەی رێککەوتننامەی یوو ئێن.

لە هەمان ساڵدا، جینۆساید لە یاسای تاوانی وڵاتی ئەمریکا پۆلێن کرا و وا پێناسە کرا (پەیوەستە بەو کردەوانەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژ بە دانیشتوانە ئەمریکییەکەی ئەنجام دراون) کە ئەمەش بە چەندین رێگا جیاوازە لەو پێناسەیەی کە لە رێککەوتننامەکەی یوو ئێندا کراوە. بە پێی قانوونی جێبەجێکردنی بڕیاری جینۆساید، پێناسەی جینۆساید بەم جۆرە کراوە:
هەرکەسێ، چ لە کاتی شەڕ و چ لە کاتی ئاشتیدا، بە مەبەستی دیاریکراوی وێرانکردن، بە شێوەیەکی بەش یان گشت، بۆ گرووپی ئیتنیکی بێت، یان ئایینی یانیش نەژادیی:
١/ ئەندامەکانی ئەو گرووپە بکوژێت؛
٢/ ببێتەهۆی بریندارکردنی جیدی جەستەیی ئەندامانی گرووپەکە،
٣/ ببێتە هۆی دروستکردنی بەربەستدروستکردنی بەردەوام بۆ ئەندامانی گرووپەکە لە رێگەی پێدانی ماددەکانی هۆشبەر، ئەشکەنجەدان یان تەکنیکی تری لەم جۆرانە،
٤/ گرووپەکە ڕووبەڕووی باری ژیانێک بکاتەوە کە مەبەست لێیَ ئەوەبێت کە ببێتەهۆی وێرانکردنی بەش یان هەموو گرووپەکە، لە رووی فیزیکییەوە.
٥/ ڕێوشوێنی وا بگیرتەبەر کە ببێتەهۆی قەدەغەکردنی زاوزێ لەناو گرووپەکەدا،
٦/ بەزۆرەملێ جیاکردنەوەی منداڵان و مێردمنداڵان و گواستنەوەیان لە گرووپێکەوە بۆ یەکێکی تر، یان هەوڵدان بۆ کردنی کارێکی وا، دەبێ سزا بدرێت بە پێی سزای دەستنیشانکراو لە تێکستەکەدا.

دەبی ئەوەش لە بیرماندا جێگیر بێت کە رێککەوتننامەکە کاریگەری گەڕانەوە بۆ پێشتری نییە، بۆیە لەسەر ئەو ڕووداوە پیادە ناکرێت کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە. بۆیە تەنەنات ئەگەر بوترێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جینۆسایدیان ئەنجام داوە لەسەر دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەمریکا، ئەوە ناتوانرێت تۆمەتبار بکرێن بەوانە. هەندێک پێیان وایە ئەم خۆپارێزییەی ئەمریکا لەسەر ئەو رێککەوتننامەیە، بە کردەوە ناوەڕۆکی رێککەوتننامەکەی بەتاڵ کردۆتەوە.

---

[27] Available att: http://www.icrc.org

# دادگای نێونەتەوەیی تاوان

لە میانەی قۆناخی دوای جەنگی دووەمی جیهانیی، ئەو وانانەی کە لە جەنگەوە وەرگیران بوونە هۆی ئەوەی لە هەموو کاتێکی تری مێژوو، زیاترمافەکانی مرۆڤ تێکەڵ بە یاسا نێودەوڵەتییەکان بکرێن. دادگاکانی نۆرمبێرگ سروشتێکی دەزگایی بەخشی بە پێوەرە یاساییەکان و بەهۆیانەوە مافە مرۆییەکانی هاوڵاتی و توندوتیژییە جیدییەکان لە لایەن حکومەتەکانی وڵاتەکانیانەوە بوون بە جێی بایەخ و سیاسەتی نێودەوڵەتی، نەک بە سانایی بە پرسی ناوخۆیی وڵاتان دابنرێن.[28] هەرچۆنێک بێت، زلهێزەکان کۆسپیان بۆ ئەو ئاراستەیە دانا کاتێک کە شەڕی سارد چڕبووەوە. لە ماوەی ١٩٧٠کاندا، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵە و دامەزراوە یاساییەکان دەستیان کرد بە کاری مرۆڤدۆستی و بەرهەڵستیکردن لە دژی توندوتیژییەکان بەرامبەر بە مافی مرۆڤ و رژێمە زۆردارەکان، هەروەها بەرامبەر بە کوشتار و کۆمەڵکوژییەکان. ژێربەژێریش چالاکی دیپلۆماسی جیدییش لە لایەن وڵاتەکان خۆیانەوە ئەنجام دران لە دوای شەڕی سارد و کەوتنی دیواری بەرلین لە ساڵی ١٩٨٩.

سەرەتاکانی ١٩٩٠ەکان؛ بایەخێکی تازە دەرکەوت بە دروستکردنی میکانیزمی نێودەوڵەتی کە ئامانجی سزادانی ئەو کەسانە بوو بەرپرسیاری ئەو توندوتیژییانە بوون کە بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ دەکران، بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان. لە ١٩٩٢، ئەنجومەنی ئاسایشی یوو ئێن، کۆمیتەیەکی پسپۆری دەستنیشان کرد بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لەو توندوتیژییە جیدییانەی کە بە پێی ڕێککەوتننامەی جنێڤ و توندوتیژییەکانی تر کە بە پێی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان لە یۆگسلافیای کۆن، ئەنجام درابوون. ئەو پێوەرانە گورج کرانەوە، لە ڕێگەی ئەو راپۆرتانەوە کە دەربارەی کوشتنەکان و کۆمەڵکوژی، گرتن و ئازاردانی خەڵک، دەستدرێژی سێکسی، پاکتاوی رەگەزی، دەدرانە کۆمیتەکە. لە ١٩٩٤، بڕیار درا بە لێکۆڵینەوە لەو جینۆسایدەی کە لە ڕواندا ئەنجام درا.

لە ١٩٤٨، شانبەشانی گەڵاڵەکردنی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید، جڤاتی گشتی یوو ئێن، ئەنجومەنی یاسای نێودەوڵەتی ڕاسپارد کە تاوتوێی تواناکارییەکان بۆ دروستکردنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ تاوان، بکەن. وەک بینیمان، ماددەی شەشەمی ڕێککەوتننامەکە ئاماژە دەکات بە تواناکاری دادوەریکردن"لەڕێگەی دادگایەکی سزادانی نێودەوڵەتی، پەیوەست بە وڵاتانی واژۆکاری ڕێککەوتننامەکە، کە دەسەڵاتی دادوەرییەکەی قبوڵ کردبێت"، بە پێی ئەم داخوازییە، کۆمیتەی یاسای نێودەوڵەتی دوو گەڵالەی دەستووری بنەڕەتی، ڕادەستی جڤات کرد. ئەگەرچی ئەم پرۆسەیە لە سەرەتای ١٩٥٠کان کۆسپی بۆ دروست بوو بەهۆی دەرەنجامەکانی قۆناغی

[28] نمونەییەکی وێنەیی ئەو گۆڕانە لە مشتومڕەکانی ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٠ەوە دەرکەوت کە سەبارەت بە پرسی دەستگیرکردنی ئۆگوستۆ پینۆشیت دیکتاتۆرەکەی شیللی لە ئینگلستان ڕوویدا، کە دادگای بەریتانیا بڕیاڕی دا پینۆشێت بۆ ئیسپانیا دەربکات و لەوێشەوە بەردرا.


شەڕی ساردەوە، بەڵام لە ١٩٩٠ەکاندا دووبارە ئارەزووی بایەخدانی لێکرایەوە. لە ١٩٩٣، یوو ئێن، دادگای نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی لە یۆگسلافیای پێشوو، دامەزراند و لە ١٩٩٤ بە هەمان شێوە دادگایەک بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی ڕواندا، دامەزراند.
جاڕنامەی ڤیەننا، لە دەرەنجامی کۆنفرانسی مافەکانی مرۆڤ لە حوزەیرانی ١٩٩٣دا، بڕیاری دا و ڕایسپارد، دادگایەکی نێودەوڵەتی تاوان بە بەردەوامی دابمەزرێت. لە ١٩٩٤ دا لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی سەر بە جڤاتی گشتی یوو ئێن، گەڵاڵەی ڕاسپاردە و ڕێککەوتننامەیەکی دیپلۆماسی کرد و ناردی بۆ هەموو دەوڵەتەکان بۆ گفتوگۆی پرۆژەکە.
لە ساڵی ١٩٩٨، بە پێی بڕیاری جڤاتی گشتی یوو ئێن، کۆنفرانسێکی دیپلۆماسی بۆ نوێنەرانی دەوڵەتەکان، لە ڕۆما ساز کرا، بۆ گفتوگۆکردنی گەڵالەی پرۆژەیاساکە و دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان.
دوای مانگێک لە گفتۆگۆکانی رۆما، کۆنفرانسی کۆتایی لە ١٧ی تەمووزی ١٩٩٨ سازکرا بۆ بڕیاردانی کۆتایی لە دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی بە پێی سیستەمی ڕۆما. پەیڕەوی ناوخۆی دادگای نیودەوڵەتی تاوانەکان (ICC) دەسەڵات دەدات بە دادگاکە بۆ دادگاییکردنی تاکەکان لەپای ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، بە دیاریکراویش بە پێی ئەو پێناسەیەی کە ڕێککەوتننامەی یوو ئێن سەبارەت بە جینۆساید، تاوان لە دژی مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ، و کردەی توندوتیژی(ئەگەر دەوڵەتانی واژۆکاری ڕێککەوتننامەکە ڕێککەوتن لەسەر پێناسەی توندوتیژیی). بەداخەوە پەیرەوینامەی بنچینەیی ڕۆما، دادوەری دادگای سنووردار کردووە بە داخوازیکردنی پەیڕەویکردنی یەکێک لەو دوو پێوەرە: ئا) دەبێت کەیسەکە لە لایەن جڤاتی گشتی یوو ئێنەوە ڕەوانە کرابێت، بێ) ئەو دەوڵەتەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە واژۆی ڕێککەوتننامەکەی کردبێت. ئەمەش مانای ئەوەیە تەنانەت ئەگەر تاوانباران وڵاتەکەی خۆیان بەجێهێشتبێت، ناتوانرێت سزای تاوانی جینۆساید یان هەر تاوانێکی ترسناکی ئەنجامدراویان بدرێت، لەو وڵاتانەی کە واژۆی ڕێککەوتننامەکەیان نەکردووە، تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی ئاسایشی یوو ئێن کەیسەکەیان ڕەوانەی دادگەکە نەکات. جگە لەوەش، دەسەڵاتی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕەوانەکردنی کەیسی تاوان سنووردارە بەهۆی مافی ڤیتۆی هەر یەک لە پێنج وڵاتی ئەندامی بەردەوام لە ئەنجوومەنەکە، کە ئەو دەوڵەتە بەهێزانە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر بڕیاری ئەنجومەنەکە هەبێت کە لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی کردەیی دانرابێت(وەک بینیمان، هێشتاش ئەمریکا کۆسپی لە ڕێگەی  دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان دادەنێت)، هەروەها پەیڕەوینامەکە کۆسپ لەبەردەم دەوڵەتانیش دادەنێت بۆ ڕادەستکردنی تاوانبارانی کۆمەڵکوژی بە دادگاکە لە ماوەی حەوت ساڵ(لەو کاتەوەی کە وڵاتی مەبەست دەست بە گفتوگۆ لەبارەی کەیسەکەوە دەکات). شایانی باسکردنە، ئەمریکا لە دژی بڕیارەکە دەنگی دا، چونکە نیگەران بوو لەوەی دەشێ دادگاکە دژی سەرکردە سەربازییە ئەمریکییەکان بڕیار بدات کە کردەی سەربازی ئەنجام دەدەن لە وڵاتانی جیاوازدا بە هۆکاری سیاسی. ئیسرائیلیش لە دژی پەیڕەوینامەی دادگاکە بڕیاری دا. لەگەڵ ئەوەشدا لە ٢١ی دیسەمبەری

٢٠٠٠ دا ١٣٩ وڵات واژۆیان لەسەر ریککەوتننامەکە کردبوو، لەناویاندا وڵاتانی دامەزرێنەری دادگای نێودەوڵەتی بەردەوام بۆ تاوانەکانICC .
دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان تەنها سەرپشکە بە دادگاییکردنی ئەو تاوانانەی کە دوای پەژراندنی پەیڕەوینامە بنچینەییەکە، ئەنجام دراون. هەرچۆنێک بێت و سەرەڕای کەموکورییەکانیشی، دەبێت دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی هەمیشەیی تاوانەکان بە هەنگاوێکی پێشڤەچوون دابنێین لە سیستەمی یاسایی و دادوەری جیهانیدا. نەک تەنها وەک هێمایەک بۆ بەرجەستەکردنی دادپەروەری جیهانی و هاوکاری مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ دادەنرێت، بەڵکو وەک یەکێک لە گرنگترین دامەزراوەکانی چاخی نوێ و دەشێ وەک سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە مێژووی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، بژمێردرێت.

لە بواری کرداریدا، دادگای تاوان لە تەمووزی ٢٠٠٢دا و دوای پەژراندنی لە لایەن زیاتر لە ٦٠ دەوڵەتەوە، دامەزرا. ئەو وڵاتانەی پەژراندیان ئەمریکا و ئیسرائیلی تێدا نەبوو، ئاماژە بەوەی دوای هەوڵێکی زۆر و کاتێکی زۆر بۆ دامەزراندنی، لە دژی دەنگیان دا. چەندین دەیە، شارەزاکانی یاسا لە ئیسرائیل دەکۆشان بۆ دامەزراندنی دادگایەکی وا، بۆیە هەڵوێستی ئیسرائیل لەم پرسەدا جێگەی سەرسوڕمانە. ئیسرائیل یەکێک لەو وڵاتە کەمانە بوو کە چووە کۆنفرانسی ڕۆما لە تەمووزی ١٩٩٨دا بۆ ئەوەی لە دژی پەیڕەوینامە بنچینەییەکەی دەنگ بدات. بەرهەڵستیکردنەکەی بە پلەی یەکەم لەو بڕگەیەدا بوو کە دەوڵەتە عەرەبیەکان پێشنیاریان کردبوو، سەبارەت بەو نیشینگانەی کە لەو شوێنانەدا بنیاتنرابوون کە ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧ داگیری کردبوون. ئەگەرچی بە ڕوونیش نەبوو، بەڵام بڕگەکە ئاماژەی دەدا بەوەی کە راگواستنی ڕاستەوخۆی دانیشتوان لە وڵاتێکی داگیرکراوەوە بۆ خاکێکی داگیرکراو، بە تاوان دەژمێردێت.

لە میانەی گفتوگۆی ناوخۆیی ئیسرائیل لە ئیدارەکەی سەرۆک وەزیران ئێهود باڕاک لە ١٩٩٨ و دوای کۆنفرانسەکەی ڕۆما، وەزیری دادی ئیسرائیلی یوسی بێیلین جەختی کردەوە لە پشتیوانیکردنی پەژراندنی پەیرەونامەکە. دوای ئەویش وەزیری دەرەوە شلۆمۆ بن ئامی، هاتە ریزی پشتیوانکارانەوە، بەڵام وەزیری بەرگری ئیسرائیل و سیستەمی یاسایی ئیسرائیل و داواکاری گشتی، بەرهەڵستی دامەزراندنی بوون. پاساوی سەرەکییان ئەوە بوو، لەبەر ڕۆشنایی مێژووی گەلی جولەکە و ئەو ڕاستییانەی کە دەوڵەتی ئیسرائیلی لەسەر دامەزرا، لە دوای هۆلۆکۆستەوە، ڕێگەی پێ نادات هاوپەیمانێتی بکات و لە ریزی وڵاتگەلی وەکو چین، عێراق و لیبیا بێت، کە ناوبانگی خراپیان هەیە لە توندوتیژی و پێشێلکاری مافی مرۆڤدا.
ئیسرائیل لە ئاکامدا واژۆی کرد، دوای ئەوەی سەرۆک کلینتۆن سەرەڕای بەرهەڵستیکردنی پێنتاگۆنیش و زۆرینەی کۆمارییەکان لە سیناتی ئەمریکا، واژۆی کرد. کلینتۆن، هەڵوێستەکەی خۆی وا ڕوونکردەوە کە لە سۆنگەی بەرپرسیارێتی جیهانییەوەیە بۆ بەدادگایی گەیاندنی تاوانبارانی جینۆساید و تاوانبارانی جەنگ و تاوان دژی مرۆڤایەتی.

به پێی کلینتۆن، بڕیارەکە یەکێکە لە مێژوویەکی درێژی خۆهەڵقورتانی ئەمریکا لە کێشەی لەو جۆرانە لە میانەی دادگای نۆرمبێرگەوە.
وەک ئەنجام، بڕیارەکە لە لایەن وڵاتگەلێکی زۆرەوە پێشوازی گەرمی لێکرا، لە ناویاندا(وڵاتە ئەوروپییەکان و کەنەدا بە تایبەت) و لە لایەن رێکخراوە ئیسرائیلییەکانیشەوە هاندرا، هەردوو وڵاتی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ٣١ی دیسەمبەری ٢٠٠٠ دا پەیرەونامەکەیان واژۆ کرد، دواهەمین رۆژی دانراو بۆ واژۆکردنی وڵاتان لەسەر رێککەوتننامەکە بە بێ هەموارکردنی. لە دوای ئەو رێکەوتەوە، لەخۆگرتنی رێککەوتننامەکە خوازیاری پرۆسەیەکی ناوخۆیی ئاڵۆز بوو، لەناویاندا هەموارکردنەوەکانی حکومەت. دەبێ وەبیربهێندرێتەوە، کە واژۆکردنی رێککەوتننامەکە تەنها بایەخێکی سیمبۆلیکی هەبوو، هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ نەنرا کە بایەخێکی یاسایی هەبێت.
لە واژۆکردنی پەیڕەونامەکە بەدواوە، ئیسرائیل چووە ریزی نەتەوەکانەوە و دوورەپەرێز و گۆشەگیر نەمایەوە سەبرەت بەم پرسە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک چۆن ئەمریکا و ڕووسیا و چین، ئاوایش ئیسرائیل رێککەوتننامەکە واژۆ ناکات و بە دووریش دەزانرێت لە دوارۆژی نزیکدا واژۆی بکات. لەوەش زیاتر، ئیدارەی بووش هەڵوێستی رەخنەگرانەی بەرامبەر بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی وەرگرت و کۆششی دەکرد بۆ لاوازکردنی، لە ناویاندا مۆرکردنی پەیماننامەیەکی هاوبەش لەگەڵ ئیسرائیلدا کە قابیلی پاشگەزبوونەوەی نییە. لە تەمووزی ٢٠٠٢ دا حکومەتی یەکێتی نیشتیمانی ئیسرائیل بە سەرکردایەتی ئارێل شارۆن، بە هاوبەشی وەزیرەکانی حیزبی کار، بڕیاری رەتکردنەوەی چوونەریزی دادگای نێودەوڵەتی تاوان لە لاهای و واژۆکردنی پەیرەونامەکەیان، دا. (تاقە وەزیری بەرهەڵستکاری بڕیارەکە دان مێریدور بوو).
بە چەندین شێوە، بڕیاری دامەزراندنی دادگای هەمیشەیی تاوان درا کە نوێنەرایەتی پیادەکردنی رێککەوتننامەی یوو ئێن بۆ جینۆساید بکات و خەوش و کەموکوڕییەکانییان وەلاوە نا.



مێنۆمێنتی یادەوەری قوربانییەکانی خەمیرە سوورەکان کە لە کێڵگەکانی دەروەی کەمبۆدای پایتەختی فنۆم پێن دا کوژران. بەکارهێنانی کەللەسەری ڕووت کە ئایینەکانی رۆژئاوا بە قەدەغە و ترسناک دایدەنین، توخمێکی هاوبەش و ڕەوایە لە کولتوورە ناوبراوەکان و بۆ زیندووکردنەوەی یادوەری گەلانی ئاسیا و ئەفریقیایە لەو بارەیەوە.

# ٢

# پێناسە و تیپۆلۆژی جینۆساید

بەهۆی زیادبوونی هۆشیاری سەبارەت بە جینۆساید، لە نێو ئەو سۆنگانەی پەیوەستە بەمەوە، ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن و ئەو سەختییانەی کە بۆ پیادەکردنی دەوریان تەنیوە، زاناکان لە میانەی ئەو ساڵانەدا چەندین جۆری پێناسە و پۆلێنکردنیان پێشنیار کردووە، ئەم بەشە لە کتێبەکە هەوڵ دەدات باس لەو کارانە بکات، کە بەم ئاراستەیەدا کراون.

تیپۆلۆژی؛ بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە جۆر و پۆلەکان. وامان لێدەکات بابەتێکی لێکۆڵینەوە ڕێک بخەین،(لەم بابەتەدا جینۆسایدە)، بۆ پۆل و ژێرپۆل و ئەو دۆخانەی بە شێوەی جیاواز بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ یەکتری، دەشێن. ئەو پێناسە و پۆلێنکردنانەی لێرە دۆزراونەتەوە، ئامرازی زۆر گرنگن بۆ لێکۆڵەران، کە هەوڵ دەدەن ڕووداوەکان کۆبکەنەوە و ڕووە لێکچوو و جیاوازەکانیان بخوێننەوە. ئەو زانایانە لەبارودۆخی ئەو ڕووداوانە دەکۆڵنەوە بە ئامانجی هەڵسەنگاندنیان و زانینی ئەوەی ئایا دەشێت دەرەنجامەکانیان بەگشتی بکرێن. بە بێ هیچ گومانێک، زۆربەی ئەوانەی بەشدارن لە فێرکاری و لە جینۆساید دەکۆڵنەوە، خوازیاری ئەوەن ڕێگە بگیرێت لە دووبارە ڕوودانەوەی جینۆساید لە دوارۆژدا، یان هیچ نەبێت، کەم بکرێتەوە. بەم هۆیەوە، ئەم زنجیرە کتێبەش، هەندێکیان بەشدارن لە گەشەپێدانی ئامرازە تیۆرییەکانی کە یارمەتیدەر دەبن لە پێدانی ئاگاداری پێشوەختە بۆ جینۆسایدێ کە دەشێ لە داهاتوودا ڕووبدات، هەروەها پشنیاری ئامرازگەلێکمان بۆ دەکەن بۆ ڕێگەپێگرتنی ڕوودانی، دەست بدەن.

باش تێگەیشتن لە دیاردەی جینۆساید، فێری ئەوەمان دەکات کە شتەکە لە ناکاو و بە بێ ئاسانکاری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی و ئایدۆلۆژی، ڕوونادات. تێگەیشتن لەو توخمانە دەشێ یارمەتیمان بدات لە دەستنیشانکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی، هیچ نەبێت کەمکردنەوەی یاخوود هەر بە تەواوەتی قەدەغەکردنی دیاردەکە.

ئەم بەشە، گفتوگۆی زۆرێک لە پێناسەکان، تیپۆلۆژی و تیۆرییەکانی جینۆساید دەکات و ئەو پێناسەیە پێشکەش دەکات کە لێرەبەدواوە لەم کتێبەدا بەکار دەبرێت. هەروەها هەندێک

لە پۆلێنکردنەکانی قوربانییەکانی جینۆساید پێشکەش دەکات و پەردە لە ڕووی نکۆڵیکارییەکانی پرسی جینۆسایدیش هەڵدەماڵێت.

## تانوپۆ کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان کە دەشێ جینۆسایدیان تێدا ڕووبدات: پێناسەکان و دەستەواژەکان:

لە ژمارەیەک چەمک و دەستەواژەوە دەستپێدەکەین کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەستن بە جینۆسایدەوە. ئەم پێناسانە یارمەتیمان دەدەن بۆ بە شێوەیەکی باشتر تێگەیشتن لە کردەوەکانی پەیوەست بە کۆمەڵکوژی، یاخوود تەنانەت تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ڕوودانیان. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش، ئەم ژێربەشە لە کتێبەکە پشت دەبەستێت بە پێناسەکانی کتێبی جوون.ج. ماسۆنیش "کۆمەڵناسی" ، هەروەها کتێبەکەی ئەنتۆنی گیدنس، کە بە هەمان ناوەوەیە "کۆمەڵناسی". ئەو دەستەواژانەی لە خوارەوە نمایشی دەکەین، یارمەتیمان دەدات باشتر لەو بارودۆخە کولتووری-کۆمەڵایەتییە تبگەین کە جینۆسایدی تێدا ڕوودەدات، جگە لە بوونی بارودۆخی زیاتر بۆ ئەو دۆخە.

**نەژاد:**
کۆمەڵێک مرۆڤی خاوەنی سیفەتی هاوبەشی بایۆلۆژیین، کە جێی بایەخی ئەندامانی گروپەکەیە. پۆلێنکردنی نەژاد دەشێ لەسەر بنچینەی سیفەتە جەستەییەکان، یان ڕەنگی پێست، یاخوود بە شێوەی دەموچاوەوە. گەشەی جەستەیی مرۆڤ پەیوەستە بەو شوێنەجوگرافییە جیاوازانەی کە تیایدا نەشونما دەکەن. وەک چۆن لە دۆخی ئەو کەسانەی کە لە ناوچەی زۆر گەرمدا دەژین، گەشەیان بە ڕەنگی پێستێکی تۆخ داوە، تا لە گەرمای زۆری خۆر بیانپارێزێت. لەبەرامبەردا ئەوانەی کە لە کەشێکی مامناوەندیدا دەژین ڕەنگی پێستیان کاڵترە. سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی لە جۆردا هەیانە، مرۆڤ هەمووی و لە هەموو شوێنێکی دنیا ئەندامی یەک تیپی بایۆلۆژین.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا؛ زاناکان مرۆڤیان دابەش کردە سەر سێ جۆری نەژادی جیاوازەوە، یەکەمیان پێستی کاڵ و قژی نەرمیان هەیە، دووەمیان پێستی تۆخ و قژی زبریان هەیە، سێیەمیان پێستی زەرد و شێوەی دەموچاوی مەنگۆلییان هەیە. ئەم دابەشکارییە لە باشترین شێوەشیدا هەر گومڕاکارە، چوون لە هیچ کۆمەڵێکدا مرۆڤی "بێخەوش"لە ڕووی بیۆلۆژییەوە، دەست ناکەوێت. ئەم جۆراوجۆرێتییە بەهۆی کۆچکردنی مرۆڤ و هاوسەرگیری گروپەکان و تێکەڵاوی لەگەڵ یەکتردا، دروستی کردووە. گوزارە لە ڕاستییەک بکرێت ئەوەیە کە سیفەتێکی بۆماوەیی دیاریکراو لە کۆندا کە پەیوەست دەکرا بە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراوەوە، دەکرێت لە هەر شوێنێکی تری جیهانیشدا ئەو سیفەتانە هەبێت.

**ئیتنیکێتی و نەتەوەگەریی:**
ئیتنیکێتی بریتییە لە کەلەپور و میراتی کولتووری هاوبەش. گرووپی ئیتنیکی بە رەسەن و ئایین، زمانی هاوبەشەوە پەیوەستن کە ناسنامەیەکی کولتووریی دیاریکراویان بۆ پێک دەهێنیت. لەگەڵ ئەوەشدا، چەمکی ئیتنیک و نەتەوە دوو تێگەیشتنی جیاوازیان هەیە: یەکەمیان پەیوەستە بە سیفەتە بایۆلۆژییەکانەوە و دووەمیان پەیوەستە بە سیفەتە کولتوورییەکەوە. هەندێک جار هەردووکیان شانبەشانی یەکتریین، بەڵام چەمکی ئیتنیک زۆر ئاڵۆزترە لە چەمکی نەژاد. هەندێ مرۆڤیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زیاتر لە یەک ناسنامەی نەژادییان هەیە. ناسنامەی نەژادییش شتێکە کە هەندێ جار مرۆڤ بە مەبەستەوە دەیەوێت بیگۆڕێت، لە کاتێکدا ئیتنیک بە شێوەیەکی ورد و توووند بەستراوەتەوە بە میراتی کولتووری و مێژووی ڕابردووەوە. ناسنامە بەوە وێنا دەکرێت پەیوەست بێت بە دەوڵەت و خەبات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا جیاکردنەوەی ئەو چەمکانە هەمیشە روون نییە. زۆربەی کات مرۆڤ دەستەواژەگەلی "ئیتنیک"، "نەژاد"، "ناسنامە" لەجیاتی یەکتر و بەهەڵە بەکار دەهێنن.

**کەمایەتی:**
کەمایەتی بریتییە لە گرووپێک مرۆڤ خاوەنی سیفەتی تایبەتی کە جیای دەکاتەوە لە گرووپی زۆرینەی زاڵ لە کۆمەڵدا و ژێردەستەن و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نزمتریان هەیە. پێناسەی کەمایەتی فراوانتر کرایەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەش بگرێتەوە کە ئاڵنگاری جەستەییان هەیە، هەندێ لە پێناسەکان ئافرەتیش دەگرێتەوە. جگە لەوەش وشەی "کەمینە" وەک وشە ئەوەش دەگرێتەوە کە وەکو ڕێژە کەمترن لەو جۆرانەی کە زۆرینەی دانیشتوان پێک دەهێنن. بەم هۆیەوە کەمینەکانی ژمارە لە کەمینە کۆمەڵایەتییەکان جیادەکەینەوە. بۆ نموونە: ڕەشپێستەکان لە باشووری ئەفریقیا خۆیان بە کەمینە دەزانی لەبەرامبەر سپیپێستە حوکمڕانەکان، ئەگەرچی وەک ژمارە دە ئەوەندەی سپیپێستەکان بوون. نموونەیەکی تر ئافرەتانن کە لە زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵەکانی دنیا لە نیوە زیاتر پێکدەهێنن، بەڵام تائێستاش ناچارن بۆ یەکسانبوونی مافیان لەگەڵ پیاوان، تێبکۆشن.

**پێشداوەری:**
دەستەواژەی پێشداوەری بریتییە لە گشتاندنێکی توووند و نادادپەروەرانە لە دژی گرووپێک کەس کە هەر لە سەرەتاوە و بە بێ هەبوونی هیچ بەڵگەیەک لە دژیان، پێشداوەرییان بەسەردا پیادە دەکرێت. پێشداوەری دەشێت بەتایبەت لەسەر چینی کۆمەڵایەتی جیاواز، جێندەر، ئاراستەی سێکسی، گرووپی تەمەن، بەندیواری سیاسی، نەژاد و ئیتنیک پیادە بکرێت. لەبەرئەوەی هەڵوێستی پێشداوەریئامێز ڕەگی لە نێو کولتووردایە، هەموو کەسێک

بە پێوانەیەک پێشداوەری بەردەکەوێت. هەڵوێستێ کە لە پێشداوەری نێگەتیڤەوە سەرچاوەی گرتبێت، دەکرێت لە دوژمنکاری ئاشکرا و مامناوەندییەوە هەڵقوڵابێت.

## تیۆرییەکانی پێشداوەری:

لە کاتێکدا بەپێی پێناسەکەی، پێشداوەری گوزارە لە گۆشەنیگای بابەتی و ریالیتی و عەقڵانی واقیع ناکات، کەواتە لە کوێوە دێت؟
لەم بەشە لاوەکییەدا؛ بە کورتی، ئەو ڕوونکردنەوانە دەخرێنە ڕوو کە لە ماوەی ساڵانێکدا بۆ دیاردەی پێشداوەری کراون.
تیۆری قۆچی قوربانی؛ جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە پێشداوەری بەهۆی بێهیوایی کەسانێکی خۆبەبێبەشزان دەست پێدەکات کە تووڕەیی خۆیان بەسەر کەسانی تری لەخۆیان لاوازتر لە کۆمەڵدا، دەڕێژن. ئەم پێشداوەرییەیان کۆتایی نایەت، تا ئەو کاتەی بارودۆخیان کەمێک باشتر نەکرێتەوە، کە لە ڕادەی بێهیواییان کەم بکاتەوە. تیۆرییەکی تریش هەیە، بە تیۆری کەسانی دەسەڵاتسەپێن دەناسرێت. ئەم تیۆرییە پێی وایە کەسانێ کە خاوەنی کەسایەتییەکی توندو چەوسێنەرانەن، بە چاویکی کێبەرکێکارانەوە دەڕواننە کۆمەڵ و بە شێوەی زنجیرەیەکی هەرەمی دەیبینن. پێیان وایە ئەوان بە دەسەڵاتسەپاندن بەسەر لاوازەکاندا، بە بەهێزی دەمیننەوە. تیۆری کولتووریش پێی وایە چونکە پێشداوەری بەشێکی دانەبڕوە لە ڕۆشنبیری هەموو کۆمەڵەکان، بۆیە هیچ کەسێک خاڵی نییە لێی. لە کۆتاییدا، تیۆری ململانێ پێی وایە، کەسانی خاوەن دەسەڵات، پێشداوەری پێشوەختە دەخوڵقێنن و هەوڵی پیادەکردنی دەدەن لەسەر خەڵکانی لاوازی نێو کۆمەڵێک کە بواری ململانێی تێدایە.

### کلێشەسازی:

کلێشە بریتییە لە وەسفێکی زێدەڕۆئامێز بۆ کەسێکی دیاریکراو لە هەر گروپێکدا. لە چەندین گۆشەنیگای زیانبەخشەوە سەرچاوە دەگرێت. کلێشە، ڕاستی دەشێوێنێت و، تەنانەت بە هەبوونی بەڵگەی سوور لە دژی، ئاسان نییە ریسوا بکرێت.

### نەژادپەرستی:

نەژادپەرستی جۆرێک لە جۆرەکانی پێشداوەرییە لەسەر بنچینەی باوەڕێک کە پێی وایە نرخی خەڵکانیک لە خەڵکانێکی تر بەرزتر یان نزمترە. نەژادپەرستی هەر لە سەرەتای بنیاتنانی شارستانیەتەکانەوە، دروست بووە و وەکو ئامرازێک بۆ چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی گروپگەلێکی لەژمارەنەهاتوو کە بە نزمتر دانراوە، لە لایەن ئەوانیترەوە، بەکار براوە. نەژادپەرستی؛ هەروەها دەستەبەری پاساوگەلێکی کردووە بۆ زۆرداری و چەوساندنەوەی ئەو گەلانەی کە گوایە سەر بە نەژادێکی نزمترن، لە هەندێ دۆخیشدا وەکو نا مرۆڤ مامەڵەکراون. نەژادپەرستی دەتوانێت چەند شێوازێکی جیاوازی هەبێت، لەناو ئەوانەدا: ئا) نەژادپەرستی وەک پێشداوەری، بێ) نەژادپەرستی وەک

ڕەفتار، پ) نەژادپەرستی وەک ئایدۆلۆژیا "تیۆری نەژاد". لە میانەی سەدەی بیستەمدا، نەژادپەرستی ڕۆلیکی یەکلاکەرەوەی بینی لە تیۆری نازی دا، کە تەماشای ڕەگەزی ئاری وەک ڕەگەزێکی سەروەر بەسەر ڕەگەزەکانی تردا دەکرد و پێی وابوو دەبێت حوکمی دنیا بکات. ئەم ئایدۆلۆژیەی نازییەکان بووە هۆی کوشتنی بە بەرنامەی هەموو ئەو نەژادانەی کە پێی وابوو لە ئەو خوارترن و خەوشدارن.

**جیاکاری:**

جیاکاری بریتییە لە نایەکسانی لە مامەڵەکردنی گروپە جۆراوجۆرەکان، ئەمەش دەرەنجامی پێشداوەریکردن و کلێشەسازی و نەژادپەرستییە. لە کاتێکدا پێشداوەریکردن بریتییە لە هەڵوێست، جیاکاری بریتییە لە کردار. هەروەک پێشداوەری و کلێشەسازی، جیاکاریش لایەنی باش و خراپی هەیە و دەکرێ لە وردەوە بۆ درشت پۆلێن بکرێت. لە هەندێ دۆخدا دەشێت جیاکاری لە بەرژەوەندی کەسێک بکەین بەهۆی بەندیواری ئەو کەسە بە دەستەیەکی دیاریکراوەوە، کە پێویستە ببێتە جیاکاریی لە دژی کەسێکی تر کە ئەندامی ئەو دەستەیە نییە. لە پراکتیکدا ئێمە هەموومان بەرامبەر بە یەکتری جیاکاری پیادە دەکەین.
جیاکاری جودایە لەو جیاکارییانەی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی باشترین بژاردە لە ژیانی ڕۆژانەدا، کە چارەنووسسازن، دەیانکەین. ئەوەیان کێشەیەک نییە (بۆ نموونە کەسێک لە نێوان ژمارەیەکی زۆر کەسانی تر هەڵدەبژێردرێن بەهۆی سیفەتێکی جیاهەڵکەوتووی ئەوەوە).
زۆرێک لە کۆمەڵگەکان هەندێ جۆری دیاریکراو لە جیاکاری بە پۆزەتیڤ دەزانن و ئەنجامی دەدەن، بەڵام هەندێکیشی بە خراپ و ناماقوڵی دەزانن. لەو کۆمەڵانەی کە داهاتیان کەمە، جیاکاری لە بەرژەوەندی ئەندامانی خێزان بۆ بەندیواری (عەشیرەتگەری) نمونەیەکی قبوڵکراوە لە کۆمەڵەکەدا. لە کۆمەڵگە پیشەسازییە گەشەسەندووەکان کە کۆگەرایی تێدا پەسەند نییە، ئەو جۆرە جیاکارییەشی تێدا پەسەندکراو نییە. هەروەها جیاوازی هەیە لە نێوان ڕەفتار و کرداری تاکەکان، ئەمەش جیاکارییەکی بە ڕادەیەکی زۆر فراوانە. هەروەها جیاکاری لەسەر بنچینەیی یاسایی ئەو جیاکارییە ڕەوایەتیپێدراوە، کە هیچ کۆششێک بۆ دژایەتیکردنی ناکرێت.

**پێشداوەری و جیاکاری**

پێشداوەری و جیاکاری یەکێکیان ئەویتریان بەهێز دەکەن. زۆر جار بازنەیەکی بەتاڵی وا پێک دەهێنن کە شکاندن و لێدەربازبوونی ئاسان نییە. گەشەپێدانی پێشداوەریکردن لە دژی دەستەیەکی دیاریکراوی خەڵک و جیاکاری نواندن لە دژی ئەو دەستەیە، دینامیکیەتی پاشکۆیەتی کۆمەڵایەتی دەخولقێنێت و دەبێتە هۆی بەردەوامی پێشداوەریکردن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتەوە بەهۆی جیاکاری و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت.

**پێشداوەری دامەزراوەیی و جیاکاری**

ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی تایبەتی وێرانکەرە و تەنها پێشداوەری و جیاکاری تێدا بەکار نابرێت، بەڵکو تێکەڵ بە کاری دامەزراوەیی دەکرێت.

**دێواندن:**

دەرککردنی ئەویتر وەک "هەڕەشە" پرۆسەیەکە لە کاتی شەڕدا بە شێوەیەکی ئاسایی ڕوودەدات، کە هەر لایەنێک لە لایەنەکانی شەڕ ئەویتر بە نامرۆڤ دەزانێت و وەک هەڕەشەیەک بە جەماوەرەکەی خۆی دەیناسێنێت. بەم شێوەیە لە جەنگی دووەمی جیهانی ئەمریکییەکانی ژاپۆنییەکانیان بە مەیموون و دڕندە و ناشارستانی و بێ ڕەوشت و نادادپەروەر وێنا دەکرد کە نەک تەنها هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمریکا بەڵکو بۆ سەر شارستانی ڕۆژئاوا بە گشتی.

دێواندن تەنها دژ بە دانیشتوانە دەرەکییەکە ناکرێت، بەڵکو لە دژی دانیشتوانە ناوەکییەکەش دەکرێت. نموونەیەکی ئەم دیاردەیەش وێناکردنی نازییەکانی ئەڵمانیا بۆ جووەکان وەک نامرۆڤ و مەترسی بۆ سەر نەژادی ئاری و شارستانی ئەڵمانیا. نموونەیەکی تر، وێناکردنی ئەرمەنەکان لە لایەن گەنجە توورکەکانەوە وەک ناپاک و نانیشتیمانی و نۆکەری دوژمنە ڕووسەکان و بەهەموو ئەم هۆیانەش وەک کەسەکان شایانن بە کوشتن و پێویستە بکوژرێن. دێواندن و بانامرۆڤچواندن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە جینۆسایدەوە. ڕژێمە تۆتالیتارەکان؛ دێواندن و وێناکردنی "ئەویتر" وەک هەڕەشە و وەک ئامرازی داوەریکردن لەسەر گروپەکان، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان بگونجێت، بەکاردەبەن.

**گۆشەگیرکردن:**

گۆشەگیرکردن بریتییە لە دوورەپەرێزکردنی فیزیکی و کۆمەڵایەتی گروپێکی دیاریکراوی خەڵک. ئەگەرچی هەندێ گروپی کۆمەڵایەتی خۆیان ئارەزوومەندانە خۆیان دوورەپەرێز دەکەن، بەڵام جیاکاری نەژادپەرستانە ئەوەیان بەسەردا دەسەپێنێت. دوورەپەرێزکردن لە باشووری ئەفریقیا هەموو ڕووەکانی ژیانی گرتۆتەوە و کەمایەتی"ڕەشەکان" وەک هاوڵاتی پلە دوو تەماشا دەکرێن. نموونەیەکی تر، پێگەی جووەکان بوو لە ئەڵمانیای نازی لە میانەی ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم، هەروەها گۆشەگیرکردنی هووتوو-تووتسییەکان لە ڕواندا لە سەردەمی جینۆسایدا. لە هەندێ دۆخدا، گۆشەگیرکردن کەمتر گشتگیرە و هەموو ڕووەکانی ژیان ناگرێتەوە.

بە بێ هێچ گومانێک، پێشداواریکردن، جیاکاری، گۆشەگیرکردن و نەژادپەرستی، ئەو دیاردانەن کە دەبێت کۆشش بۆ بنبڕکردنیان بکەین. دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت، نومایشکردنی هەر یەک لەمانەش مەرج نییە ببنە هۆکاری جینۆساید.

## جیاکردنەوەی جینۆساید و جۆرەکانی تری کۆمەڵکوژیی

پشکنینمان بۆ دیاردەی جینۆساید ئەوەمان لێ دەخوازێت ژمارەیەک دەستەواژەمان هەبێت، بۆ گفتووگۆکردنی ئەم بابەتە، بەکاری بهێنین، بەڵام هاوواتا نین لەگەڵ دەستەواژەی جینۆساید.

**کوشتار:**

کوشتنی بەمەبەستی کەسانێک بەهۆی پەیوەستبوون و بەندیواربییان بە گروپێکی دیاریکراوەوە. گوشتارگا، کە لە زۆربەی کاتدا لەسروشتدا خۆجێییە. بۆ نموونە، دەشێ دانیشتوانی گووندێ بکرێتە ئامانج، لەکاتێکدا گووندێکی تر کە هەمان سیفەتەکانی ئەو گووندەی هەیە هیچ ئازاریان پێ ناگات.

کوشتاری جینۆسایدئامێز:

نمونەی کۆمەڵکوژییە بە تامی جینۆساید، بەڵام بەهۆی تەسکی پێناسەی جینۆساید لە رێککەوتننامەکەی یوو ئێن، بە جینۆساید ناژمێردرێت. یەکێ لەو نموونە ترسناکانەی کە دەکرێت ئاماژەی پی بکرێت بۆ ئەم دیاردەیە، کوشتارەکانی جەزائیر بوو لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم ئەنجامدران.

**پۆگرووم:**

وشەیەکی ڕووسییە بە مانای کوشتار، بە هاوکاری دەسەڵاتی حکومەت ئەنجام دەدرێت. وێرانکردنی موڵک و ماڵی قوربانییەکان دەگرتەوە، لە زمانی ییدی وشەی پۆگرووم بۆ ئەو کوشتارانە بەکار دێت کە لە دژی جووەکان لە ڕووسیا لە ساڵی ١٨٨١-١٩٢١ بەکار برا. چەرمەسەریەکە سێهێندە بووەوە کاتێ کە کوشتار دووبارە بووە و دووباینجاریان لە ساڵی ١٩١٧-١٩٢١ ڕوویان دا.

**پاکتاوی ڕەگەزیی:**

قاودانی بەهێز و بەمەبەستەوە و سیستامیکی لە ناوچەی گرووپێکی ئیتنیکی دییاریکراوەوە بۆ ناوچەیەکی تر، کە لەوێدا و لای دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ئەو گروپە ئارەزووڵێنەکراون و بە مەترسی دەزانرێن. هەندێک کەس پێشنیاری بەکارهێنانی دەستەواژەی پاکتاوی دانیشتوان دەکەن بۆ ئەم دیاردەیە، چونکە ئەو پاکتاوکردنە تەنها لەسەر بنچینەی رەگەز نییە، بەڵکو ئایین و رەگەز و چینی کۆمەڵایەتی و ئاراستەی سێکسیش، دەگرێتەوە. ئەگەرچی دارشتنی دەستەواژەی "پاکتاو رەگەزیی" نوێیە و لەم دواییانەدا بووە، بەڵام ئەو کردەوانەی کە لەگەڵ پێناسەکەیدا دەگونجێن، لە سەردەمە کۆنەکانەوە، پیادە کراون. نمونەی نوێی پیادەکراو لەم دیاردەیە ئەوەبوو کە لە بۆسنیا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٢-١٩٩٥دا ئەنجام دران، سڕبەکانی بۆسنیا تاکتیکی توندوتیژی ئامێز و تاکتیکی ناتوندوتیژیکارانەیان بەکار برد بۆ دوورخستنەوەی موسوڵمانەکان لەناوچەکانی سڕبەکان. لەوساوە، دەستەواژەکە بە شێوەیەکی فراوانتر بەکار هێنرا. پاکتاوی رەگەزی لە

هەندێ کاتدا بە ڕاگواستنی زۆرەملێ و قاودان، ئەنجام دەدرێن، لە پاڵ ئەواندا هەندێ جار کاری تیرۆریزمی گەورە و کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدرێت. پاکتاوی رەگەزی وەک تاوان لە دژی مرۆڤایەتی پۆلێن کراوە.

**ئیثنۆساید:**
وێرانکردنی ناسنامەی گشتی گروپێکی ئیتنیکی بە بێ ڕیشەکێشکردنی ئەندامانی گروپەکە، یان بە شێوەیەکی تر بگوترێت، وێرانکردنی نا-فیزیکی گروپێکی ئیتنیکی. ئەم دیاردەیەش زۆرجار وەک 'جینۆسایدی کولتووری' ناو دەبرێت. بۆ نموونە، زۆر کەس پێی وایە سیاسەتی چینییەکان کە لە دژی تبتییەکان پیادەی دەکەن'جینۆسایدی کولتوور'ییە نەک جینۆساید.

**ئۆمنیساید**
مەبەست لەم دەستەواژەیە شەڕی بەرفراوانی ناوکییە کە دەشێ شارستانییەک بەتەواوی لەناوبەرێت. ئەمە لە جەنگی سارددا بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرا.

**هۆمیساید:**
کوشتنی مرۆڤ. ئەگەرچی هەموو ئەوانەی لەسەرەوە پێناسەکران بەشن لە جینۆساید، بەڵام خۆیان بە تەنیا لە ژێر پۆلێن و پێناسەی جینۆساید دانانرێن. جیاوازی نێوان ئەم دیاردەیە و چەمکی جینۆساید تەنها ژمارەیی نییە، چوون کوشتار و پۆگروم دەشێ ببێتەهۆی مردنی زۆرکەس، بەڵکو پەیوەستیشە بە مەبەستەوە، کە ئامانجی رێکارەکان بەرەو ریشەکێشکردنی تەواوی دەستەیەکە، یان بەشێک لەئەندامانی ئەو دەستەیە.
دوو دەستەواژەی تریش گرنگن بۆ گفتوگۆکەمان، ئەوانیش پۆلیتیساید و دیمۆسایدن، کە لە بەشی داهاتوودا دێینە سەریان.

## پۆلێنکردنەکان، تیۆرییەکانی پێناسەکردنی جینۆساید

هێشتا تێگەیشتنی پێویست سەبارەت بە بنەچە و بایەخ جینۆساید بە تەواوەتی نەهاتووەتە دەست. لە خوارەوە رووماڵێکی کورت دەخەینە روو بۆ هەندێ لەو کارانەی کە لێکۆڵەران لەم چەند دەیەیەی دواییدا کردوویانە و هەوڵیانداوە پێناسەی ئەکادیمی و پۆلێنکردن و ئامرازە تیۆرییەکانی بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی بۆ تێگەیشتنی ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی باشتر، یارمەتیمان بدات.[29]

---

[29] بۆ زانیاری سەبارەت بە یەکەم جینۆساید بروانە ئەم سەرچاوەیە:
Samuel Totten and Steven L. Jacobs (eds.), *Pioneers of Genocide Studies* (New Brunswick: Transaction Publishers, 2002).

له ساڵی ١٩٥٩، له لێکۆڵینەوەیەکی فراوان بەناوی"تاوانی دەوڵەت"، پرۆفیسۆرێکی هۆڵەندی له ڕشتەی یاسا، پێتەر.ن. دروست، له بارەی جینۆساید به دریژایی مێژوو، لێکۆلینەوەی کرد. [30] دروست رەخنەی هەبوو له لابردنی دەستەواژەی گروپی سیاسی له پێناسەکەی رێککەوتننامەی یوو ئێن، هەندێ دەوڵەت کەڵکئاوەژوو لەو غەفڵەته وەردەگرن. لەبەر ئەم هۆیە، پێشنیاری کرد، جڤاتی گشتی پێناسەیەکی نوێ بۆ جینۆساید بەم شێوەیە دابنێت:"بەمەبەستەوه وێرانکردنی ژیانی جەستەیی هەموو مرۆڤ بەهۆکاری ئەندامێتی ئەو له گروپێکی مرۆیی لەو شێوەیه."

له کتێبی"له کانیبالیزمەوه تا جینۆساید"[31] لێکۆڵەری فەرەنسی هارڤی ساڤۆن، دیسانەوه ئەویش رەخنه له پێناسەکەی یوو ئێن دەگرێت و بانگەشه بۆ جۆرێک پۆلێنکردن دەکات به پێی دەرهاویشتەی جینۆساید و به جینۆسایدی تواندنەوه و جینۆسایدی وێرانکردن و جینۆسایدی ریشەکێشکردن، پۆلێنیان دەکات.  ئەگەرچ کارەکەی ساڤۆن سەرنج بۆ کێشەئامێزێتی دەستەواژەکه ڕادەکیشێت، پێشنیارەکەی به جیدی وەرنەگیرا و ڕووداوی تر هاتنه ئاراوه جینۆسایدئامێز بوون.

زانای سیاسەت و کۆمەڵناسی جوولەکەی ئەمریکی ئیرڤینگ لویس هۆرۆتز، که لێکۆلێنەوەی له باره جینۆسایدەوه کردووه و له ١٩٧٠کانەوه دەنووسێت، ئەڵنگاری پێناسه و دەستەواەی جینۆساید له کتێبەکەیدا چارەسەر دەکات که به ناوی "رۆحکێشان: جینۆساید و دەسەڵاتی دەوڵەت" ە. وەک له ناونیشانی کتێبەکەوه دەردەکەوێت، هۆرۆتز جینۆساید وەک دەرەنجامی سیاسەتی دەوڵەت دادەنێت که ئامانجی زامنکردنی سازانی میللییه لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەت. جینۆساید، بریتییه له "وێرانکردنی بونیاد و سیستەماتیکی کەسه بێتاوانەکان به ئامرازی بیرۆکراتی حکومەتی."[32]

سەرنجی هۆرۆتز چڕ دەبێتەوه لەسەر سروشتی کۆمەڵگەکان که جینۆسایدیان تێدا ڕوودەدات، به ڕای ئەو، جینۆساید ڕووداوێکی هەڕەمەکی و بچڕ بچڕ نییه، بەڵکو شێوەیەکی دەگمەنی ریشەکێشکردنه له ڕووی کردارییەوه پێویستی به ڕێپێدانی دەوڵەت هەیه. رژێمەکانی دەوڵەتەکان، جینۆساید وەک ئامرازێک بۆ خوڵقاندن هاوکاری نیشتیمانی و پێوستییان بۆ رزگاربوون له گروپه ئارەزوولێنەکراوەکان، بەکار دەبەن.

---

[30] Pieter N. Drost, "The Crime of State: Penal Protection for Fundamental Freedoms of Persons and People," in *Genocide in Theory and Law*, ed. Adam Jones (London: Sage, 2009).

[31] Hervé Savon, *Du cannibalisme au génocide* (Paris: Hachette, 1972).

[32] Horowitz, *Taking Lives*, pp. 154-156.

تیۆرییەکەی گریمانەی ئەوە دەکات بوونی زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراو لە جۆرە کۆمەڵگەییەکان کە لە نێوان کۆمەڵگە نەرمڕۆکان و کۆمەڵگە توونددڕۆکان لە لایەکەوە، کۆمەڵگە ئازادیخوازە کەمتردەسەڵاتسەپێنەکان لە ناوەڕاستەوە، بۆ کۆمەڵگەکانی خاوەن مەیلی جنۆساید لە لایەکی ترەوە. بە پێی شیکارییە ئەکادیمییە کۆمەڵایەتییەکەی هۆرۆتز، پێشنیاری پۆلێنی هەشت جۆر کۆمەڵگە دەکات:

- کۆمەڵگەکانی جینۆساید، لەوێدا دەوڵەت گیانی تاکەکانی خۆی دەکێشێت لە ئەنجامی رەفتارێکی لادەر یان بەرهەستکارانە.
- کۆمەڵگەی ڕاگوستنەوە و زیندانی، دەوڵەت تاکەکانی یان لە گۆرەپانی سیاسی دوور دەخاتەوە، یان قەدەغەی تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ لێماوەکەی تری کۆمەڵ دەکات.
- کۆمەڵگەی ئەشکەنجەدان، لە ناویدا دەوڵەت تاکەکانی خۆی وەک دوژمنی دەولەت دەناسێنێ و دەبنە قوربانی چەوساندنەوەی مردنی جەستەیی و دەگەڕێنەوە بۆ ناو کۆمەڵ وەکو بەڵگەی زیادبوونی لادان و جوداخوازی.
- کۆمەڵگەی هەراسانکردن، کە تیایدا دەوڵەت بەردەوام ڕاوەدووی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی  دەکەوێت و زیندانیان دەکات و بێزار و هەراسانیان دەکات.
- کۆمەڵگەی شەرم، کە تیایدا فشاری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی خولّقاندنی هەستی رەتکردنەوە و شەرم و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش بەشداریکردن لە ئیرادەی گشتی لای تاکەکان زامن دەکات.
- کۆمەڵگەی هەستبەگوناهکردن، ، بۆ پتەوکردنی پێوەرەکانی کۆمەڵگە لە تاکدا، فشاری کۆمەڵایەتی هەستی بەدکاری لە تاکەکاندا دەخولّقێنی.
- رژێمە سنگفراوانەکان، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی بە ڕوونی تێدا دیارە، لادەر و جوداخوازەکان نە وێران دەکرێن نەئاهەنگیان بۆ ساز دەکرێت.
- رژێمە نەرمڕۆکان، نۆرمەکان بۆ رەفتار لە ناویدا کۆمەڵ نەک دەوڵەت، دەستنیشانی دەکات.

جینۆساید، بە رای هۆرۆتز لە سێ جۆر کۆمەڵگەکەی لەسەرەتاوە پۆلێنکراودا ڕوودەدات، بەڵام لە پینج جۆر کۆمەڵگەکەی تردا ناشێت جینۆسایدی تێدا ڕووبدات.

....

ئایا دەکرێت کۆمەڵگەیەک زێدەڕۆیی بکات لە نەرمڕۆییدا سەبارەت بەوانەی کە لە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لادەدەن و زوڵمی زۆر لەوانیتر دەکەن؟

...

لە بابەتێکدا لە ساڵی ١٩٨٤ بە ناونیشانی"جینۆساید و بنیاتنانەوەی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان،" هۆرۆتز گریمانی ئەوەی کرد کە کۆمەڵگەی تۆتالیتاری مەرجێکی

پێویسته بۆ کرداری جینۆساید.[33] به پێچەوانەی ئەو کارەی لەم بابەتەدا، له کارێکی پاشتریدا جەخت لەوە دەکاتەوە رۆشنبیری نیشتیمانی زیاتر له ئایدۆلۆژیا رۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت له کردەی جینۆسایددا.
له وتارێکدا به ناوی "پۆلێنکردنی جینۆساید"، مامۆستا و زانایەکی ئەمریکی شارەزا له جینۆسادی ئەرمەن، ڤاکان دادریان، پێشنیاری پێناسەیەکی تر دەکات بۆ جینۆساید بۆ ئەوەی بۆ شیکاری و ئەکادیمی دەست بدات. دوای لیمکین، دادرینیش جەختی کردەوە لەسەر "مەبەستی ئەنجامدەرەکان بۆ جینۆساید"، ئەو دەڵێت:
"هەوڵێکی سەرکەوتووە له لایەن گرووپی زاڵی ناو کۆمەڵگاوە کە دەسەڵاتی فەرمییان هەیە و دەستیان دەگات به هەموو دەستکەوتەکان و هێزەکانی دەوڵەت، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توندوتیژی دژی گروپە کەمایەتییەکانی ناو کۆمەڵەکە و لەناوبردنیان ئارەزووڵێکراوە و به سوودمەند دادەنرێت، ئەمە هۆی سەرەکییە له بڕیاردان بۆ جینۆسایدکردنیان.[34]
به پێی ڕوونکردنەوەکەی دادریان بۆ پێناسەی جینۆساید وەک ڕووبەرێک له نێوان ئەنجامدەرانی و قوربانییەکانی، پێنج جۆر جینۆساید دەستنیشان دەکات:

- جینۆسایدی کولتووری: وێرانکردنی تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی گرووپێک و بەسەرداسەپاندنی کولتوورێکی تر.
- جینۆسایدی شاراوە: ئەنجامدانی به شێوەیەکی ناراستەوخۆ و به بێ بوونی گەواهی لەسەری، له ئەنجامی شەڕدا، وەک مردنی سیڤیل به بێ گوناه له میانەی بۆردومان، یان بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی له کاتی داگیرکردنەکان.
- جینۆسایدی سزائامێز: بۆ سزادانی بەشێکی گرووپێک ئەنجام دەدرێت کە دانیشتوانە رەسەنەکەی ئەو شوێنە به خەتەریان دەزانن بۆ سەر خۆیان، یان باوەڕیان وایە مەترسین بۆ سەر ئەوان.
- جینۆسایدی بەرژەوەندیئامێز: کوشتاری زۆر و گەورە ئەنجام دەدرێت له پێناوی دەستگرتن بەسەر سەرچاوەی داهات و دەستکەوت.
- جینۆسایدی نموونەیی: ئەنجام دەدرێت به مەبەستی لەناوبردنی تەواوی گروپەکە، وەک له هۆلۆکۆست و جینۆسایدی ئەرمەن، ڕوویدا.

به شێوەیەکی گشتی ، ئەوەی جێگەی تێبینی بێت له  پۆلێنبەندییەکەی دادریان ئەوەیە کە جینۆسایدی کولتووری(ئیثنۆساید)ی باس کردووە و تەکەزیشی کردووە لەسەر ئەنجامدەرانی، بەڵام جیاوازی له نێوان جینۆسایدی مەبەستدار و جینۆسایدی بێ مەبەست، نەکردوە.

---

[33] Irving Louis Horowitz, "Genocide and the Reconstruction of Social Theory," *Armenian Review* 37 (1984), pp. 1-21.

[34] [8] Vahakn N. Dadrian, "A Typology of Genocide," *International Review of Modern Sociology* 5 (1975), pp. 201-212. Reprinted in *Genocide in Theory and Law*, ed. Adam Jones (London: Sage, 2009).

له سەرەتای کۆتاییەکانی حەفتاکاندا، هێلین فێن، کۆمەڵناس، بەشدارییەکی زۆری تیۆری له لێکۆڵینەوە له جینۆساید دا، کرد. جەختی دەکردەوە لەسەر رۆڵی ئایدۆلۆژیا(و ئەفسانەکانی ناوی) له کردەی جینۆساید.[35] فێن جینۆساید وەک عەقلانیەتییەکی پلانبۆدارێژراو دەبینێت، کە ئامانجی پێناسەکراوی هەیە. بە پێی شیکارییەکانی ئەو، ئەو شێوازە حوکمڕانییەی کە رژێمەکانی فەرمانڕاوا له سەدەی بیستەمدا دایان ناوە، پاساوی دادوەرییانە بۆ هەندێ گروپ دادەنێت کە دەشێ له رەوایەتی دەسەڵات کەم بکەنەوە. جینۆسایدیان له رێگەی تواندنەوە، قاودان و ریشەکێشکردنەوە، ئەنجام داوە.

له نێو ڕاسپاردەکانیدا بۆ قەدەگەکردنی جینۆساید، فێن پێشنیاری پێناسەکەی دەکات و دەڵێت:" کوشتنی حساببۆکراوی بەشێک یان هەموو کەسەکانی گروپێکی دیاریکراوە، کەله دەرەوەی جیهانی ئەنجامدەرانین و له لایەن حکومەتەوە راسپێردراون، کارمەندن ، یان دەستەیەکن نوێنەرایەتی ئەنجامدەرانی جینۆساید دەکەن له وەڵامدانەوەی قەیرانەکان یان دەرفەتێکی بەدەستهاتوو کە سەپێندراوە بەسەر قوربانییەکاندا." فێن پێشنیاری چوار جۆر پۆلێنبەندی دەکات:

- جینۆسایدی گەشەسەندن: لەم جۆرەدا ئەنجامدەرانی جینۆساید، بە مەبەستەوە یان بە بێ مەبەست، ئەو خەڵکانە لەناو دەبەن کە بەرهەڵستییان دەکەن لەوەی هەموو داهات و دەستکەوتەکان بۆ خۆیان ببەن.
- جینۆسایدی سەرکوتکار: لەو شوێنانەدا ڕوودەدات کە فرەنەتەوەن و جەمسەرگیری زۆر بەهێزی تێدایە، دەوڵەت هەوڵ دەدات بۆ لەناوبردنیان سەرچاوەی ئۆپۆزیسیۆن کوێر بکاتەوە و بەو شێوەیە سەرکوتیان دەکات.
- جینۆسایدی بەرگری: لەم جۆرەدا ئەنجامدەرانی جینۆساید بەرهەڵستکاری کرداری لەناو دەبەن.
- جینۆسایدی ئایدۆلۆژی: کە بریتییە له هەموو جۆرەکانی جینۆساید کە دژ بەو گروپانە ئەنجامدەران بە دوژمنی سەرسەختی خۆیانی دەزانن و بەلای ئەوانەوە بەرجەستەی هێزی خراپە دەکەن.

دوای دەیەیەک له نووسینی ئەم تیۆرییە، فێن گۆشەنیگای خۆی سەبارەت بەم تێگەیشتنە له جینۆساید، گۆڕی.[36] ئێستا ئەو بەم جۆرە پێناسەی جینۆساید دەکات:

> "زنجیرەیەک رێکاری ئامانجدارە، له لایەن ئەنجامدەرانی جینۆسایدەوە دەگیرێتە بەر، بۆ وێرانکردنی گروپێک له رێگەی کوشتنی بەکۆمەڵ یان هەڵبژاردەیەک له گروپەکە و چەوساندنەوەیان له ڕێگەی چەپاندنی کۆمەڵایەتی و بایۆلۆژی و رێگرتن له زۆربوونی ئەندامانی گروپەکەوە. بەدیهێنانی ئەو مەبەستەش له

---

[35] Helen Fein, Accounting for Genocide: National Responses and Jewish Victimization during the Holocaust (New York: The Free Press, 1979).

[36] Helen Fein, "Genocide: A Sociological Perspective," *Current Sociology* 38 (1990), pp. 1-126. Reprinted and updated as *Genocide: A Sociological Perspective* (London: Sage, 1993).

ڕێگەی سەپاندن و بەرتەسککردنەوەی توانای بەرهەمهێنانەوەی ئەندامانی گروپەکەوە دەبێت، هەروەها زۆربوونی ڕێژەی مردن لە نێو منداڵانی ساوا و پچڕاندنی پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنانەوەی ئەندامەکان و بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵانی خێزانەکانی گروپی مەبەست. ئەنجامدەران دەتوانێ دەوڵەتی خوودی قوربانییەکان بێت، یان دەوڵەتێکی تر بێت، یاخوود کۆمەڵێکی تر بێت."

ڤێن پێی وایە تەنها دەوڵەت نییە کە جینۆساید ئەنجام دەدات، بەڵکو دەکرێ هەندێ لە دانیشتوانیش ئەوە ئەنجام بدەن، نموونەی ئەو دۆخانەی لە بەرازیل و پەراگوای، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ڕوویان دا. تیۆرییەکەی ڤێن باسی جینۆسایدەکانی جولەکە، ئەرمەنییەکان و ڕۆمانییەکان دەکات، بەڵام جەختیش لەسەر جیاوازییەکانی نێوان هەر یەک لەم سێ جینۆسایدە دەکاتەوە. لە گۆشەنیگای مێژووییەوە، ئەم سێ گروپە بەردەوام توندوتیژییان ئاراستە کراوە. جولەکە نزیکەی ماوەی ٢٠٠٠ ساڵ ڕووبەڕووی چەوسانەوە بوونەوە، ئەرمەنییەکان نزیکەی ماوەی ٥٠٠ ساڵ چەوسێندرانەوە، هەر لە سەرەتای هاتنە سەر حوکمی عوسمانییەکان لە تورکیا، ڕۆمانییەکانیش نزیکەی ١٠٠٠ ساڵ لە ژێر باری چەوساندنەوەدا بوون. ڤین سەبارەت بەو ڕێکارانە حسابیک پێشکەش دەکات، کە بوونەهۆی ئەوەی ئەو گروپانە لە بەرپرسیارێتی ڕامالێیت، یان "گەردوونی پابەندێتی پیرۆز"، کە لە خوارەوە بە کورتی پیشان دەدرێت:

> تورکە موسوڵمانەکان، ئەرمەنەکانیان بە "کافر" لە قەڵەم دەدا و بە "مەر" ناویان دەبردن. ئەوان پارێزگاریان لە ئەرمەنەکان دەکرد تەنها لەو کاتەدا کە ملکەچیان بوونایە و ژێردەستی و پاشکۆیەتی و چەوساندنەوەکەیان بپەژراندایە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە پیس و لە میانەی جەنگی جیهانی یەکەم دا، کە گەنجە تورکەکان هەوڵی بنیاتنانی دەوڵەتی تورکیا و ناسنامەیەکی تورکی نوێیان دەدا، هیچ جێگەیەک نەمایەوە بۆ کەمینەیەکی وا زۆری وەکو ئەرمەن، کە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ڕەوایەتی دەسەڵاتەکەیان.

بە پێی ڤێن، کوشتنی جوولەکەکانیش لەسەر هەمان تێگەیشتنی جینۆسادە کە ئایدۆلۆژیا تێیدا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە. نازییەکان ئایدۆلۆژییەکی زانستی-دنیایی، داروینیزمی نوێ و ئایدۆلۆژیای نەژادییان بەکاربرد، کە نەژادی ئاری بە سەروەری نەژەدێکی تر دادەنا و پێیان وابوو کە دوارۆژێکی دەگمەن و ناسنامەیەکی دەگمەنی هەیە، لەسەر بنچینەی "خوێن". بە پێی ئایدۆلۆژیای نازی، ئارییەکان مافێکی مەسیحییانەیان هەیە کە ببنە فەرمانڕەوای گەلان، هەموو ئامرازێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجەیان بە ڕەوا دەزانی. ئەم ئایدۆلۆژییە بووە مەرجی پێویست بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژییەکان. جووەکان و ڕۆمانییەکان و(هاورەگەزبازەکان، بە هۆکاری تر)، بە گروپگەلی قبوڵنەکراو دەژمێردران و دەکەوتنە دەرەوەی چوارچێوەی بەرپرسیارێتی ئەڵمانیاوە و تەنانەت دەرەوەی چوارچێوەی مرۆڤبوون. بەم شێوەیە، وەک ئاژەڵی وێرانکەر، لە رووی جینەکانەوە ناتەواو، مەترسیدار بۆ سەر پاکێتی نەژادی ئاری، وێنایان دەکردن. ڤێن گفتوگۆی ئەوە

دەکات کە قوربانییەکان دەخرینە قاڵبێک کە لە دەرەوەی چوارچیوەی مرۆڤن، هەموو بەربەستەکان ڕادەماڵیت لە ڕێگەی ئەوەی کە چیيان بەسەر بهێندرێت.
لە جینۆساید دا: بەکارهێنانە سیاسییەکەی لە سەدەی بیستەمدا، لیو کیپەر، لێکۆڵەری پێشەنگ لە بواری جینۆساید، شیکارییەکی فراوان پێشکەش دەکات لەبارەی جینۆسایدەکانی سەدەی بیستەم و پاڵنەرەکانی پشتی ئەوان.[37] لە شیکارییە فراوانەکانی کۆپەر بۆ کەیسە جیاوازەکانی جینۆساید، پۆلێنی دەکات بۆ سەر سێ کۆمەڵی جیاواز، لەسەر بنچینەی پاڵنەرە سەرەکییەکانیان:

- ئەو جینۆسایدانایە کە بە ئامانجی چارەسەری جیاوازییە ئایینی، ئیتنیکی و نەژادییەکان دەکرێن.
- ئەو جینۆسایدیانەی کە بە ئامانجی گەلێک یان گەلانێکی داگیرکراو دەکرێن.
- ئەو جینۆسایدانەی کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی ئەنجام دراون.

بایەخی یەکەمی کوپەر لە بڵاوبوونەوەی جینۆساید لە چاخی نوێدایە. جینۆساید لە پلەی یەکەمدا لەو دەوڵەتانە ئەنجام دراون کە فرە نەتەوە و فرەنەژادن. بەشێکی زۆری شیکارییەکانی تەرخان کردووە بۆ باسکردنی بنیاتنانی دەوڵەتی نوێی فرەئیتنیکی لە سەردەمی داگیرکارییەکان و سەردەمی کۆتاییهاتنی داگیرکارییەکان، کە دوابەدوای ئەو دێت. شیکارییەکەی کوپەر گروپە سیاسییەکانیشی گرتۆتەوە، گریمانەی ئەو دۆخانەشی کردووە کە کۆمەڵکوژی تیادا کراوە لە لایەن ستالینەوە، ئەو کوشتارەی لە ئەندەنووسیا بەڕێوە چووە، هەروەها ئەوەشی کە لە کەمبۆدیا رووی دا، دەبێت وەک جینۆساید بێتە هەژماردن. ژمارەیەکی زۆر ئەو ڕووداوانە، لە گۆشەنیگای ئیتنیکییەوە جینۆسایدن، وەک نموونەکانی قاودان و ڕاگواستنەوەی گەلان و گروپە ئیتنیکییەکان لە لایەن ستالینەوە، کە بە کێشەی سیاسی دایدەنان.

لە کتێبێکی تردا بەناوی"ڕێگرتن لە جینۆساید" [38] کۆپەر پێشنیاری دەزگایەکی نێودەوڵەت دەکات بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لە دژی تاوانبارانی ئەنجامدەری جینۆساید لە پێش و لە میانەی ڕوودانی، وەک هەوڵێک بۆ وەستاندنی لە کاتی ڕوودانی یان ڕێپێگرتنی بە تەواوەتی. ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەو دەرکی ئەوە دەکات، بەرژەوەندی وڵاتان بەربەستێکی مەترسیدار دروست دەکات لە ڕێی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن دا.

---

[37] Leo Kuper, *Genocide: Its Political Use in the Twentieth Century* (New Haven, CT: Yale University Press, 1983).

[38] Leo Kuper, *The Prevention of Genocide* (New Haven, CT: Yale University Press, 1985).

کوپەر پۆلێنکردن و شیکارییەکانی خۆی لەگەڵ تێپەڕینی کات هەموار کردەوە، دووجۆر جینۆسایدی دەستنیشان کرد، بەم جۆرە:
یەکەم: جینۆسایدی ناوخۆیی: کە لە ئەنجامی پێکهەڵپژان و دابەشکارییەکانی نێو کۆمەڵ، ڕوودەدات، ئەم جۆرەشیان چوار لقی لێ دەبیتەوە:

- کوشتنی دانیشتوانی خۆجێی(لە نێویاندا کۆمەڵی راوکەر و باخەوانەکان)، لە لە سەردەمی ئێمەدا لەپێناوی گەشەپێدانی ئابووری(بۆ نمونە کوشتنی هیندییە ئاپاچییەکان لە پاراگوایی).
- کوشتن لە ئەنجامی کۆتاییهێنان بە داگیرکردن، دوای کۆنترۆڵکردنەوەی هەموو هەیکەلی دەسەڵات(بۆ نموونە: کوشتنی هووتووکان لە ڕواندا و تووتسییەکان لە بروندی).
- کوشتن لە ئەنجامی ململانێی نیوخۆیی نەژادەکان و ئیتنیکەکان لە میانەی گۆڕینی رژێمی حوکم لە کاتی تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی یان مافی یەکسان(بۆ نموونە لە بەنگلادیش)
- کوشتنی بارمتە و قۆچی قوربانی(بۆ نموونە ئەرمەنییەکان لە جەنگی جیهانی یەکەم و جولەکەکان لە هۆلۆکۆست).

دووەم: کوشتنی دەرەکی، کە لە ئەنجامی جەنگ و ململانێ نێودەوڵەتییەکانەوە ڕوودەدات. لە ژێر ئەم جۆرەیاندا، کوپەر بۆردومانەکانی هێرۆشیما و ناکازاکی لە لایەن ئەمریکانەوە، پەلامارەکانی تبت لە لایەن چینەوە، پەلاماری تیموری رۆژهەڵات لە لایەن ئەندەنووسیاوە، هەروەها شەڕی ئەمریکا لە ڤێتنام، پۆلێن دەکات.

جگە لە کوشتنی نێوخۆیی و دەرەکی، کۆپەر باسی کۆمەڵکوژی گروپە سیاسییەکانیش دەکات(ئەوەی کە بینیمان لە ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن دەرهاوێژرا)، هەروەها کوشتاری جینۆسایدئامیزی گروپە ئیتنیکییە دیکتاتۆرەکان، ئەو کۆمەڵگایانەی کە ڕەوایەتی دەدەن بە فۆرمۆلەکردنی ئایدۆلۆژی سیاسی. ئەم جۆرە فراوانە، ئەو کۆمەڵکوژیانەش دەگرێتەوە کە رژێمی سۆڤێتی و ئەندەنووسیا و وڵاتانی تر، ئەنجامیان داوە.

شیکارییەکانی کوپەر بەراوردکردنی کەیسە ڕوونەکانی جینۆساید و کەیسە زۆر مشتومڕلەسەرکراوەکانی جینۆسایدیشی گرتۆتەوە، وەکو بۆردومانکردنی شاری درێسدنی ئەڵمانی، بۆمبابارانی شارەکانی هێرۆشیما و ناکازاکی، هەروەها شەڕی ڤێتنام. لەم کەیسانەدا لەناوبردنی دانیشتوانە ئەڵمانی، ژاپۆنی و ڤێتنامییەکە، خۆی لە خۆیدا ئامانج نەبووە.

لە کتێبەکەیدا بەناوی جینۆساید و شۆڕش: لەبارەی بنەڕەتی جینۆسایدی ئەرمەن و هۆلۆکۆست، زانای جولەکەی زانستی سیاسەت ڕۆبەرت میلسۆن، خاڵە هاوبەش و جوداکانی نێوان جینۆسایدی ئەرمەن و هۆلۆکۆستی جولەکە دەدۆزێتەوە و هەندێ

دەرەنجامی تیۆرییان لێ هەڵدەهێنچێ.[39] بە دیدی ئەو کەیسی جولەکەکان و ئەرمەنەکان چوار ڕووی لێکچوویان هەیە، یەکەم: ئەرمەنەکان وەک کەمینەیەکی سنگفراوان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژیان و هیچ مافێکی یەکسانیان لەگەڵ دانیشتوانە زۆرینەکەدا نەبوو، بە درێژاییی مێژوو ئەم کەمینەیە ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی قۆناغ بە قۆناغ دەبوونەوە. بە هەمان شێوە جولەکەکانی ئەورووپاش وابوون.
خاڵی دووەمی لێکچوونیان ئەو ڕاستییەی کە هەردووکیان، کەمایەتی ئەرمەنیش و جولەکەی ئەڵمانیاش، لە پێش کوشتارەکان، قۆناغی بوژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسییان هەبووە. سەرکەوتنی ئەو جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەی ئەرمەن نیگەرانی لای دانیشتوانە زۆرینەکە دروست کردووە، کە بەندیوارییان نەماوە بە رژێمە کۆنەکەوە کە لە سەر بنچینەی یەکسانی بووە. بە هەمان شێوە لە ئەڵمانیادا، لە پێش دەرکەوتنی نازییەکان، پێگەی کۆمەڵایەتی جولەکەکان زۆر باش بووە بەهۆی کەمبوونەوەی رێژەیی دژەسامێتی وڵاتەکان لەو ماوەیەدا.
سێیەم ڕووی لێکچوون ئەو ڕاستییەی کە جوولەکە و ئەرمەنی هەردووکیان لە روو جوگرافی و ئایدۆلۆژیشەوە وەک نۆکەری دوژمنانی وڵاتەکە ناسێنراون بە دانیشتوانە زۆرینەکە، ئەم ناسنامەیە ڕاستی بێت یان خەیاڵی، هەستیکی بەهێزی دروستکردووە لە لای زۆرینەی دانیشتوان کە ئەمانە هەڕەشەن بۆ سەریان، جا هەڕەشەی ناوخۆیی بێت یان دەرەکی.
چوارەمین ڕووی لێکچوون، ئەو ڕاستییەی کە هەر دوو کۆمەڵگەی زۆرینە، لەو دووایییەدا ئەزموونی کارەساتی سیاسی، سەربازی، ئابووری گەورەیان کرد و خۆیان لەناو دۆخی قەیرانی بونیادی مەترسیداردا بینیەوە، کە ئەم دۆخانە، بە دیدی میلسۆن، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی مەیلی پشتیوانیکردن لە بیرۆکەی ڕادیکاڵانە.

بە پێی میلسۆن، ئەم یەکگرتنەوەی هۆکارانە، پەیوەندییەکی دەرکپێکراو هەیە لە نێوانیان و سەرکەوتنی بزاڤی کۆمەڵایەتی کەمینە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و دەیبەستێتەوە بەوەی کە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ دوژمنانی وڵات و هەروەها ئەو قەیرانانەی کە ڕووبەڕووی وڵاتی زۆرینە دەبێتەوە. کەمینە تۆمەتبار دەکرێت بەوەی بوژانەوەیان لەسەر حسابی زۆرینەیە، بەرپرسیارێتی کارەساتەکان و کاریگەرییان لەسەر دەوڵەتی زۆرینە، دەخرێتە ئەستۆیانە، بۆیە بە هەڕەشەی جیدی دادەنرێن بۆ سەر بوونی ئەوان. لە سەرچاوەی ئەو ئایدۆلۆژیا ڕادیکاڵانەوە، دەوڵەت بڕیاڕی دووبارە پێناسەکردنەوەی ناسنامەی خۆی دەدات بەوەی کەمینە و بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی لەناو بەرێت.

میلسۆن جەخت دەکاتەوە کە مۆدێلەکەی ئەو لەسەر زۆربەی کەیسە ناوخۆییەکانی جینۆساید، کە لە لایەن حکومەتەکانیانەوە ئەنجامدراون، پیادە دەبێت. پرۆسەیەکی کەمترئاڵۆز، وەک ئەو دەڵێت، ئەو جینۆسایدانەی کە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی

[39] Robert Melson, Revolution and Genocide: On the Origin of Armenian Genocide and the Holocoust (Chicago; University of Chicago Press, 1992.).

هێزی داگیرکەر و کۆمەڵگا لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە کەمپێشکەوتووەکان، کە ئەوەی پێشوو وای دادەنێت ئەمان دەکەونە دەرەوەی چوارچێوە و بونیادی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی کۆمەڵگەی ئەوان.

لە وتارێکدا کە ساڵی ١٩٨٧ بڵاوکرایەوە، ڕۆگەر سمیث ی ئەمریکی، سەدەی بیستەمی وەک "سەدەی جینۆساید" دەستنیشان کرد. پێشنیاری پۆلێنکردنی جینۆسایدی لەسەر بنچینەی مەبەستی ئەنجامدەرەکانی، کرد[40] پۆلێنبەندییەکەی سمیث جینۆساید دەکاتە پێنج جۆرەوە:

- سزایی: جینۆساید ئەنجام دەدرێت وەک بەشێک لە هەوڵی تۆڵەکردنەوە(وەک ئەو کوشتارە بەرفراوانانەی کە فەرمانڕەوای ئەفسانەیی جەنگیز خان دەیکرد لە دژی نەک تەنها هێزە شەڕکەرەکان، بەڵکو دانیشتوانە سیڤیللەکانی رووسیا و چینی سەدەی سیانزەیەم.)
- دامەزرواوەیی: ئەو جینۆسایدانەی کە بە پلەی یەکەم لە کاتی رووبەرووبوونەوەی سەربازیدا، لە کاتی داگیرکاریدا ئەنجام دەدرێت. وەک ئەوانەی کە لە مێژووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستدا روویان داوە.
- بەرژەوەندیخوازی: کۆمەڵکوژی ئەنجامدراو لە پێناوی فراوانخوازی( بۆ نموونە ئەو پەلامارە فراوانخوازییانەی لە نێوان سەدەکانی شانزە تا نۆزدە دا هەبوو، لە هەندێ کەیسدا بۆ سەدەی بیستەمیش درێژ بووەوە و ئەو ریشەکێشکردنی دانیشتوانانەی کە هاوڕێ بوو لەگەڵ پەلامارەکان).
- پاوانخوازی: جینۆساید ئەنجام دەدرێت لە پێناوی پاوانکردنی دەسەڵات، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە فرە ئیتنیکییەکاندا وەکو بەنگلادیش و بروندی.
- ئایدۆلۆژیسەپاندن: جینۆساید دەکرێت بۆ ئەوەی بیری پاکسازی و رزگاربوون دروست بکرێت و بسەپیندرێت بەسەر هەموو دانیشتوانەکە (لە میانەی سەدەی بیستەمدا باو بوو، نموونەی ئەرمەنەکان و کەیسەکانی سۆڤیەت، هەروەها هۆلۆکۆستی جولەکە و جینۆسایدی کەمبۆدیا.)

سمیث جەخت دەکاتەوە سەر سروشتی فاکتەرە پاڵنەرەکانی جینۆساید بە درێژایی مێژوو. لە ڕابردوودا قوربانییەکان بە پێی شوێنی جوگرافیایی نیشتەجێبوونیان، یاخوود سامانەکانیان، هەڵدەبژێردران، هەرچی قوربانییەکانی چاخی مۆدێرنە لەسەر بنچینەی ناسنامەی گشتی کۆمەڵایەتییان هەڵدەبژێردرێن(گروپی ئیتنیکی، نەژادی، ئایینی، بە پێی رێککەوتننامەکەی یووئێن، گروپی دیکە بە پێی لێکۆڵەران).

---

[40] Roger W. Smith, "Human Destructiveness and Politics: The Twentieth Century as an Age of Genocide," in *Genocide and the Modern Age: Etiology and Case Studies of Mass Death*, ed. Isidor Wallimann and Michael Dobkowski (Westport, CT: Greenwood Press, 1987), pp. 21-40.

...
تێبینیکردنی ڕووە جیاواز و لێکچووەکانی پێناسەکان و پۆلێنکردنەکانی جینۆساید، کە لە لایەن لێکۆڵەرانەوە پێشنیارکراون، تیشکی زیاتر دەخەنە سەر ڕووداوەکانی دەوروبەری ئەو جینۆسایدانەی کە بە درێژایی مێژوو ئەنجام دراون، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە ئێمە باسی کەسانێک دەکەین کە کۆمەڵکوژی دەکەن و کەسانێکی بێتاوان دەکوژن.

....
لە کتێبەکەیاندا "سۆسیۆلۆژیا و مێژووی جینۆساید" فرانک چاڵک و کۆرت جۆناسۆن، جیاوازی نێوان "جینۆساید" و"ئیثنۆساید" دەستنیشان دەکەن.[41] بە پێی توێژینەوەکەی ئەوان، دەستەواژەکەی دوایی، لەناوبردنی گروپێکی ئیتنیکیی دەگرێتەوە بە ئامرازی نافیزیکی- وەکو قەدەغەکردنی زمان و کولتوور و ئایین- کە دەبی جیابکرێتەوە لەگەڵ لەناوبردنی فیزیکی گروپەکە. چاڵک و جۆناسۆن، پێشنیاری دەستەواژەیەکی تریان کردوە بۆ جینۆساید و بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕ و غەفڵەتانەی کە لە پێناسەکەی ناو ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا پاشگەز بوونەوە لەوەی ئەوە بکەن، لەبەر قبوڵکردن و بەکارهێنانی بەرفراوان لە سەرانسەری جیهان بۆ ئەو پێناسەیە، لەم ساڵانەی دواییدا. ئەوان پێسنیاری ئەوەیان بۆ پێناسەکە کردبوو: "شێوەیەکە لە کۆمەڵکوژی یەکلایەنە، کە تیایدا دەوڵەت یان دەسەڵات بەئامانجی لەناوبردنی گروپێک، بڕیار دەدات، ئەو گروپە و ئەندامەکانی لە لایەن ئەنجامدەرەکانەوە دیاری دەکرێن.[42]

ڕوونکردنەوەی ئەم پێناسەیە، شیکردنەوەی وشەبەوشەی پێویستە. بڕگەی" شێوەیەکە لە کۆمەڵکوژی"جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە کۆمەڵکوژی شێوەی جیاوازی هەیە، بەڵام جینۆساید یەکێکە لەو شێوانەی کە تەنها: ئامانج لێی لەناوبردنی گروپێکی دیاریکراوە. بڕگەی "کۆمەڵکوژی" ئاماژەیە بەوەی کە لە دۆخی جینۆسایددا هەموو ئەندامانی گروپەکە بەرنامەرێژی بۆ لەناوبردنیان کراوە. لەم ناواخنەدا، ئەوە گرنگ نییە کە دەرفەتی پەلاماردەران بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بە تەواوەتی، زۆر کەمە. بەکارهێنانی بڕگەی" بەئامانجی لەناوبردنی گروپێک" وامان لێ دەکات وازبێنین لە پێناسە گشتییەکەی دەستەواژەکە کە بریتییە لە:هەموو کردەیەکی کوشتن،کوشتار، توندوتیژی میللی، ئەگەرچیی بەداخەوە، دەشێ هەریەکەیان ئامانجی جیاوازی هەبێت. ئەمە ئەو کۆمەڵکوژییانە دەردەهاوێژێت کە ڕوویانداوە بە بێ هەبوونی بڕیاڕی پیشوەختە.(وەک ئەوەی نەخۆشی کوشندە لە کاتی کۆچپێکردندا بڵاو دەبێتەوە).

---

[41] Frank Chalk and Kurt Jonassohn, *The History and Sociology of Genocide: Analyses and Case Studies* (New Haven, CT: Yale University Press, 1990).

[42] Ibid., p. 23.

دەستەواژەی"یەکلایەنە" مەبەستی پەلاماردەران بۆ لەناوبردنی قوربانییەکان دەردەبڕێت، هەروەها نەبوونی هیچ مەبەستێکی لەوجۆرە لای قوربانییەکان. سەرەڕای ئەوەش دەستەواژەکە ناهاوسەنگی هێز لە نێوان هەردوو لایەنەکە دەردەخات، هەر ئەو ڕاستییەی تەنانەت ئەگەر قوربانییەکان بەرگرییش لە خۆیان بکەن لەبەرامبەر پەلاماردەرەکانیان، لەبەر کەمی ئامرازەکانی بەردەستیان، هەوڵەکانیان بێهودە دەمێنیتەوە. نموونەیەکی ئەم دینامیکە، بە وتەی چاڵک و جۆناسۆن، ڕاپەڕینی ناو کەمپی زۆرەملێی وارشۆ، هەروەها بەرگری ئەرمەنییەکان/بەرهەڵستیکاران لە شاری وان لە کاتی جینۆسایدی ئەرمەنەکان، کە مەبەست لێی گێڕانەوەی شکۆی قوربانییەکان و دەربڕینی هاوسۆزی و هاوکاری قوربانییەکان بوو، زیاتر لەوەی مەبەستی سەرکەوتن بێت بەسەر پەلاماردەران.

دەربڕینی "کۆمەڵکوژیی یەکلایەنە" لەو ڕووەشەوە گرنگە کە هەموو ئەو دۆخانەی کوشتن کە لە کاتی جەنگەکاندا روویانداوە دەردەهاوێژێت، چونکە یەکلایەنە نەبووە و هیچ یەکێک لە لایەنەکان بێدەرەتان نەبوون. سەرەڕای ئەوەش ئەو ڕووداوانەی کە پاش کۆتاییهاتنی شەڕ ڕوویان داوە، وەک جینۆساید پۆلێن دەکرێن، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە ئەندامانی گروپەکە خۆیان بەشێک نەبوون لە شەڕەکان. بە پێی چاڵک و جۆناسۆن، کەیسی کارتاج دەبێت وەک جینۆساید بژمێردرێت چونکە پاش کۆتاییهاتنی شەڕ کوشتارەکە ڕوویداوە.
چاڵک و جۆناسۆن هەروەها مەرجی ئەوە دادەنێن کوشتنی سیڤیل لە بۆردومانەکاندا بە جینۆساید دانەنرێت (وەک دۆخەکانی درێسدن و هێرۆشیما و ناکازاکی)، چونکە ئەوانە وەک بەشێک لە شەر هەژمار دەکرێن و حکومەتی ئەو وڵاتانە لایەنێکی شەڕەکە بوون. ئەمەش پێچەوانەی گۆشەنیگاکەی جان پۆل سارتەر و لیۆ کۆپەرە کە هێرۆشیما و ناکازاکییان بە جینۆساید ناساندبوو.

جینۆساید هەمیشە لە لایەن حکومەت یان دەسەڵاتەکانەوە ئەنجام دەدرێت. لەمیانەی سەدەی بیستەمدا هەموو جینۆسایدەکان لە لایەن حکومەتەکانەوە ئەنجام دراون، کە ناوەندێتی حکومەت بەهێز بووەتەوە و ئەمەش سیمای ئەو قۆناغەیە. پێناسەکەی چاڵک و جۆناسۆن هەروەها دەربڕینی"دەسەڵاتەکانی تر" بەکار دەبات، بۆئەوەی ئاماژە بە حکومەتی خۆجێی و دامودەزگاکانی تری دەسەڵات بدات، کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە ئەنجامدانی جینۆسایدەکاندا.
بە شێوەیەکی گشتی دەستەواژەی "گروپ" پێناسەکردنی قورسە، ماناکەی بە درێژایی ناواخنە جوگرافی و کاتییەکەی دەگۆڕێت. پێناسەکەی چاڵک و جۆناسۆن بۆ جینۆساید مانای "گروپ" بە کراوەیی دەهێڵێتەوە (ئەندامێتییان لەو گروپانە لە لایەن ئەنجامدەران خۆیانەوە بڕیاری بۆ دراوە.)، ئەمە ئاسانکاری دەکات بۆ گرتنەخۆی ئەو گروپانەی ناکەونە ناو پێناسەکەی یوو ئێنەوە. سەرەڕای ئەوە، پێناسەکە ئاسانکاری دەکات بۆ گرتنەخۆی ئەو گروپانەش کە بە قوربانی ناژمێردرێن بە پێی پێناسەکەی یوو ئێن (وەک هاوڕەگەزبازەکان و نەخۆشە عەقڵییەکان و دانیشتوانی شاری کەمبۆدیا لە سایەی رژێمی

پۆل پۆت، هەروەها گروپگەلێ کە تەنها لە خەیاڵگەی پەلاماردەران خۆیان هەیە (وەک جادووگەرەکان کە لە سەدەی ١٦ و ١٧ی رۆژئاوای ئەوروپادا هەبوو، "دوژمنانی خەڵک" کە لە سۆڤیەتی سەردەمی ستالیندا هەبوو.)
چاڵک و جۆناسان دەرکیان بەوە کردووە کە پێناسەکەیان لە هەندێ ڕووەوە بەربەستراوە. لە هەوڵیاندا بۆ گوێپێنەدانی تەواو بەو دۆخانەی کە لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە لە ژێر پێناسەکەی ئەواندا پۆلێن ناکرێن، پێشنیاری دەستەواژەیەکی تر دەکەن"قەسابخانەکانی جینۆساید" لەم دەستەواژەیەدا ئاماژە بەو جینۆسایدانە دەکەن کە ئەنجامدەرەکانیان مەبەستیان تەنها کوشتنی بەشێکە لە گروپێکی دیاریکراو.

ئیسرائیل چارنی پێشنیار دەکات پێناسەیەکی مرۆڤانە بۆ جینۆساید بکرێت:"کوشتنی دەستئاوەڵای خەڵک لەسەر بنچینەی لایەنە نەتەوەیی، ئیتنیکی، نەژادی، ئاینی، سیاسی، جوگرافی، ئایدۆلۆژی، یان ڕووی تری ناسنامەیان."[43] چارنی رەتی دەکاتەوە"لەدەستی مرۆڤ خۆیدا نییە کە هەر ناسنامەیەکی هەبێت، پرۆسەکە وابێت پاساو بێت بۆ کوشتنی پیاو، ژن و منداڵ، چونکە ئەون'دژ' ی هەندێ (ئیزم)ن، یان بونیادی ئێسکیان کورت یان درێژە، یاخوود یان رەنگیان پرتەقاڵی یان سەوزە.[44]

چارڵی باوەڕی وایە پێناسە مرۆڤانەکەی ئەو بۆ جینۆساید پێناسەیەکە بە درێژایی مێژوو دەمێنێتەوە، هەروەها کۆششەکانی تێگەیشتن لەو چەمکەکە هەڵدەگرێت کە پێناسەی جینۆساید وەک هەوڵێک بۆ وێرانکردنی ناسنامەی گروپێک دەکات کە مۆرکی نەتەوەیی، ئیتنیکی، ئایینی و هتد ی هەیە. بە پێی چارنی، چونکە ڕاستیە دەربڕدراوەکە بریتییە لە پاراستنی ژیانی مرۆڤ ، دەبێت جینۆساید پێناسەیەکی بەرفراوانی بۆ بکرێت: وێرانکردنی ئاگایانەی ناپێویستی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤ لە گروپێکدا. بە ڕای ئەو دەبێت دەستەواژەی جینۆساید هەموو ئەو دۆخانەش بگرێتەوە کە ژمارەیەکی زۆری مرۆڤی ، لە لایەن مرۆڤی ترەوە، تێدا دەکوژرێت. بێجگە لەو دۆخانەی کە ئەنجامدەران بە بەڵگەوە دەیسەلمێنن کە بۆ بەرگری لە خۆکردن ئەوەیان ئەنجام داوە. بە بێ ڕەچاوکردنی ئەو کەموکوڕییانەی لە یاسای نێودەوڵەتیدا یان لە وتووێژی لێکۆڵەراندا هەیە لە ڕووی دەستەواژەگەرییەوە، گریمانی ئەوە دەکات ئەوە پێناسەیەکی بەرفراوان بێت بەپێی تێگەیشتنی باو.

چارنی ئەو پرۆسانەش دەدۆزێتەوە کە دەبنە هۆکاری بەرەو جینۆسایدبردنی دۆخەکە. ئەمڕۆ، زۆربەی دەستەفەرمییەکان، ڕووداوە کارەساتئامێزەکانی کە وەک جینۆساید ئاماژەیان پێدەکرت، وەک لەناوبردنی بەمەبەستی گروپێکی دیاریکراو، بە ئایدۆلۆژیای ئەنجامدەرانی پاساودەدرێن. ئەو ڕووداوانەی کە دەبنە هۆکاری بەرەوجینۆسایدبردنی

[43] Israel W. Charny, "Genocide: The Ultimate Human Rights Problem," *Social Education* 49 (1985), pp. 446-452.
[44] Ibid., p. 448.

دۆخەکە، دەکرێ لە لایەن ژمارەیەک لە گۆشەنیگای دەوڵەتانەوە کە پەیوەست بە ڕێکخستنی کۆمەڵگەکانە، هەڵبسەنگێندرێت، بێجگە لە پلەی ئەو دەستەوتاقمانەی کە پارێزگاری لە ژیانی مرۆڤ دەکەن، یان ئەڵتەرناتیڤی ئەوە، ژیانی مرۆڤ دەبەنەوە. چارنی هەروەها جەخت دەکاتەوە شۆڕبوونەوە بەرەو جینۆساید، وەک باوە لە کاتی جەنگدا ڕوودەدات، وەک دەرەنجامی بوونی فشار لەسەر کۆمەڵگە. دوا پاڵپێوەنان بەرەو جینۆساید زۆرجار پەیوەستە بە ڕەوایەتیدانی ئەو سیمبولانەی کە لە کۆمەڵگەی مەبەستدا هەن، ئەو تێگەیشتنانەیە کە لە میانەیانەوە وەک مەترسیدار دەڕوانێتە گروپێکی دیاریکراو. لە هەندێ دۆخیشدا گروپی مەبەست تەنانەت دوژمنی واقیعییش پێک ناهێنێت، بەڵکو دوژمنێکی وێناکراو کە کۆمەڵ لە پێناویدا یەکدەگرێت بۆ ئەوەی لە دژی بوەستێتەوە و لەناوی بەرێت.
چارنی، ئەو پرۆسەیەی کە دۆخەکە بەرەو جینۆساید دەبات، لەگەڵ شێرپەنجەدا بەراوردی دەکات، کە کۆنترۆڵی بەشێکی جەستە دەکات بۆ ئەوەی دەست بەسەر بشەکانی تریشدا بگرێت و ئینجا بیکوژێت. سەرەڕای ئەوەی جەستە ژمارەیەکی زۆر هێزی بەرگری هەیە، بەڵام ناتوانیت ڕووبەڕووی ببێتەوە، دواجار ڕێ بە نەخۆشییەکە دەدات بڵاو ببێتەوە. ئەمەش تەنها نابیتە هۆی مردنی ئەو بەشە هێرشبۆبراوە جەستە، بەڵکو هەموو ئۆرگانەکانی لەش دەگرێتەوە. کۆمەڵگەش بە هەمان شێوە، هەندێ توخمی هەیە کە هەوڵ دەدەن بەرگری بکەن و هەندێ بەشی لی دەکوژن، هەروەها هێزێک کە توانای ئەوەی هەیە رێ بگرێت لە دەستبەسەرداگرتنی تووندوتیژانە. ئەگەر ئەم هێزانە سەرکەوتووبن لەوەی ئەوە بکەن، ئەنجامی کۆتایی زۆر وێرانکەر دەبێت.

لە ساڵی ١٩٩٤، چارنی پێشنیاری پێناسەیەکی گشتی کرد بۆ دەستەواژەکە:
جینۆساید لە ماناگشتییەکەیدا، دەکاتە کوشتنی بەکۆمەڵی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک، کە لە چوارچێوەی کاری سەربازیدا نییە دژ بە هێزی سەربازی دوژمنی ڕاگەیەندراو، لە سایەی بارودۆخێکی بەرگریلەخۆکردنی قوربانییەکان.[45]

جاک نوسان پۆرتەر، کۆمەڵناس، نەوەی دووەمی ڕزگاربووی هۆلۆکۆست، کە بە چڕیی لەسەر جینۆساید کاری دەکرد، بەم شێوەیە پێناسەی دەستەواژەکەی کرد:
وێرانکردنی بەمەبەستی بەشێک یان هەموو، کەمینەی نەژادی، رەگەزی، ئایینی، خێڵ، یان کەمینەی سیاسی، لە لایەن حکومەت یان بریکارەکانییەوە. دەکرێ تەنها کۆمەڵکوژی نەگرێتەوە، بەڵکو کردەی برسیکردن، ڕاگواستنی زۆرەملێ، چەوساندنەوەی سیاسی، ئابووری، بایۆلۆژیش.[46]

---

[45] Israel W. Charny, "Toward a generic definition of genocide," in *Genocide: Conceptual and Historical Dimensions*, ed. George Andreopoulos (Philadelphia, PA: University of Pennsylvania Press, 1994), pp. 64-94.

[46] Jack N. Porter, "Introduction: What is genocide? Notes toward a definition," p. 12.

پۆرتەر پێناسەیەکی فراوانتر لەوەی کە لە ڕێکەوتننامەکەی یوو ئێن هاتووە، پێشکەش دەکات، لەناو ئەوانەدا وێرانکردنی بەمەبەستەوە بۆ کەمینە سیاسی، ڕەگەزی و ئیتنیکی و ئایینی، هەروەها ئەو گروپانەی کە سروشتێکی خێڵەکی یان نەژادییان هەیە. بە پێی پۆتەر، جینۆساید سێ پێکهاتەی سەرەکی هەیە،"ئایدۆلۆژیا، تەکنەلۆژیا و بیرۆکراتی/ڕێکخستن.[47] پۆرتەر باوەڕی وایە و دەستنیشانی دەکات ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانە دەکات کە لە وڵاتێکی دیاریکراودە دەبنە هۆی ڕوودانی جینۆساید. (بڕوانە خشتەی ١). ئەو ڕاستییەی کە هەموو یان هەندێک لەو هەلومەرجانە لە هەر کۆمەڵگایەکد هەیە، لە قۆناغێ لە قۆناغەکانی مێژوویدا، کە نیشانەی ئەوەیە لە هەر کۆمەڵگەیەدا ڕەنگە جینۆساید ڕوو بدات. لەو کاتەدا، پۆرتەر باشووری ئەوفرقا وەک ئەو کۆمەڵگەیە دەبینێت کە ڕەنگە جینۆسایدی تێدا روو بدات. سەرەڕای ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە، وەک دەزانین، لە کۆتاییدا بەرەو ئاراستەی پێچەوانە هەنگاوی نا، لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی جیاکاری نەژادی"ئەپارتید". لە بەرامبەردا، هۆڵەندا و سوید و سویسرا، هیچ کاتێک جینۆساید تیایاندا روووینەداوە. لەم چوارچێوەیەدا، ئەەی جێگەی بایەخە، بەڵگەیەکی زۆر لەم ساڵانەی دواییدا کۆکراوەیە لە سویسرا و سوید و شکستی هێنا لەوەی ڕۆڵ ببینێت لە ڕزگارکردنی جولەکەکان و یارمەتی بدات(لای کەم نارەستەوخۆ) کە بۆ ڕژێمی نازی دەستەبەر کرابوو.

خشتەی ژمارە(١)
پێشبینیکردنی جینۆساید

| پێشبینیکردنی ڕوودانی جینۆساید | پێشبینیکردنی ڕوونەدانی جینۆساید |
| --- | --- |
| بە بێگانە زانینی گروپی کەمینە | کولتووری سینگفراوانی بۆ پێکەوەژیانی کەمینەکان باو و بڵاوە. |
| ئایدۆلۆژیای نەژادپەرستی | کەمینەیەکی بەهێز کە دەستڕەسی هەیە بە مافەکانی مرۆڤ و مافە یاساییەکانی |
| پشتبەستن بە هێزی سوپا | هەڵویستێکی میانڕەوی بۆ سوپا |
| دوورخستنەوەی پارتی سیاسی لە دەسەڵات | هەیکەلی سیاسی دیموکراتی |
| سەرکرداییەتی ئارەزوویەکی بەهێزی ناوچەگەری هەبێت | کەمی ئارەزووی تەوەرگەری ناوچەیی |
| دەسەڵاتی دەوڵەت بەهۆی شەڕ و پێکدادان و ململانێی ناوخۆیی کەم بووبیتەوە | نەبوونی ڕووداوی کەڵەکبووی لەو شێوەیە |
| هەبوونی تواناکاری تۆڵەسەندنەوە بە کۆمەڵکۆژی لە هەندێ سەرچاوەوە | تواناکاری تۆڵەسەندنەوە و دەستتێوەردان لە لایەن دەوڵەتە گەورەکانی دەرەوە |

سەرچاوە: پۆرتەر، پێشەکی، جینۆساید چییە؟ تێبینی لەسەر پێناسەکان.

[47] Ibid.

به پێی پۆرتەر، بە درێژایی مێژوو جینۆساید سێ تانوپۆی هەبووە:

- لە کاتی جەنگ یان دوای بەزینی سەربازی سوپا
- لەکاتی داگیرکاری ناوخۆیی یان ئیمپریالیزمی دەرەکی
- لە ئەنجامی ململانێی ناوخۆیی کە ڕەگی قووڵی داکوتابێت

جەنگ داینامیکێکە کە تیایدا مرۆڤ زوو دەبێت بە قوربانی، چەرمەسەری زۆر لەگەڵ خۆی دەهێنێت، هەروەها ئەو ڕاستییەی کە لایەنە شەڕکەرەکان مەیلیان بۆ کوشتنی خەڵکی مەدەنی هەیە بۆ درێژکردنەوەی جەنگ. هەروەها شەڕ ئاسانکاری دەکات بۆ بڵاوبوونەوەی پڕوپاگەندە و تۆمەتبارکردنی دوژمن بە خیانەت و نامرۆڤایەتی کە دەبنە مەترسی بۆ سەر ئەو کۆمەڵگەیە. ئەمەش، خۆی لە خۆیدا هەستێکی هستریایی لای سەربازەکانی دوژمن دروست دەکات، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی مردنی خەڵکی مەدەنی بێتاوان، یان دوژمنە گریمانکراوەکە دەبێتە قۆچی قوربانی. لە ئەنجامی ئەمەشدا، جێبەجێکردنی کۆمەڵکوژی ئاسان دەبێت و چەرمەسەری تر دێننە ئاراوە لە کاتی جەنگدا بە بی ئەوەی سزا بدرێن و دادگایی بکرێن.
پۆرتەر، جەخت دەکاتەوە، پێناسەی جینۆساید لە کاتی جەنگدا پێویستە تەنیا ئەو دۆخانە بگرێتەوە کە پەلاماردەر قەستی کوشتی تەواوەتی هەموو گەلەکە، خێڵەکە، نەژادەکە دەکات، بە تەواوەتی.[48]

بە پێی ئەم ڕەوتە، هەرچەندی بڵێی شایانی شەرمەزارکردنن، بەڵام هەموو کوشتنەکان لە کاتی جەنگدا بە جینۆساید ناژمێردرێن، بۆ نمونە هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر هێرۆشیما و ناکازاکی ناتواندرێت بە جینۆساید دابنرێت بەهۆی ئەو ڕاستییەی کە مەبەستی ئەمەریکا خۆبەدەستەوەدانی خێرای ژاپۆنیەکان بوو، نەک کۆمەڵکوژییان. زانایانی تر، بۆ نمونە لیۆ کۆپەر، لەم خاڵەدا پێچەوانەی ئەم رەوتە بیردەکەنەوە.

داگیرکاری زەمینەیەکی تری هاوبەشە بۆ ئەو کردانەی کە دەچنە خانەی پێناسەی جینۆسایدەوە. جینۆساید دەکرێت لە کاتی داگیرکاری ناوخۆییدا ڕووبدات، هەروەها دەکریت لە میانەی داگیرکاری ئیمپریالیدا بێت، کە وەک جۆرێک لە داگیرکاری دەرەکی دادەنرێت. جینۆساید زۆرجار وەک ئامرازێک بەکاربراوە بۆ سەرکوتکردنی دانیشتوانە خۆجێیەکە، نموونەش بۆ ئەمە جینۆسایدی دانیشتوانی رەسەنی ئەمریکا لە باکوور و لە باشووری ئەمریکا، ئەبوورجینییەکان لە ئوستراليا و ماورییەکان لە نیوزلەندا. پۆرتەر جەخت دەکاتەوە، پێناسەی جینۆساید دەکرێ کردارە ناڕاستەوخۆکانییش بگرێتەوە، وەک ئەو نموونانەی کە گروپێک بە تەواوی لەسەر ڕووی زەوی سڕدراونەتەوە بەهۆی ئەوەی

---

[48] Ibid., pp. 15-16. Some have objected to the use of the term "tribe" based on the assertion that it is a onial concept. We employ this term here in order to present Porter's arguments.

لەشیان ڕووبەڕووی نەخۆشی بووە بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەناو دانیشتوانەکە. ململانێی نێوان دانیشتوانە خۆجێیەکە دەتوانی بەرەو جینۆساید پەل بهاوێت، وەکو ئەوەی لە ڕواندا و بروووندی ڕوویدا.
وەک بینیمان هیچ سازانێک نییە لە نێوان لێکۆڵەراندا سەبارەت بە پێناسەکردنی جینۆساید، هەروەها ناکۆکییەکان سەبارەت بەو خاڵە بە درێژایی کات بە ڕوونی دەربڕدراوە. هەندێکیان ئاماژە بە چوارپێناسەی جینۆساید دەکەن، لە ناویاندا پێناسە بەرفراوانەکەی ئیسرائیل چارنی، شێوازێکی فراوانی پێناسەیەکی ورد، وەک ئەوەی فێن و باسکال و جۆناسۆن، ئەو شێوازەی کە فۆکەس دەخاتە سەر یەک دۆخی جینۆساید و گرنگی دەدات بە جینۆسایدەکانی ترلە پێناوی بەراوردکردندا، وەک لە پرۆژەکەی سترۆم و پارسۆن دەردەکەوێت"ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خۆمان و مێژوو"[49] هەروەها شێوازی بەرتەسکی بەربەستکراو کە جەخت لە سەر دەگمەنێتی و تاکێتی دەکاتەوە، نموونەی هۆلۆکۆست.
...
پێناسەکان هەمیشە وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرامان بۆ دەستەبەر ناکەن. لیستی خوارەوە پێکهاتووە لە چەند سیناریۆیەک، هەندێکیان خەیاڵی و هەندێکیان داڕێژراو لەسەر ڕووداوی ڕاستەقینە. بە ڕای تۆ کامیان ڕاستین و کامیان نا. ئایا سیناریۆیەک هەیە بە پێی پێناسەیەکیان جینۆساید بێت و بە پێی ئەویتریان جینۆساید نەبێت؟

١/ حکومەت ڕایدەگەیەنێت گروپە تێکدەرەکان کاری تیرۆریستی دەکەن بۆ بنکۆڵکردنی پایە بنچینەییەکانی دەوڵەت. دۆخی ئاوارتەی نیشتیمانی ڕادەگەیەندرێت و ئەندامانی گروپە تێکدەرەکان دەگیرێن و بێسەروشوێن دەبن.

٢/ پلانی حکومەت بۆ گۆڕینی ڕووبەرە دارستانییەکان بۆ زەوی کشتوکاڵیی، دەبێتە هۆی ململانێ لە نێوان خەڵکە تازە نیشتەجێکراوەکان و دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ناوچەکە. نیشتەجێکراوەکان ڕێکاری پێویست دەگرنە بەر بە ئامانجی فراوانکردنەوەی زەویە کشتوکاڵییەکە و نەک تەنها دارەکان دەبڕنەوە کە سەرچاوەی خۆراکی دانیشتوانە ڕەسەنەکەن، بەڵکو کولتوور و سەرچاوەی بژێوییان وێران دەکەن. ئەو ئەندامانەی کە بەرهەڵستی دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکانیان دەکەن دەگوێزرێنەوە بۆ شوێنێکی تر و لە ئەنجامی ئەوەدا هەندێکیان دەمرن. هەموو ئەم کردارانە هەڕەشەن بۆ سەر کولتووری خۆجێی.

٣/ لەو کۆمەڵگەیەدا کە ماوەیەکی درێژە بە دەست کێشە نەژادییەکانەوە گیرۆدەیە، گروپێکی کەمینە بە دەست مامەڵەی خراپ و نایەکسان لە لایەن زۆرینەوە، دەناڵێنێت. هەوڵی سەرکردەکانی گروپی زۆرینە بۆ بەکارهێنانی یاسای هەڵاواردنئامیز بۆ سەپاندنی

[49] Margot Stern Strom and William S. Parsons, *Facing History and Ourselves: Holocaust and Human Behavior*(Watertown: International Educators, 1982; new edition, 1994).

دەسەڵات لەو کۆمەڵگەیەدا، لەم دووایییەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گرووپی کەمینە، کە خاوەنی دابونەریتی ئایینێکی جیاوازن، تووشی بێهیوایی دەبن و کاردانەوەی توندوتیژانە دەنوێنن. هەندێک لە ئەندامانی گرووپی زۆرینە کە خزمەتی سەربازی دەکەن، گەمارۆی گرووپی کەمینە دەدەن کە لە ناوچە دووەرەکاندا نیشتەجێن و دەیانکوژن.

٤/ رژێمێکی شۆڕشگێر، سەرەڕای بەرهەڵستییەکی توندی لە لایەن هاودژەکەی کە لە رژێمی پێشوودا خاوەن دەسەڵات بوون، دێتە سەر حوکم. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی گرووپی بەرهەڵستکار دەگیرێن و بەرەو ونگە یان بۆ ئۆردوگای زۆرەملێیی کار دەبرێن. حکومەت دەست دەکات بە پیادەکردنی سیاسەتی "دووبارە فێرکردنەوە"ی منداڵانی وڵات، هەرکەسێکیش بەرهەڵستی ئەو سیاسەتەی بکات، دەکوژرێت یان لە لایەن سوپاوە بەرەو ونگە دەبرێت.

٥/ حکومەتی وڵاتەکە بڕیار دەدات وەک باشترین رێگە بۆ چەسپاندنی حوکمی خۆی، گرووپێکی کەمینەی دیارکراو تۆمەتبار بکات و هەموو کێشەکانی وڵات بخاتە ئەستۆی ئەوان و بۆ ئەو مەبەستەش بە درێژایی چەندین ساڵ پێشداوەری لە دژی ئەو گرووپە لە ناو کۆمەڵدا بڵاو دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی لەناو وڵاتەکەدا گرووپێکی بەهێزی بەرهەڵستکار هەیە کە بەرگری لە کەمینەکان دەکات و، سەرەڕای ئەوەش کە حکومەتەکانی دەرەوە فشار دەخەنە سەر ئەو حکومەتە، بەڵام گرووپە بەرهەڵستکارەکە هاوکاری زۆر ناکرێن بۆ ڕووەڕووبوونەوەی ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەیان کراوە. هەندێ لە ئەندامانی کەمینەکە هەر ئێستاش لە ماڵەکانی خۆیان دەرکراون و لە مافە بنچینەییەکانیان بێبەش کراون. زۆر کەس هۆشداری ئەوە دەدەن کە حکومەت بەم زووانە رێکاری توند دەگیرێتە بەر لە دژیان.

...

## هەرای مردن/ پاول کێلان[50]

شیری ڕەشی سپێدان، ئێمە کاتی خۆرئاوابوون دەیخۆینەوە
بەیانیان، ئێمە نیوەڕۆ دەیخۆینەوە، ئێمە شەوان دەیخۆینەوە
ئێمە دەیخۆینەوە و دەیخۆینەوە
ئێمە لەناو شنەبا گۆڕێک هەڵدەکەنین،
لەوێ کەسێ بە کۆتنەکراویی پاڵ دەداتەوە
پیاوێک لە ماڵێکدا دەژی لەگەڵ مارگەل یاری دەکات
ئەو دەنووسێت
دەنووسێت کاتێ ڕۆژ دەکەوێتە خوارەوە،
بۆ سەرئەڵمانیا قژە زێڕینەکەتە مارگەریت
ئەمە دەنووسێت و هەنگاو بۆ دەرەوە دەنێت و
ئەستێرەکان بریسکە دەدەن،
ئەو فیکە لێدەدات
تویشووەکەی
ئەو فیکە لێدەدات و جولەکەکانی لە دەرەوەی زەوین و
زەوی هەڵدەدەڕن بۆ گۆڕ
ئەو فەرمانمان پێدەکات بە سەما ڕێپیوان بکەین.

...


شیری ڕەشی سپێدان
ئێمە شەوان تۆ دەخۆینەوە
ئێمە بەیانیان لە نێوەڕۆ تۆ دەخۆینەوە
ئێمە خۆرئاوابوون تۆ دەخۆینەوە
ئێمە دەتخۆینەوە و دەتخۆینەوە
پیاوێک لە مالێکدا دەژی و یاری بە مارەکان دەکات
ئەو دەنووسێت

---

[50] پاوڵ کێلان (1970-19220) شاعیر و وەرگێڕێکی جولەکە بوو کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە زمانی ئەڵمانی دەینووسی. لە جزیرنۆویتزی ڕۆمانیا لە دایک بووە، لە جەنگی جیهانی دووەمدا لە ژێر داگیرکارییەکانی سۆڤیەت و ئەڵمانیادا ژیاوە. هەندێک کەس بە گەورەترین شاعیری سەدەی بیستەم دەزانن.
هەرای مردن لە لایەن کێلانەوە نووسراوە پیش تەواوبوونی شەڕی جیهانی دووەم یەکێک لە کارە هەرە بەناوبانگەکانێتی، لە ١٩٤٤ یان ١٩٤٥ نووسیویەتی.

ئەو دەنووسێت کاتێ خۆر دەکەوێتە خوارەوە
بۆ سەر ئەڵمانیا
قژە زێڕینەکەت مارگەریت
قژە خۆڵەمیشییەکەت شولامیث
ئێمە گۆڕ هەڵدەکەنین لە ناو شنەبادا
لەوێ کەسێ بە بێ کۆت پاڵکەوتووە
...
ئەو بانگ دەکات
بە مشت دەکیشێت بەسەر قوڵایی زەوی تۆ زۆری تۆ
هەندێک گۆرانی دەڵین و یاری دەکەن
ئەو ئاسنی پشتوێنەکەی دەگرێت
رایدەوەشێنێت چاوەکانی شینن
قوڵتر مشتی دەکوتێ تۆ زۆری لەگەڵ بێڵەکەت تۆ
ئەوانیتر بەردەوامن یاری دەکەن
بۆ سەماکردن
...
شیری ڕەشی سپێدان
ئێمە شەوان تۆ دەخۆینەوە
ئێمە بەیانیان لە نیوەڕۆ تۆ دەخۆینەوە
ئێمە خۆرئاوابوون تۆ دەخۆینەوە
ئێمە دەتخۆینەوە و دەتخۆینەوە
پیاوێک لە مالێکدا دەژی و یاری بە مارگەل دەکات
پیاوێک لە ماڵێکدا دەژیی
قژە زیڕینەکەت مارگەریت
قژە خۆڵەمیشییەکەت شولامیث
ئەو یاری دەکات لەگەڵ مارەکان
ئەو نەرمتر بانگ دەکات یاری
مردن مامۆستایە
خەڵکی ئەڵمانیایە
بانگ دەکات
ئێستا تاریکترە کەواتە کۆتەکانت ببچڕێنە

وەک دوکەڵ دەبێ بەرەو ئاسمان بڵند ببیتەوە
ئینجا گۆڕەکە
تۆ دەبێ لەناو هەورەکان
لەوێ کەسی پاڵکەوتووە بە بێ کۆت
...
شیری ڕەشی سپیدان ئێمە تۆ شەوان دەخۆینەوە
ئێمە تۆ لە نیوەڕوان دەخۆینەوە
مردن مامۆستایە
خەڵکی ئەڵمانیایە
ئێمە تۆ لە خۆرئاوابووندا دەخۆینەوەو بەیانیان
دەخۆینەوە و دەخۆینەوە
مردن مامۆستایە
خەڵکی ئەڵمانیایە
چاوەکانی شینن
ئەو بە فیشەکی قورس لێت دەدات
ئەو ئامانجەکەی ڕاست دەپیکێت
پیاوێک لە ماڵێکدا دەژیی
قژە زێڕینەکەت مارگەرێت
تێشووەکەی لە لامان دادەنێت و
گۆرێکمان لە ناو بادا پێ دەبەخشێت
ئەو یاری بە مارگەل دەکات و خەونی رۆژ
مردن مامۆستایە
خەڵکی ئەڵمانیایە
قژە زێڕینەکەت مارگەرێت
قژە خۆڵەمێشیەکەت شولامیث



یادەوەری قوربانییەکانی تووتسی لە کەنیسەی کیگالی، ڕواندا،
پەیکەری شێوەی عیسا و شێوەی کەسانی پیرۆزی تری کاثۆلیک لە نێوان ئێسکبەندی مردووەکان دانراوە.

## پێناسەکردنی جینۆساید

بەهۆکاری تیۆری و پراکتیکییش وەکو یەک، هەوڵی پێناسەکردنی جینۆساید هەمیشە ئەرکێکی ئاڵۆز و بێهیواکەر بووە، کە لە ئەنجامی پراکتیکدا بۆ نمونە سەخت دەبێت پێوەری سزایی بەسەر ئەنجامدەراندا پیادە بکرێت(چۆن بڕیار بدرێت لەسەر ئەوەی کوشتار تەواو دەبێت ئینجا جینۆساید دەستپێدەکات؟) بەهۆی ئەو ئاڵنگارییانەی کە سەبارەت بە پێناسەکە لە ئارادایە، دەتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین، کە قەت چارەسەر نابێت.

ئەم زنجیرەکتێبە، بە شێوەیەک لە شێوەکان، پێناسەیەکی بەرفراوانتری جینۆساید لەوەی کە لە رێککەوتننامەکەی یوو ئێن هەیە، بەکار دەبات. لە پراکتیکدا، ئێمە ئەو پێناسەیە پیادەیە دەکەین کە چاڵک و جۆناسۆن پێشنیاریان کردووە، کە هاودژ نییە لەگەڵ پێناسەکانی تر، هەروەها رێگایەک دەستەبەر دەکات لەو سنووردارێتییەی پێناسەکەی یوو ئێن رزگارمان بێت. لەناو ئەم چوارچێوەیەدا ئێمە دۆخگەلێ دەدۆزینەوە قوربانییەکانی گروپی سیاسی بوون، وەک لە یەکێتی سۆڤیەتدا هەبوو، هەروەها ڕووداوەکانی رۆژگاری مۆدێرن دەدۆزێتەوە، وەکو تبت، هەروەها ئەو دۆخانەی مشتومڕی ئەوەیان لەسەر هەیە ئایا جینۆسایدن یان هەوڵی جینۆسایدی کولتوورین.
ئێمە دەبی بەردەوام ئەوە وەبیری خۆمان بهێنینەوە کە بە بێ ڕەچاوکردنی ئەو پێناسە وردەی کراوە، هەر نمونەیەک لە جینۆساید دۆخی کوشتنی ئادەمیزادە بەهۆی ئەندامێتییان لە گروپیکی ئیتنیکی، نەژادی، ئایینی، یان وەک کەسی خۆیان ئەوان هیچ تۆمەتێکیان لەپاڵ نییە و کوژراون، کە ئەمە مەترسییەکی گەورەیە، نابێ لێی ببورین.

## پۆلێنکارییەکانی تاوانباران:

دوای ئەوەی هەوڵە سەرەکییەکانی دەستنیشانکردنی چەمکی جینۆسایدمان خستەڕوو، ڕووی سەرنجمان دەخەینە سەر ئەو پۆلێنکارییە ئەکادیمییانەی کە بۆ تاوانباران، لەم ساڵانەی دواییدا، خراونەتە ڕوو. ئەمەش وامان لێدەکات بە شێوەیەکی قوڵتر و فراوانتر لەم دیاردەیە بکۆڵینەوە:

چاڵک و جۆناسۆن، پۆلێنکردنی جینۆساید کە لە سەر بنچینەی پاڵنەرەکانی ئەنجامدەرانی جینۆسایدن، بە چوار جۆر[51] دادەنێن[52]:

- مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی نیازپاکی یان هەڕەشەی چاوەڕوانکراو
- خوڵقاندنی کەشێکی ترس و تۆقین لە نێو دوژمنە راستەقینەکان مرۆڤ، یان دوژمنە چاوەڕوانکراوەکان
- بۆ بەدیهێنانی سامانی ئابووری
- بۆ پیادەکردنی باوەڕ، تیۆری یان ئایدۆلۆژیا

دەشێ هەر دۆخێکی جینۆساید زیاتر لە یەک پاڵنەری هەبێت، بەڵام پێشنیاری ئەوە دەکەن هەر دۆخێک لە ژێر یەک لەو پۆلانە دابنێن، بە پێی پاڵنەری زیاتر چەسپاو لەسەر دۆخەکە.

ئێمە بینیمان جینۆساید دەکرێت بە پێی جۆری کۆمەڵگاکان پۆلێن بکرێت، هەروەها بەپێی سروشتی تاوانبارە ئەنجامدەرەکانیان. هۆرۆتز زنجیرەیەک کۆمەڵگای مۆدێرن پێشنیار دەکات کە بەرهەڵستکارەکانیان رێز لێدەگیرێن و مافی تاکەکانیان لەوەی جیاوازبن، دەستەبەر کراون. لێکۆڵەرانی تر پێشنیاری پۆلێنکاری تر لەسەر بنچینەی گۆڕاوەکان، وەکو شێوازەکانی کوشتن، پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و ئاڵۆزیی دامەزراوەی، دەکەن. هەندێکی تر مشتومڕی ئەوەیان کردووە کە لە ڕابردوودا جینۆساید لە پێناوی بنیاتنان و بەهێزکردن و پاراستنی ئیمپراتۆریاکان، ئەنجامدراون، بەڵام ئەم جۆرە لە جینۆساید لە سەدەی بیستەمدا دۆخی دەگمەن بوون. هێشتاش هەندێ کەسی تر ئاماژە بە گرنگی هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی نەتەوەیی و چەندبارەبوونەوەی جینۆساید لە سەدەی بیستەم، دەکەن. هەروەها جیاکردنەوەی نێوان دۆخی ئیمپراتۆرییەکان(لە ڕابردوودا) و دەوڵەتە نەتەوەییەکان(لە ئێستادا)، هەروەها کاری تیۆری پێویست بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە هێشتا تەواو نەکراوە.

ئەگەرچی زۆر لە بارەی کاریگەری جینۆساید لەسەر قوربانییەکان نووسرا، سەرنجی کەم درایە کاریگەرییەکەی لەسەر کۆمەڵگەی تاوانبارانی ئەنجامدەر. ئەم دینامیکییە زۆر بایەخدارە لە پەیوەندی بە هەوڵەکانی

---

[51] Chalk and Jonassohn, *The History and Sociology of Genocide*, p. 29.

ڕێپێگرتنی جینۆساید لە دوارۆژدا. لە ڕوانگەی مێژووییەوە، کاریگەری جینۆساید لەسەر کۆمەڵی ئەنجامدەرانیدا بە ڕاستەوخۆیی پەیوەندیدارە بە فاکتەرە پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی ئەو تاوانە. جینۆساید ئەنجام دراوە، لە پێناوی ڕووبەرووبوونەوەی هەڕەشە، یان بۆ بڵاوکردنەوەی تیرۆر و تۆقاندن، یان بۆ بەدیهێنانی هێزێکی ئابووری. هەندێ کەیس بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕابردووی دێریندا ڕوویانداوە لە سەردەمی داگیرکارییەکاندا. ئەم جۆرە جینۆسایدە بە جۆرێ(سەرکەوتوو) دەژمێردرێن و سامانی ئابووری پێ زیادکراوە. ئەو فاکتەرانەی کە پاساوی ئایدۆلۆژیین بۆ جینۆساید، زیاتر ئەبستراکتن، ئامانج لێیان پاکتاوی رەگەزی و ڕەوایەتیدانە بە رژێمی نوێ یان دروستکردنی هۆمۆجینێتی بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی. ئەم جۆرە جینۆسایدانە زیانێکی بێشومار دەگەیەننە کۆمەڵگە تاوانتیاکراوەکان، کاریگەرییەکەی لەوەش قووڵترە، چوون هەموو بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی وێران دەکات، بەم بۆنەیەوە جینۆسایدی پاساودراو بە ئایدۆلۆژی توانای ئەوەی هەیە قەیرانێکی ناوەکی زۆر قوڵ لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا دروست بکات کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە.

**پۆلێنبەندی قوربانییەکان:**

قوربانییەکان دەشێ بەشێک لە هەمان کۆمەڵی تاوانئەنجامدەرەکان، یان لە دەرەوەی کۆمەڵەکە بن. پێویستی بە ئامادەکارییەکی کەمێ سەرەتایی هەیە بۆ دێواندن و بەنامرۆڤ پیشاندانی گروپی قوربانییە دەرەکییەکان، کە زۆرێک لە کۆمەڵگەکان خەڵکی بێگانە وەک کەمنرختر لە ئەندامەکانی کۆمەڵگەی خۆیان دەزانن لە ڕووی جەوهەری مرۆڤبوونەوە. لە هەندێ دۆخیشدا وایان دادەنێن کە هەر مرۆڤ نین، بە مانای تەواوی مرۆڤبوون. ئەو کۆمەڵکوژییانەی لە دژی قوربانییەکانی ناوخۆی کۆمەڵەکان ئەنجام دراون، بە پلەی یەکەم لە سەدەی بیستەمدا روویان داوە. جینۆسایدی ناوخۆیی پێویستی بە دوو کردە هەیە،

١/ ئاماژەپێدانیان وەک دەرەکی

٢/ دوورەپەرێزکردنیان و هەڵاواردنیان.

ئەم پرۆسانە لە ئەڵمانیای نازی لە دژی جولەکە پیادە کران، کە لە سەرەتاوە وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی ئەڵمانی دادەنران و لە قۆناغێکی تردا دوور خرانەوە. بۆ ئەوەی جینۆساید ڕووبدات دەبێت کۆمەڵگەی جینۆسایدکار ئەو

ناسنامە تازەیەی گرووپی قوربانی قبوڵ بکات، ئەگەر ئەو کردەیە سەرنەگرێت جینۆسایدیش سەرناگرێت.

...
هەندێک کەس بێگانەکان وەک مرۆڤی نامۆ دەبینن. بە ڕەچاوکردنی رۆڵی بێگانەکان یان "ئەوانی تر" لە شێوەگرتنی ناسنامەی گروپ، ئایا دوژمنایەتی بەرامبەر ئەوانی تر، جا مەیلی کوشتنی لەگەڵ بێت یان نا، دەبێتە هۆی چەسپاندنی ناسنامەی گروپ؟ یان، ئایا، لە ڕاستیدا ئەوە یەکێکە لە نیشانەکانی ناسنامەی گروپی لاواز یان ناسەقامگیر؟
...

**جۆرەکانی قوربانییەکان:**
جۆرەکانی قوربانییەکان وەک لە رێککەوتننامەکەی یوو ئێن بینیمان دەبێتە چوار بەشەوە: نەتەوەیی، ئیتنیکی، نەژادی و ئایینی. هەندێ پێشنیاری فراوانکردنەوەی کردووە تاکو گروپی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییش بگرێتەوە. دەشکرێ "گروپی ڕاستی" جیا بکرێنەوە، کە دەکری لە لایەن چاودێرە بیانییەکانەوە بکرێت، لەگەڵ "گروپە ساختە"کان، کە تەنها دەکرێ لە لایەن ئەنجامدەری تاوانەکانەوە جیابکرێنەوە. گروپە ساختەکان دەکرێت لە لایەن چاودێرە بیانییەکانیش جیا بکرێنەوە، بەڵام تەنها لەو کاتەدا کە پرۆسەی بە قوربانیکردنیان دەستی پێکردبێت.

نمونەش بۆ ئەم جۆرە گروپانە" ڕاوی جادوگەرە مەزنەکان"، لەم دواییەشدا، چەوساندنەوەی "دوژمنانی گەل" لە لایەن ستالینەوە، لە سییەکانی سەدەی بیستەم. ئەو خاڵەی کە لێیەوە دەستنیشانی قوربانییەکان دەکرێت، ئەویش بابەتێکە کە دواتر لەم کتێبەدا دێینەوە سەری، بایەخی زۆری هەیە لە کاتێکدا بمانەوێت رێگری لە ڕوودانی جینۆساید بکەین. بە شێوەیەکی ئاسایی، دەستنیشانکردنی قوربانی جینۆساید، لەو دۆخەدا نەبێت کە جینۆساید دەستی پێکردبێت، یان تەواو بووبێت، زۆر سەختە ئەگەر مەحاڵیش نەبێت.

**جۆرەکانی تۆمەتبارکردن:**

دەکرێ پەیوەندی نێوان جۆری ئەو گروپەی ئەکرێتە قوربانی و سروشتی ئەو تۆمەتانەی دەدرێتە پاڵی، دەستنیشان بکەین. لەوەش گرنگتر جیاکردنەوە لە نێوان ئەو تۆمەتانەی کە لەسەر بنچینەی راستییە سەلمێندراوەکان و ئەو تۆمەتانەی کە لەسەر هیچ بنچینەیەک دانەنراون و ئاراستەی گروپەکە کراون، کە سەختە راستێتیان بسەلمێندرێت و سەختە گروپەکە بە گشتی دان بە تۆمەتەکەدا بنێن. پێشنیاری نمونەی ئەڵتەرناتیڤ دەکات، وەک پێوەری ژمارەی قوربانییەکان، بە ژمارە یان بە رێژەی سەدی (بەشێک لە هەموو گروپی قوربانییەکە کە لە واقیعدا لەناوبراون.)

گرنگە پشکنین بۆ هەندێ لە کردەکانی کۆمەڵکوژی دیاریکراو، کە لە شوێنی جیاواز لە جیهاندا، لە قۆناغی مێژوویی جیاوازدا، ئەنجام دراون، بکرێت. لە هەمان کاتدا، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بەراوردکاری لە نێوان کەیسە جیاوازەکانی جینۆساید بکرێت. ئەم لێکۆڵینەوانە جگە لەوەی بایەخی ئەکادیمی خۆیان هەیە، گرنگی ئەو خەبات و تێکۆشانانەش پیشان دەدەن کە بۆ رێگرتن لە ڕوودانی جینۆساید لە دوارۆژدا، کراوە، کە پێویستە لە سەر بنچینەی تێگەیشتنێکی فراوان لە بارودۆخ و بونیادی کۆمەڵایەتی و پرۆسەکانی (ئابووری، سیاسی، کولتووری، سایکۆلۆژی و هتد)، بنیات نرابن، کە کۆمەڵگە بەرەو جینۆساید دەئاژوون. تەنها دوای ئەوەی کە زانیاری پێویست لەسەر جینۆسایدەکانی ڕابردوو بە دەست دەهێنین، ئینجا دەتوانین گریمانەی هۆکارەکان و ئەگەری جینۆساید لە داهاتوودا بکەین و کار بۆ رێگرتن لە ڕوودانی بکەین. توێژەرانی جینۆساید لە سەرانسەری جیهان، لە ئێستادا تواناکاری جیاوازیان دۆزیوەتەوە بۆ رێگرتن لە ڕوودانی جینۆساید، لە نێو ئەوانەدا سیستەمی هۆشیاری پێشوەختە (GEW).

**هەلومەرجە پێویستەکان بۆ جینۆساید**

ئێستا دێینە سەر ئەو بارودۆخ و هەلومەرجانەی کە لە سایەیاندا جینۆساید ڕوودەدات. لەم تانوپۆیەدا، جارێکی تریش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستی ئەو هەڵسەنگاندنانە، نەک تەنها بۆ چەسپاندنی بایەخی ئەو لێکۆڵینەوە ئەکادیمیانەیە، بەڵکو بۆ گەشەپێدانی ئەو ئامرازانەی کە یارمەتیدەرن لە پێشبینیکردنی ڕوودانی جینۆساید و رێپێگرتنی بە شێوەیەک باشتر، لە داهاتوودا.

ڕوودانی هەر جینۆسایدێک پەیوەستە بە سێ گروپی سەرەکییەوە(کە دەکرێت ئەوانیش دابەش ببنە سەر ژێرگروپی تر):

- ئەنجامدەرانی تاوان
- قوربانییەکان
- لایەنی سێیەم (لایەنی دەرەکی)

کردەی جینۆساید؛ کاتێ ڕوودەدات کە هاوسەنگی هێز لە کۆمەڵدا بە شێوەیەک بێت کە گروپی ئەنجامدەرانی تاوان دەسەڵاتێکی چڕ و ڕەهایان هەبێت بەسەر گروپی قوربانییەکانەوە. دەبێت ئەوە وەبیربهێندرێتەوە کە جینۆسایدەکان شێتەکان ئەنجامیان نەداوە، ئەگەرچی ئەوتاکانەی شێتن، دەشێ بتوانن کەسێک بکوژن، یان تەنانەت ژمارەیەک کەس بکوژن، بەڵام ناتوانن خەڵک و دانیشتوانی شوێنێکی دیاریکراو بە تەواوەتی لەناوبەرن. گردبوونەوەی دەسەڵات بە شێوەیەک کە گروپی ئەنجامدەرانی تاوان دەسەڵاتی ڕوون و ڕەهایان بەسەر قوربانییەکانەوە هەبێت، پێویستی بەوەیە کە لێماوەکەی تری جیهان هەڵوێستێکی دیارکراویان هەبێت. لێرەدا دەستەواژەی(لێماوەکەی تری جیهان) ئاماژەیە بە هەموو خەڵکی جیهان کە نە سەر بە گروپی ئەنجامدەرانی تاوان بن، نەش سەر بە گروپی قوربانییەکان. "لایەنی سێیەم" دەکرێن بە سێ گروپەوە:

**کۆمەککاران:**

ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید هەمیشە کۆمەککاریان هەیە، جا کۆمەکەکانیان چ لە ڕووی پرنسیپەوە لە پشتیوانی و دڵسۆزییانەوە سەرچاوەی گرتبێت، یاخوود بەهۆی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیانی خۆیانەوە، بە پشتبەستن بەو وێنایەی کە تاوانباران هێزێکی گەورەن و دەکرێ سوودیان پێبگەیەنێت.

لە ڕاستیدا؛ ژمارەی ئەو کەسانەی کە کۆمەکی تاوانباران دەکەن زۆر زیاترن لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە یارمەتی قوربانییەکان دەدەن. تاوانباران بە ڕێگەی جیاواز کۆمەک دەکرێن: هەندێک؛ یارمەتی دەسەڵاتی دەوڵەتەکە دەدات، بە بێ ئەوەی خۆی ڕاستەوخۆ بەشدار بێت لە کردەی کۆمەڵکوژییەکە. هەندێکی تر یارمەتی تاوانباران دەدەن لە دۆزینەوە، دەستنیشانکردن و ڕادەستکردنی قوربانییەکان، وەک ئەوەی لە فەرەنسادا ڕوویدا لە کاتی هۆلۆکۆستدا، جولەکەکانیان گرت و دوورخستەوە و هەموو ئەوەش بە یارمەتی پۆلیس فەرەنسی و دەسەڵاتی فەرەنسا ئەنجام درا. هەروەها هەندێکی تر هێشتاش بە ڕاستەوخۆی کۆمەکی تاوانباران دەکەن، وەک چۆن هەندێ لە

ڕێکخراوە نێوخۆییەکان و دانیشتوانە خۆجێیەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات، لە کاتی کۆمەڵکوژی جولەکەکان، کردیان.

**ئەوانەی کە فریای قوربانی دەکەون:**

دەشێ ئەو کۆششانەی بۆ فریاکەوتنی قوربانییەکان دەکرێن لە هەوڵی تاکەکەسییەوە سەرچاوەیان گرتبێت، بەهۆکاری پەیڕەویکردنی بەهای ئیتنیکی و ئەخلاقی. ئەم جۆرە هەوڵانە مەترسی گەورەیان بەدواوەیە و لە هەندێ دۆخدا مەترسی مەرگیان هەیە. گرنگە جەخت بکەینەوە لەوەی کە ژمارەی ئەوانەی یارمەتی قوربانییەکان دەدەن، زۆر کەمن لەناو لێماوەکەی تری جیهان، ئەوانیش چاکەکانی ناو نەتەوەکانن لە دۆخی هۆلۆکۆستدا.(دواکتێبی ئەم زنجیرەیە، "بۆیە نەمویست لە بێدەنگەکان بم"، تیشکێکی قووڵ دەخاتە سەر چاکەکانی نێو نەتەوەکان.)

**تەماشاکاران**

ئەوانەی کە بێدەنگ دەمێننەوە و بێباکن لە ڕوودانی جینۆسایدی ئەنجامدراو، ژمارەیەکی زۆر زیاترن لە هەردوو گروپەکەی تر. لە هەندێ دۆخدا تەماشاکارانی نێوخۆیی کە ئەندامی هەمان کۆمەڵن کە کۆمەڵکوژییەکەی تێدا ئەنجام دراوە، جیادەکرێتەوە لە تەماشاکارانی دەرەکی کە ئەندامی هەمان کۆمەڵ نین.

دەتوانین بڵێین لەبەر بێجوڵەیی تەماشاکاران، بێ ئەوەی مەبەستیان بێت یارمەتی تاوانبارانیان داوە نەک قوربانییەکان، چونکە ئێمە کە دۆخی بێهەڵوێستی هەڵدەبژێرین، ئەوە لایەنی تاوانبارانی جینۆسایدمان گرتووە. لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە، ناکرێت لە کاتی ڕوودانی جینۆسایددا دەستەوئەژنۆ بمێنینەوە، ناشکرێت ئەو پاساوە باوە پەسەند بکەین کە دەوترێت"هیچ ناکرێت بۆ وەستاندنی" یان"شتی وا هەر ڕوو دەدات". وەک چۆن لە ئینجیلدا فێردەکات: بە نادادپەروەری نادادپەروەری ناوەستێت، تەنیا بەوەی پیشانی کەسێکی تری بدەیت. "وەک تەماشاکەر ڕامەوەستە بە دیار خوێنی دراوسێکەتەوە" ((Leviticus 19:16).

لە کتێبەکەیدا بەناوی(زەبری دەروونی و چارەسەریی: لە توندوتیژی خێزانییەوە بۆ تیرۆر)، پرۆفیسۆری دەروونناسی ئەمریکی خاتوو یودیث لویس هێرمان، کاریگەری جۆرەکانی توندوتیژی (لە توندوتیژی خێزانییەوە تا تیرۆریزمی سیاسی)، لەسەر سەربازە جەنگاوەرەکانی پێشوو، ڕزگاربووانی هۆلۆکۆست، زیندانیانی جەنگ، ژنانی قوربانی توندوتیژی

خێزان، قوربانیانی زینای ناوماڵ، شی دەکاتەوە. بە پێی ئەو(کاردانەوەی ئاسایی بۆ ئەو کارە زۆر دژوارانەی بەسەریان هاتووە) ئەوەیە کە لە هۆشی خۆیانی بەرێتەوە، هەندێ لەو تووندوتیژی و فشارە کۆمەڵایەتییانە دەربڕینیان بە دەنگی بەرز ئەستەمە، ئەوەیە کە بە وشەی"لەدەربڕین نەهاتوو" ناوی دەبەین.

لەئەستۆگرتنی ئەو زەبروزەنگە ڕەت دەکرایەوە. ئارەزووی نکۆڵیکردن لە زەبروزەنگ چەند بەهێز بێت، هێندەش باوەڕهێنان بەوەی نکۆڵیکردن کار ناکات، بەهێزە. پەندێکی باو هەیە لە ناو خەڵکد دەگوترێت: خێوەکان لە گۆڕەکانیاندا ناحەسێنەوە تا چیرۆکەکانیان نەگێڕدرێتەوە. وەبیرهاتنەوە و گێڕانەوەی ڕاستی لە بارەی ڕووداوەکانی زەبروزەنگەوە، مەرجێکە بۆ گێڕانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و چاکبوونەوەی قوربانییەکان. بۆ توێژینەوەی"زەبری دەروونی" پێویستە ڕووبەڕووی ئەو لاوازییەی مرۆڤ ببینەوە لە جیهانی سروشتدا و ئەو توانای خراپەکارییەی کە لە سروشتی مرۆڤدا هەیە. کە لە زەبری دەروونی بکۆڵیتەوە، مانای ئەوەیە گەواهیدەری ڕووداوی دژوار بدوێنیت. کاتێ ڕووداوەکان کارەساتی سروشتین یان ئیرادەی خودان، ئەوانی کە گەواهی دەدەن زۆر بە ئاسانی دەبنە هاوسۆزی قوربانی، بەڵام کاتێ گەواهیدەری ڕووداوی مرۆڤکرد بێت دەکەونە نێو ململانێی نیوان قوربانی و تاوانبارەوە. لە رووی ئەخلاقییەوە لە کاتی ململانێدا ناتوانی بە شێوەیەکی سروشتی بمێنیتەوە. تەماشاکەران ناچارن لایەنێک بگرن. زۆر شەرمەزارییە لایەنی بکوژ بگرین. هەموو بکوژێک داوا لە تەماشاکار دەکات هیچ شتێک نەکات. بە پێچەوانەشەوە، بانگەوازێکی گەردوونی هەیە بۆ بینین، بیستن و وتن، قوربانی بە پێچەوانەوە داوا لە تەماشاکار دەکات بەشدار بێت، کارێ بکات، وەبیری بێتەوە.[53]

---

[53] Judith Lewis Herman, *Trauma and Recovery: The Aftermath of Violence — From Domestic Abuse to Political Terror* (New York: Basic Books, 1997), pp. x, 7-8.

چۆن و بۆچی تاکەکان و گروپە بێلایەنەکان بە بێباکی لەبەردەم زەبروزەنگ و خراپەکاریەکاندا، دەمێننەوە؟ ئەوە پرسیارێکە ناتوانرێت بەرسڤی بدرێتەوە، لە دۆخی شیکاری دۆخی تاکەکاندا نەبێت.

---

ئایا تەماشاکار بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت؟ یان ئایا لۆمەدەکرێت لەسەر کردەکانی جینۆساید؟ با بابەتی قسەبکەین، ئایا ئێمە لایەنی بکوژانمان نەگرتووە کاتێ ئێمە رێگەی بێمەترسی و گونجاو هەڵدەبژێرن و سازش لەسەر ویژدان و ئەخلاقمان دەکەین و لە رووی جینۆسایددا بە بێدەنگی دەمێنینەوە؟

---

بە پێی فێن، کۆمەڵێ هۆکار ئەگەری ڕوودانی جینۆساید زیاد دەکات:
- توانای تاوانباران بۆ بەنهێنی ئەنجامدانی
- شکستی لایەنی سێیەم(لایەنی دەرەکی) لە تێگەیشتن لە سروشتی تاوانەکە.
- ناتوانایی قوربانییەکان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و لادانی ئەو پەڵەی شەرمەی کە بە رووپانەوە نراوە وەک تاوانبار، هەروەها هەڵگرتنی بڕێک لە گوناهی ئازاردانیان(لۆمەکە دەخرێتە سەر قوربانی).
- ناتوانایی قوربانی بۆ گرتنەبەری رێکاری پێویست لە دژی تاوانبار، کە ئەمەش لە لاوازییانەوە سەرچاوەی گرتووە.
- نەبوون ئارەزووی بەهێز لای لایەنی سێیەم بۆ سەپاندنی سزا بەسەر تاوانباراندا.

---

ئەو فاکتەرانەی کە ئاسانکاری دەکەن لە ڕوودانی کردەی جینۆساید(بە ناتوانایی قوربانی بۆ بەرگریلەخۆکردنیشەوە) کاریگەری هەیە لەسەر لێپرسینەوەیان لە دوای بەڵگەکان، ئەگەر بکرێت، ئایا تاوانباران دەناسرێنەوە؟ ئایا تۆمەتبارکران و سزا دران؟

---

پرسیاری ئازاردەر ئەوەیە، کە دەشێ وەڵامێکی رازیکەری نەبێت، چۆن کەسانێ دەتوانن ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر مرۆڤ بکوژن؟ لە هەوڵی

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا ئەو مشتومڕە هاتە ئاراوە کە ئەو کوشتنانەی لەم جۆرەن ناتوانرێت ئەنجام بدرێت ئەگەر قوربانییەکان وەک نامرۆڤ دانەنرێن. ئەندامانی گروپێک ناتوانن هەموو ئەندامانی گروپێکی تر بکوژن ئەگەر گروپی بەقوربانیکراو وەک مرۆڤ بە مانای مرۆڤ نەهاتوونەتە ناساندن. بەڵگەی ئەوە هەیە لەسەر ئەوەی جینۆساید دژی ئەو کەسانە کراوە کە بە یەکسان نەبینراون لەگەڵ گروپی تری کۆمەڵدا. بەم رێگەیە، گروپی قوربانی تەنها ژێردەستەی گروپێکی کۆمەڵایەتی تر نین، بەڵکو لە لایەن پەلامەردەرەکانیانەوە وەکو نامرۆڤ پێناسەکراون. لە پێش جینۆسایددا ئەنجامدەرەکان هەنگاوی ئەوە دەگرنەبەر کە قوربانییەکان بە بێنرخ، بێگانەی دەرەکی، هەرەشە بۆ سەر بوون، وێنا بکەن و هەروەها وەک کۆمەڵێکی فێڵباز و بێڕەوشت دەیانناسێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەڵمەتە ئاراستەکراوە بۆ ناوزڕاندن و داماڵینیان لە مرۆڤبوون، هێشتاش هەندێ جار زۆر سەختە باوەڕ بکەیت ئەفسەر و کارمەندی ئاسایی و خەڵکی شەقام بتوانن خەلکی بێبەرگری بکوژن. بۆ ئەوەی ئەوە بکەن، ئەنجامدەرانی تاوان هەڕەشە دەکەن و کەڵکئاوەژوو لەو کەسانە وەردەگرن کە نەخۆشی عەقڵییان هەیە و لە ڕوو زیهنییەوە ناتەواون و دەتوانن ئازاری خەڵک بدەن.

وەک دەبینین، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لێکۆڵینەوە کە لەم چەند دەیەی دواییدا کراون ئاماژە بەوە دەکەن کە لە زۆربەی کاتدا زۆر قورس نییە باوەڕ بەوە بهێنین رۆژێ لە رۆژان مرۆڤی ئاسایی وا لێبکرێت کردەوەی "کوشتنی لەم جۆرە" ئەنجام بدات. نموونەیەکی ئەمە، لێکۆڵینەوەیەکی دانیال.ج. گۆڵدهاگن کە گریمانەی ئەوە دەکات ریزەکانی هیتلەر"جەلادی ئامادە"ی لە"خەڵکی ئاسایی ئەڵمانیا" تێدا بووە، کە ئارەزووی بەشداریکردن لە کوشتنیان هەبووە.[54]

[54] Daniel J. Goldhagen, *Hitler's Willing Executioners: Ordinary Germans and the Holocaust* (New York: Knopf, 1996).

لێکۆڵینەوەیەکی تر؛ کە لە لایەن کرستۆفەر.ر. برۆنینگ ئەنجام دراوە، ئەوە دەخاتە ڕوو، ئەنجامدەرانی تاوان"پیاوی ئاسایی" بوون، خەڵکی وەکو من و تۆ بوون.[55]

لێکۆڵینەوەکەی ڕۆبەرت لیفتۆن لە بارەی دکتۆرە نازییەکان، دیسانەوە ئەو پرسیارە ئاڵنگاریئامیزە دەوروژێنێت کە چۆن کەسانێک ڕۆڵیان ئەوەیە ئازاری مرۆڤ کەم بکەنەوە، دەتوانن وا زوو بگۆڕێن و ببن بە بکوژ.[56]

بە پێی چاڵک و جۆناسۆن، ئەمە سەرسوڕهێنەر نییە، چوون جینۆساید هەمیشە لە لایەن ڕژێمێکی ناوەندگەراوە ئەنجام دەدرێت. تەنیا کاتێ ئەم کردەوانە ئەنجام نادرێن، کە گروپەکە لە ژێر پەلاماری کەمتردا بن، وەک هەندێ لە گروپەکانی ئەفریقیا کە لە لایەن سپیپێستەکانەوە لە ناو بران.[57]

هەموو وڵاتانی دنیا بێباک مانەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵکوژی، وڵاتە زلهێزەکانی وەک ئەمریکا ڕێزپەڕ نەبوو. لە لێکۆڵینەوەکی کاریگەردا، راوێژکارێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سامانثا پاوەر، هەڵوێستی ئەمریکا شی دەکاتەوە لە بەرامبەر کردەی جینۆسادەکانی کە لە سەدەی بیستەم ڕووی داوە، لەناو ئەوانەدا جینۆساید ئەرمەنەکان، هۆلۆکۆست، جینۆسایدی کۆلۆمبیا، یۆگسلافیا، ڕواندا و بەشەکانی تری جیهان. "چی شتێ شۆکئاوەرە؟" لەوەدا کورتی کردەوە کە" بڕیاربەدەستانی ئەمریکا نزیکەی هیچ شتێکیان نەکرد بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو تاوانە، چونکە "بەرژەوەندی زیندووی نەتەوەیی" ئەمریکا نەکەوتە بەر مەترسییەوە، بۆیە بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا بایەخیان نەدا بە جینۆساید.[58]

هۆیەکی ئەوەی کە کێشەی جینۆساید لە سەرووی لیستی بایەخی سیاسەتمەدارە ئەمریکییەکان نەبوو(سیاسەتمەداری وڵاتانی تریش، لەم پرسەدا) ئەوەیە کە ئەم پرسە جێگەی بایەخی خەڵکی ئەمریکا نەبوو، بۆیە(ململانێکانی ئەندامانی

[55] Christopher R. Browning, *Ordinary Men: Reserve Police Battalion 101 and the Final Solution in Poland* (New York: Harper, 1993).

[56] Robert J. Lifton, *The Nazi Doctors: Medical Killing and the Psychology of Genocide* (New York: Basic Books, 1986).

[57] Chalk and Jonassohn, *The History and Sociology of Genocide*, p. 28.

[58] Samantha Power, *"A Problem from Hell": America and the Age of Genocide* (New York: Basic Books, 2002), p. 504.

کۆنگرێس لە دژی بێباکی نێونەتەوەیی بەرامبەر بە جینۆسایدی ڕواندا(بە هەمان شێوە ئەندامانی کنێستی ئیسرائیل) لە دژی سیاسەتی حکومەتی وڵاتەکەیان، هیچ کاریگەرییەکی نەبوو لەسەر ژیانی سیاسییان و هیچ کاری نەکردە سەر دووبارە بەربژێرکردنەوەیان لە هەڵبژاردندا.

## جینۆساید وەک پرۆسە

دەکرێت لە جینۆساید وەک زنجیرەەک قۆناغی یەک لەدوای یەک تێبگەین. ئەگەرچی ناکرێ هەر یەک لە قۆناغەکان بە تەنیا بە جینۆساید پێناسە بکرێت، هەر قۆناغێک پەیوەندی توندوتۆڵی بەویترەوە هەیە، ئەگەر هیچ نەکرێت بۆ ڕێپێگرتنی، ئەوە جینۆساید لە کۆتایدا دەبێتە دەرەنجام.

**پۆلێنبەندی:**

لە هەموو زمانەکان و هەموو کولتوورەکاندا، مرۆڤ پۆلێنبەندی دەکات و شتەکان دابەش دەاتە ەر جۆری جیاواز. پۆلێنبەندی ئیتنیکی هەندی جار لە میانەی وردەکاری بونیادییەوە کراوە، وەک ئەوە یاساکانی نۆرمبێرگ لە ئەڵمانیای نازی و یاسای ئەپارتید لە باشووری ئەفریقیا. وڵاتە نەژادپەرستەکان سنووردار یان قەدەغەی تێکەڵاوبوونی گروپەکانی ناو کۆمەڵ دەکەن. ئەو کۆمەڵگانەش کە دەناڵێنن بەدەست دابەشکاری دووجەمسەرییەوە، زیاتر ئەگەری ڕوودانی جینۆسادیان تێدا هەیە.

**هێماگەری:**

ئاماژەدانە بە ئایین، ڕەنگی پێست، شێوەی لووت، شێوازی جلوبەرگپۆشین، هیتر لە سیفەتەکانی تری مرۆڤ. مرۆڤ مەیلی ئەوەی تێدا هەیە کە ناو و هێمایەک بۆ خۆی و ئەو گروپەی تێیدا پۆلێن کراوە، هەڵبگرێت. ئەو رژێمانەی کە جینۆسایدیان ئەنجام داوە، کاتی لە کاتەکان ئەو گروپانەیان ناچارکردووە بە هەڵگرتن یان لەبەرکردنی سیمبولێک خۆیان بناسێنن. بێگومان ناسراوترین نموونەش(هەڵگرتن یان پۆشینی ئەستێرەی زەردی داود بوو کە نازییەکان جولەکەکانی ئەڵمانیان ناچاری پۆشینی کردبوو.)

**ڕێکخراو:**

جینۆساید هەمیشە تیمکارییە. ئەگەرچی ڕێکخستن و شێوازەکانی کوشتن زۆرجار ئەوەندە پێشکەوتوو و گەشەسەندوو نییە، وەک ئەوەی لە رژێمی نازیدا هەبوو، بەڵام بە بێ ڕێکخراو هەرگیزئەنجام نادرێت. بەم هۆیەوە

پێویست نییە سەرمان سوڕبمێنت کە جینۆساید لەناکاو ناکرێت، کۆمەڵکوژیی لە لایەن حکومەت و دامەزراوەکانی سوپاوە ئەنجام درابێت.

**جەمسەرگیری:**

ئەو گروپانەی جینۆساید ئەنجام دەدەن، ئامادەکاری ئەوە دەکەن کە ڕووبەری نێوان ئەندامە شەرعییەکانی کۆمەڵ و قوربانییەکان زیاد بکەن لە ڕێگەی لەناوبردنی جەستەیی پارتە بەرهەڵستکارەکان و ناوەندە میانرەوەکانی کە بەرهەڵستی کۆمەڵکوژیی دەکەن.(بۆ نمونە گرتن و کوشتنی ئەندامانی پارتە بەرهەڵستکارەکان). لەمەوە جەمسەرگیریی ڕادیکالانە دروست دەبێت و لە کۆتاییشدا خوێنڕشتنی زۆر دێتە ئاراوە. لە میانەی توندوتیژی نێوان هۆتوو و تووتسی لە ڕواندا و بروندی، هەر لایەک خولێکی تۆڵەسەندنەوەیان دەست پێکرد تا لە کۆتاییدا بەرەو کوشتاری بردن. لە میانەی جینۆسایدی ڕواندای ساڵی ١٩٩٤، هووتووەکان تووتسییەکانیان و هووتووە میانڕەوەکانیشیان دەکوشت، ئەوانەی بەرهەڵستی کوشتار بوون.

**ناسینەوە:**

لە میانەی یان ڕاستەوخۆ لە کاتی کۆمەڵکوژیدا، ئەنجامدەران دەستدەکەن بە ئامادەکردنی لیستی ناوی قوربانییەکان(وەک تێبینیمان کرد قوربانییەکان یەکەمجار پۆلێن کران، ئینجا هێمایان بۆ دانرا، دواتر لە مرۆڤایەتی داماڵدران). دوای ئەوە قوربانییەکان هێمایەکی دەرەکییان پێ هەڵدەگیرێت وەکو چۆن جولەکەکان ئەستێرەی زەردی داودیان پێ هەڵدەگیرا، هەروەها ماڵەکانیان به هێمایەک دەستنیشان دەکرێت بۆ ئەوەی بکوژرێن. ئەم کردەی ناسینەوەیەی تاوانباران ئامادەکاری بۆ دەکەن، وا دەکات لەناوبردنەکە بە شێوەیەکی کارامەتر ئەنجام بدەن.

**لەناوبردن:**

هەنگاوی کۆتایی کوشتنی کردارییە. بەکارهێنانی وشەی (لەناوبردن) لەجیاتی(کوشتن) جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی تاوانباران وەک مرۆڤ تەماشای قوربانییەکان ناکەن.

# نکۆڵیکردن لە جینۆساید

خەباتی مرۆڤ لە دژی دەسەڵات وەک تێکۆشانی یادگایە لە دژی بیرچوونەوە.

میلان کۆندرا[59]

پلانێکی تۆکمەم لە مێشکی خۆمدا دانا، لەناویدا ئەوە هەبوو بتوانم پەژراندنی تورکیا [لەسەر رێککەوتننامە پێشنیارکراوەکە یووئێن لەبارە جینۆساید] بەدەست بهێنم، لە بیست دەوڵەتە دامەزرێنەرە یەکەمەکانی، بەڵام دەمزانی لەم گفتوگۆیەدا هەردوو لایەن دەبێت لەباسکردنی یەک شت خۆ ببوێرن، کە هەردەم لە بیریشیاندایە، ئەویش جینۆسایدی ئەرمەنەکانە.

رافائیل لیمکین[60]

لە سێ دەیەی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە لەسەر جینۆساید و نکۆڵیکردن لە جینۆسایدەکان، ئەنجام دران. لە نیویاندا لەسەر هۆلۆکۆست. توێژەرانی جینۆساید، نکۆڵیکردن وەک قۆناغی کۆتایی ئەو جینۆسایدانە دادەنێن کە لە لایەن ئەنجامدەرانی تاوانەکەوە بە "سەرکەوتوو" دەزانرێن. هەوڵ دەدەن دوای ئەنجامدانی تاوانەکە نکۆڵی لێبکەن، یان لای کەم بچووکی بکەنەوە و لە بایەخ و جیدیبوونی کەم بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئۆباڵ بخەنە سەر خوودی قوربانیەکان و لە بەرپرسیارێتی ڕابکەن، یان لای کەم رێکاری وا بگرنەبەر زامنی ئەوە بکەن نە خۆیان و نەش دەوڵەت و کۆمەڵگەی کۆمەڵکوژی تیائەنجامدراو، تۆمەتبار نەکرێن. نەوەکانی ئێستا شاهێدی نکۆڵیکردنی هۆلۆکۆستی جولەکەکان و تاوانی کۆمەڵکوژییەکانی ترن کە لە کاتی جەنگدا ئەنجام دراون. جینۆسایدی ئەرمەنەکان (لە لایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیاوە، کە ئێستا نکۆڵی لە تاوانەکانی باوباپیرانیان

---

[59] Milan Kundera, *The Book of Laughter and Forgetting*, trans. Aaron Asher (New York: HarperCollins, 1996), p. 4.

[60] بە تەواوی نافەرمییە ئەمەی رافائیل لیمکین، لە بیرەوەرییەکانیەوە وەرگیراوە، هەروەها لە هەندێ وتار و دەستنووسەکانییەوە کە کەم کتێب ئاماژەیا پێ کردووە.

دەکەن)، جینۆسایدی ئەمریکییە ڕەسەنەکان، جینۆسایدی ئابوریجینەکان لە ئوسترالیا، هەروەها جینۆسایدەکانی ئەم دواییەی یۆگسلافیا، ڕواندا، تیموری ڕۆژهەڵات، لەوەش زیاتر کەیسەکانی جینۆسایدی هۆلۆکۆست و ئەرمەنییەکان، بوونە بابەتی پێداچوونەوەی مێژوویی.[61]

نکۆڵیکردن لە جینۆساید دەشێ لە چەند هۆکاریکەوە سەرچاوە بگرێت. هەندێکیان سروشێکی گەردوونییان هەیە، چونکە مرۆڤ توانای ئەوەی نییە باوەڕ بکات کە شتی ئەوەندە دڕندانە و مەترسیدار لە لایەن مرۆڤەوە ئەنجام بدرێت. لە ساڵی چارەنووسسازی ١٩٤٢ دا یەکەمین ڕاپۆرتەکان لە بارەی ئۆردوگاکانی مردنی نازییەکان بڵاوبوونەوە. سەرەڕای ئەوەی ناڕوون و ئاڵۆز بوون، یەک بەویترەوە پەیوەست بوو، بە هەموویانەوە وێنەیەکی ئەوەندە سامناک و دڕندانەیان پیشان دەدا کە جەماوەر بە حوکمی دژواربوونەکەی، نەیدەتوانی باوەڕیان پێبکات. شایانی تێبینیکردنە کە پیاوانی دەسەڵات، پیاوانی ئێس ئێس، بە تایبەت ئەوانەی هێزی ئاسایشی کەمپەکان بوون ئەم نکۆڵیکردنەیان تۆخ دەکردەوە کە لە یادگای قوربانییەکاندا بوون، بەوەی هۆشدارییان پێدەدرا کە نابێت بیانگێرنەوە. لەناو ئەوانەدا سیمۆن ویستندال "بکوژەکان لەناومانن" دەڵێت:

> هەرچۆنێک بێت ئەم شەڕە کۆتایی دێت. ئێمە لە دژی ئێوە شەڕەکە دەبەینەوە. کەستان نامێننەوە بۆ گەواهیدان، تەنانەت ئەگەر یەکێکیشتان دەربازی بێت، جیهان باوەڕی پێ ناکات. دەشی گومانێ، گفتوگۆیەک لە لایەن مێژوونووسانەوە بوروژێندرت، بەڵام قەت دڵنیایی لەبارەیەوە بەدەست نایەت، چونکە بەڵگەکان لەگەڵ خۆتان لەناودەبەین. تەنانەت ئەگەر هەندێ بەڵگەش مایەوە، یان هەندێکتان لە ژیان مانەوە، خەڵک دەڵێن ئەو ڕووداوانە خەیاڵیین و ئەفسانەن، بۆیە باوەڕتان پێ ناکەن: دەڵێن ئەوە زێدەڕۆیی پڕوپاگەندەی

[61] پێداچوونەوەی مێژووی شوازێکە مێژوونووسان پەیڕەوی دەکەن بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان و لێکدانەوەی نوێ بۆیان. لەهەمان کاتدا سەبارەت بە هۆلۆکۆست و جینۆسایدی ئەرمەن، ئامانجی ئەوەیە پرسیار و گومان بوروژێنێت سەبارەت بەو بڕوا و بەند و باوانەی کە خەڵکانێک سەبارەت بەو ڕووداوانە، لە ئەنجامی زانیاری سنوورداریانەوە، دەریدەبرن.

هاوپەیمانەکانن و باوەڕ بە ئێمە دەکەن نەک ئێوە. ئێمە ئەو کەسانە دەبین کە مێژووی کەمپەکان دەنووسینەوە.[62]

لە کتێبی "شامپانزی سێیەم"دا لە نێو شتەکانی تردا، دیاردەی جینۆسایدیش لە مێژووی مرۆڤدا و دەگمەنێتی ئەو رووداوانەی سەدەی بیستەم، دەخریتە روو. جەیرد دیامۆند، جەخت دەکاتەوە کە نکۆڵیکردن لە پلەی یەکەمدا دەرەنجامی فاکتەرە دەروونییەکانە. جینۆساید دەبێتە هۆی زیانگەیاندنی دەروونی توند بە هەردوولا، قوربانییەکان و ئەنجامدەرانی تاوانەکە، هەروەها بە قووڵی دەروونی ئەوانەش برینداردەکات کە گوێیان لێ دەبێت. ئاکامی ئەمەش، بێدەنگی و نەتوانینی قسەکردن لەسەر رووداوەکان و دەرەنجامەکانیانە.

ڕادەی نکۆڵیکردنی تاکەکەس و گشتی، دەکرێ زۆر لەوەش زیاتر بێت کە بمانەوێت ددانی پێدا بنێین. ستانلی کوهین[63] ئاماژە بەوە دەدات، هەندێ جار کاردانەوەکە جگە لە "نکۆڵیکردنێکی بێگوناهانە" هیچی تر نییە. هەروەها سۆسیۆلۆژیای فەرامۆشکردن کە لە لایەن ئامۆس فەنکستاین و شتێنسالتز نووسراوە[64]. سۆسیۆلۆژیای فەرامۆشکردن وێنەیەکی دەقاودەقی سۆسیۆلۆژیای زانیاری نییە. فەرامۆشکردن دۆخێکە بە مەبەستەوە بەرهەمهێنراوە و لە لایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەپارێزرێت.

هەندێ هۆکاری دەگمەنی تریش هەن بۆ نکۆڵیکردن لە جینۆساید. ئەنجامدەرانی جینۆسایدەکانی ڕابردوو نکۆڵی لە کردەوەکانی خۆیان دەکەن تا خۆیان لە بەرپرسیارێتیەکەی لا بدەن. سەبارەت بە لایەنە سێیەمەکان، پاڵنەرێکی سەرەکی لە پشتی نکۆڵیلێکردنی جینۆساید، خواستی خۆدوورخستنەوەیانە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و شکستی ئەوان لە ڕێگرتن لە ڕوودانی جینۆسایدەکان. ئیدارەی کلینتۆن لە ئەپریل تا ئۆکتۆبەری

[62] Simon Wiesenthal, *The Murderers Are Among Us* (McGraw-Hill, 1967), paraphrased in Primo Levi, *The Drowned and the Saved*, p. 11.
[63] Stanley Cohen, *States of Denial: Knowing about Atrocities and Suffering* (London: Polity Press, 2001.

[64] Amos Funkenstein and Adin Steinsaltz, *The Sociology of Ignorance* (Tel Aviv: Broadcast University and Ministry of Defense, 1987) [Hebrew].

ساڵی ١٩٩٤ ڕەتی کردەوە کوشتارەکانی ڕواندا بە جینۆساید بناسێنێت، هۆکارەکەیشی بۆ خۆلادان بوو لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و بەشداریکردنی ئەو هەوڵانەی کە بۆ ڕێپێگرتن و سزادانی تاوانبارەکان دەدران.[65]

ئەدەبیاتی ئەکادیمی لەسەر هۆلۆکۆست و جینۆساید و کوشتارە گەورەکان، بایەخی زۆر دەدات بە ڕەفتاری ئەنجامدەرانی تاوان و لایەنە سێیەمەکان کە بە دۆشداماوی بەدیار کردەی جینۆساید و نکۆڵیلێکردنیەوە وەستان. هەرچۆنێک بێت، توێژینەوە تەواوکراوەکان و تیشک هاویشتنە سەر کردەوەکانی تاکەکان و دامەزراوەکانی کە بەشدارییان لە نکۆڵیکردن لە جینۆساید کردووە، تەنیا لەم سێ دەیەیەی دواییدا دەستی پێکرد.

تەنیا یەک ڕوونکردنەوە لە ئارادا نییە بۆ هۆکارەکانی نکۆڵیکردن لە جینۆساید و پرۆسەی نکۆڵیکردنەکە خۆی و تێگەیشتنی ئێمە بۆ پەلوپۆهاویشتن و زیانەکانی نکۆڵیکاری، بۆ ئەوەی توانای وەسفی هەڵوێستەکانی تێوەگلاوان لە تاکەکان و دامەزراوەکان، بکەین، دەتوانین قسە لە سەر سێ جۆر نکۆڵیکردن بکەین: نکۆڵیکردنی ئاگایانە، نکۆڵیکردنی ئاشکرا و پیشەمەندانەی داپۆشراو بە تێگەیشتنێکی دروستکراو بۆ بابەتەکە، هەروەها نکۆڵیکردنی لە ساویلکەییەوە سەرچاوەگرتوو لە هەوڵی پشتگیرکردنی دوو جۆرەکەی تری نکۆڵیکردن.
ئیسرائیل چارنی پێشنیاری سیستەمێکی فراوان بۆ پۆلێنکردنی نکۆڵیکاران لە جینۆساید، دەکات، لەسەر بنچینەی دوو توخم:
١/ ئاستی جیاوازی زانیاری نکۆڵیکاران، کە لە نێوان نەزانی تەواو و زانیاری تەواو لەسەر جینۆسایدەکەدایە.
٢/ هەڵوێستە جیاوازەکانی نکۆڵیکاران، کە لە نێوان ڕەتکردنەوەی ئاگایانە، شەرمەزارکردن، ڕەخنەلێگرتن، هاندانی ئاشکرا یان نهێنی و ئاهەنگگێڕانی بێفەڕانە بۆ جینۆساید دایە.
چارنی گفتوگۆ دەکات و دەڵێت، هەندێ لە نکۆڵیکاران دەرک بەوە ناکەن کە جینۆسایدێک بە کردەوە ڕوویداوە. ئەو جۆرە ناو دەنێت "نکۆڵیکاری

[65] Douglas Jehl, "Officials Told to Avoid Calling Rwanda Killing Genocide," *New York Times*, 10 June 1995; Samantha Power, "Genocide and America," *The New York Review of Books*, 49 (14 March 2002).

بێگوناه"[66] جەخت دەکاتەوە نکۆڵیکاری بێگوناهانە زۆر لەوە فراوانترە کە بیری لێدەکەینەوە.
هەروەها ڕوونیشی دەکاتەوە کە ئەمە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە ئارەزووی خەڵک بۆ بێدەنگ مانەوە و گێڕانی ڕۆڵێ کە وا بکات ئەگەری ڕوودانی جینۆساید لە کۆمەڵگەکەیدا هەبێت، بە بێ تێگەیشتن لە مەغزای تەواوی کردەی لەناوبردن کە ئەوان بەو بێدەنگییە پشتیوانی دەکەن. جۆرێکی ئاشکرا لە "نکۆڵیکردنی بێگوناهانە" لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕێگە بە نکۆڵیکردنی کۆمەڵکوژی بدرێت لە سەر بنچینەی ئازادی ڕادەربڕین، کە ئەمە ڕێگەخۆشکەرە بۆ لایەنگرانی نکۆڵی بۆ چوونە نیو هەرێمی دانیشتگاکان و ڕاگەیاندنەکان و کەناڵەکانی ترەوە. ئەم جۆرە لە نکۆڵیکاری جینۆساید، شایستەی بایەخی گەورەن، چوون پروپاگەندەچییەکانی نکۆڵیکردن بە مەبەستەوە بەم ئاراستەیە بانگەشە دەکەن و خۆیان وەک نکۆڵیکاری بێگوناه پیشان دەدەن. بۆ ئەو جۆرە تاکانە، مشتومڕی ئازادی ڕادەربڕین و "مافی نوێنەرایەتیکردنی لایەنەکەی تر" گرتنەبەری ڕێگەی پێشکەوتووە بۆ خستنی نکۆڵیکاری بۆ ناو بازنەکانی ئەکادیمی.
جۆرێکی تر لە نکۆڵیکاریی بە پێی چارنی" پێناسەخوازیی"یە، کە پێناسەیەکی بەرتەسک بەکاردەبەن بۆ جینۆساید کە نمونەگەلی تایبەتی جینۆساید نەگرێتەوە. لە کۆتاییدا؛ " ڕێپێگرتنێکی بەردەوام هەیە لەسەر هەر گەلێک بەوەی کۆمەڵکوژییەکەی کەبەسەر ئەودا هاتووە شێوە ڕاستەقینە و تاقانەکەی کۆمەڵکوژییە و ئەو تاوانانەی کە بەسەر کەسانی تردا ئەنجامدراون تاوان و مەرگەساتی کەمترن."[67]

[66] Israel W. Charny, "Innocent Denial of Known Genocide: A Further Contribution to the Psychology of Denial of Genocide," *Human Rights Review* 1 (2000), pp. 15-39

[67] Israel W. Charny, "The Psychology of Denial of Known Genocides," in Charny (ed.), *Genocide: A Critical Bibliographic Review II* (New York: Facts on File, 1991), pp. 3-7; Charny, "Commonality in Denial: Classifying the Final Stage of the Genocide Process," *International Network on Holocaust and Genocide* 11 (1997), pp. 4-7.

له وتاره پرشنگدارەکەیاندا،[68] هەرسێ لێکۆڵەری جینۆساید، روگەر سمیز، ئێریک مارکوسین و رۆبەرت ج لیفتۆن، ئەم پاڵنەرانه بۆ نکۆڵیکردن له جینۆساید لای ڕووناکبیران، پۆلێن دەکەن:"ئایدۆلۆژیای خزمەتیخۆکردن، توندڕەوی، خۆپێناسەکردن لەگەڵ دەسەڵاتدا، تێگەیشتنی تایبەت بۆ مەعریفە. مەرجیش نییه تەنیا له سەر بنچینەی یەکێ لەم پاڵنەرانه نکۆڵیککارییەکه بنیات بنرێت، له هەر تاکێکدا ئەمانه دەگۆرێن. ئەگەر ئێمه فۆکەس نەخەینه سەر ناوەڕۆکی پاڵنەرەکه و بیخەینەسەر شێوەی "ئایدۆلۆژی"یەکه، هەروەها پاڵنەرەکانی نکۆڵیکردن لەو دوو کەیسەی هۆلۆکۆست و جینۆسایدی ئەرمەنەکان، کۆمەڵێ خاڵی هاوبەش دێنەدەست.[69]

سمیز، مارکۆسین و لیفتۆن تێبینی ئەوەیان کرد ئەو لێکۆڵەرانەی که شیکارییان بۆ نکۆڵیکارانی هۆلۆکۆست کردووە، پاڵنەرەکەیان لەوەدا کورت کردۆتەوە که به پلەی یەکەم ئایدۆلۆژی بووە. بۆ نمونه، له ئەزموونی فاورسۆن و پێداچوونەوەخوازەکانی تری فەرەنسایی وەکو پییر ڤدال ناکویت، جەخت دەکەنەوە لەوەی  له کاتێکدا دژه سامییه نەریتییەکان(مۆریسیی)یە فەرانسییەکان مەیلی ئەوەیان هەیە لایەنگری ئیسرائیل بکەن، پێداچوونەوەخوازەکان دژی زایۆنیزمن. [70]

به هەمان شێوە، له ئاماژە به نکۆڵیکارانی هۆلۆکۆست، دێبۆرا لیپستاد له دەرەنجامدا دەڵێت(ڕوونه که نکۆڵیکاران بایەخ نادەنه لیکۆڵینەوە و عەقڵ، زۆرینەیان دژه سامیین و توندڕۆن."[71]

له کاتێکدا سمیز مارکۆسین و لیفتۆن پێیان وابوو ئەو روونکردنەوەیە راستییەکی تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا دانیان به بەشێکیدا نا. تێبینی ئەوەیان

---

[68] Roger W. Smith, Erik Markusen, and Robert Jay Lifton, "Professional Ethics and the Denial of Armenian Genocide," *Holocaust and Genocide Studies* 9 (1995), pp. 1-22.

[69] Ibid., p. 14.

[70] Pierre Vidal-Nacquet, "Theses on Revisionism," in *The Assassins of Memory: Essays on the Denial of the Holocaust* (New York: Columbia University Press, 1992).

[71] Deborah Lipstadt, *Denying the Holocaust: The Growing Assault on Truth and Memory* (New York: The Free Press, 1993), p. 206.

کرد کە دژەزایۆنییەکان هەروەکو هەندێ لە دژەسامییە توندڕەوەکان، نکۆڵی ناکەن لە ڕووداني هۆلۆکۆست.
نکۆڵیکردن لە جینۆساید، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، پشتیوانیکردنە لە جینۆسایدی ئەرمەنەکان، ڕۆمانییەکان و هەر گروپێکی تر. نکۆڵیکردنە لە ڕاستی، ئەمەش ئەتککردنی ئەخلاقە، لە هەندێ کەیسیشدا تاوانێکی یاساییە.
ئەگەرچی خەبات لە پێناوی دانپێدانانی جینۆساید پەیوەست بووە بە ڕووداوەکانی شەستەکان و نەوەتەکان و لە هەندێ کەیسیشدا هی سەد ساڵ پێشتر، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ململانێی نێوان ئێستا و دوارۆژە. ددانپێدانانی ئاشکرا و سزاداني بکەراني جینۆساید مەرجێکی پێویستە بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی جینۆساید لە دوارۆژدا.

## نیشانەکە لەسەر دیوارەکە مایەوە[72]

هۆنراوەی: دەیڤید ئاڤیدان[73]

کەسێ هەوڵیدا نیشانەیەک لەسەر دیوارەکە هەڵکۆڵێت
بەڵام نیشانەکە زۆر تۆخ بوو( یان بە پێچەوانەوە زۆر کاڵ بوو)
بە هەر ڕێژەیەک بێت
نیشانەکە لەسەر دیوارەکە مایەوە.

ئینجا من بۆیاخچییەکم نارد دیوارەکە بۆیە بکات
بەڵام نیشانەکە زۆر ڕووناک بوو.
وەستایەکی گەچکاریم نارد دیوارەکە سواخ بدات
بەڵام نیشانەکە زۆر تۆخ بوو.
بە هەر ڕێژەیەک بێت
نیشانەکە لەسەر دیوارەکە مایەوە.

ئینجا چەقۆی ئاشپەزخانەکەم برد
تا دیوارەکەی پێ هەڵکڕێنم
چەقۆکە ئێجگار زۆر تیژ بوو
هەر دوێنێ زۆر تیژ کرابوو
بەڵام هێشتاش.

ئینجا پاجێکم بە دەستەوە گرت و دەمدا لە دیوارەکە،
بەڵام ڕاوەستام، نەمزانی بۆ
بەڵام لەناکاو هەستم کرد ڕەنگە دیوارەکە بڕوخێت

---

[72] ئەم هۆنراوەیە بە زمانی عیبری نووسراوە و تیپسی کیللەر کردوویەتی بە ئینگلیزی.

[73] دەیڤید ئاڤیدان(١٩٣٤-١٩٩٥) لە ئیسرائیل لە دایک بووە. لە لایەن ڕەخنەگرە ئیسرائیلییەکانەوە بە یەکێک لە سێ دەرکەوتووترین نوێنەرەکان (نەوەی دەوڵەت) دەژمێردرێت. لەم هۆنراوەیەدا ئاڤیدان ئاماژە بە شیعرە بەناوبانگەکەی برێخت دەکات (ئەو نەخشانەی قابیلی دۆزینەوە نین) لەبارەی ئەو هەڵکۆڵینەی کە زیندنییەک لەسەر دیواری بەشەکەی لە سەر دیواری زیندان هەڵیدەکۆڵێت و لە سڕینەوە نایەت.

نیشانەکەش هەرچۆنێک بێت هەر دەمێنێتەوە
بە هەر رێژەیەک بێت
نیشانەکە بەسەر دیوارەکەوە مایەوە.

کاتێ منیان خستە سەر دیوارەکە،
داوام کرد لە نزیکییەوە دامبنێن
بە سینگی خۆم دامپۆشی( کێ دەزانی: دەشی).
کاتێ کە دایانگرتمە خوارەوە، خوێنێکی زۆر رژا
بەڵام لە دواوە،
دەستریژیان دەکرد.

باوەڕم وابوو خوێنەکە نیشانەکە دادەپۆشێت
گەڕی دووەمی دەستڕێژی.
باوەڕم وابوو خوێنەکە نیشانەکە دادەپۆشێت.
بە هەر رێژەیەک بێت
نیشانەکە بە دیوارەکەوە مایەوە.

# ٣
# هۆلۆکۆست و جینۆساید

هەتا ئێرە، ئێمە پێناسە ئەڵتەرناتیڤەکانی دەستەواژەی جینۆساید و ئەو هەلومەرجانەی کە جینۆسایدیان تێدا ڕوودەدات، دۆزییەوە. لە تانوپۆی هەردوو دۆخی نەتەوەیی ئیسرائیل و نێونەتەوەیی دا، پرسیارێکی تر سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە ئایا هۆلۆکۆست بە پێناسەکەی دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە؟ لەم بەشەدا پەیوەندی نێوان ئەو دوو دەستەواژەیە دەدۆزینەوە، وەک لە خوارەوە دەیبینین ژمارەیەک گفتوگۆ و وتوویژ لە نێوان لێکۆڵەرانی جینۆساید و لێکۆڵەرانی هۆلۆکۆستدا هاتووەتە ئاراوە.

لەم چەند دەیەیەی دواییدا؛ دەستەواژەی عیبری بۆ وشەی ئینگلیزی هۆلۆکۆست بە کار برا، بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسی تاڵی جولەکەکانی ئەوروپا، کە لە سەردەمی حوکمڕانی نازیدا، تێی کەوتن. بە پێی ستاندارد، تەنانەت لە فەرهەنگی "شوشان"ی زمانی عیبریدا، مانای دەستەواژەکە بریتییە لە وێرانکردن، لەناوبردن، ڕوخاندن و کارەساتی تراژیدی. وشە عیبرییەکە، چەندین جار لە تەوراتدا دەردەکەوێت، وەک لە ئیسایا ٣:١٠، کە لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەیدا کراوە بە "وێران"، "کارەسات"، "موسیبەت"و "سزا". هەروەها لە سالم ٦٣:١٠ دا ئەویش بە وێرانکردن وەرگێڕدراوە. لە ئەدەبیاتی پێغەمبەردا، ئیسایا، زێڤانیا، وشەی شواه ئاماژەیە بە ئەو مەترسییەی گەلانی دراوسێ دروستی دەکەن یان پەیامی توڕەی ئیلاهی. جۆب ٣:٣ شواه گوزارە لە خەمێکی زۆر قووڵ دەکات، هەروەها ئازاری زۆر ترسناک و کۆژانی فراوان لە چارەنووسی کەسێکدا.[74]
هێندەی ئێمە بزانین، دەستەواژەی(شواه) یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٠ بەکار برا بۆ ئاماژەدان بە چارەنووسی جولەکەکانی ژێردەسەڵاتی نازی، لە پێش

[74] Yehuda Bauer, "Defining the Holocaust: Different Approaches in the Historiography," in *Studies in Historiography*, ed. Moshe Zimmerman, Menahem Stern, and Joseph Salmon (Jerusalem: Zalman Shazar Center, 1987), pp. 245-253 [Hebrew]; Uriel Tal, "On the Study of the Holocaust and Genocide," *Yad Vashem Studies* 13 (1979), pp. 39-43.

دەستپێکی لەناوبردنی پلانبۆداڕێژراو. لە ناملیکەیەکدا بە ناوی "شواە یەهودی پۆلن" واتە(وێرانکردنی جولەکەکانی پۆڵۆنیا)، کە لە لایەن کۆمیتەی یەکگرتووی فریاکەوتنی جولەکەکانی پۆڵۆنیاوە، بڵاوکرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەتا بەهاری ساڵی ١٩٤٢، دەستەواژەکە بەو مانایە زۆر بە دەگمەن بەکاردەهێنرا. لە ڕاستیدا دەستەواژەی عیبری لە سەرەتاوە بەکارهاتوو بریتی بوو لە (هوربان) کە بە مانای (وێرانکردن) دێت، بە دەلالەتە مێژووییەکانی جولەکایەتییەوە(دەستەواژەکە بۆ وێرانکردنی پەرستگا بەکار براوە)، هەروەها لە زمانی یدشی دا بە شێوەیەکی فراوانتر بە(دێر هوربان) بەکار براوە. ئەمە لەو کاتەوە دەستی پێکرد، کە سەرکردە جولەکەکانی بزوتنەوەی کرێکاری زایۆنی لە فەلەستین، هەروەها بیرمەندو نووسەران دەستیان کرد بە بەئاشکرا باسکردن و نووسین بۆ خەڵک لەبارەی لەناوبردنی جولەکەکانی ئەوروپا. ئیدی وشە عیبری شواە زیاتر بۆ ئەو مەبەستە بەکاربراو و بڵاوبووەوە، هەڵبەتە هێشتاش بەکارهێنانەکەی سنووردار بوو. ئەو دەستەواژەیەی ئێستا بەکار دەبرێت تەنها لە دوای ڕوخانی رژێمی نازی دەست بە بەکارهێنانی کرا کاتێ پەرلەمانی ئیسرائیلی لە ساڵی ١٩٥٣، یاسای (یاد ڤەشیم) بیرەوەری شەهیدانی قارەمانی هۆلۆکۆستی دەرکرد، ئەو دەستەواژەیە بۆ یەکەمجار بەکارهێنرا.

هێشتا هەموو جولەکەکان و ناجولەکەکان لە بازنەی بەشە جیاوازەکانی جیهان لەسەر بەکارهێنانی دەستەواژەکە رێکنەکەوتبوون، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٥٧ دا. لە لایەن (The Jewish Observer) چاودێری جولەکە، کە گۆڤارێک بوو لە لایەن ئەگادیث ئیسرائیل لە ئەمریکا بڵاودەکرایەوە، دیبەیتێک وروژێنرا و یەکێک لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی ئایینی ئەگادیث لە ئەمریکا، ڕوونی کردووە بۆچی وشەی شواە گونجاو نییە بۆ وەسفکردنی لەناوبردنی جولەکەکانی ئەوروپا لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانی و لەجیاتی ئەو دەستەواژەی هوربان واتە وێرانکردن، بەکارهێنراوە:

> ئایا دەستەواژەی شواە پەسەندکراوە؟ بە روونی دەیڵێم، نەخێر. وشەی شواە عیبرییە، وەکو وشەی هۆلۆکۆست بە ئینگلیزیی، ئەو هەستە دەبەخشێت بە هەبوونی کارەساتێکی دوورەپەرێزخراو کە هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ شتیکی پێش و پاش خۆییەوە نییە، ڕوویانداوە، هەروەکو بومەلەرزە و وروژمی شەپۆل. وەک دەزانین، ئەم شێوازە

> یەکجار زۆر دوورە لە گۆشەنیگای تەوراتەوە بۆ مێژووی جولەکە. لەناوبردنی جولەکەی ئەوروپا بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی ئێمە، نابێت دایببڕین لە مانا کەلەپوورییەکەی.

بەم شێوەیە، بازنە ئاینییەکان هەوڵیان دا هۆلۆکۆست لە چوارچێوەی یەکێک لە زنجیرەیەکی دوورودرێژی ڕووداوی تراژیدی، کە پێکەوە مێژووی نەوەکانی گەلی جولەکەیان پێک هێناوە، دابنێن. کە ئەمە لە بایەخی دەگمەنێتی کەم دەکاتەوە. نووسەر لەسەر بابەتەکە دەڕوات و ئەوە بە کەموکوڕی دەبینێت لە دامەزرێنەرانی (یاد ڤەشیم) کە هەستیان کردووە دەبێت دەستەواژەیەک دابتاشن شایانی ئاماژەدان بێت بە لەناوبردنی جولەکەکانی ئەوروپا لە جێی چەمکی هوربان، بە مانا مێژووییە سیمبولئامێزە قووڵەکەشیەوە.

ئەمڕۆ، مەحاڵە بتوانرێت وشەی شواه بە مانا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکار ببەیت، چونکە ماناکەی بە تەواوەتی بەسترا بە کردەکانی نازی لە جەنگی دووەمی جیهان. لەگەڵ ئەوەشدا، قۆناغ دوای قۆناغ بە شێوەیەکی نەگونجا و و نافەرمی دەستەواژەی شواه بۆ کەمنرخکردنی کارەساتەکە بەکار برا، بۆ شێواندنی چەمکەکە لە ئیسرائیل و لە هەموو جیهان. دەستەواژەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئاماژەدان بەهەڵاواردنی ئەفریقیەکانی ئەمریکا بەکارهێنرا، هەوەها بۆ جولەکەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، هەروەها کۆمەڵەی وڵاتانی سەربەخۆ، عەرەبەکانی سەر زەوییە داگیرکراوەکان لە لایەن ئیسرائیلەوە، هەروەها بۆ قوربانی تری زوڵموزۆر لە سەرانسەری زەوی. هەندێ کەس بۆ کارەسات و کۆمەڵکوژی تر بەکاری دەبەن کە بەسەر گەلانی تردا هاتوون، وەکو (هۆلۆکۆستی ڕۆمانییەکان)،(هۆلۆکۆستی ئەرمەنەکان)، ئەگەرچی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە پێش هۆلۆکۆستی جولەکەشەوە ڕوویداوە، بۆ ئەو مەبەستانە تا ڕۆژی ئەمڕۆش ئەو دەستەوواژەیە بەکار دەبرێت. [75]

ئایا پێویستە لەبەکارهێنانی دەستەواژەی هۆلۆکۆستدا ئاماژە بە چارەنووسی قوربانییە ناجولەکەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بدرێت وەکو ڕۆمانییەکان،

[75] هەر گەلە و ناوێك لە کارەساتەکانی خۆی دەنێت کە بەسەری هاتووە، بۆ نموونە ڕۆمانییەکان دەستەواژەی پوراجموس بەکار دەبەن بۆ کۆمەڵکوژییەکانی نزی بۆ سەر گەلەکەیان، کە بە زمانی ڕۆمانی مانای ڕاوکردن و لەناوبردن دەدات. ئەرمەنەکان وشەی یاگھێرنا بەکار دەبەن کە ماناکەی دەکاتە "کارەسات".

هاوڕەگەزبازەکان، زیندانە سیاسییەکان، ڕووسەکانی دیلی جەنگ، نەخۆشە عەقڵییەکان، پۆڵۆنییەکان و شاهێدەکانی یەهوا؟ لەم چوارچێوەیەدا، سودمەندە سەرنجی هەندێ لە پرسیارە گفتوگۆلەسەرکراوەکانی کۆنفرانسێکی ئەکادیمی بکەین کە لە ساڵی ١٩٨٧ لە مۆزەخانەی هۆلۆکۆست لە نیۆرک بەسترا. قوربانییەکانی هۆلۆکۆست کێ بوون؟ ئایا دەتوانین بە ڕوونی سیاسەتی چارەسەری کۆتایی کێشەی جولەکە لە لایەکەوە و سیاسەتی نازییەکان کە لە دژی گروپە ئیتنیکی و نەژادی و ئایینییەکانی تر و گروپی دانیشتوانە دیاریکراوەکان، لە لایەکی ترەوە گرتبوویە بەر، جیا بکەینەوە؟ ئەگەر بەڵێیە، لەسەر چ بنچینەیەک؟[76]

وشەی ئینگلیزی هۆلۆکۆست، لە وشەی گریکی هۆلۆکۆستۆما وە سەرچاوەی گرتووە، کە لە بنچینەدا بە مانای قوربانیدان بە ئاگر دەگەیەنێت. دەستەواژە گریکییەکە وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی لاتینی بۆ ئاماژەدان بە سوتانی قوربانی بە ئاگر لە پێناوی خودا، بەکار دەهێندرا. لە کتێبی ساموێلی یەکەم ٩:٧ دا. لە بڕگەیەکی تری کتێبی ئینجیلدا وەک "قوربانی سوتاو" ئاماژەی پێدراوە. لە زمانی ئینگلیزیدا بەکارهێنانەکەی لە سەدەی شانزە و حەڤدەدا فراوانبووەوە تا وای لێهات مانای "قوربانیدان" بە گشتی، بدات. هەروەها بۆ ئاماژەدان بە وێرانکاری مرۆڤ، وێرانکاری شوێن یان گروپێک بەکارهێنرا، بە تایبەت ئەگەر بە ئاگر بووایە، بەڵام بە شێوە سروشتییەکەشی. بەم شێوەیە بۆ ئاماژەدان بە کارەساتی گەورە وشەی هۆلۆکۆست بەکار دەهێنرا لە پێش جەنگی دووەمی جیهانی. بەکارهێنانەکەی بۆ ئاماژەدان بە کۆمەڵکوژی جولەکە لە سەدەی بیستەمدا، لەم چەند دەیەیەی دواییدا، لە ساڵی ١٩٥٧ و ١٩٥٩ دا، بوو بە ستاندارد. دوابەدوای فیلمی شواه ی کلاود لانزمان وشە عیبرییەکە بە شێوەیەکی فراوان کەوتەوە بەکارهێنان بۆ ئاماژەدان بە لەناوبردنی جولەکەکانی ئەوروپا.

لەم ناوەڕۆکەدا؛ هەروەها لە هەندێ بابەتدا دەستەواژەی هۆلۆکۆست بەکار دەبرێت، لە پەیوەندی بە دامەزراوە ئایینییەکان (بە تایبەت بە زمانی

---

[76] Lang, *Act and Idea in the Nazi Genocide*, p. xxvii.

ئینگلیزیی) لە پەیوەندی بە قوربانیدان بە سوتان. پرسیارەکە سەبارەت بە قوربانیدان ئەوەیە: قوربانی بۆ کێ؟ بە چ مەبەستێ؟ هۆلۆکۆست کردەیەک بوو مرۆڤ ئەنجامی دا و بە هیچ شێوەیەک کردەیەکی یەزدانی نەبوو. ئەمە، لە کۆتاییدا، یەکێکە لە نیگەرانییەکانی بەکارهێنانی دەستەواژەکەیە. بەستنەوەی دەستەواژەکە بە ئایینەوە ڕادەی لێتۆقینەکە کەم دەکاتەوە، هەروەها لێکەوتە مرۆییەکانیشی کە موچوڕک بە گیاندا دەهێنن: ئەو ڕاستییەی کە هەموو جینۆسایدەکان کردەی دەست مرۆڤەکانن بەرامبەر بە مرۆڤی تر ئەنجام دراون. فەیلەسوفی ئەمریکی بیرل لانگ بە پێچەوانەی بەکارهێنانە باوەکەی جینۆساید، جەخت دەکاتەوە "جینۆسایدی نازی دژی گەلی جولەکە هیچ سەروکارێکی لەگەڵ قوربانیداندا نییە، بەڵکو تەنها پلانێکی بەمەبەست بوو بۆ لەناوبردن: هیچ مەبەستێک بۆ قوربانیدانی بەشێک لەم کوژراوانە نەبووە، هیچ نیازێک بۆ قوربانیدان لای ئەو قوربانیانە نەبووە، هیچ نیازباشییەکیش لە ئارادا نەبووە لە لایەن ئەوانەوە کە خوودی کردەکەیان ئەنجامداوە. [77] ئەم بەشە خوارەوە کە لە لایەن پییر ڤیدال- ناکویست نووسراوە، تایبەت و بایەخدارە:

> ئایا پێویستە بڵێین یان دووپاتی بکەینەوە کە هیچ کەسێک لێکدانەوەی نییە بۆ دەستەواژەکە سەبارەت بە هیچ یەکێک لەو ڕووداوانە کە باس لە هۆلۆکۆست دەکرێت؟ هۆلۆکۆست پیاوانی ئایینی گریمانەی دەکەن. نە لە ساڵی ١٩١٥ و نە لە ساڵی ١٩٤٥ پیاوانی ئایینی لەئارادا نەبوون؛ بەڵکو تەنها بەکرێگیراوی دوو دەوڵەتە تۆتالیتارە نەتەوەپەرستەکان هەبوون، کە بە تەکنەلۆژیای جیاواز پڕچەک کرابوون. [78]

چ بایەخێکی هەیە کە بە دەگمەن دابنرێت لە ناواخندا، ببەسترێتەوە بە مانا مێژوویی، کولتوورییەکان کاتێ ئاماژە دەدرێت بە گروپی قوربانییەکانی جینۆساید، بۆ نمونە کە بە "شوا" ناو دەبرێن؟ هەڵوێستی جیاواز لە بەرامبەر

---

[77] Lang, Act and Idea in the Nazi Genocide, p. xxxvii.
[78] Pierre Vidal-Nacquet, "By Way of a Preface and by the Power of One Word," in *A Crime of Silence: The Armenian* Genocide, ed. Permanent People's Tribunal (London: Zed Books, 1985), p. 3.

بەکارهێنانی دەستەواژەی "شوا" و "هۆلۆکۆست" چییە، کە باس لە لەناوبردنی گەلی جولەکە بە دەستی نازییەکان، دەکرێت؟

---

ئێستا ئاوڕ دەدەینەوە لە ڕاپرسی و گفتوگۆیەکی کورت و پوخت لەبارەی دەگمەنبوونی هۆلۆکۆست و پەیوەندی ئەو بە کەیسەکانی جینۆسایدی ترەوە.

**هۆلۆکۆست و جینۆساید**

ئەو فرە لێکدانەوەیەی بۆ هۆلۆکۆست کراوە و ئەو وانە و پەندە ڕەوشتییانەی کە گەلی جولەکە لێیەوەی وەرگرتووە، لەو گفتوگۆیانەدا گوزارەی لێکراوە کە سەبارەت بەو تێگەیشتنەیە هۆلۆکۆست وەک ڕووداوێک مێژوویی جیهانی کە دەگمەن و تاقانەیە، لە قەڵەم بدرێت.

ئەم پرسیارە؛ لێکۆڵەران، رزگاربوانی هۆلۆکۆست و سەرکردەکانی دابەش کردە سەر سێ بەش، لە چوار دەیەدا. لە ساڵی ١٩٩١؛ میکایل بێرنباوم، کە ماوەیەکی درێژ بەرێوەبەری پەیمانگای لێکۆڵینەوەی هۆلۆکۆست بوو لە مۆزەخانەی بیرەوەری هۆلۆکۆست لە واشنتۆن دی سی پایتەختدا، لە تێبینییەکانیدا ئاماژەی بە هەندێ ڕووی پراکتیکی ئەو گفتوگۆیانە کردووە "مێژوونووسە ئیسرائیلییەکان بە توندی بەرهەڵستی ئەوەیان کردووە کە نوێنەرایەتی قوربانیە ناجولەکەکان لە ئەمریکا، بکرێت. مۆزەخانەی بیرەوەری هۆلۆکۆست، دەترسێت لەوەی ئەگەر ئەوانیتر بەسەربکاتەوە، لە دەگمەنێتی چارەنووسی جولەکەکان کەم ببێتەوە."[79] لەوساوە تا ئێستا ئەم ڕەوتە کەمێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە ڕاستیدا، تا ڕادەیەک جەمسەرگەریی توندتر بوەتەوە.

---

[79] Michael Berenbaum, "The Uniqueness and Universality of the Holocaust," in Michael Berenbaum (ed.), *After Tragedy and Triumph: Modern Jewish Thought and the American Experience* (Cambridge and New York: Cambridge University Press, 1990), p. 17.

لێکۆڵەرانی بواری مێژووگرافی و فەیلەسوفانی بواری مێژوو، تەنیا نین لە دانانی هۆلۆکۆست بە دەگمەن و تاقانە، بە هەمان شێوە کۆمەڵگەکانی هەموو بەشەکانی دنیاش هەر وای دادەنێن. مۆنۆمێنتەکان و رێوڕەسمی وەبیرهێنانەوەی قوربانیەکان، هۆشیاری گەلان بەرامبەر بە هۆلۆکۆست زیاد دەکات. ئەمەش بووەتە بەشێک لە رۆشنبیری باوی ئەمریکا و هەموو جیهان. ئەمڕۆ، لە لایەن سیاسەتمەداران و سەرکردە میللییەکانەوە، هەروەها لە لایەن پەروەردەکارانەوە لە میانەی گەشەدان بە پلانی پەروەردەیی، پیاوانی ئایینی، بازنەی فەلسەفی و ئەندامانی دەستەبژێری هونەرییەوە، تێکۆشان بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بەو تراژیدییایە، بەردەوامە.

ئەم هەڵوێستانە، کاریان کردۆتە سەر پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی قوربانییەکان، وەک لە کتێبی فەیلەسوف جان میشیل شۆمۆنت بەدی دەکرێت، کە بە ناوی "کێبرکێی قوربانییەکان"ە، شیکاری بۆ رۆڵی هۆلۆکۆستی جولەکەی ئەوروپا و جالیەی ئەمریکا لە ئەمریکا و ئیسرائیل، دەکات. لە پێشەکی کتێبەکەیدا، کە بووە هۆی مشتومڕێکی زۆر لە ئەوروپا، شۆمۆنت دەڵێت:

> سەبارەت بە قوربانییەکانی دەستی نازی، هیچ شتێک بە شێوەیەکی ئاسایی رێک ناخرێت. لە ژێر پەردەپۆشی پەسەندکراو لە لایەن هەموانەوە، دروشمی وەکو " هەرگیز جارێکیتر"، " پابەندبوونی پیرۆز بە بیرەوەرییەکانەوە" و "تێکۆشان دژی ئەنتی سامییەکان و نەژادپەرستی"، جیاوازییە قووڵەکانی نێوان گروپی قوربانییەکانی ئیمپراتۆریای سێیەم دەردەخات، لە بیرەوەرییدا: جولەکە ڕاگواستراوەکان دژی جەنگاوەرە نهێنییەکان، جولەکەکان لە دژی قەرەجەکان، هاوڕەگەزبازەکان لە دژی زیندانیانی سیاسی، جولەکە ئەنتی فاشیستەکان لە دژی زایۆنیستەکان. لیستی بەرەنگارییەکان و هۆکاری دژایەتییەکانیان زۆر دووورودرێژترە لە هی سۆشیالیستە نەتەوەپەرستەکان، بە تایبەت لە ئەمریکادا کە ژمارەیەکی زۆری تێدایە لەو گروپانە، بۆ نموونە جولەکەکان لە دژی ئەرمەنەکان، جولەکەکان دژی پێستڕەشەکان و جولەکەکان لە دژی ئەمریکییە

ڕەسەنەکان، تەنانەت جولەکەکان لە دژی تووتسییەکان و ئەوانیتریش.
80

بە پێی شۆمۆنت؛ لەناو دڵی ئەو گفتوگۆ مشتومڕهەڵگرەدا، بێپەروا جەختکردنەوە بۆ دەگمەنێتی هۆلۆکۆست هەیە. شۆمۆنت جەخت دەکاتەوە لەوەی گرنگی ڕاستەوخۆی هۆلۆکۆست بۆ قوربانییەکانی جولەکە، نەک تەنیا دەگمەنە بەڵکو پەیوەستە بە کۆهۆشی مێژوویی گەلی جولەکەوە و ئەوەش ڕاستییەکە دەبێت لە کۆهۆشی مێژوویی جولەکەکاندا بمێنێتەوە. چۆن کۆهۆشی مێژوویی گەلی جولەکە جیاواز نابێت، کاتێ نازییەکان بەو شێوە دەگمەنە کوشتاریان لە دژ کردبێت؟

وەک هەر ڕووداوێکی تری مێژوویی، هۆلۆکۆستیش زۆر ڕەگەزی دەگمەنی تێدایە. دەبێت ئەم ڕەگەزانە بە پێوەری مێژوویی و چوارچێوەی دەستەواژەگەری هەڵبسەنگێندرێت. پێناسە و پۆلێنکاری هۆلۆکۆست، بە ڕای من- هەروەها پابەندێتی بە بەراوردکردنی بە نموونەی تری جینۆسایدەوە، کارێکی لەم شێوەیە لە ڕووی ئەکادیمییەوە، بایەخێکی زۆری هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، کە باس لە جۆر جینۆساید دەکرێت، دەبێت بپرسین چۆن هەر دیاردەیەک لەو دیاردانە دەگمەنن. هەر جینۆسایدێک ڕەهەندگەلی مێژوویی، سیاسی و یاسایی دەگمەنی خۆی هەیە، هەروەها لێکەوتە و دەرەنجامی ڕەوشتی خۆی هەیە. دەگمەنێتی هۆلۆکۆست بریتییە لەو ڕاستییەی ئەنجامدەرانی مەبەستیان بوو بە تەواوەتی(هەموو جولەکەکانی دانیشتوانی مەملەکەتەکە) لەناوبەرن، ئایدۆلۆژیای نەژادپەرستی بەخۆگرتوو، هەروەها "پیشەسازی مردن"ی سارد و پلانبۆداڕێژراو، کە کوشتارەکانیان پێ ئەنجام دەدا. ئەم شتانە بە سێ ڕەهەندی مێژوویی دادەنرێت: ئامانجی هۆلۆست کە پێشتر لە شێوەی نەبووە، ئەنجامدانی بە پلان و زانستی بۆ کردەی کوشتارەکە، کە لە هیچ کردەیەکی تر ناچێت لە مێژوودا، هەروەها ئەنجامە ترسناکەکەی کردەکە کە پێشتر لە ئارادا نەبووە، کوشتنی شەش ملیۆن کەس، لە ناویاندا یەک ملیۆن منداڵ هەیە.

---

[80] Jean Michel Chaumont, *La concurrence de victimes — génocide, identité, reconnaissance* (Paris: La Découverte, 1997), p. 9.

سەرەڕای ئەوەش- تەنها لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری دەتوانێت دەری بخات کە هۆلۆکۆست جیاوازە لە هەر یەکێکی تر لە جینۆسایدەکان، لە ڕابردوو لە ئێستادا. کۆمەڵگەی ئیسرائیل بەردەوام جەخت دەکەنەوە لەسەر دەگمەنێتی هۆلۆکۆست، زۆربەی کاتیش بە بێ ئەوەی زانیارییان دەربارەی جینۆسایدەکانی تر هەبێت و بە بێ ئەوەی بەراوردیان کردبێت لەگەڵ نمونەکانی تری جینۆساید.

بۆ قوربانییەکان، ئەوە بایەخی کەمە کاتێ بە مردن حوکمدراون بەهۆی ئەوەوە بووە کە سەر بە چ جۆرە نەژادێکن، کەمایەتی نەتەوەیین و سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتین. بۆ ئەوان، چ سەر بە گروپێکی شەشسەدهەزار کەسی بن یان شەش ملیۆن کەسی، دەرەنجامەکەی یەک شتە. هەر مرۆڤێک لە ئێمە جیهانێکی تایبەتی خۆی هەیە و مافی ئەوەمان هەیە بە یەکسانی بژین. لەبەرئەوە پێویستە بە شێوەیەکی فراوان و بە بێ جیاوازی کردەی کوشتار شەرمەزار بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە فێربوون لەبارەی چۆنێتی ئەو تراژیدایەی کە بەسەر قوربانییەکاندا هاتووە، تیشک دەخاتە سەر مانای گەردوونی هۆلۆکۆست. تەنها لێکۆڵینەوەی دیالێکتیکی دەتوانێت دەگمەنتی و گەردوونێتی هۆلۆکۆست پیشان بدات و دەتوانیت بۆ کۆمەڵگەی ئیسرائیل هاوسەنگی پێویست دەستەبەر بکات، لە نێوان هۆلۆکۆست و کرانەوە بە ڕووی جینۆسایدەکانی تردا.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەستەواژەی "جینۆساید" بە شێوەیەکی فراوان لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانیدا بەکار برا، وەک وەڵامێک بۆ ئەو مامەڵەیەی کە نازییەکان بەرامبەر بە جولەکەکانی ئەوروپا دەیانکرد. پێش ١٩٤٤، دەستەواژەکە نە لە فەرهەنگەکان و نە لە ئینسکلۆپدیاکان و نەش لە کتێبەکانی خوێندنەوەدا، بەکار نەبرابوو. لە میانەی چەند ساڵێکی کەمدا، بە پلەی یەکەم بۆ کردەی ریشەکێشکردنی جولەکەکان بەکار هێنرا. ئەمڕۆ؛ هێشتا هەندێ کەس پێیان باشە دەستەواژەکە بۆ دیاردەی کۆمەڵکوژ بە هەمان رێگەی بەکارهێنراو بۆ "کۆمەڵکوژی ئەرمەن" ، بۆ ئاماژەدان بە هەموو کۆمەڵکوژییەکان کە نازییەکان ئەنجامیان داوە، بەکار ببەن، وەک "جینۆسایدی جولەکەکان" و "جینۆسایدی ڕۆمانییەکان"، چونکە هەموو ئەمانە خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە. بەڵام هەندێ کەسی تر پێی باشترە

دەستەواژەکە لەسەر بنچینەی ئەنجامدەرانی تاوانەکە بەکار بهێنێت، بۆ نموونە "جینۆسایدی نازییەکان". لە ناو ئەوانەشدا ، بۆ نموونە بێرڵ لانگ، سەرنجی خوێنەرانی بۆ ئەوە ڕادەکێشێت "دەستەواژەی هۆلۆکۆست لە کتێبەکەیدا بزرە، کە دەبوایە هەبوایە"، رەخنە لە چاودێرانی کۆمەڵگەی ئیسرائیلی دەگیرێت کە هەندێکیان هەر بە تەواوی دژی بەکارهێنانی دەستەواژەی جینۆسایدن. نموونەیەک کە ئەوان ئاماژەی پێدەدەن ئینسکلۆپیدیای جودیکایە، کە گفتوگۆیەکی فراوانی لەسەر هۆلۆکۆست تێدایە بە بێ بەکارهێنانی دەستەواژەی جینۆساید، تەنیا لە رێککەوتننامەکەی یوو ئێن دا دەستەواژەی جینۆساید هاتووە.

وەک من تێبینیم کرد، ئەندامانی هەندێ گروپی ناجولەکە-لەناویاندا رزگاربووان و خێزانەکانیان، هەروەها ئەو لێکۆڵەرانەی کە تێکەڵ بە توێژینەوەی ئەم تراژیدیایانە بوون- هەندێ جار هۆلۆکۆست بەکاردەهێنن بۆ ئاماژەدان بەو جینۆسایدانەی بەسەریان هاتووە، وەک کەیسی ئەرمەنەکان و رۆمانییەکان. بە پێچەوانەشەوە، مێژوونووس و لێکۆڵەری تری بواری جیاواز هەن، جەخت لەسەر دەگمەنێتی و تاقانەیەتی هۆلۆکۆست دەکەنەوە. ئەم چەند دەیەی دوایی، گەواهیدەری بەرهەمهێنانی ئەدەبیاتی جۆراوجۆرە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە و گفتوگۆی زۆریان وروژاند. لە خوارەوە بە کورتی ڕووماڵی ئەو کێشانە دەکەین.
مێژوونووسی دیاری ئیسرائیل یەهودا باوێر، جیاوازی نێوان چەمکی هۆلۆکۆست یان (کۆمەڵکوژی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگەیەک) لەگەڵ جینۆساید، دەخاتە ڕوو، کە مەرج نییە مەبەست لێی ریشەکێشکردنی تەواوەتی بێت. دەنووسێت:

> دەشێ جیاوازی نەبێت لە نێوانی هۆلۆکۆست و جینۆساید بۆ قوربانیانی هەردووکیان، بەڵام بە داخەوە پلەبەندی لە خراپەکارییەکەیاندا هەیە. هۆلۆکۆست سیاسەتی دەستەجەمعی نازییەکان بوو بۆ کۆمەڵکوژی تەواوی ئەو جولەکانەی کە دەستیان پێ ڕادەگەیشت. جینۆساید بە پێی پێویست ترسناکە، بەڵام پابەند نەبوون بە کوشتنی تەواوەتی خەڵکەکەوە، لە بەر هیچ نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو گەلانە پێویستیان بە کۆیلە بوو...

> ئەگەر جیاوازی نەبینین لە نێوان دوو دەستەواژەکەدا، ناتوانین ئەوە ببینین کە بارودۆخی جولەکەکان دەگمەن بوو، ئەوەش لە لایەکەوە بەلارێدابردنی مێژووە، لە لایەکی ترەوە نیشاندانی نەبوونی هاوتەریبی دیاردەکە بە گشتی لێکدانەوەهەڵنەگرە، دیسانەوە بە ئەفسانەکردنی دیاردەکەیە.[81]

بەم شێوەیە باوێر هەوڵ دەدات جیاوازی نێوان هۆلۆکۆست و نمونەکانی تری جینۆساید وێنەبکێشێت، هەروەها جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە پلانی هیتلەر بەرامبەر بە جولەکەکان جیاواز بوو لە پلانەکانی بەرامبەر خەڵکانی تر. بە پێچەوانەی مەبەستەکەی کە لەناوبردنی فیزیکی جولەکەکان بوو، پلانی بۆ گەلانی تری ژێردەستەی ئەوە بوو بە بێ مەرجی لەناوبردنی تەواوەتییان، بە کۆیلەان بکات. کۆمەڵکوژی پۆڵۆنییەکان، چیکییەکان و سربەکان بۆ ئەوە بوو ترس و تۆقین لەناو جەماوەرەکەیاندا بچێنێت و سەرکردەکانیان بگرێت و راپەرینەکانیان سەرکوت بکات و کولتووریان لەریشە دەربێنێت.

باوێر پێی وایە هەردووکیان "لیمکین" و "رێککەوتننامەکەی یوو ئێن"یش بە هەڵە هەردوو تاوانەکە بە یەک جۆر پۆلێن دەکەن. یەکەم جینۆساید وا پێناسە کراوە کە بەمەبەستەوە لەناوبردنی رەچەڵەکێک، نەتەوەیەک، گروپێکی ئیتنیکی، بە ئامرازەکانی: ١/ کوشتنی بەشێکی هەڵبژێردراو لە گروپێک و کۆمەڵکوژکردنیان. ٢/ سرینەوەی کولتوور یان ئایینی گروپێک بە مەبەستی لێکترازانی یەکەکانی ئەو گروپە. ٣/ بەکۆیلەکردنی گروپێک بە مەبەستی لێکترازانی یەکەکانی ئەو گروپە. ٤/ وێرانکردنی ژیانی ئابووری ئەو گروپە بە هەمان مەبەست، ٥/ لێکترازاندنی بایۆلۆجی لە رێگەی رفاندنی منداڵ و قەدەغەکردنی پاراستنی ژیانی خێزانی بە شێوەیەکی گونجاو.[82] بە پێی باوێر، تاوانی دیکەی هۆلۆکۆستە، کە مەبەست لێی وێرانکردنی تەواوی ئەندامانی گەلێکی، نەتەوەیەک یان گروپێکی نەژادی، کە لەبەر ئایدۆلۆژیایەک یان هۆکاری ساختەی ئایینی، ئەنجام دراوە.

---

[81] Yehuda Bauer, "Against Mystification: The Holocaust as a Historical Phenomenon," in *The Holocaust in Historical Perspective* (Seattle: Washington University Press, 1978), p. 36.

[82] Yehuda Bauer, "The Place of the Holocaust in Contemporary History," in *Studies in Contemporary Jewry*, Vol. 1, ed. Jonathan Frankel (Bloomington: Indiana University Press, 1984), p. 213.

لەژێر پۆلێنکردنی جینۆساید، باوێر سیاسەتی نازییەکان بەرامبەر بە پۆلۆنییەکان و چیکییەکان و رۆمانییەکان و گروپەکانی تر، دادەنێت. هەروەها سیاسەتی سۆڤیێتییەکانیش بەرامبەر بە چیچانەکان و گروپەکانی تر، بە هەمان شێوەش سیاسەتی ئەمریکییە نیشتەجێکان بەرامبەر زۆرێک لە خێڵەکانی دانیشتوانە ڕەسەنەکە. ئەم جۆرە کوشتنانە، بە ڕای باوێر، لە کوشتنی هووتووەکان دەچێت لە شەستەکان و حەفتاکان، هەروەها بەهارییەکان لە پاکستان لە ساڵی ١٩٧١، هەروەها ئیبووس لە نایجیریا لە ساڵی ١٩٦٦. لەو قۆناغە مێژووییەدا، بە پێی باوێر، هۆلۆکۆست تەنیا بریتی بوو لە سیاسەتی نازی بۆ لەناوبردنی تەواوەتی جولەکەکانی ئەوروپا. لەسەر ئەم بنچینەیە، بڵاوکراوەکانی پاشتری باوێر جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی پێشتر لە وێنەی هۆلۆکۆست لە مێژوودا نەبووە، بە ئاماژەدان بەو خراپەکارییە بەردەوامەی کە لە ئاکامدا بووە هۆی کۆمەڵکوژی، جینۆساید و هۆلۆکۆست.

بە ڕای ئەو، ئەو کەیسەی کە سروشتەکەی نزیک بێت لە هۆلۆکۆستی جولەکەکان، کەیسی جینۆسایدی ئەرمەنەکانە(ئەگەرچی هەرووکیان هاوشێوەش نین)، ئینجا جینۆسایدی رۆمانییەکان. بە درێژایی ساڵانێکی زۆر، باوێر لەم بابەتەی کۆڵییەوە و چەندین گۆڕانی بەسەردا هێنا، تەنانەت گۆڕانی ریشەییش. [83] بە پێی یوسف گۆرنی، ئەو هەموو ساڵەی خۆتەرخانکردنی باوێر بە لێکۆڵینەوە لە هۆلۆکۆست، بووە هۆی ئەوەی لە لێکۆڵەرێکی جولەکەوە بەرەو تێڕوانینێکی گەردوونی، ئاراستەی وەرگرت، لە لێکۆڵەرێکەوە کە جەختی لە دەگمەنێتی هۆلۆکۆست دەکردەوە، بەرەو لێکۆڵەرێ کە جیاوازی نێوان هۆلۆکۆست و جینۆساید بە ناڕوون و تەمومژاوی دەبینێت. [84] سەرەڕای ئەو گۆڕانانە، باوێر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە هۆلۆکۆست ڕووداوێکە پێشینەی نییە لە مێژوودا.

---

[83] Yehuda Bauer, *Rethinking the Holocaust* (New Haven: Yale University Press, 2002).

[84] Yosef Gorny, *Between Auschwitz and Jerusalem* (London: Mitchell Vallentine and Company, 2003).



مۆنۆمێنتی سیوکس لە کوشتاری ئەژنۆی بریندار لەسەر باین ریدج
لە ویلایەتی باشووری داکۆتا.

ئیسرائیل گۆتمان، مێژوونووسێکی تری دیاری بواری هۆلۆکۆستە، جینۆسایدەکانی تری کە پێش و پاش جەنگی دووەمی جیهانی ڕوویان داوە، تاوتوێ کردووە و جیاوازی نێوان ئەوان و هۆلۆکۆستی بەراوردکردووە و تیشکی خستۆتە سەر جیاوازی نێوان پرسی جولەکە و پرسی ئەرمەن و ڕۆمانییەکان. گۆتمان جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە "جوهەری هۆلۆکۆست کوشتنە و بە ئایدۆلۆژیا ڕەوایەتی پێدراوە".[85] گۆتمان دەڵێت نابێ وەک نمونەیەکی تری جینۆساید لە هۆلۆکۆست تێبگەین، لە ڕاستیشدا هەر وایە، ڕووی لێکچوون لە نێوان ڕووداوە مێژووییەکاندا هەیە (وەک کۆمەڵکوژی ئەرمەن و کوشتاری بیافرا) و هۆلۆکۆست لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانی، کە ئەمەش بایەخێکی مامناوەندی هەیە، لە کاتێکدا خاڵە جیاوازییەکانی بڕیاردەر و یەکلاکەرەوەن لەوەی کە هۆلۆکۆست ڕووداوێکی دەگمەنی مێژووە.[86] گۆتمان ئەنجامگیری سەبارەت بە هۆلۆکۆست دەکات و دەڵێت:

> جیاوازە لە هەموو تاوانە هاوشێوەکان و لە مێژووی گەلی جولەکە و مێژووی جیهاندا نموونەی لەپێشتری نییە... هاشوهووش خستنەسەر پرسی دەگمەنێتی هۆلۆکۆست یان خستنی بۆ ناو لیستێکی دووروودژ لە تاوانەکان، تەنانەت ئەگەر لە نیازپاکییشەوە بێت، یارمەتی ئەوە دەدات وێنە مێژووییەکە تەڵخ بکات و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ژیانەوەی ئەو ئایدۆلۆژیا بکوژە. پابەند بوون بە دەگمەنێتی تەنها بۆ وەیادهێنانەوە نییە، بەڵکو گرنگی ڕووداوەکان و ئەو مەترسییانەی کە هەڵگریین، ڕوون دەکاتەوە. [87]

بۆ گۆتمان، دەگمەنێتی هۆلۆکۆست پەیوەندییەکی توندی هەیە لەگەڵ مێژووی جولەکە، بەڵام باوێر ریشەی دەگمەنێتی هۆلۆکۆست دەگەڕێنێتەوە بۆ مێژووی نازیزمی ئەڵمانیا. گۆتمان پەیام و ئاماژەکانی هۆلۆکۆست بۆ گەلی جولەکە بە گرنگ دەزانێت، هەرچی باوێرە پێی وایە کە بۆ هەموو کۆمەڵگەی

---

[85] Israel Gutman, "The Uniqueness and Universal Character of the Holocaust," in *Struggles in Darkness: Studies in Holocaust and Resistance* (Tel Aviv: Sifriat Poalim, 1985), p. 62 [Hebrew].
[86] Ibid., p. 53.
[87] Ibid., p. 68.

مرۆڤایەتی بایەخی هەیە. شێوازی جیاکردنەوە لە نێوان جینۆساید و هۆلۆکۆستی جولەکە و کردنی هۆلۆکست بە دەگمەن و کەیسێکی تایبەت و وەک جیاهەڵکەوتوو لەناو تاوانەکانی جینۆسایددا، لە نێو کتێبی ئینسکلۆپیدیای هۆلۆکۆست (کە گۆتمان خۆی ئامادەی کردووە) هەیە، بەم شێوەیە دەرەنجامی "جینۆساید" دەخاتە ڕوو:

> بە پێی هەموو شارەزاکان، جینۆساید یەکێکە لە پێکهاتەکانی هۆلۆکۆست. لەگەڵ ئەوەشدا، نازییەکان دژ بە گەلی جولەکەی ئەوروپا تاوانەکەیان ئەنجام دا، بریتی بوو لە پلاندانان، بەڕێوەبردنی سیستەم، ئاسانکاری بۆ وێرانکردن و لەناوبردن، ڕاگواستنی زۆرەملێ بە شێوازی نهێنی، لە سەرووی هەمووشیانەوە تۆمەتبارکردنیان بە پیلانگێڕ و سیخوڕ و ئافات، کە لە ناوبردنیان لە ڕووی فیزیکیەوە بە پێویست بزانرێت بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگە و دوارۆژی مرۆڤایەتی. بەم شێوەیە خۆی لە خۆیدا وەکو یەکێک لە تاوانە فراوان و گشتگرەکانی جینۆساید دادەنرێت.[88]

ستیڤن.ت. کاتز، مێژوونووسی جولەکەی ئەمریکی تایبەتمەند لە بواری فیکر و فەلسەفەی مۆدێرن، شێوازێکی تری گرتەبەر و لێکۆڵینەوەی فراوان و گشتگری کردووە لە بارەی هۆلۆکۆستەوە و بەراوردی کردووە لەگەڵ ئەو کۆمەڵکوژییانەی کە لە سەرەتای دۆزینەوەی ئەمریکاوە ئەنجام دراون، بە تەکەزکردن لەسەر قۆناغی نوێ. کاتز بەراوردی هۆلۆکۆست لەگەڵ کۆمەڵکوژی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەمریکای باشوور دەکات، هەروەها لەگەڵ ئەرمەن، ڕۆمانییەکان، هەروەها ئەو کۆمەڵکوژییە سیستەماتیکییانەی کە لە سەربازگەی گۆلاک لە روسیای سۆڤیەتی بەڕێوەچوون. بە بڕوای ئەو، هۆلۆکۆست تراژیدیایەکی دەگمەنە، چونکە "پێشتر هیچ دەوڵەتێک سیاسەتێکی وا مەبەستداری پیادە نەکردووە کە ژن و پیاو و منداڵی گەلیکی دیاریکراو بە تەواوی لەناو بەرێت".[89]

---

[88] Israel Gutman (ed.), *Encyclopedia of the Holocaust* (Tel Aviv: Sifriat Poalim, 1990), pp. 391-392 [Hebrew].

[89] Steven T. Katz, *The Holocaust in Historical Context*, Vol. I (Oxford: Oxford University Press, 1994), pp. 27-30.

لەسەر ئەم بنچینەیە پێشنیاری پێناسەیەکی تەسکتر بۆ جینۆساید دەکات: بەدیهێنانی نیازێک، بەدەر لەوەی سەرکەوتوو بووە یان نا، بۆ کوشتنی گرووپێکی کۆمەڵایەتی، بە تەواوەتی. کاتز سنوور دانانێت بۆ جۆری ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییەی کە تاوانەکە لەدژی ئەنجام دەدرێت، بە پێی پرەنسیپ دەشێت لەسەر بنچینەی جێندەر، بیروڕای سیاسی و هۆکاری ئابووری بێت. پێناسەکەی ئەو، دیسان سنوور دانانێت بۆ سروشتی ئەو هێزانەی کە کوشتنەکان ئەنجام دەدەن (کە مەرج نییە تەنیا دەوڵەت بێت). کاتز پێناسەکەی بۆ جینۆساید بەهەمان شێوە بۆ پۆلێنکردنی هۆلۆکۆستیش بەکاردەهێنێت تا پیشانی بدات هۆلۆکۆست تاقە نموونەیە لەم شێوەیەی جینۆساید. هەموو تێگەیشتنەکانی تر بۆ دەستەواژەی جینۆساید لەو خاڵەدا کە ئاماژە بۆ کوشتاری نازییەکان لە دژی گەلی جولەکە، بەهەڵەدا دەچن.[90]

بە پێچەوانەی ئەو توێژینەوانەی کە هۆلۆکۆست بە تاقانە و دەگمەن دەزانن، لێکۆڵەری تر هەیە بە جینۆسایدی لە قەڵەم دەدات، هەندێکیان دەگمەنێتییەکی زەق دەکەنەوە، هەندێکی تریان ئاماژە بە لێکچوونەکانی دەدەن لەگەڵ جینۆسایدەکانی تر. ئەو لێکۆڵەرانە هەندێک جار دەڵێن هەموو جینۆسایدێک خۆی لە خۆیدا جۆرە دەگمەنێتییەکی هەیە. بە ڕێڕەوی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیە، هەردوو کۆمەڵناسی جولەکەی ئەمریکی هێلین فێن و رۆبەرت میلسۆن بەراوردی هۆلۆکۆست لەگەڵ جینۆسایدی ئەرمەن دەکەن.
ئیرڤینگ لویس هۆرۆتز-یش کتێبێکی بڵاوکردەوە دژی ئەو ڕەوتەی کە جەخت لەسەر جیاکردنەوەی هۆلۆکۆست دەکەنەوە. بەرهەڵستی ئەو جۆرە گفتوگۆیە دەکات کە لە نێو دەربازبوانی هۆلۆکۆست دەکرێت و پێی وایە بایەخی نییە بۆ ئەوان کە بە هۆلۆکۆست پۆلێن بکرێن و ئەو بە "ململانێیەکی سەیر" ناوی دەبات.[91] بۆ هۆرۆتز گەڕان بە دوای دەگمەنێتی لە مردندا شتێکی سەیروسەمەرەیە.

[90] Ibid., pp. 128-130.

[91] Horowitz, "Genocide and the Reconstruction of Social Theory," p. 1.

به بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە نمونەکانی کەیسی ئەرمەنەکان و کەمبۆدییەکان، هۆرۆتز هەشت پێشنیارەکەی فەیلەسوف ئیمیل فاکنهایم رەت دەکاتەوە کە سەبارەت بە جیاکردنەوەی هۆلۆکۆستە لە جینۆسایدەکانی تر، بە گشتی. هۆرۆتز رەخنە لە ڕوانینە ئایدۆلۆژیئامێزەکەی فاکنهایم دەگرێت، بە هەمان شێوەش رەخنە لە شێوازە تەمومژاوییەکەی ئیلی ویسڵ دەگرێت و بانگەوازی ئەوە دەکات "ئەفسانەی بێدەنگی" و "بێدەنگی ئەفسانەکان" تێبپەڕێنن. [92] بە پێی هۆرۆتز، رۆڵی زانستی سیاسەت، هەروەها زانستەکانی تریش، بە عەقڵانیکردنی ناعەقڵانیەتە و تێگەیشتنە لەو پابەندێتییانەی ئەو کاتەی جینۆسایدی تێدا ڕوویداوە.

میشیل بێرنباوم دەڵێت دەگمەنێتی و گەردونێتی هۆلۆکست نابێتە هۆی ئەوە دژایەتی هەبێت لەگەڵ ئەوانیتردا. هەروەها باوەڕی وایە دوور لەو هەرایەی سەبارەت بە دەگمەنێتی هۆلۆکۆست هەیە، بەراوردکردنی لەگەڵ جینۆسایدەکانی تر بایەخی هۆلۆکۆست زیاد دەکات، بۆ نموونە گفتوگۆکردنی جینۆسایدی ئەرمەنەکان و بەراوردکردنی لەگەڵ هۆلۆکۆست دەبێتە هۆی ئەوەی هەستیاری و هاوهەستی ئەخلاقیمان بەرامبەری زیاد بکات و هەڵوێستمان پتەوتر بکات. گفتوگۆکردنی هەردوو کەیسەکە بەو شێوەیە رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر شکۆی رۆحیمان و پابەندبوونمان بە بەها گەردوونییەکانەوە. ئەگەرچی هەستی ئەندێشەئامێزمان هەر بە تەنیا دەمانهێڵێتەوە، بەڵام لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا نابێت لێکمان بترازێنێت. لە جیاتی ئەوە، دەبێت وا بکات یەکێتییەک لەگەڵ قوربانییەکانی تردا پێک بێنێت بۆ شەرمەزارکردنی ئەو وەحشیگەرییە.[93]

بە پێی بێرنباوم، دەبێت ئەو دۆخانەی هاوشێوەن و وەکو هۆلۆکۆستی جولەکەش نین بە پێی دوو پرەنسیپ بدۆزرێنەوە: رەسەنایەتی مێژوویی و چۆنێتی دۆزینەوەی ڕوانینێکی نوێ بۆ ڕووکانی هۆلۆکۆست و

[92] Irving L. Horowitz, "Many Genocides, One Holocaust? The Limits of the Rights of States and the Obligations of Individuals," *Modern Judaism* 1 (1981), pp. 74-89..
[93] Berenbaum, "The Uniqueness and Universality of the Holocaust," p. 34

جینۆسایدەکانی تر. ئەو پێی وایە، چەند پابەند بن بەو پرەنسیپانەوە، ئەو جۆرە بەراوردکردنانە لە بایەخی هۆلۆکۆست و دەگمەنێتییەکەی کەم ناکاتەوە.
دەبێت وەبیری خۆمانی بهێنینەوە کە ئەو بایەخە گەورەیەی کە لەم چەند دەیەیەی دواییدا بە هۆلۆکۆستی جولەکە دراوە بۆتە هۆی ئەوەی هۆشیاری سەبارەت بە جینۆسایدەکانی تریش کە بە درێژایی مێژوو ڕوویانداوە، زیاد بکات. ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی تێگەیشتنێکی باشتر دروست ببێت سەبارەت بەو تواناکارییانەی کۆمەڵکوژی کە بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ. لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا، ئەم شێوازە بووەهۆی دەرکەوتنی بوارێکی تری لێکۆڵینەوە بە ناوی "لێکۆڵینەوەی جینۆساید" جگە لە دۆزینەوەی دۆخی دەگمەنی تری جینۆساید، لێکۆڵینەوە لە جینۆساید هەوڵ دەدات بەراوردی ڕووەکانی لێکچوون و جیاوازی جینۆسایدەکان بدۆزێتەوە تا لە دوارۆژدا تێگەیشتنێکی باشتر سەبارەت بەم دیاردەیە، دروست بکات.

هەروەها گرنگیشە وەبیرمان بێتەوە کە قبوڵکردنی ئەو بانگەشەیەی کە سەبارەت بە دەگمەنێتی هۆلۆکۆستە، لەو بەرپرسیارێتییە ئەخلاقیە نامانبوێرێت کە پێویستە بەرامبەر بە جینۆسایدەکانی تر هەمانبێت. سەرەڕای ئەوەی پاراستنی سروشتی دەگمەنێتی هۆلۆکۆست و پشتگوێنەخستنی پێکهاتە ناشیرینەکانی پێویستە، ئایا ئێمە پابەند نین بەوەی کە ڕووە لێکچووەکانی لەگەڵ ئەو شتانەی کە دەبێت بەراورد بکرێن لەگەڵیدا و وردەکارییەکانی کە پەیوەندییە هاوشێوەکانی دەردەخات، بکەین؟ نەک تەنها لێکچوونەکان و جیاوازییەکان، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی وردتر لە چۆنێتی هۆلۆکۆست تێبگەین و بزانین چی وای لێدەکات دەگمەن بێت. جگە لەوەش، لە جیهانی ئەکادیمی، شێوازی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە لایەن زاناکانی بوارە جۆراوجۆرەکان ئەنجام دەدرێت. لە کۆتاییدا، دەبێت لە بیرمان بێت کە هەموو ئەو بانگەشانەی کە سەبارەت بە دەگمەنێتی هۆلۆکۆست لە ئارادایە، هیچ مانایەک نادات ئەگەر پشت نەبەسترابێت بە خاڵەکانی لێکچوون و جیاوازی ئەو لەگەڵ جینۆسایەدەکانی تر.

شێوازی ئێمە بۆ پرسی دەگمەنێتی و گەردوونیبوونی هۆلۆکۆست، بۆچوونێکی گشتی لەبارەی دۆخە جیاوازەکانی جینۆساید، کۆدەکاتەوە و بە

تایبەتی لەسەر هۆلۆکۆست، وەک دیاردەەکی تاوانە لە جۆری خۆی، چڕ دەبێتەوە.

ئەم شێوازە تەواوە بەهاوبەشی بۆدەستەواژەکانی "هۆلۆکۆست" و "جینۆساید"، بەکاردەهێندرێت. لە پراکتیکیشدا لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوە لە هۆلۆکۆست و جینۆساید لە ئۆرشەلیم و لە مۆنۆمێنتی بیرەوەری هۆلۆکۆست لە واشنتۆنی ئەمریکا، بەکار دەهێنرێت.

ئەو دوو پەرەگرافەی کۆتایی وتاری یورڵ تالسی ئیسرائیلی، "سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە هۆلۆکۆست و جینۆساید"، باشترین کۆتاییيە بۆ ئەم بەشە:

یەکێک لە پرسیارە قورسەکان سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە جینۆساید و هۆلۆکۆست ئەوەیە چ شتێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، جیاوازییەکانیان لە چی دایە؟ لە واقیعدا ڕووەکانی لێکچوون و جیاوازی نێوان دۆخەکانی کۆمەڵکوژی گروپەکانی مرۆڤ، بە بێ ڕەچاوکردنی جیاوازی نەژاد و خێڵ و نەتەوە و چینی کۆمەڵایەتی و ئابووری یان ئایدۆلۆژیا و ئایین، چییە؟ ئایا کۆمەڵکوژی لە سروشتی خۆیدا دیاردەیەکی جیهانی نییە کە لە سەرووی هەموو جیاوازییەکانەوە بێت، لە نێوان گروپە جیاوازەکانی مرۆڤدا؟ ئایا ئەو دیاردانەی هاوەڵی جینۆسایدن لە سروشتی خۆیاندا دیاردەی گەردوونی نین؟ دیاردەی وەکو ترس و تۆقین، ئازار، ئەشکەنجە، مردن، دەرکەوتنی دیاردەی بێهودەیی و نامۆیی قوربانییەکان بەرامبەر بەو هێزانەی کە کاریگەری لەسەر چارەنووسیان دادەنێن، دیاردەی پێشداوەری، نادادگەریی، خراپەکاری، شەڕ، زوڵم، رق و توندوتیژی؟ ئایا ئەمە راستییەک نییە کە جینۆساید لە سەدەی بیستەمدا رووی داوە، کە چاخی عەقڵانیەت و شارستانی نوێ، چاخێک کە مرۆڤ خاوەنی تەکنەلۆژیایەکە کە دەکرێت ببێتە مایەی نیعەت بۆی ئەگەر بە پێی پێوەرە ئەخلاقییە کۆمەڵایەتییەکان، بەکار ببرێت؟ ئایا ئەم ڕاستییە نیشانەی سروشتی گەردوونی جینۆساید نییە؟

لە لایەکی ترەوە، هیچ جیاوازییەکی تایبەت نییە لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵکوژییەکانی گروپەکانی مرۆڤ، ئەمەش شتێکی پێویستە، چونکە توندڕۆکان خۆیان هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کۆمەڵکوژی لەسەر گروپەکانی

مرۆڤ ئەنجام دەدەن. سەرەڕای ئەوەش، ئەوە گەردوونێتی دۆخەکە ناگەیەنێت،کە تەکەز لەسەر نموونەیەکی دیاریکراو بکرێت. ئەوەی پەیوەندی بە دۆخی تایبەتی هۆلۆکۆستەوە هەبێت، هیچ پێوست ناکات لە نێو دۆخەکانی تری جینۆساید جیابکرێتەوە. نازییەکان خۆشیان، بە تایبەتی ئەوانەی بە شێوەیەکی سەرەکی بەرپەرسیاری کۆمەڵکوژی جولەکە بوون وەکو هیتلەر و هیملەر، وەکو رەمزێکی بەرەنگاربوونەوەی نازییەکان دەیانڕوانییە جولەکە. سەرکەوتنی نازییەکان بەسەر جولەکەدا بەڵگەیەکی ئەوە بوو، بەڵام ئامرازێکی رەمزییش بوو بۆ سەرکەوتن بەسەر کەلەپوری تاقانەیەتی ئەو لە ناو شارستانییەکاندا. بەم شێوەیە، کۆمەڵکوژی جولەکە خۆی لە خۆیدا تاقانەیە لە جۆری خۆی و جیاوازە لە دیاردەکانی تری کۆمەڵکوژی.[94]

**یاسادانانی ئیسرائیلی لەبارەی جینۆسایدەوە:**

پەسەندکردنی رێککەوتننامەی یوو ئێن لەبارەی جینۆسایدەوە، لە هەر وڵاتێکدا، خۆی لەخۆیدا پرسێکی ئاڵۆزە، هەروەک چۆن تێپەڕاندنی رێککەوتننامەکەش بە شێوەیەکی گشتی، وابوو. بۆ ئەوەی سروشتێکی دامەزراوەیی ببەخشرێت بە پەسەندکردنە، وڵاتی پەسەندکار داوای لێدەکرا پێناسەیەکی دادوەرییانە بۆ جینۆساد لە یاسای تاوانەکانیدا بکات. ئەم بەشە یاساکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و مامەڵەی لەگەڵ "تاوان دژی گەلی جولەکە"، "تاوان دژی مرۆڤایەتی و "تاوانەکانی جەنگ"، ڕوون دەکاتەوە.

**یاسای تاوانی جینۆساید (قەدەغەکردن و سزادان):**

ئیسرائیل لە ١٧ ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٤٨ رێککەوتننامەکەی یوو ئێن بۆ جینۆسایدی واژۆ کرد. لە ٩ی ئاداری ١٩٥٠ دا پیادە کرا. یەکەمین رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بوو کە ئیسرائیل دوای سەربەخۆیی پەسەندی بکات. تەنها دوای بیست رۆژ لە ٢٩ی ئاداری ١٩٤٨ پەرلەمانی ئیسرائیلی کنێسیت یاسای (قەدەغەکردن و سزادانی جینۆساید)ی دەرکرد. لە دارشتنیدا یاسادانەرە ئیسرائیلییەکان جەختیان لەسەر ئەو پێناسەیە کردوە کە لە رێککەوتننامەکەی یوو ئێن دا هاتووە، بەڵام سزاکەیان توندتر و

[94] Uriel Tal, "On the Study of the Holocaust and Genocide," p. 52.

یەکلاکەرەوەتر بوو. لە دەستووریشدا هەمان پێناسەیان بەکار هێنا، کە نازییەکان و هاوکارانی نازی لە (یاسای سزادان) ساڵی ١٩٥٩ دا بەکاریان هێنا، کە بۆ یەکەمین جار دژی تاوانباری نازی ئەدۆلف ئیخمان لە دادگاییکردنەکەیدا بەکاریان هێنا و لەسەر بنچینەی یاسایی ئەوە سزای لەسێدارەدانیان بۆ بڕییەوە. سەرەڕای دادگای باڵای تاوانەکانی ئیسرائیل، دادگای ناوچەکانیش ئەو پێناسەیان بەکارهێنا بۆ حوکمدانی جۆن دیمانجۆک بە لەسێدارەدان، ئەگەرچی دواتر دادگای ئیسرائیلی بێتاوانی سەلماند بەهۆی گومان لە ناسنامەکەی بە نیسبەت ئیڤانی ترسناک لە کەمپی تریبلانکا.

ئەو یاسایەی کە لە لایەن کنێسیتی ئیسرائیلەوە دارێژرا، لە سەربنچینەی رێککەوتننامەکەی یوو ئێن، یەکەمین یاسای دەوڵەتی ئیسرائیل بوو بۆ کاراکردنی رێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی، بە گشتی. لە میانەی پێشکەشکردنی گەڵاڵەی پرۆژەیاساکە بۆ پەرلەمان لە دیسەمبەری ١٩٤٩، یەکەمین وەزیری دادی ئیسرائیلی ئەوە خستە ڕوو کە ئەوە یەکەمین گەڵاڵەی پرۆژەیاسەیەکە کە پێشکەش بە کنێسیتی دەکەین لە ئەنجامی بەشداریکردنی ئێمە وەک ئەندامێکی یەکسان لە "رێکخراوی نەتەوەکان". پەسەندکردنی رێککەوتننامەکە و یاساکەی کنێسیت، رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ئارەزووی وڵاتە گەنجەکە بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشداریکردن لەو کۆششانەی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گرنگەکانی، خرابوونە گەڕ. دەبێت لە بیرمان بێت کە گفتوگۆ سەبارەت بە یاساکە بووە هۆی وروژاندنی گفتوگۆ لەبارەی بیرەوەری و کۆیادی هۆلۆکۆست، وەک "یاسای یادڤەشیم" و " رۆژی یادکردنەوەی هۆلۆکۆست و راپەڕینی خیتۆ" کە دواتر بە "یاسای یادکردنەوەی هۆلۆکۆست و قارەمانێتی" ناوبرا. هەروەها یاسای سزادانی نازییەکان و هاوکارانی نازییەکان، کارا کرایەوە.
کاتێ پرۆژەیاساکە گفتوگۆی لەسەر کرا لە لایەن کنێسیتی ئیسرائیلەوە، هاوکات گفتوگۆ لەسەر پەیرەو، یاسا و کۆمیتەی داد، پرۆژەیاسای تاوانەکانی جەنگیش کرا. پێسنیاری ئەوەش کرا کە هەردوو یاساکە تێکەڵ بکرێت، بەڵام پێشنیارەکە بە کۆی دەنگ رەتکراەوە. سەرەڕای ئەو رەخنانەی کە ئاراستەی رێککەوتننامەکەی یوو ئێن دەکرا، گفتوگۆکە جەختی لەسەر بایەخ و پەسەندکردن و واژۆکردنی رێککەوتننامەکە بۆ دەوڵەتی ئسرائیل، دەکردەوە. گفتوگۆکانی کنێسیت و پەسەندکردنەکەی رێککەوتننامەکە و وەگەڕخستنی

یاسای جینۆسایدی ئیسرائیل، بە شێوەیەکی ئاشکرا بەڕوە دەچوو. گفتوگۆکە، هەروەها بایەخی پەروەردەیی یاساکە و ڕێککەوتننامەکەی هەڵسەنگاند، کە لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت و لەبارەیەوە فێربکرێت و بایەخی ڕۆڵی پەروەردە بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی جینۆساید لە دوارۆژدا، باس کرا. گفتوگۆیەکی دوورودرێژیش دەربارەی سزادانی ئەو کەسانەی کە لە ئەنجامدانی جینۆساید گلاون بە ڕێوە چوو، دواجار بڕیاردرا سزای مردنیان بەسەردا بسەپێندرێت و ئەمەش لە یاساکەدا (بەشی دووەم) دەستنیشان کرا. وەک بینیمان لە ڕێککەوتننامەکەی یوو ئێن بە ئاشکرا باس لە پرس و پرۆسەی سزادانی ئەنجامدەرانی جینۆساید بە شوەیەکی کاڵوکرچ کراوە.

**تاوانەکانی جینۆساید (قەدەغەکردن و سزادان)، یاسای ساڵی ١٩٥٠:**

١/ (ئا): لە یاساکەدا "جینۆساید" بە مانای هەر یەکێک لەو کردانەی خوارەوە دێت، کە بە مەبەستی وێرانکردنی، هەموو یان بەشێکی، گروپێکی نەتەوەیی، ئیتنیکی، نەژادی، ئایینی، ئەنجام دەدرێت (کە لەمەودوا لە یاساکەدا بە "گروپەکە" ناوی دەبرێت).
١/ کوشتنی ئەندامانی گروپەکە؛
٢/ زیانپێگەیاندنی زۆری جەستەیی یان عەقڵی ئەندامانی گروپەکە؛
٣/ سەپاندنی بارودۆخێکی ژیانی وا بەسەر گروپەکەدا کە ببێتە هۆی لەناوبردنی بەشێک یان هەموو گروپەکە؛
٤/ سەپاندنی پێوەری وا بەسەر گروپەکە کە ببێتە هۆی ڕێگرتن لە وەچەنانەوە؛
٥/ گواستنەوەی زۆرەملێی منداڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر.
(بێ): لە ژێرخاڵدا، وشەی منداڵ بریتییە لەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ژێر هەژدەساڵدایە.

٢/ سزای مردن دەسەپێندرێت بەسەر ئەو کەسەی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنجام دابێت، بە مەرجێک ئەو کردەیەی بچێتە بۆتەی تاوانەوە لەو بارودۆخەی کە تاوانەکە لە ئارادا بووە، بەڵام بۆ بەشی ٦، لە بەرپرسیارێتی لاوەکی عەفوو دەکرێت یان لەوانەیە ببێتە هۆکاری عەفووکردنی لە تاوانەکە، بەپێی توانا

هەوڵ دەدات لە لێکەوتەکانی تاوانەکە کەم بکاتەوە، زیندانی بۆ دەبڕدریتەوە کە لە ١٠ ساڵ کەمتر نەبێت.

٣/ (ئا) ئەو کەسە سزا دەدرێت کە یەکێک لەم کردارانەی خوارەوەی ئەنجام دابێت، هەروەکو ئەو کەسەی تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی جینۆساید:
١/ پیلانگێڕان بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی؛
٢/ هاندان بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی؛
٣/ هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی؛
٤/ هاودەستی لە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی
(بێ) دەستەواژەکانی "پیلانگێڕان"، "هاندان" و "هاودەستی" کە لە ژێرخاڵی (بێ)دا هاتوون، بە پێی مادەی ٢٣ ی (١) (ب) و (ج) و (د)، یاسای سزادانی ساڵی ١٩٣٦، ڕوون دەکرێتەوە.
(تێ) بۆ غەرەزی ژێرخاڵی (ئا) (٤) ئەو کەسەی کە بەشداری لە کۆمەڵکوژیدا کردبێت، ئەگەر بە پێی مادەی ٢٣ ی (١) (ب) و (ج) و (د)، لە یاسای سزادانی ساڵی ١٩٣٦، وا دابنرێت.
٤/ ئەو کەسەی تاوانباری سەلماوە، سزا دەدرێت بەپێی ئەم یاسایە، بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی دادوەر و بەرپرسێکی یاساییە، ئەندام پەرلەمانە یان فەرمانبەرێکی میریی، یان کەسێکی تایبەت.

٥/ ئەو کەسەی کە لە دەرەوەی ئیسرائیل تاوانێکی ئەنجام دابێت بە پێی ئەم یاسایە، سزا دەدرێت وەکو ئەوەی کە لە ناو ئیسرائیلدا تاوانەکەی ئەنجام دابێت.

٦/ حوکمەکانی خاڵەکانی ١٦ و ١٧ و ١٨ و ١٩ لە یاسای سزادانی ساڵی ١٩٣٦، پەیڕەوی ناکرێت لەسەر ئەو تاوانانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە.

٧/ حوکمەکانی بەشی یەکەمی یاسای سزادانی ساڵی ١٩٣٦ بەسەر تاوانەکانی ئەم یاسایەدا پەیڕەوی دەکرێت، ئەگەر لەم یاسایەدا دەستەبەر نەکرابێت.

٨/ بەچاوپۆشی لە هەر شتێکی تر کە لە هەر یاسایەکی تر هاتبێت، لە کاتی رادەستکردنی هەر تاوانبارێکی جینۆساید یان تۆمەتبارکراو پێی یان هەر

کردەیەکی هاتوو لە خاڵی ٣ (ئا) دا، دانپێدانانی تاوان دەبێتە تۆمەتی ئاراستەکراوبۆی و تاوانێکە سروشتی سیاسی هەیە و نابێت خۆشنوودی بۆ دەستەبەر بکرێت.

٩/ وەزیری داد ڕاسپێردراوە بە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

١٠/ ئەم یاسایە، کە دوابەدوای ڕێککەوتننامەی جینۆساید و سزادانی هات، بە پێی ئەوە دارێژراوە، ڕێککەوتننامەکە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٩ ی دیسەمبەری ١٩٤٨ لە جیاتی وڵاتان واژۆ کرا، وە بە پێی بڕیارێک لە کنێسیتەوە دەوڵەتی ئیسرائیل واژۆی کرد. لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیەوە لە ریشۆمۆت، دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە بێ مەرجی ئەوەی ڕێککەوتننامەکە کاری پێ دەکرێت یان نا.

## تاوان لە دژی گەلی جولەکە و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ:

وەک بینیمان، ئەو گفتوگۆیانەی کە لە دەوروبەری کنێسیتی ئیسرائیلی سەبارەت بە قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید دەکران، پەلی هاویشت بۆ گفتوگۆکردنی تاوانەکانی نازییەکان و هاوکارانی نازییەکان. لە ١ی ئابی ١٩٥٠، یاساکەی نازییەکان و هاوکارانی نازییەکان(یاسای سزاکان)ی ساڵی ١٩٥٠، کە تیایدا پێناسەی سێ جۆر تاوان دەکات: تاوان دژی گەلی جولەکە و تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ. لەوێدا سزای مردن دەسەپێنێت بەسەر هەر کەسێکی تاوانبار بە یەکێک لەو تاوانانەی کە لە میانە حوکمی نازییەکان لە ئەڵمانیا ئەنجام دراون. یاسای ئیسرائیلی تاوانەکان بەم جۆرە دەستنیشان دەکات:
"تاوان لە دژی گەلی جولەکە" مانای هەر یەکێک لەم کردارانەی خوارەوە دەدات کە مەبەستی وێرانکردنی هەموو یان بەشێکی گەلی جولەکەیە:
١/ کوشتنی جولەکە؛
٢/ زیانگەیاندنی گەورەی جەستەیی و عەقڵیی بە جولەکە؛
٣/ دانانی جولەکە لە بارودۆخێکی ژیانی کە ببێتە هۆی وێرانکردنی دارایی؛

٤/ دانانی پێوەری وا کە ببێتە هۆی قەدەغەکردنی وەچەنانەوەی گەلی جولەکە؛
٥/ راگواستنی زۆرەملێی منداڵی جولەکە بۆ ناو گروپی نەتەوەیی و ئایینی تر.
٦/ وێرانکردن یان ناپیرۆزکردنی رێورەسم و رێسا و دابونەریت و کولتووری جولەکە؛
٧/ هاندانی رقلێبوونەوە لە جولەکە.

---

ئایا رەوایە وڵاتێک لە وڵاتان جیاوازی بکات لە نێوان ئەو تاوانانەی کۆمەڵکوژی کە دژ بە خەڵکی خۆی دەکرێت، لەگەڵ ئەو تاوانانەی جینۆساید کە دژ بە خەڵکانی تر دەکرێت؟

---

"تاوان لە دژی مرۆڤایەتی" مانای هەر یەکێک لەم کردارانە دەدات کە لە خوارەوە هاتووە:
کوشتن، لەناوبردن، یان بەکۆیلەکردن، برسیکردن یان راگواستنەوەی زۆرەملێ و کرداری تری نامرۆڤانە کە دژی خەڵکی سیڤیل ئەنجام دەدرێت، یان چەوساندنەوە بە هۆکاری نیشتیمانی، یان نەژادی، یان ئایینی یان سیاسی؛

"تاوانی جەنگ" مانای هەر یەکێک لەم کردارانەی خوارەوەیە:
کوشتن، یان خراپ مامەڵەکردن یان راگواستنەوەی زۆرەملێ بە پاساوی کار یان هەر هۆکارێکی تر، بۆ دانیشتوانی مەدەنی لە سەر خاکی داگیرکراو. کوشتن یان خراپمامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیانی جەنگ لە خاکە داگیرکراوەکان لە ناوچەی دەریا، کوشتنی دەستبەسەرکراوان و تاڵانکردنی سامانی تایبەتی و گشتی، وێرانکردنی ناپێویست بە پاساوە سەربازییەکان.

لە یاسای نازییەکان و هاوکارانی نازییەکان (سزادان)، " تاوان دژ بە گەلی جولەکە" و "تاوان دژ بە مرۆڤایەتی" و "تاوانی جەنگ" هاوواتای جینۆساید نییە، ئەگەرچی هەندێک جار پێکهاتەیەکی تاوانی جینۆسایدن.

بۆ نمونە: "تاوان لە دژی گەلی جولەکە" کە لە یاسای کنێسیت ئاماژەی پێدرا، هەندێ توخمی وای تێدایە کە لە رێککەوتننامەکەی یوو ئێن و یاسای

جینۆسایدی کنێستیش دەردەکەون، سەرەرای ئەوەش یاساکەی کنێسیت (هاندانی رقلێبوونەوە لە جولەکە) بە تاوان دادەنێت، لە کاتێکدا لە رێککەوتننامەکەدا خۆپارێزانەتر ئاماژەی پێداوە، جگە لە "هاندانی راستەوخۆ و ئاشکرا بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژیی" ئەوانی تر تاوانبار ناکات. جیاوازییەکی تریش هەیە لە نێوان یاسای ئیسرائیلی و رێککەوتننامەکەی یوو ئێن، ئەویش ئەوەیە کە بە پێی پەیرەوی ناوخۆی کنێسیت، ئەوەی تێدایە کە "وێرانکردن و پیسکردنی رێورەسم و رێسا ئاییینییەکان و داب و نەریت و کولتووری جولەکە" بە تاوان دانراوە، ئەم شێوەیە لە ناو رێکەوتننامەکەدا نییە.

...

**پۆلیتیساید و دیمۆساید**

ناڕوونی سەبارەت بە دەستەواژەی جینۆساید و ئەو ڕەخنانەی لێی دەگیرا کە بۆ زۆر بابەتی جیاواز بەکار دەبرێت، بووەهۆی گەشەسەندنی دەستەواژەگەری و داهێنانی هی نوی. یەکێک لەو دەستەواژە تازانە پۆلیتیساید بوو کە دەکرێت وا پێناسە بکرێت تاوانی کوشتنە کەحکومەتی ئەنجامی داوە بە هۆکاری سیاسی و ئایدۆلۆژی یان بە دەستینیشانکراوی، کوشتنی خەڵک بە مەبەستەوە لە لایەن حکومەتەوە بەهۆی هەڵوێست و بیروڕای جیاوازی سیاسییانەوە یان بەهۆی ئەو سیاسەتەوە کە بەسەریاندا دەسەپێندرێت.

پۆلیتیساید و جینۆساید مەرج نییە دوو دیاردەی لێکجیاواز بن، چوون دەشێ لە هەردووکیاندا کۆمەڵکوژی ڕوودات. یەکێک لە نموونەکانی ئەم دیاردەیە دەرکردن و کوشتن و پاکتاوکردنی رەگەزی کە لە سەردەمی ستالینی یەکێتی سۆڤییەت ئەنجام دران لە سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمدا دژی زیاتر لە ٢ ملیۆن کەسی سەر بە گروپی بچووک وەک ئەڵمانەکانی هەرێمی ڤۆڵگا، تەتەرەکان، چیچانەکان، کاڵمیکەکان، ئنگۆشەکان و هی تر. لە ئاستی پراکتیکدا، تێکچڕژان لە نێوان هەردوو دەستەواژەکە سنووردارە، دەستەواژەی پۆلیتیساید بۆ ئاماژەدان بە ژمارەیەک کۆمەڵکوژی پەیوەست بە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست و بەرهەڵستکارانی شۆڕش و

دیموکراتخوازەکان و سۆسیالدیموکراتەکان و رەخنەگران لە رژێم، بەکار هێنراوە.

دەستەواژەیەکی تر کە جینۆساید دەگرێتەوە بریتییە لەوەی کە ر.ج. رومێل، لێکۆڵەری ئەمریکی لە بواری زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی هاوای، دایهێناوە. [95] بە پێی رومێل دەستەواژەی جینۆساید ناڕوونە و سەرلێشێوێنەرە و فرەلێکدانەوە هەڵدەگرێت. یەکێک لەوانە مانا یاساییەکەیەتی کە لە رێککەوتننامەکەی یوو ئێن پێناسە کراوە، کە نەک تەنها وێرانکردنی دەمودەست بەڵکو نیازی وێرانکردنیش دەگرێتەوە. یەکێکی تر مانا هەرەباوەکەیەتی، ئاماژە دەکات بە کوشتاری حکومەت(و تەنها کوشتن)ی تاکەکەسەکان بە هۆکاری بەندیواری ئەوان بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو، گروپێکی ئیتنیکی، نەژادی، یان ئایینی. ئەم دوو مانایە هەردووکیان لەوەدا کێشەدارن کە نە ڕووماڵی کرداری کوشتنەکانی حکومەت بۆ بەرهەڵستکارە سیاسییەکان دەکەن، ئەوانەی بۆ پاکتاوکردنی ئەو دانیشتوانەی کە توخمی بەرهەڵستکاری شۆڕشگێریان تێدایە، یاخوود کوشتن بە مەبەستی ریشەکێشکردن ئەنجام دەدەن (وەک ئەوانەی کە لە سەردەمی حوکمڕانی ستالین دەکرا). بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییە بەرینە پڕ بکاتەوە، پێشنیاری دەستەواژەیەکی فراوانتری کرد، ئەویش (دیمۆساید) بوو. بۆ ئەوەی هەموو ئەو کوشتننانە بگرێتەوە کە لە لایەن حکومەتەکانەوە ئەنجام دراون، بە چاوپۆشی لەوەی قوربانییەکە سەر بە گروپێکی دیاریکراوە. هاوتەریبی دەستەواژەی (کوشتن) کە ئاماژەیە بە کوشتن لە لایەن حکومەتەکانەوە. بە پێی رومێڵ دیمۆساید"مەبەستی پراکتیکی" دەگرێتەوە، بۆ نمونە دیمۆساید هەروەها ئەو مردنانەش دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی لە پاراستنی ژیانی خەڵکەوە لە لایەن حکومەتەکانەوە روو دەدات، وەکو کاتی گواستنەوە زۆرەملێکان، کە خەڵک بە دەستی پاسەوانە زۆردارەکان دەکوژرێن، یان لە ئەنجامی گەرما، سەرما، برسێتی، یان وشکەساڵیی، تەنانەت ئەگەر مردنەکان پلانبۆدانراویش نەبن، هەر لە ژێر ناوی "دیمۆساید" پۆلێن دەکرێن.

---

[95] دوو وتاری کورتی رومێل لە ئینسیکلۆپیدیای جینۆسید بەرچاو دەکەون، یەکەمیان بە ناوی چەمکی تازەی دیموکراتی، کە لەسەر بنچینەی پێناسە جینۆسایدیش داڕێژراوە، دووەمیان بەناوی (دەسەڵات دەکوژێت: دەسەڵاتی رەها بە رەهایی دەکوژێت).

بە پێی رومێڵ، دیمۆساید دەکرێت لەسەر ئەو دۆخانەش پیادە بکرێت کە حکومەت بە پێداگری و جەختکردنەوە خەڵکی سیڤیل دەکوژێت. بە پێچەوانەی جینۆسایدەوە، دەستەواژەی دیمۆساید بەندە بە کوشتنی پێداگری و بەمەبەستەوە، نەک بە هەوڵی لەناوبردنی نەتەوەیەک، نەژادێک، یان گروپێکی ئایینی بە ئامرازی بێ لە کوشتن. دەستەواژەکە جینۆساید و پۆلیتیساید و کۆمەڵکوژی و کردەوە تیرۆریستییەکانیش دەگرێتەوە. بە پێی ڕومێل "دیمۆساید کوشتنی مەبەستداری کەسە ناچەکدارەکان، یان کەسە لە چەکداماڵڕاوەکانە لە لایەن فەرمانبەرانی حکومەتەوە، کە بە پێی ئەرکە فەرمییەکانیان و بە پێی سیاسەتی حکومەت یان سەرکردایەتی باڵا، رەفتار دەکەن." بەم شێوەیە، ئەم دەستەواژەیە بەرفراوانترە و چەمکەکانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی و کوشتن بە پاساوی سیاسییش دەگرێتەوە.

پێناسەکەی ڕومێل دیمۆسایدی ناوخۆیی، واتە ئەو کوشتنانەی کە حکومەت لەناوخۆی وڵاتی خۆیدا ئەنجامی دەدات، جیا دەکاتەوە لەو دیمۆسایدە دەرەکییەی کە حکومەت لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی خۆی ئەنجامی دەدات.[96]

ڕومێل هەروەها پێشنیاری جیاکردنەوەی "فرەکوژ"ەکان دەکات، ئەو حکومەتانەی کە زیاتر لە یەک ملیۆن کەسان کوشتووە، لە "کەمترکوژ"ەکان، ئەو رژێمانەی کە کەمتر لە یەک ملیۆن کەسیان کوشتووە. ئەو زانیارییانەی کە رومێڵ کۆیکردونەتەوە سەبارەت بە دیمۆساید ئێجگار زۆرن و پانزە وڵاتی پۆلێن کردووە کە بەهەموویانەوە بەرپرسیارن لە کوشتنی ١٥١ ملیۆن کەس: چوار ئەوەندە زیاترە لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە هەموو شەڕەناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا کوژراون، لە سەدەی بیستەم و هەتا ساڵی ١٩٨٧. وەک بینیمان، مەزەندەکانی ڕومێل بۆ هەموو سەدەی بیستەم(بە کۆمەڵکوژییەکانی دەیەی دوایی کە لە ڕواندا و یوگسلافیا و تیموری رۆژهەڵاتی و شوێنەکانی تریشەوە) بەرز دەبێتەوە بۆ ١٧٤ ملیۆن. دەوڵەتە خاوەن رژێمە دیکتاتۆرییەکانی وەکو یەکێتی سۆڤیەت، چین و ئەڵمانیای نازی

[96] بۆ نمونە بە پێی ڕومێل لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٦ و ١٩٤٥، ژاپۆن نزیکەی شەش ملیۆن کەسی کوشت، هەموویان خەڵکی بێگانە بوون ، دیمۆسایدی بێگانە. ئەوانە خەڵکی چینی، کۆریایی و ئەندەنووسی و زیندانیانی جەنگیشیان تێدا بوو. بۆیە "دیمۆسایدی ناوخۆیی" و "جینۆساید" زانیاری سەبارەت بە ژمارەی قوربانییەکانی بۆ نییە.

بەرپرسیارن لە ٨٤%ی هەموو ئەو کوشتنانە کە دەکاتە نزیکەی ١٢٨ ملیۆن مردن. هەروەها ٢٠٣ نمونەی دیکە کە بە ڕێژەی کەمتر کوشتن ئەنجام دراوە و نزیکەی ١٧،٧ ملیۆن کەسە. دواتر ڕومێل مەزەندەکانی خۆی چاکتر کردەوە و زانیاری تازەی بۆ زیاد کرد سەبارەت بە ژمارەی قوربانییەکان، گەیشتە ٢٦٢ ملیۆن قوربانی لە تەواوی سەدەی بیستەمدا.
ئەم مەزەندانە لەسەر بنچینەی نزیکەی ٨٢٠٠ کەیسی جینۆساید، پۆلیتیساید و کۆمەڵکوژی، هێرشی تیرۆریستی، لەسێدارەدانی نایاسایی و کوشتنی پەیوەندیدار، دانراوە.
زۆربەی خەڵک ئاگاداری ئەم ژمارانە نیین، کە زۆر قورسە باوەڕپێکردنی و تێگەیشتن لێی. دەبێ کۆشش بکەین و بڕوانین ئەم ژمارانە بایەخیان چەند زۆرە بۆجیهانێ کە ئێمە تێیدا دەژین.
ڕومێل زانیاریەکانی لەبارەی جینۆسایدەکانەوە لە نزیکەی ١٠٠٠ سەرچاوەوە وەرگرتووە. ئەو هۆشداری دەدات، چونکە ئەو زانیارییانەی ئەو دەیخاتە ڕوو بە مەبەستی دروستکردنی ڕای گشتییە، کە دەشێ هەندێک کەمتر یان زیاتر بێت لەو ژمارەیەی کوشتنەکان، پەیوەندیدارە بە گۆشەنیگای ئەو کەسەی کە مەزەندەکە دەکات. بەم هۆیە، ئەو مەزەندەکەی بە پێوەرێکی لۆژیکی لە نێوان مەزەندەی زۆرترین ژمارە و کەمترین ژمارەی دراو لەو بارەیەوە، دەکات، بە پشتبەستن بە دەیان و هەندێک جار سەدان مەزەندە لەبارەی کەیسێکی دیاریکراوەوە.

لەم بارودۆخەدا، بێگومان ململانێی ڕوون هەیە لە بارەی ژمارەی قوربانییەکانی کە لە تەواوی دۆخەکانی کۆمەلکوژیدا کوژراون. لە ڕاستیدا، جیاوازی زۆر گەورە هەیە لە نێوان مەزەندەکاندا، کە هەندێ جار هەندێ کەس کەڵکئاوەژووی لێوەردەگرن وەک مایەی گاڵتەجاری دەیبینن. وا دەردەکەوێت هۆلۆکۆست تاقە نمونەیەکە کە یەکێتییەک لە راکاندا هەیە سەبارەت بە ژمارەی قوربانییەکانی (جگە لە نکۆڵیکاران لە هۆلۆکۆست).

لەبەرئەوەی زۆربەی کۆمەڵکوژییەکان لە کاتی جەنگدا ئەنجام دراون، ڕومێل پێشنیاری ئەوەی کردووە هەموو ئەو قوربانییانەش کە پەیوەندیدارن بە جەنگەوە، زیاد بکرێن بۆ سەر ژمارەی قوربانییەکان، بە قوربانییەکانی جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکانەوە. هۆلۆکۆست لە میانەی جەنگی جیهانی

دووەم، هەروەها کوشتنی ئەرمەنییەکان لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانی، بە ڕای ئەو، ئەو کەیسانەن کە ڕوونن و دەکرێت جیابکرێنەوە. زۆرکەیسی تریش، کە کەمتر ڕوونن، وەکو بۆمبابارانکردنی خەڵکی مەدەنی لە ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانی، یان بۆمبابارانکردنی ڤێتنام و کەمبۆدیا لە لایەن بەریتانی و ئەمریکییەکانەوە. لە بابەتەکەیدا، "دەسەڵات دەکوژێت: دەسەڵاتی رەها بە رەهایی دەکوژێت"، رومێڵ جەخت دەکاتەوە لە ئەنجامی بۆردومانی هەڕەمەکی هەندێ بەشی ئەڵمانیا و ژاپۆن، پێویستە ئەمریکا بخریتە لیستی فرەکوژەکانەوە، یان ئەو وڵاتانەی دەیان یان سەدان هەزار رۆحی بێگوناهیان کێشاوە. لە هەموو مەزەندەکان قورستر، بە پێی ڕومێڵ، مەزەندەی ئەو کوشتنانەن کە لە کات جەنگدا ڕوویان دا و بە پێی رێککەوتننامەی ژنێڤ بە تاوانی جەنگ دادەنرێن. ژمارە مەزەندەکراوی قوربانییەکان بە پێ ڕومێڵ زۆر گەورەیە و دەکاتە نزیکەی ژمارەی دانیشتوانی شەش وڵات.

بە پێی لێکۆڵینەوەکەی رومێڵ، ٣٩ ملیۆن کوشتن، یان ٢٣%ی قوربانییەکانی دیمۆساید، جینۆسایدن. ئەم ژمارەیە زۆرترە لە ژمارەی هەموو ئەو سەربازانەی لە هەموو جەنگەکانی سەدەی بیستەمدا کوژراون. ئەو ژمارانە نەک تەنها قوربانییەکانی هۆلۆکۆست و جینۆسایدی ئەرمەن، بەڵکو کۆمەڵکوژییە کەمتر ناسراوەکانی وەکو کوشتنی رۆمانییەکان لە لایەن رژێمی نازییەوە، کوشتنی یۆنانییەکان لە لایەن تورکەوە، کوشتنی دانیشتوانە رەسەنەکەی ئەمریکا لە مەکسیک، هەموو ئەو کوشتوبڕانەش دەگرێتەوە کە لە پێش ئیمپراتۆریای ئەڵمانییدا ڕوویانداوە و ئەنجامدراون. ئەڵمانیا لە سەرەتای سەدەی بیستەم، کوشتنی تبتییەکان لە لایەن چینییەکانەوە و زۆر کەیسی تریش دەگرێتەوە. بە هەموویانەوە لیستەکە ١٤١ رژێم دەگرێتەوە. سەرەڕای هەموو راستییەکان لەسەر هەموو کەیسەکانی جینۆساید کە رومێڵ پۆلینی کردوون، لە لێکۆڵینەوەکەیدا نکۆڵی لە دەگمەنێتی هۆلۆکۆست ناکات، چونکە رژێمی نازی بە مەبەستی ریشەکێشکردنی یەکجاریی گەلی جولەکە، کۆمەلکوژییەکانی ئەنجامی داوە.

پرسیارێکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە چ رژێمێک لە هەمووی زیاتر دەشێ کۆمەلکوژی بکات؟ وەکو زۆر لە زانایانی تر، کە لە سەرەوە گفتوگۆمان کرد، ئەوانەی کە هەوڵی گەشەدان بە شێوازی تیۆری دەوڵەتەکان

و ئەو رژێمانەی کە جینۆساید ئەنجام دەدەن، کردووە، کارەکەی رومێل تەنیا فۆکەسی نەکردۆتە سەر ئەو دەوڵەتانەی کە کوشتنەکانی تێدا ڕوویان داوە، بەڵکو جۆری ئەو رژێمانەش کە لە هەر یەکەیاندا هەیە. ئایا هیچ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان جۆری رژێمەکە و مەیل بۆ ئەنجامدانی جینۆساید؟ بە پێی رومێڵ، تا رژێمەکە زیاتر دیکتاتۆری بێت و کەمتر دیموکراتی، ئەگەری ئەنجامدانی جینۆساید زیاترە. تەنانەت هەتا هەموو دۆخەکانی جینۆساید ئەو رژێمە ئەنجامی نەدابێت لە وڵاتێکی هاوئاهەنگی دیاریکراودا، ئەنجامدانەکەی سروشتێکی رژێمێکی چەوسێنەری هەیە. فرەکوژەکانی وەکو یەکێتی سۆڤیەت، کۆماری میللی چین و کامبۆدیا، دەتوانن توانا دیکتاتۆرییەکانان بخەنەگەڕ بۆ لەناوبردنی هێزە بەرهەڵستکارەکانیان کە بەرژەوەندییان دەخەنە خەتەرەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی ڕوودانی کۆمەڵکوژی.
لە وڵاتە دیموکراتییەکان، دەستەبژێرەکان دەسەڵات و ئیرادەی ئەوەیان نییە کە گروپەکان یان تاکەکەسەکان لەناوبەرن. دەوڵەتە دیموکراتییەکان، هاوڵاتی وایان هەیە کە بەرهەڵستی ئەو جۆرە نیازانە دەکات.
هەرچەندە هێزی ئەو جۆرە رژێمانە زیاتر بێت دەستتێوەردانی شەڕانگێزانە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا زیاد دەکات، لە نێو ئەوانەدا دەسەڵات دەگرێت بەسەر ئایین و ئابووری و تەنانەت ژیانی خێزانی- بە پەیوەندی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای رادیکاڵانە و باوەڕە ئایینییە رەهاکان، تا ئەگەری بیرکردنەوە لە کوشتنی بەکۆمەڵ زیاتر بێت، توانای جێبەجێکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی زیاتر دەبێت.
بە پێی ئەم شێوازە، هێز و کوشتار، ئەو ناواخن و ڕوونکردنەوانە فەراهام دەکەن کە بۆ ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی و جۆرەکانی تری تاوان لە بارن. ئەمەش، هەروەها توندوتیژی دەرەکی لێکدەداتەوە کە دەوڵەتەکانی خاوەن رژێمی شەڕانگێزانە، ئەنجامی دەدەن. دەوڵەتە دیموکراتەکان زیاتر لە دەوڵەتە زۆردارەکان خوازیاری شەڕن، جەنگ لە نێوان دوو دەوڵەتی زۆرداری وەکو یەکێتی سۆڤیەت و ئەڵمانیا، لە هەمووی زیاتر توندوتیژ و وەحشیگەرانە دەبێت.
دەرەنجامەکەی رۆمڵ ئەوەیە کە، یەکانگیری نێوان هێز و دنیابینی شەڕانگێزانە، بکوژە، تا مەودای کوشتنەکان فراوانتر بێت، رژێمەکە شەڕانگێزترە. کەواتە حکومەتە زۆردارەکان وا دەردەکەوێت زیاتر لەبار بن بۆ ئەنجامدانی جینۆسایدی ناوخۆیی. تا رژێمەکە ناوەندیتر بێت، ئاسانتر

دەتوانێت بە پێی ئارەزووی دەستەبژێر کار بکات. ئەم جۆرە لە رژێم، ژمارەیەکی زۆر شەڕی ناپێویست هەڵدەگیرسێنێت لە دژی دراوسێکانی و مەیلی زیاتری هەیە بۆ ئازاردانی هاوڵاتیانی خۆی.
تا رژێم دیموکراتیتر بێت- واتا نامەرکەزی بێت و هاوسەنگی رابگرێت- کەمتر لەبار دەبێت بۆ ئەنجامدانی جینۆساید. لە پراکتیکدا، رژێمی زۆرداری رادیکاڵ، بەرپرسیارە لە کوشتنی بەتووندوتیژی دەیان ملیۆن کەس، لە کاتێکدا رژێمە دیموکراتەکان زۆر جار خەریک دەمێنن چۆن بڕیار لەسەر دەستدرێژیکارێکی سێکسی یان کەسێکی فرەکوژ، بدەن.
سەرەڕای بەکارهێنانی مەزەندە ئەزموونییەکان لە لایەن ڕۆمێلەوە بۆ جیاکردنەوەی رژێمە زۆردارەکان و رژێمە دیموکراتەکان، هەندێ کەس سەبارەت بە دەرەنجامەکانی کە پەیوەندیدارە بە دیموکراتی، پرسیار دەکەن، بە ئاماژەدان بە دەوڵەتە دیموکراتەکان کە ئەوانیش تاوانی بە سروشت کۆمەڵکوژییان ئەنجامداوە. بە کرداریش رژێمە دیموکراتەکان بە درێژایی مێژوو یارمەتی رژێمە کۆمەڵکوژەکانیان داوە، هیچیشیان نەکردووە بۆ ڕێگرتن لە کۆمەڵکوژییەکەی.
سەرەڕای سنووردارییی پێناسەی جینۆساید لە رێککەوتننامەکەی یوو ئێن، دەبێ لەبیرمان بێت کە ئەوە ئەو پێناسە فرەبەکارهێنراوەیە لە لایەن کۆمەڵگەکانەوە و بازنە ئەکادیمییەکان. بەم هۆکارە باشترە بەکاربهێندرێت، لە هەمان کاتدا فراوان بکرێتەوە. دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت، هەندێ جار و لە هەندێ دۆخدا نابیتە هۆی فراوانکردنی، بەڵکو لە کۆتاییدا دەبیتە هۆی شێواندنی ماناکەی. ئەمەش لە بایەخی جینۆساید کەم دەکاتەوە، کە بە بێ گومان یەکێک لە ترسناکترین تاوانەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە.

خشتەی خوارەوە ژمارەیەک لە کۆمەڵکوژییەکان، کە بە درێژایی مێژوو ڕوویان داوە، لە خۆی دەگرێت، ئەمەش گشتگرەوە و فراوان نییە و مەرج نییە هەموو زاناکان کۆک بن لەسەر پۆلێنکردنەکەکانی.

خشتەی ژمارە (١)
جینۆسایدەکان بە درێژای مێژوو

| شوێنەکان/ کاتەکان | قوربانی | ئەنجامدەرانی تاوان |
|---|---|---|
| رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ٨٠٠ پێس زایین | گروپی هەمەجۆر | تاوانباری جۆراوجۆر |
| میلۆس، ٤١٦ پێش زایین | دانیشتوانی شاری میلۆس | ئەثینایییەکان |
| کارتاجەکان، ١٤٦ پێش زایین | خەڵکی شاری کارتاج | رۆمانییەکان |
| چین، ١٢١١-١٢٣٤ | چینییەکان، پێرسینەکان، موسوڵمانەکان، هتد | جەنگیزخان و مەنگۆلەکان |
| باکوور و باشووری ئەمریکا١٤٩٢- ١٧٨٩ | ئەمەریکاییە ڕەسەنەکان | ئیسپانییەکان، پۆرتوگالییەکان، بەریتانی و فەرەنسییەکان |
| ئۆستراليا و نیوزلاندا، سەدەی ١٩ تا ئێستا | ئەبورجینییەکان | رانچەرەکان، دانیشتوانە سپی پێستەکان |
| ژاپۆن، ١٥٨٧-١٦١٠ | کرستیانەکان | ژاپۆنییەکان |
| باشووری ئەفریقیا، وڵاتی زولو ١٨١٨-١٨٢٨ | خەڵکی ندواندوا | زۆلو لە کاتی فەرمانڕەوایەتی شاکا زۆلو |
| باشووری رۆژئاوای ئەفریقیاو ١٩٠٤ | خەڵکی هێرۆرۆ | سوپای ئیمپراتۆرای ئەڵمانی |
| تورکیا، ١٨٩٤-١٩٠٨ و | عوسمانییەکان ئەرمەنەکان | سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و گەنجە توورکەکان |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩٢٢-١٩١٥ | | |
| ئەوروپا، ١٩٣٣-١٩٤٥ | جولەکەکان | ئەڵمانیای نازیی |
| ئەوروپا ١٩٣٣-١٩٤٥ | ڕۆمانییەکان | ئەڵمانیای نازیی |
| ئەوروپا ١٩٣٣-١٩٤٥ | هاوڕەگەزبازەکان؛ مۆرمۆنەکان، نەخۆشە عەقڵی و جەستەییەکان | ئەڵمانیای نازیی |
| | گەواهیدەرانی یەهوا، بەرهەڵستکارە سیاسییەکان | |
| بۆسنیا، ١٩٤١-١٩٤٥ | سڕبەکان، جولەکەکان، ڕۆمانییەکان | ئێس ئێس، کرواتەکان، موسوڵمانەکان |
| باشووری سوودان، ١٩٥٥-١٩٧٢ | سودانییە ناموسوڵمانەکان | سوپای سودان |
| ئەندەنووسیا، ١٩٦٥-١٩٦٧ | کۆمۆنیستەکان | بەکرێگیراوە مێرسنارییەکان |
| نایجیریا، ١٩٦٦-١٩٧٠ | ئیبۆس | نایجیرییەکانی تر(برسێتی) |
| پاراگوای، ١٩٦٨-١٩٧٢ | هیندییە ئاچییەکان | هاوڵاتیانی تر |
| تیبت، سەرەتای ١٩٦٠ەکان | تبتییەکان | خەڵکی کۆماری چینی میللی |
| بەنگلادیش، ١٩٧١-ئێستا | خەڵکی نابەنگلادیشی لە باشووری ڕۆژئاوای بەنگلادیش | سوپای بەنگلادیش و دانیشتوانی بەنگلادیش |
| ڕواندا- بووروندی، | تووتووس | تووتسییەکان |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩٩٩-١٩٧٢ | | |
| تیموری رۆژهەڵات، ئەندەنووسیا، ١٩٧٥ | تیمورەکان | سوپای ئەندەنووسیا |
| کەمبۆدیا، ١٩٧٥-١٩٧٩ | کەمبۆدییە خوێندەوارە شارستانییەکان | خمێر روجی |
| بۆسنیا و کۆسۆڤۆ، ١٩٩٢-١٩٩٥ | موسوڵمانەکان، کرواتەکان، کۆسۆڤۆییەکان | سربەکان |
| رواندا، ١٩٩٤ | تووتسییەکان | هووتوەکان، سوپا چەکدارەکان، بەرپرسەکان و هاوکارەکانیان |

سەرچاوە: پۆرتەر، " پێشەکی: جینۆساید چییە؟" تێبینی لەسەر پێناسەکەی"؛ دۆبکۆڤسکی و ویلیەم، جینۆساید لە سەردەمی ئێمە.

پێناسە و زانیاری لەو جۆرە بایەخی جەوهەری هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە جینۆساید و کۆشش بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە لە چەندین رووەوەکە سەختە لێی تێبگەین. لە کۆتاییدا دەمەوێت جارێکی تر جەخت لەوە بکەمەوە کە بنچینەی ئەم کتێبە بەهای ژیانی مرۆڤە لە هەر کوێیەک بێت.

...

گەڕانەوەی سەدە/ ڤیسلاڤا زیمبۆرسکا [97]

سەدەی بیستەممان
لەوانی تر باشتر دەبێت.
ناتوانی ئێستا ئەمە بسەلمێنیت
ئێستا کە ژمارە دەدرێتە ساڵەکانی
بەڕێوەچوونەکەی پوچ و
هەناسەکانی کورتن.

زۆر شت ڕوویاندا
کە نەدەبوو ڕووبدەن
ئەوەی ئەگەری هاتنی کرا، نەهات.

شادی و بەهار، لە نێو هەموو شتەکاندا
دەبوو نزیکتر بێتەوە.

چاوەڕێکراو بوو ترس چیاکان و دۆڵەکان جێبهێڵێت،
چاوەریکراو بوو ڕاستی پێش درۆ
رێگەی ماڵ بگرێتە بەر.

جۆتێ کێشە هیچی تر نابێت بێنەئاراوە
بۆ نمونە: برسێتی و
جەنگ و ئیدی بەو شێوەیە..

رێز لە خەڵکی گیرا
بۆ بێدەرامەتی و بێدەرەتانییان،
متمانە، جۆرێکە لە ماددە.

---

[97] ڤیسلاڤا زیمبۆرسکا لە ساڵی ١٩٢٣ لە پۆلۆنیا لەدایک بووە. ٢٦ دیوانی شیعری بڵاوکردۆتەوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زۆر لە زمانەکان. خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێ بەخشراوە. هۆنراوەکانی گوزارە لە زۆرێک لە رووداوە نیگەرانیهێنەکانی سەدەی بیستەم دەکات، لە ناویاندا جینۆسایدی جولەکەکانی پۆڵۆنیا.

هەرکەسێ پلانی دانا چێژ لە دنیا ببینێت
ئێستا ڕووبەڕووی ئەرکێکی سەختە.

گەمژەیی خۆش نییە
عەقڵمەندی گەی نییە
هیوا
لەوەزیاتر ئەو کچە گەنجە نییە ،
تا دوایی! بە داخەوە.

خودا لە کۆتاییدا باوەڕ دەهێنێت
بە پیاوێک کە هەم بەهێزە و هەمیش باش
بەڵام باش و بەهێز
هێشتاش لە دوو پیاوی جیاوازدان.

"ئێمە چۆن بژیین؟"
یەکێ بە نامە پرسیاری لێ کردم.
مەبەستم بوو هەمان پرسیاری لێ بکەمەوە.

دووبارە و بۆ هەمیشە
وەک لە سەرەوە دەیبنین
جدیترین پرسیار
ساویلکەترینیانە.



سەربازێکی نازی، مۆنیمێنتی هۆلۆکۆست لە مۆزەخانەی ئەمریکا/ واشنتۆن، دی سی.

# پاشکۆی (١)
# جینۆساید- تاوانێکی مۆدێرن

نووسینی: رافائیل لیمکین
نیسانی ١٩٤٥

---

"کوشتنی پێشوەخت پلانرێژکراوی نێودەوڵەتی، کە لە لایەن هیتلەرەوە دژ بە خەڵکی ئەوروپا پلانی بۆ دانرا و پیادە کرا، پێویستە بچێتە بۆتەی یاسای داهاتووی نێودەوڵەتییەوە. ئەمە کێشەیەکی سەرەکییە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی جیهان دەبێتەوە."

ئەم بابەتە یەکەم جار لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی دەرکەوت، لە ژمارەی نیسانی ساڵی ١٩٤٥ ی گۆڤاری جیهانی ئازاد دا، کە گۆڤارێکی ناحیزبی تەرخانکراو بۆ دیموکراتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە پێنج زمان، بڵاو کرایەوە. [جیهانی ئازاد، بەرگی ٤، نیسانی ١٩٤٥، ل ٣٩-٤٣]. کورت کراوەکەی پێشکەش بە جەماوەرێکی زۆر کرا، لە بەشی ٩ یەمی کتێبی تەوەری بنکە لە ئەوروپای داگیرکراو]، کە دامەزراوەی کارینجی بۆ ئاشتی لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٤٤، بڵاوی کردەوە.

**جینۆساید- تاوانی مۆدێرن**

"یەکێک لەو هەڵە گەورانەی کە لە ساڵی ١٩١٨ دا ڕوویدا، وەلاخستنی ژیانی خەڵکی سیڤیل بوو لە وڵاتە دوژمنەکان، چونکە بۆ ئێمە وەک ئەڵمانەکان، گرنگە لای کەم دوو هێندەی گەلانی وڵاتانی دراوسێ بین، بۆیە ئێمە لە سەرمانە سێ بەشی دانیشتوانی وڵاتەکان وێران بکەین. تاقە ئامرازیش بۆ ڕێکخستنی ئەم کارە برسیکردنە، کە لەم دۆخەدا لە بەکارهێنانی تفەنگ، کاریگەرترە."

قسەکەرەکە مارشاڵ ڤۆن دوندستیت بوو، قسەکانی لە ١٩٤٣، ئاراستەی ئەکادیمیای جەنگی وڵات، لە بەرلین، کرد. ئەو تەنیا لاسایی سەرۆکی دەکردەوە کە دەیگووت"غەریزە پێدراوە سروشتییەکان بۆ هەر بوونەوەرێک تەنها ئەوە نییە دژ بە دوژمنەکان بجەنگێت، بەڵکو سەرکەوتنی مەزن ئەوەیە کە هەموو خەڵکی، هەموو خێڵەکانیان، وێران بکەن."

هیتلەر هەقی بوو. تاوانی زۆردارانەی وڵاتەکە بە مەبەستەوە بۆ ریشەکێشکردنی هەموو گەلان بە شێوەیەکی سەرانسەری، شتێکی نوێ نەبوو لە جیهاندا. ئەمە تەنیا لە دنیای شارستانیدا نوێ بوو،

وەک ئێمە بیرمان لێ کردەوە. ئەوە شتێکی تەواو نوێیە بۆ مرۆڤی شارستانی، بە شێوەیەک نوێیە لە دابونەریتی مرۆڤی شارستانی، کە هێشتا ناوێکی لێنەنراوە.

لەبەر ئەم هۆیە، ئازادیم بە خۆم دا وشەی "جینۆساید" دابهێنم. دەستەواژەکە لە وشەی (جینۆس)ی یۆنانی کە واتای خێڵ یان نەژاد دەدات، لەگەڵ وشەی (ساید)ی لاتینی کە مانای کوشتن دەدات، داتاشراوە. دەستەواژەی جینۆساید، دەبێت لە داهاتوودا بە شێوەیەکی تراژیدی لە فەرهەنگی زماندا، جێبگرێت، هەر وەکو وشە تراژیدییەکانی تری نمونەی کوشتنی مرۆڤ هۆمۆساید و کوشتنی ساوا ئینفەنتیساید.
وەک ڤۆن روندستێت پێشنیاری کرد، دەستەواژەکە مەرج نییە مانای کردەکانی کۆمەڵکوژی بدات، ئەگەرچی ماناکەشی ئەوەیە. لە زۆربەی کاتدا، ئاماژە دەدات بە پلانێکی تۆکمە کە مەبەستی وێرانکردنی بنچینە سەرەکییەکانی ژیانی گروپە نەتەوەییەکانە، بە شێوەیەک کە ئەم گروپانە لەناو بچن، وەک چۆن ئەو ڕووەکانەی دەرد لێیان دەدات و دەمرن. ئەم نیازەش کاتێ دێتە دی کە هەموو پێکهاتەکان دامەزراوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لەناو ببرێن و، زمان و هەستی نەتەوەیی و ئایینییان لەناو ببرێت. هەروەها ئەمە کاتێ دێتە دی کە هەموو بناغەکانی ئاساییشی تاک و ئازادی و تەندروستی و شکۆیان ژێرپێ بخرێت. ئەگەر ئەم ئامرازانە شکست بێنن، ئینجا تفەنگ وەک دوائامراز بەکار دێت بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە. جینۆساید ئاراستەی گروپە نەتەوەییەکان دەکرێت وەک یەکەیەکی سەرەکی و هێرش لە دژی تاکەکان بە شێوەیەکی لاوەکی دێت بۆ لەناو بردنی ئەو گروپە نەتەوەییانەی کە سەر بەوانن. جا دەستەواژەکانی وەکو" لەنەتەوەداماڵین" یان"بەئەڵمانیکردن" کە هەتا ئێستاش بەکاردەهێنرێت، بە شێوەیەکی تەواوەتی و پڕاوپڕ، مانای جینۆساید ناگەیەنێت. تەنیا مانای ئەوە دەدات گۆڕینی شێوازی دابونەریتی نەتەوەیی و لە جێدانانی شێوازێکی تری دابونەریتی نەتەوەی سەردەست، نەک وێرانکردنی بناغەی بایۆلۆژی و پێکهاتەی فیزیکی گروپی چەوساوە.

**فەلسەفەی جینۆساید**

ئەڵمانیا دڕندەگەرییەکی لە میژینەی هێنایەوە و کردی بە بناغەی حوکمڕانی، لە ڕێگەی ژیاندنەوەی نەریتی کۆمەڵکوژی وەک نیازێکی پیرۆز بۆ گەلی ئەڵمانی. سۆشیالیزمی نەتەوەیی، باوەڕێکە، سەروەرێتی بایۆلۆژی گەلی ئەڵمان بەرجەستە دەکات. ماوەیەکی درێژ لە پێش جەنگ، سەرکردە نازییەکان، جیهانیان بە بێ میهر وەسف دەکرد و پڕوپاگەندەیان بۆ ئەڵمان خۆیان دەکرد و بەرنامەی جینۆسایدیان دادەنا. وەکو هیتلەر و ڤۆن ڕوندستێت، فەیلەسوفی نازی کاربەدەست ئەلفرێد رۆزنبێرگ ڕایگەیاند "مێژوو و پەیامیی دوارۆژ چیترمانای ململانێی نێوان چینەکان و باوەڕی کەنیسە دژ بە باوەڕی تر ، نادات، بەڵکو بەریەککەوتنی نێوان خوێن و خوێن، نەژاد و نەژاد، گەل و گەل، دەدات". کاتێ مەکینەی جەنگی دەسەڵاتی نازی، گەلانی زیاتر و زیاتر دەخستە ژێر رکێفی خۆیەوە، بە شێوەیەکی تەواوەتی خەڵکی سیڤیل دەکەوتنە ژێر دەستی نازییەکان و ڕووبەڕووی جینۆساید دەبوونەوە.

پلەسازیی هەرەمی بەها نەژادییەکان، چارەنووسی کۆتایی زۆرێک لەو گەلانە بوو کە کەوتنە ژێر دەستی ئەڵمانەکان. جولەکە دەبوایە بە تەواوەتی لەناو بچن. پۆڵۆنییەکان، سلۆڤاکییەکان، چیکەکان، رووسەکان و گەلانی تری سلاڤی دەبوایە لە خوارترین پلەکانی کۆمەڵایەتی بن. ئەوانەی کە

هەستی ئەوەیان هەبوو بەندیواری خوێنییان هەیە لەگەڵ هۆڵەندییەکان، نەرویژییەکان، ئەلزاسەکان و هتد.. ئەڵتەرناتیڤی ئەوەیان هەبوو بچنە ناو کۆمەڵی ئەڵمانەوە و لە ڕێگەی ئەڵمانیزمەوە، یاخوود هەمان چارەنووسی ژێردەستەییان هەبێت.

**تەکنیکەکانی جینۆساید**

هەموو ڕووەکانی نەتەوایەتی ڕووبەڕووی هێرشی سیاسەتی جینۆساید کرایەوە.

**لە ڕووی سیاسییەوە:**
ئامانجی یەکانگیریی لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا ئەوە بوو کە مەبەستیان لاوازکردنیان بوو لە ڕێگەی دابەشکردنیان بەسەر ناوچە نیمچە سەربەخۆ و تەواو گەمارۆدراوەکان، وەک چۆن لە ناوچەی فەرانسا و ناوچەی یۆگسلافیا و پێنج ناوچەکەی یۆنان، بە دابەشکردنیان بەسەر هەرێمی بچوکتری مەملەکەتە گەورەکە، وەکو چۆن لە رۆژئاوای پۆلۆنیا، ئەلزاس، لورین، لوکسمبورگ، سلۆڤینیا، سنووری دەستکرد دروستکرا، بۆ ئەوەی پەیوەندی لە نێوان گروپە نەتەوەییە دیاریکراوەکان ببچڕێت. لە ناوچە پێکەوەبەستراوەکانی وەکو زەوییەکانی رۆژئاوا، لوکسمبورگ، ئەلزاس، لورین، ئەوروپا، ئالمێدی، مۆرەسنیت، ئیدارە خۆجێیەکان لە لایەن ئەڵمانەکانەوە گۆڕدران. سیستەمی هەموارکردنەوەی یاساکان بە شێوەیەک دانرا کە لە شێوازی ئەڵمانی بن. فەرمانبەرانی تایبەت بە بەهێزکردنەوەی زمانی ئەڵمانی، وەک پاشکۆی هەر ئیدارەیەک، دانران و چالاکی وایان ئەنجام دەدا کە هانی زمانی ئەڵمانی بدات. لە لایەن دانیشتوانە بە ڕەسەن ئەڵمانییەکەوە یارمەتی دەدران و هاوئاهەنگییان لەگەڵ دەکرا. ئەمانە تۆمار دەکران و وەکو ناوک و بنچینەیەک خزمەتیان بە ئەڵمانیزم دەکرد و لەبەر ئەوە بە تایبەت پۆست و پێگە و تواناکارییان دەدرایە.
بەهۆی دانانی حکومەتی بەکرێگیراوەوە لەو شوێنانە و پشتیوانیکردنیان لە حیزبی نازی، ئینتیمانی نیشتیمانی خەڵک لاوار بووەوە، وەک لە یۆنان، نەرویژ و فەرەنسا. کاتێ خەڵکانێکی وەک پۆڵۆنییەکان کە نەیاندەتوانی شکۆی نەتەوەییان وەدەستبێنن بە باوەشکردن بە ئەڵماندا، لە شوێنەکانی خۆیان هەڵدەکەندران و ناوچەکانی خۆیان بەجێدەهێشت وەک لە رۆژئاوای پۆلۆنیا ڕوویدا، کە دەبوایە بەئەڵمانیزە بکرێت و ببێتە کۆلۆنی ئەڵمانیا.

**لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە:**
ستركتووری کۆمەڵایەتی هەر نەتەوەیەک بۆ گەشەسەندنی نەتەوەیی گرنگ و ژیانییە. بۆیە ئەڵمان ئەو ڕێوشوێنەی گرتە بەر کە سەرچاوەی رۆحی نەتەوەیی لاواز بکات. تەوەری سەرەکی ئەو هێرشە ئاراستەی رۆشنبیرەکان بوو، چونکە ئەو دەستەبژێرە، سەرکردایەتییان بۆ نەتەوە دابین دەکرد. لە پۆڵۆنیا و سلۆڤێنیا، توێژی رۆشنبیر بە تەواوەتی یان دەکوژران یان بۆ کاری زۆرەملێ ڕاگوێزرانەوە بۆ ئەڵمانیا. رۆشنبیران و بەرهەڵستکارانی هەموو وڵاتە داگیرکراوەکان بۆ لەناوبردن دەستنیشان کران. تەنانەت لەناو ئەو هۆڵەندییانەی کە پەیوەندی خوێنیان لەگەڵیاندا هەبوو، کە ژمارەیان ٢٣٠٠٠ کەس بوو، کوژران. ژمارەیەکی زۆری ئەوانە لە وڵاتی خۆیاندا ئەندامگەلێکی سەرکردە بوون.

**لە ڕووی کولتوورییەوە:**

ئەڵمانەکان هەوڵیاندا هەموو جۆرە بیرهێنەرەوە و شێوازێکی پێشووتری کولتووری، لەناو ببات. لە ناوچە پێوەبەستراوەکانی، زمانی خۆجێی، ناوی شوێنەکان، ناوی کەسایەتییەکان، رەمزە نەتەوەییەکان، گۆڕدران بە ناو و رەمز و نەخشی ئەڵمانی. ئەڵمانی دەبوایە زمانی دادگاکان، قوتابخانەکان، حکومەت و شەقام بێت. لە ئەلزاس-لورێنسی فەرەنسا و لوکسمبورگ، زمانی فەرەنسی تەنانەت لە قوتانخانە سەرەتاییەکانیش رێپێدراو نەبوو. ئەرکی قوتابخانەکان ئەوە بوو پەرە بە بیری نازیزم بدات. ئامادەبوون لە قوتابخانە ئەڵمانییەکان بە زۆر بوو، لە قوتابخانەی سەرەتایی و سێ ساڵی قوتابخانەی ناوەندییش.

لە پۆڵۆنیا، پۆڵۆنییەکان بۆیان هەبوو خوێندن و راهێنانی پیشەیی بکەن، بەڵام بۆیان نەبوو هیچ وانەیەک لەبارەی ئازادیخوازی فێر بن، چونکە ئەوە دەبووە هۆی وروژاندنی هەستی نەتەوەیی و بیری سەربەخۆخوازییان. بۆ قەدەغەکردنی گوزارشکردن و نمایشکردنی هونەرییانەی کولتوورییانەوە، رێوشوێنی توونديان دانا. ئەمە نەک تەنیا ڕادیۆ و چاپەمەنی دەگرتەوە، بەڵکو هەر هونەرمەندێکی شێوەکاریی، هەر پەیکەرتاشێک، ئەکتەرێک و شانۆکارێک پێویست بوو مۆڵەت وەربگرێت بۆ نمایشکردنی چالاکییە هونەرییەکانی.

**لە ڕووی ئایینییەوە:**
چونکە ئایین کاریگەرییەکی ژیانیی بەسەر ژیانی کۆمەڵەوە هەیە، بە ئامرازی جۆراوجۆر هەوڵی سەرکوتکردنی هێزە رۆحییەکانی کڵێساکانیان دا. لە لوکسمبورگ ئەو منداڵانە دەپارێزران کە تەمەنیان لە ١٤ ساڵ پتر بوو، وازیان لە بەندیوارییە ئایینییەکەیان دەهێنا و دەچوونە ریزی رێکخستنی گەنجانی نازییەوە. لە وڵاتی بەکرێگیراوی کرواتیا، کڵێسایەکی زۆرینە ئەرتۆدۆکسی سەربەخۆ بۆ سربەکان بنیات نرا، بۆ ئەوەی پەیوەندی رۆحییان بە تەواوی بە پەتریکی بەلیگرادەوە ببچڕێت. بە ئامرازی تایبەت و توونددوتیژی ئامێزەوە پۆڵۆنییەکان و جووەکانیان چەوساندەوە و ماڵ و موڵکی کڵێسا پۆڵۆنییەکانیان تاڵان کرد و پیاوانی ئایینییان ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی بەردەوام دەکردەوە.

**لە ڕووی ڕەوشتییەوە:**
دەست لە ناو دەست لەگەڵ کەمکردنەوەی کاریگەری ئایین لە سەر گروپەکە، بە ئامرازی جیاواز دەست بە هەڵوەشاندنەوەی بەها رەوشتییەکان لەناو گروپە نەتەوەییەکان، کرا. بڵاوکراوە ڕووتەمەنییەکان و فیلم بەسەر پۆڵۆنییەکاندا سەپێندرا. ئەگەرچی خۆراک زۆر ئازیز بووەوە لای خەڵک بەهۆی گرانییەوە، مەی و مادەهۆشبەرەکان بە هەرزانی هێڵدرانەوە و بە پێی یاسا جوتیارەکان پابەند دەکران بە قبوڵکردنی مەی و عەرەق لە بەرامبەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان. ئەگەرچی بە پێی یاسای پۆڵۆنی قومارکردن قەدەغە بوو، ئەڵمانەکان نەک هەر رێگەیان پێدا، بەڵکو ئاسانکارییان بۆ دەکرد.

**لە رووی ئابوورییەوە:**
ئامانج لە جینۆساید وێرانکردنی یان لەناوبردنی بنچینە ئابوورییەکانی گروپە نەتەوەییەکان بوو، بۆ ئەوەی ستانداردی ژیانیان نزم بکاتەوە و گەڕان بۆ بژێوییان لە سەر قورس بکاتەوە، بۆ ئەوەی وزەی ئەوەیان نەمێنێت بیر لە رۆشنبیری و نیشتیمانپەروەرێتی بکەنەوە. جوولەکەکان دەستبەجێ لە ئامرازە بنچینەییەکانی ژیان بێ بەش کران و دەست گیرا بەسەر موڵک و ماڵیاندا و لە مافی

کارکردن بێبەش کران. موڵک وماڵەکانی پۆلۆنییەکانی رۆژئاوا دەستیان بەسەردا گیراو پۆلۆنییەکان لە مۆڵەتی کارکردن یان مۆڵەتی پیشەی دەستی، بێبەش کران و بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئەڵمان دەستی بەسەردا گیرا. ئۆفیسی بانکی پاشەکەوت لە رۆژئاوای پۆلۆنیا لە لایەن دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکانەوە کۆنترۆڵ کرا و تەنها مۆڵەت بە ئەڵمانەکان دەدرا بۆ دانوستانی دراوەکان. لە سلۆڤینیا کۆمەڵەی هاوکارییە دراوییەکان و کۆمەڵە جوتیارییەکان هەڵوەشێندرانەوە. لە نێوان ئەو گەلانەی کە پەیوەندیدار بوون(لۆکسمبورگییەکان و ئەلزاسییەکان) تەنیا قبوڵکردنی ئەڵمانیزم پێوەر بوو بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری ژیانی ئابووری بکەن.

**لە ڕووی بایۆلۆژییەوە:**
مەبەستی جینۆساید لە وێرانکردن دوورمەودا و لە هەمان کاتدا دەستبەجێ بوو. لە لایەکەوە، هانی زیادبوونی ڕێژەی وەچەنانەوەی ئەڵمانەکان دەدرا، بە شێوەی حەڵاڵ بووایە یان حەرام، لەناو ئەڵمانیا و وڵاتە داگیرکراوەکان. لە پاڵ ئەوەشدا یارمەتی ماددی بۆ ئەو منداڵانە دەدران کە لە پەیوەندی نێوان پیاوانی سوپای ئەڵمانییەوە لەگەڵ ژنە هۆڵەندی و نەرویژییەکان، دروست دەبوون. لە لایەکی ترەوە بە هەموو ئامرازێک هەوڵی کەمکردنەوەی ڕێژەی لەدایکبوون دەکرا لە نێو "نەژادە ژێروەرەکان". بە ملیۆنان دیلی جەنگ و کارکەری زۆرەملێی دوورخراوە لە وڵاتە داگیرکراوەکانی ئەورووپادا رێیان پێ نەدەدرا پەیوەندییان لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا هەبێت. پۆلۆنیەکان لە پۆلۆنیای پێوەلکاودا، بەربەستییان بۆ دروست دەکرا بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریی، کەمخۆراکی درێژخایەنی بەمەبەست، کە داگیرکەرەکان دروستیان کردبوو، ببووە هۆی زۆربوونی ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا. ئەمەش ئەو پلانە بوو کە نەوەی داهاتووی ئەڵمانیا دەبوایە هەمووی لە خوێنی ئەڵمانی بێت و بتوانێت بە ژمارەی زۆر سەرکەوێت بەسەر گەلان و نەژادەکانی تر.

**لە ڕووی جەستەییەوە:**
لە هەموو ئامراز و تەکنیکەکان کاریگەرتر و راستەوخۆتر بۆ جینۆساید، بە ئاسانی، کوشتنە. دەشێ کوشتنی زانستی و بەکاوەخۆ بێت بە هۆی برسیکردنی بەکۆمەڵ، یان کوشتنی خێرا و نازانستی بێت لە رێگەی کۆمەڵکوژی لە ژوورەکانی گاز و بەکۆمەڵ لەسێدارەدان و رووبەڕووکردنەوەیان لەگەڵ نەخۆشی و ماندووبوون. لە هەموو ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئەڵماندا دەستکرا بە دابەشکردنی پسولەی خۆراک لەسەر بنچینەی نەژادپەرستی، لە ساڵی ۱۹٤۳ دا ۹۳%ی بەشە خۆراک کە پێش شەڕ دەدرا، داگیرا بۆ ۲۰% بۆ دانیشتوانە جوولەکەکان. رێژەی پرۆتینەکان کە دەدران بەم شێوە بوون: ئەڵمانەکان ۹۷%، هۆڵەندییەکان ۹۵%، فەرەنسییەکان ۷۱%، یۆنانییەکان ۳۸% و جولەکەکان ۲۰%. سەبارەت بە ڕۆن، کە زۆرترین کەموکوڕیی هەبوو، بەم شێوەیە دابەش دەکرا: بەشی ئەڵمانەکان ۷۷%، بەشی هۆڵەندییەکان ٦٥%، فەرەنسییەکان ٤۰% و ۰،۳۲% بۆ جولەکەکان بوو. سەبارەت بە ڤیتامینەکانیش بە شێوەیەکی زۆر کەموکوڕی بەدیکرا، کە بە شێوەیەکی زانستی نەدەدرا.

بەرزبوونەوەی رێژەی مردن لە نیو گروپە جۆراوجۆرەکان رەنگدانەوەی ئەو پرۆگرامی خۆراکەیە. رێژەی مردن لە هۆڵەندا ۱۰لە هەزار بوو، لە بەلجیکا ۱٤ لە هەزار، لە بوهیمیا و موراڤیا ۱۳،٤ لە هەزار. رێژەی مردن لە وارشۆ ۲،۱٦۰ لە هەزار بوو لە ناو ئاریانەکان لە

سێپتەمبەری ١٩٤١ بە بەراورد بە ٨٠٠ لە ١٩٣٨، بۆ جوولەکەکان ٧٠٠٠ لە سێپتەمبەری ١٩٣١ بەرامبەر ٣٠٦ لە سێپتەمبەری ١٩٣٨.
ئەو کەلوپەل و پێداویستییانەی وەکو جلوبەرگی گەرم، پەتوو، سوتەمەنی دار لە زستاندا، لە پۆلۆنیاوە دەستی بەسەردا دەگیرا و دەهێنرا. لە سەرەتای زستانی ١٩٤٠-١٩٤١ جولەکەکانی کامپی وارشۆ بە هیچ شێوەیەک سوتەمەنییان پێ نەدرا. تەنانەت هەوای پاکی خواشیان پێ ڕەوا نەبینرا، جولەکەکانی ناو کەمپە قەرەباڵغەکان لێیان قەدەغەکرابوو بچنە نێو باخچە گشتییەکانەوە. راپۆرتێکی بەڵگەدار کە لە ئەنجومەنی پەنابەرانی شەڕەوە دەرچووبوو لە ساڵی ١٩٤٤، هەروەها ئەو بەڵگانەی کە رۆژانە دەردەکەون سەبارەت بە کردەی کۆمەڵکوژییە وەحشیگەرییەکان لە "کەمپەکانی مردن"ی بەدناودا وەک مەیدانیک و ئۆسویسیم باسی لێوە کرد، ئاماژەیەکی بەسە لەبارەی پرۆگرامەکەی ئەڵمانەوە.

تەنیا لە بیرکیناو لە نێوان نیسانی ١٩٤٢ تا نیسانی ١٩٤٤، نزیکەی ١،٧٦٥,٠٠٠ جولەکە بە گاز کوژران. نزیکەی ٥،٦٠٠،٠٠٠ جولەکە و هەروەها ٢،٠٠٠،٠٠٠ پۆلۆنی لە ئەنجامی سیاسەتی ریشەکێشکردن، کوژران. هەموو گروپەکان لەناوبران. مەزەندە دەکرێت بۆ نمونە لە ١٤٠،٠٠٠ جولەکەی هۆڵەندی کە لە پێش داگیرکردنی لە هۆڵەندا دەژیان، تەنها ٧٠٠٠ کەس رزگاریان بوو، ئەوانی تر راگوێزرانەوە بۆ کوشتارگەکانی پۆلۆنیا.

**پابەندییە نێودەوڵەتییەکان:**
بۆچی دەبێت جینۆساید وەک کێشەیەکی نێودەوڵەتی بناسێندرێت؟ بۆچی وەکو کێشەییەکی نێوخۆیی هەر دەوڵەتیک تێی نەڕوانین، ئەگەر لە کاتی ئاشتیدا ڕوویدابێت، یان وەک کێشەیەکی نێوان دەوڵەتە بەشەڕهاتووەکان، لە کاتی شەڕدا ڕوویدابێت؟

کردەی جینۆساید لە هەر شوێنێکی دنیا کار دەکاتە سەر هەموو خەڵکی سیڤیل لە هەر شوێنێکی تر. دەرەنجامەکان ناکرێت دابڕاو بێت یان خۆجێی بێت. رێپێدانی جینۆساید ددانانە بەو پرەنسیپەی گروپێک مافی ئەوەی هەیە هێرش بکاتە سەر گروپێکی تر، بەهۆی سەروەرێتی و نەژادپەرستییەوە. ئەم پرەنسیپە بانگهێشی فراوانکردنەوەی ئەم جۆرە کردارانە دەکات لە دەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەتە دوژمنەکان، ئەمەش مانای شەڕی دوژمنکارانە دەدات.

دەردی تاوان ئەگەر بە بێ سزا بهێڵدرتەوە، بڵاو دەبێتەوە. لە هەموو وڵاتێک جۆرێک لە جۆرەکانی کەمایەتی هەیە و بە پێی دەستووری ئەو وڵاتە دەپارێزرت، ئەگەر رێگە بە چەوساندنەوەیان بدرێت، بناغەی دەستووری و یاسایی حکومەتی ئەو وڵاتە لەق دەبێت.

بازرگانی نێودەوڵەتی پشت دەبەستێت بە متمانە بە توانای تاکەکان کە بەشدارن لە گۆڕینەوەی کاڵا و پرکردنەوەی پابەندێتییەکانیان. دەستگرتنی زۆرەملێ بەسەر هەموو کاڵا بازرگانییەکانیان و موڵک و ماڵەکانی ئەو گروپانە، وادەکات نەتوانن پابەند بن بە دانەوەی هەقی هاوڵاتیان و وڵاتانی دیکە، کە ئەمەش دەبیتە هۆی سزادانیان.

سەرچاوەی پێکخشانی نێودەوڵەتی لە کشانەوەی یەکلایەنە لە مافەکانی هاوڵاتی و هەتا قاودان و دەرکردنی تەواوی گروپێکی نەتەوەیی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی، دروست دەبێت. لە ئەڵمانیا

دەستکرا بە دەرکردنی ئەو هاوڵاتیانەی کە پابەندی یاسا بوون، لە ئەڵمانیاوە بۆ وڵاتانی تر، پێش ئەوەی جەنگ پێکخشان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دروست بکات، کە ئەو هاوڵاتیانەی لێ دەرکران. جگە لە دەرکردنی بەکۆمەڵ، بەزۆرەملێ بە فڕۆکە دەرکردنیش، دەستی پێکرد. لە ئاکامدا کۆچی نێوان وڵاتان بە رەهەندێکی ناتەندروست مەزەندە دەکرێت.

هەموو میراتی کولتووریمان بەرهەمی بەشداری هەموو گەلانە. ئێمە باشتر لەمە تێدەگەین ئەگەر دەرکی قورسایی کولتوورمان بکەین کە نەهێڵن پیادەی بکەین و ژێر بخرێت وەک ئەوەی کە ئەڵمان لەسەر کەمایەتییەکان پیادەی دەکات، وەک لەسەر جولەکەکان کە رێگە نەدرابان ئینجیل بەرهەم بهێنن یان رێگە بە لە دایکبوونی ئەنیشتاین و سپیونزا نەدرابا. ئەگەر پۆڵۆنییەکان دەرفەت نەدرابان زانایەکی وەکو کۆپەرنیکۆس و شۆپان و کووری بە جیهان ببەخشن، یان چیکەکان هاس و دڤۆراک بە جیهان ببەخشن. یۆنانییەکان ئیفلاتوون و سوکرات، ڕووسەکان تۆڵستۆی و شۆستاکۆڤیچ.

**زامنکاریی و چارەسەرییەکان:**
بایەخی سیاسەتی جینۆساید بۆ سیستەمی جیهانی و کولتووری مرۆڤایەتی ئەوەندە گەورەیە کە پێویست دەکات سیستەمێک بۆ زامنکاری دابنرێت. پرەنسیپی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی کەمایەتییەکان لە دوای پەیماننامەکانی ڤێرسای دانرا.

ئەگەرچی ئەم پەیماننامانە بەس نەبوون، چونکە کورتکرابوونەوە لە ژمارەیەکی کەم لە وڵاتانی تازە دامەزراو. بە شێوەیەکی سەرەکی بە ئامانجی پاراستنی مافە سیاسی و مەدەنییەکان، لە جێی بونیادە بایۆلۆژییەکانی گروپێکی دیاریکراو، دانران و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ئەم مافە سیاسییانە تەواو نەکران وەک میکانیزمەکانی کۆمەڵەی گەلان.

لە سایەی ئەو بارودۆخەدا، سیاسەتی جینۆساید کە ئەڵمانیا دەستی پێکردبوو لە دژی هاوڵاتییە جولەکەکانی خۆی لە ١٩٣٣، بە کێشەیەکی ناوخۆیی ئەڵمانیا دادەنرا وەک دەسەڵاتێکی خاوەن سەروەری، بە بێ ئەوەی مافی دەستوەردان هەبێت، مامەڵەی لەگەڵ دەکرا.

سەرەڕای ئەوەی کە رێساکانی لاهای بایەخی داوە بە پاراستنی خەڵکی مەدەنی کە لە ژێر کۆنترۆڵی داگیرکاری سەربازیین، بەڵام پێشبینی ئەو هەموو ئامرازە داهێنراوە زانستییەی ئەڵمانیایان نەکردووە کە لەم شەڕەدا کردیان.

جینۆساید دیاردەیەکی ئەوەندە گەورەیە ناکرێ رێسای پەرت و بڵاوی بۆ دابنرێت، پێویستە میکانیزمێکی جیهانی هاوبەش هەبێت بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی.

**تاوانی جینۆساید ئەم توخمانەی خوارەوەی تێدایە:**

-نیازی تاوانباران وێرانکردنی یان لەناوبردنی گروپێکی نەژادی یان ئایینی دیاریکراوە بە تەواوەتی لە رێگەی هێرشکردنە سەر تاکەکانی کە ئەندامن لەو گروپەدا.

-ئەم هێرشانە هەڕەشی جیدین بۆ سەر ژیان، ئازاد، تەندروستی، ئابووری هەموویان.

-تاوانباران دەکرێ نوێنەرانی دەوڵەت بن یان گروپی سیاسی یان کۆمەڵایەتی رێکخراو.

-ئازادی دەبێت دابین بکرێت بۆ ئەو تاکانەی کە فەرمان دەدەن و ئەوانەشی کە فەرمان وەردەگرن.

-تاوانباران پێویستە رێگەیان لێ بگیرێت لە خۆدەرخستن وەک فریارەس و وروژاندنی رقی خەڵکی و پیادەکردنی یاسای حکومەتەکەیان، دەبێت کردەوەکانی جینۆساید وەک پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی لە قەڵەم بدرێت و یاسای پاراستنی کەمایەتییەکانیان بەسەردا پیادە بکرێت.

-دەبێت لێکەوتەکانی تاوانی جینۆساید و زامنکارییەکانیشی بەجیهانی بکرێت، تاوانبار دەبێت نەک هەر لەو وڵاتەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام داوە، بەڵکو لەو وڵاتەش کە دەگیردرێت، بە بەرپرسیار لە تاوانەکەی بزانرێت. ئەو وڵاتەی کە خۆی تیا حەشارداوە پێویستە خۆی بیدات بە دەستەوە و بیگێڕێتەوە.

-لەبەرئەوەی ئەو وڵاتانەی کە جینۆسایدیان تێدا ڕوودەدات جێگەی بڕوا نین بۆ ئەوەی دادگایەکی دادپەروەرانەی تاوانباران بکەن، پێویستە تاوانباران بدرێنە دادگای نێودەوڵەتی. دەشێت ژوورێکی تایبەت بەوە لە نێو چوارچێوەی دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی، دابنرێت.

-تاوانی جینۆساید پێویستە یاسای سزادانی لە هەموو ئەو وڵاتانە بۆدابنرێت بە پێی پەیماننامەی نێودەوڵەتی، کە بناغەیەکی یاسایی بداتێ کە بتوانرێت جێبەجێ بکرێت.

-پێشنیاری ئەوە دەکرێت کە دەستوور و رێساکانی لاهای کە بە پێی رێککەوتننامەی ساڵی ١٩٢٩ یە، هەموار بکرێتەوە کە سەبارەت بە مامەڵەکردنی دیلەکانی جەنگ و چۆنێتی مامەڵە لەگەڵکردنیانە. بەهۆی کەمی و ناوردی زانیارییەوە، بەربەست بۆ رزگارکردنیان دروست دەکرێت.

ئەڵمانیا وەبیری هێناینەوە کە زانستەکانی ئێمە و شارستانێتی ئێمە هێشتا دڕندایەتی ئاژەڵیانەی تێدایە. ئەوان تەنها چەکداریان کردن بە ئامرازی زۆر کاریگەر. دەبێ ئامرازە سیاسی و یاساییەکان و سەرچاوەی مرۆیی پێوست وەدەستبهێنین لە دژی ئەو هێرشە دڕندانەیەی کە هەڕەشە لە نەوەکانی داهاتوو دەکات.

پاشکۆی ٢

## چەمکی نوێی دیمۆساید[98]

دیمۆساید: دیمۆ بۆ خەڵکەکە و، ساید: بۆ کوشتن

دیمۆساید: کوشتنی هەر کەسێک یان خەڵک لە لایەن حکومەتەوە، کە جینۆساید و پۆلیتیساید و کۆمەڵکوژییش دەگرێتەوە.

جینۆساید: لە نێو شتەکانی تردا کوشتنی خەڵک، لە لایەن حکومەتەوە بەهۆ بەندیوارییان و ئەندامێتییان لە گروپێکی دیاریکراو لەسەر بنچینەی (نەژاد، نەتەوە، یایین یان زمان)

پۆلیتیساید: کوشتنی هەر کەسێک یان خەڵک لە لایەن حکومەتەوە بەهۆی بەندیوارییان بە گروپێکی سیاسییەوە یان بەهۆکارێکی سیاسی.

کۆمەڵکوژیی: کوشتنی هەڕەمەکی هەر کەسێک یان خەڵکێک لە لایەن حکومەتەوە.

جینۆساید کارەساتێکی گەورەیە. قێزەوەنە بۆ جنسی ئێمە و بە هیچ شیوەیەک قابیلی قبوڵکردن نییە. خراپەی سەردەمەکەی ئێمەیە و پێویستە مرۆڤە چاکەکان کار بۆ بنبڕکردنی بکەن.

زۆربەی خەڵک، دەزانن خراپەی ئەم راستییە چییە. هیچ گومانی تێدا نییە کە پرۆگرامی نازی بۆ لەناوبردنی تەواوی گەلی جولەکە، جینۆسایدە. هەروەها هیچ گومانی تێدا نییە کە کوشتاری سڕبەکان بۆ موسوڵمانەکانی بۆسنیا، جینۆساد بوو. بەڵام ئایا هێرشی هێزەکانی حکومەت بۆ سەر بەرهەڵستکارە کانیان و دروستبوونی کوشتاری خەڵکی بێگوناهی لادێکان لە سودان، جینۆساید بوو؟ ئەی چی سەبارەت بە پاکتاوی سوپای ئەندەنووسی بۆ کۆمۆنیستەکان؟ هەروەها سەرنگومکردنی سیاسییە بەرهەڵستکارەکان لە لایەن حکومەتی نەتەوەیی فۆرموزا، لەسێدارەدانی خاوەن زەوییەکانی"ریفۆرمی کشتوکاڵ"ی لە یەکێتی سۆڤیەت، یان کوشتنی خێرای زیندانییە سیاسییەکان لە سەربازگەکانی ڤێتنام؟ ئەی چی سەبارەت بە هەڵوشینی کولتوورێک لە لایەن کولتوورێکی ترەوە، بڵاوکردنەوەی نەخۆشی لە ناو نەتەوەیەک لە پەیوەندی بە داگیرکەرەکانیانەوە، ڕاگواستنی زۆرەملێی خەڵک، یان کویلایەتی ئەفریقییەکان؟

لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و ئەدەبیاتی پیشەییدا، جینۆساید وا هاتووەتە پێناسەکردن لەناوبردنی بەئەنقەستی مرۆڤە بەهۆی ئەندامێتی هەمیشەییان لە گروپێکی نەتەوەیی، نەژادی، ئیتنیکی یان ئایینی. سەرچاوەی دەستەواژەکە دەگەڕێتەوە بۆ دانەرەکەی کە ڕەفائیل لیمکین بوو لە ساڵی ١٩٤٤ لە کتێبی "تەوەری بنکە لە ئەوروپای داگیرکراودا": چەمکی نوێ پێناسەی نوێی پێویستە. مەبەستمان لە جینۆساید وێرانکردنی دەوڵەتێک یان گروپێکی نەتەوەییە.. جینۆساید ئاراستەی

[98] R.J.Rummel, “The New Concept ofGenocide”, in: Charny(ed.), Enceclopedia of genocide, vol.1.pp. 18-23.

گروپی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەکرێت". کردەکان ئاراستەی تاکەکان دەکرێت نەک لەبەر توانا کەسییەکانی خۆیان، بەڵکو لەبەر ئەندامێتییان لە گروپێکی نیشتیمانی." (ل.٧٩).

ئەمە لە لوتکەی کردەکانی هۆلۆکۆستی جولەکەدا نووسراوە، لە دۆخێکی ڕووندا کە رژێمێک هەوڵی لەناوبردنی گروپێک دەدات، بەشدارییە فیکری، کولتوورییەکانی و ژیانی هەموو گەلەکە بە یەکجاری، لەناو دەبات. پێویست بوو دەستبەجێ رێگایەک بۆ وێناکردنی ئەو کارەساتە ترسناکە بدۆزرێتەوە، دەستەواژەی جینۆساید ئەمەی کرد. لە میانەی دادگاییەکانی نۆرمبێرگ دا کە بۆ تاوانبارە نازییەکان دانرا، هەروەها لە گفتوگۆکاندا لەبارەی شەڕ و چۆنێتی رێگرتن لە وەها کوشتنێک لە دوارۆژدا، دەستەواژەی جینۆساید بەکارهێنرا و بوو بە دەستەواژەیەکی بەربڵاو لە بەکارهێناندا. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، لە کتێبەکەی لیمکینەوە پەڕەوە بۆ ناو یاسای نێودەوڵەتی. لە ساڵی ١٩٤٦ دا جڤاتی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیاری دا"جینۆساید" تاوانێکە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، کە دنیای شارستانی شەرمەزاری دەکات و لەسەر ئەم جۆرە تاوانانە بکەرەکان و هاوکارانیان، سزا دەدرێن. دوای دوو ساڵ لەو بڕیارە، خستیە نیو رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانەکانی جیننۆساید و سزادانیان.

رێککەوتننامەکە لەگەڵ پێناسە و وردەکارییەکانی لیمکین یەک دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا راستییەک هەیە کە پێناسە جینۆساید لەوەی لیمکینیش و رێککەوتننامەکە یوو ئێنیشدا کوشتنی بەئەنقەستی کەسانی عەقڵناتەواو و زیانگەیاندن بەهۆکاری قەدەغەکردنی منداڵ بوون، پێناسەی کۆمەڵکوژی نەیدەگرتنەوە، کە ئەمەش نیگەرانییەکی زۆری هێنایە کایەوە.

لە ساڵانی یەکەمی بەکارهێنانەکەیدا، بە شێوەیەکی ناسنووردار دەستەواژەی جینۆساید بۆ هۆلۆکۆستی جولەکە بەکار هێنرا، دواتریش بە تایبەت لە لایەن زانایانی ئەرمەنەوە بۆ کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بەکار برا کە لە لایەن تورکەکانەوە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەنجام درابوو. لێکۆڵەرەکان زیاتر و زیاتر ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە چەمک و پێناسەکە سنووردارە و ئەو تاوانە بەمەبەستانە ناگرتەوە کە نازییەکان لە دژی خەڵک ئەنجامیان داوە بە هۆی بەندیواری و ئەندامێتییان لە گروپەکان، کە ملیۆنان خەڵکی وا دەگرتەوە کە لە لایەن نازییەکان هەر سڕدراونەتەوە.

ئەی چۆن لەوە تێبگەین کە حکومەت بە مەبەستەوە بەرهەڵستکارەکان و خۆپیشاندەران دەکوژێت، دەستدرێژی تۆڵەسێنانە لە خەڵکی لادێکان دەکات، دەستڕێژی لە جوتیارەکان دەکات لەسەر شاردنەوە برنج، یان بۆمبابارانی خەڵکی سیڤیل دەکات؟ چۆن وێنای ئەشکەنجەدان تا مردنی خەڵک بکەین لە زیندانەکاندا، یان کارپێکردنیان تا مردن لە سەربازگەکانی زینداندا، یان هێشتنەوەیان تا لە برسا بمرن، کە ئەمەش کوشتنە بە پاڵنەری تۆڵە، یان ئایدۆلۆژی یان هۆکاری پەیوەست بە دەوڵەت و پەیوەندی بە گروپەکانەوە نییە، کە ئەم خەڵکە سەر بەون.

لەبەر ئەم جۆرە پرسیارانە، لێکۆڵەران دەستیان بە گشتاندنی دەستەواژەی "جینۆساید" کرد، فراوانکرایەوە بۆ ئەوەی کوشتنی بە ئەنقەستی کەسانێکیش بدات کە بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییانەوە دەکوژرێن، ئەگەرچی ئەم لایەنە لە "رێککەوتننامەکەی یوو ئێن"یشدا دوور خرایەوە. هەندێ لە زانایان ئەم دەستەواژەیان گەشە پێدا و فراوان کردەوە بۆ ئەوەی دەست بدات بۆ

لەخۆگرتنی کوشتنی بەئەنقەست لە لایەن حکومەتەوە. هەندێ لەو چەمکانە لەوەش زیاتر پەلی هاویشت، بۆ نموونە لە وەسفکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بە مەبەستەوە لەناو دانیشتوانە رەسەنەکە، لە کاتی داگیرکارییەکانی ئەوروپییەکاندا، لەناو ئەوانەدا رۆژئاوای ئەمریکا. لای زۆرینەی زانا و لێکۆڵەران رەخنەئامیزترین دۆخی جینۆساید ئەوەیە کە لە لایەن حکومەتەکانەوە بێت دژی خەڵکەکەیان.

هەردوو مەسەلەکە نیگەرانیهێنە. هەردوو ڕووەکەی جینۆساید، ناکوشتن و پێویستی بە چەمکێک بۆ داپۆشینی جۆرەکانی تری کوشتاری حکومەتەکان تا گەیشتن بە چەمکی جینۆساید: نکۆڵیکردن و بێبەشکردنی خەڵکی هاوای لە خوێندن و پیادەکردنی کولتووری نەتەوەیی خۆیان، لە لایەن حکومەتی ئەمریکاوە. ئەو سیاسەتانەی حکومەت کە دەبیتە هۆی ئەوەی نەژادێک منداڵەکانی نەژادێکی تر بگرێتە خۆی و بەخێویان بکات. کۆیلایەتی ئەفریقییەکان لە لایەن سپیپێستەکانەوە. کوشتنی ژنان لە لایەن پیاوانەوە. یان تاوانەکانی گوشتن لە گواتیمالا. کۆکردنەوەی ئەم تاوانانە و ئەم مردنانە و پۆلێنکردنیان لە ژێر ناوێک، کێشەیەکی دەستەواژەگەریی هێنایە ئاراوە و بووە هۆی داهێنانەی دەستەواژەیەکی تر کە کوشتارە مەبەستدارەکانی حکومەت داپۆشێت. بەم شێوەیە دەستەواژەیەکی نوێ گەشەی سەند بەڵام پڕ بە پێست نەبوو بۆ ئەو کۆمەڵکوژییە بەمەبەستانەی حکومەت، وەک کارکردن بە دیەکان تا مردن لە لایەن سوپای ژاپۆنەوە لە جەنگی دووەمی جیهانی و کوشتنی رەشپێستە ئەفریقییەکان کە بەرهەڵستی کویلایەتییان کرد.

هەر بە بەکارهێنانە گشتییەکەشی، هەردوو دەستەواژەی "کۆمەڵکوژیی" و "کوشتار" ، سەرەڕای جیاوازی بەکارهێنانەکەشی، کوشتنی بە مەبەست و هەڕەمەکی دەگەیەنێت لە لایەن وەکیلەکانی حکومەتەوە، وەک لێدانی خۆپیشاندەرانی بێچەک لە لایەن پۆلیسەوە، فڕێدانی نارنجۆک بۆ ناو بەشەکانی زیندانەکان لە لایەن سەربازەکانەوە بۆ فشارخستنە سەر هێزەکانی دوژمن.. دەشێ مەرجەکان لەسێدارەدانی هەڕەمەکی دانیشتوانیش بگرێتەوە، (نمونەی کردە تۆڵەئامیزەکانی ئەڵمان لە دژی کردە تێکدەرانەکان لە یوگسلاڤیا)، کارپێکردنی زیندانییەکان تا مردن (وەک ئەوەی لە سەربازگەکانی یەکێتی سۆڤیەت ڕووی دا)، بۆمبابارانکردنی سوتێنەر بۆ شارەکان(وەک لە ژاپۆن لە نیوان ماوەی ١٩٣٧-١٩٣٨ ڕوویدا)، هەروەها تاڵان و وێرانکردنی نانکینگ لە لایەن سوپا ژاپۆنەوە کە بووە هۆی کوشتنی ٢٠٠٠٠٠ کەس)!

هەروەها ئێمە دەستەواژەی"تیرۆر"یشمان هەیە کە لەسەر کوشتنی حکومەت، پیادە دەبێت. ئەم دەستەواژەیە بۆ کوشتن بە بێ گەڕانەوە بۆ دادگا دەگەیەنێت، وەک کوشتن، بێسەروشوێنکردن، فڕاندنی کەسانی دیاریکراو و بەئامانج گیراو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کوشتنەکە جیاکاریئامێزانەیە. دەشێ مەبەست لێی لەناوبردنی بەرهەڵستکاری راستی یان گومانلێکراو بێت، یان بە مەبەستی پێشگیریکردنی کۆمەلایەتی بێت، وەک ئەلێکسەندەر سۆلجینستین وەسفی کارەکانی ستالینی پێکرد لە هەموو کونوقوژبنێکی وڵاتەکە. دەشێ ئەم جۆرە کوشتنە مەبەستەکەی ترساندن و تۆقاندنی خەڵک بێت تا گوێڕایەڵێتییان دەستەبەر بکرێت.

هەروەها هەندێ دۆخی کوشتن هەیە کە لە ژێر هیچ یەکێک لەو دەستەواژانەدا پۆلێن ناکرێت، بۆ نموونە؛ ئەو کوشتنانەی کە بە کۆتا لە لایەن سۆڤێتییەکان و کۆمۆنیستە چینییەکان و ڤێتنامییە باکوورییەکانەوە ئەنجام دران. وەکیلەکانی (حکومەت، یان حیزب) کە یەکە پێکدەهێنێت بۆ کوشتار.

جگە لەوانەش، ملیۆنان خەڵک کە لە کەمپەچڕ و زۆرەملێکانی کوشتندا دانران نەک لەبەر هۆکاری سیاسی یان ناسنامەی کۆمەڵایەتییان و نەک لەبەر ئەوەی ئەوان کێ بوون، بەڵکوتەنها لەبەر ئەوەی کەوتنە بەر چاویان و کوشتنیان و دڕندانە وەک ئەژدیها رووبەڕوویان بوونەوە، بە بێ ئەوەی بە پێی پێویست گوزارە لە کردەکانی رژێم و شەرمەزاری کردەکانی سەرۆک بکەن، (وەک ئەوەی لەسەر وێنەی ستالین دانیشن کە لە رۆژنامەیەکدا بڵاوبووبێتەوە) یان تەنها لەبەر ئەوەی پێویستیان بە دەستی کاریانە (وەک ئەوەی کە نازییەکان بە ئافرەتانی بێتاوانی ئۆکرانییان دەکرد و وایان دەکرد بە پێ ڕێیەکی درێژ ببڕن و بیانگوازنەوە بۆ شوێنی کارکردن). هەروەها سەدان هەزار جوتیار کە بە کاوەخۆیی مردن بەهۆی نەخۆشییەوە لەبەر کەمخۆراکی و کاری زۆر و برسێتی لە کەمبۆدیا کە خمێر راف بە زۆرەملێ سزای مردنی بەسەریاندا سەپاند بە کارکردن لە کێڵگەکاندا، دەستی بەسەر بەروبوومەکانیاندا گرت و دەرمانی خۆراکی لێ بڕین.

تەنانەت ئەگەر دەستەواژەی جینۆساید، کوشتار، کۆکوژیی یان تیرۆر پیادە بکرێت و بەکاربهێندرێت و جێگۆرکێیان پی بکرت بۆ گوزارەکردن لە کردەوەکانی کوشتنی خەڵک بە خوێنساردییەوە ە لایەن حکومەتەوە، پێوست بە دەستەواژەیەک دەکات بۆ ئەوەی هەموو ئەمانە بگرتەوە و بەراورد بکرێت لەگەڵ کوشتنی تایبەت.

کوشتنی مرۆڤێک لە لایەن مرۆڤێکی ترەوە هەر کوشتنە ئیدی لە هەرکوێ بکرێت و ئەگەر قوربانییەکە لەبەر رەنگی بێت، یان لەبەر نەدانەوەی قەرزێ بێت، لەبەر سوکایەتیپێکردن بێت. کوشتن کوشتنە، ئیدی ئەگەر کوشتنەکە بە مەبەستەوە بێت یان لە ئەنجامی سوکایەتی بێت یاخوود لەپێناوی نیازی رەوشتی باڵا یایش لەبەر تۆڵەسەندنەوە یان هەر هۆکارێکی تر. کوشتن هەر کوشتنە بە پێی یاساکانی رۆژئاوا و هەموو یاساکانی تر(ئەگەر لە لایەن حکومەتەوە رێگەی پێ نەدرابێت بە فەرمی لە کردەوە سەربازییەکان یان لە کوشتاری سەربازیی). لەگەڵ ئەوەشدا، وەک تاوان، کوشتن کورتدەکرێتەوە بۆ بێبەریکردنی کەسێکی تر لە ژیان، بە رێگەیەک لە رێگەکان. ئەگەرچی ئێمە کوشتنی مەجازییش بەکار دەهێنین، وەک ئەوەی "کوشتنی کەسێک"، بەڵام ئەوە بە کوشتن دانانرێت کە کەسێک ئازاری دەروونی بدەیت، یاخوود منداڵەکەی بدزیت، یاخوود دایماڵی لە کولتووری خۆی.

لەبەر ئەم هۆیانە، من چەمکێک دەخەمە روو بۆ گرتنەخۆی چەمکی کوشتنی گشتی، چەمکی دیمۆساید، یان کوشتن لە لایەن وەکیلەکانی حکومەتەوە کە بە شێوەیەکی فەرمی دەسەڵاتیان هەیە. رەگی ئەم دەستەواژەیە لە "دێمۆس"ی گریکییەوەیە کە مانای خەڵک دەدات، ئەویتر چوونیەکە لەگەڵ جینۆساید، کە لە وشەی لاتینی ceadere هەڵهێنجراوە کە دەکاتە کوشتن. مانای پێویست و پڕبەپێستی دیمۆساید بەمەبەستەوە کوشتنی خەڵکی بێبەرگری و بێچەکە لە لایەن حکومەتەوە. بە پێچەوانەی چەممکی جینۆساید، کە مانای کوشتنی بەمەبەستەوەی گروپەکان دەدات و لەناوبردنی کولتوورەکان و نەژادەکان بە ئامرازی تر، ناگرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، دیمۆساید نە سنووردارە بۆ کوشتنی جۆری جینۆساید، نە بۆ پۆلیتیساید، کۆکوژی، کوشتار و تیرۆر. هەر هەموو ئەانە دەگرێتەوە، تا ئەو کاتەی کوشتنەکان ئامانجێکی سیاسییان لە پشتەوە بێت لە لایەن حکومەتەوە.

بە ڕاشکاوی، دیمۆساید ئەو رێوشوێنانەیە کە حکومەت ئەنجامی دەدات:
١/ نەخشەکێشان بۆ کوشتن یان بوونەهۆکاری کوشتنی خەڵک.

١,١/ بەهۆی یانییان، نەژادیان، زمانیان، ئیتنیکیان، بنچینەی نەتەوایەتییان، چینیان، سیاسەتیان، گوتاریان، کرداریان کە وا دەرکەوێت بەرهەڵستی حکومەت دەکەن کە سیاسەتی بۆ وێرانی کردنی کۆمەڵایەتی پیادە دەکات، یان بەهۆی پەیوەندییانەوە بەم جۆرە کەسانەوە.

١,٢/ بۆ ئەوەی سیستەمی کۆتا یان سیستەمی بەشکار پیادە بکات.
١,٣/ بۆ ئەوەی سیستەمی کاری زۆرەملێ جێگیر بکات.
١,٤/ بە کوشتار.
١,٥/ لەمیانەی سەپاندنی بارودۆخی بژێوی کوشندە بەسەریانەوە، یان
١,٦/ بەهۆی راستەوخۆ بەئامانجگرتنی خەڵکی ناسەرباز لە میانەی شەڕ یان ململانێی توندوتیژدا؛ یان

٢/ بوونەهۆی مردن بە هۆی نەزانی یان بە ئەنقەست و نادیاری ژیان(کە ئەوەش مەبەستی کردارییە)، وەک چۆن لە
٢,١/ زیندانیکردن لە سەربازگەکان، یان کاری زۆرەملێ، یان دیلی جەنگ، یان بارودۆخی کامپ،
٢,٢/ ئەزموونی پزیشکی یان زانستی کوشندە لەسەر مرۆڤ،
٢,٣/ لێدان و ئەشکەنجە،
٢,٤/ هاندان یان چاوپۆشی لە کوشتن، یان دەستدرێژی سێکسی، تاڵانکردن و دزین کە مرۆڤیشی تێدا کوژرابێت،
٢,٥/ برسێتی و پەتا کە دەسەڵات قەدەغەی یارمەتیدانیان دەکات یان بە مەبەستەوە وا دەکات بەربڵاوتر ببێتەوە، یان
٢,٦/ ڕاگواستنەوەی زۆرەملێ و قاودان کە ببێتە هۆی مردن، ئەمەش پێناسە و تواناکاری هەیە، کە ئەمەیە:
ئا: "حکومەت" بریتییە لە فەرمانڕەوای کردارییـ- وەک لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی کۆماری میللی چینی یاخیبووەکان یان فەرماندەکانی جەنگ بۆ ناوچەی داگیرکراو-وەک لە کاتی حوکمی تورکە موسوڵمانەکان(کۆماری تورکستانی رۆژهەڵاتی) و بەشێک لە هەرێمی سینکیانگ (١٩٤٤-١٩٤٦).

ب: کارکردن لە لایەنی حکومەتەوە، لە نێوانیدا پۆلیس و سوپا و ئاسایش و، یان کاری ناحکومەتی وەکو ( لە لایەن دزەوە، چەتەگەری ڕاگەیاندن، یان گروپە نهێنییەکان) کە ڕێپێدانی هەیە یان لە حکومەتەوە وەریدەگرێت یان هاوکاری و پەسەندکردن لە لایەن حکومەتەوە.

پ: بەندی ١(١)دەگرێتەوە، بۆ نمونە، ڕاستەوخۆ بەئامانجگرتنی ناجەنگاوەرەکان لە کاتی جەنگ و ململانێ توندەکاندا بەهۆی ڕق و تۆڵەسەندنەوە، یان چۆڵکردنی ناوچەیەکەوە، یان بۆ تیرۆری خەڵکی سڤیل بۆ ناچارکردنیان بەخۆبەدەستەوەدان. لە نمونە بەرجەستەکان بۆ ئەم دۆخانە، بۆردومان و بۆردومانی هەڕەمەکی، یان گەمارۆ کە دەبێتە هۆی برسێتی گروپەکە.

ت:پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە بڕگەی (١,١)دا هاتووە، خزم و هاوڕێ و هاوکار و مامۆستا و قوتابییەکان.

ج: کوشتار(بڕگەی ١,٤) کوشتی بەکۆمەڵی دیلەکانی جەنگ و یاخییەکان، دەگرێتەوە.

چ: سیستەمی کۆتا (بەشبەشێنە) دەگرێتەوە (بڕگەی ١,٢) هەڵبژاردنی کەسانێک بە هەڕەمەکی بۆ کوشتن، یان دەستگیرکردنی هەڕەمەکی کەسانێک بۆ جێبەجێکردنی سیستەمی بەشبەشێنە و کوشتنی هەندێک لەوانە.
ح: سیستەمی "داواکردن" (بڕگەی ١,٢) بردنی بەروبوومی جوتیارەکان و هێشتنەوەیان بۆ ئەوەی لە برسا بمرن.
خ: لە پێناسەکە ئەمانەی خوارەوە بەدەرن:
خ.١/ جێبەجێکردنی لەسێدارەدان کە نێودەوڵەتی بێت، بۆ نمونە کوشتن و دەستدرێژی سێکسی و سیخوڕیی و ناپاکی و شتی لەم جۆرە، ئەگەر بەڵگە نەبوو لەسەر ئەوەی کە حکومەت پڕوپاگەندەی لە دژیان کردبێت لە پێناوی کوشتنیان.
خ.٢/ ئەو ڕێوشوێنەی دەگیرێتە بەر لە دژی خەڵکی مەدەنی چەکدار لە کاتی هەرا و کاری تێکدەرانە(بۆ نمونە کوشتنی ئەو کەسانەی بە جەکەوە دەگیرێن دیمۆساید نییە، و
خ.٣/ مردنی ناجەنگاوەرەکان کە لە میانەی هێرشەکان بۆ سەر ئامانجێکی سەربازی، کوژران، تا ئەو کاتەی ئامانجەکە سەربازی بێت(بۆ نمونە بۆردومانکردنی خزمەتگوزارییە لۆجستیکییەکانی دوژمن).

خشتەی ١: ڕوانینێ گشتی سەبارەت بە چەمکی دیمۆساید دەدات بە دەستەوە لە پەیوەندی بە چەمکەکانی تر کە پێشتر ئاماژەیان پێدرا، پۆلێنکردنیان لە ناو ناوەڕۆکی سەرچاوە دیمۆسایدییەکانی کۆمەڵکوژیی.

دیمۆساید لە پێناسەکەیدا مانای کوشتن لە لایەن حکومەتەوە، دەدات. بە تەواوەتی وەکو چۆن کوشتن کەسی پێناسەی خۆی هەیە لە کۆمەڵی خۆجێیدا. لێرەدا مەبەست لێی (پێشتر پلانبۆدانراو) پرسێکی زۆر جێی بایەخە. لەناویاندا مەبەستی پراکتیکی. ئەگەر حکومەت بەهۆی بایەخپێنەدانەوە ببێتەهۆکار مردنی خەڵک، مردنەکان وەک ئەوە وایە بەمەبەستەوە بێت.

خشتەی ١: سەرچاوەکانی بەکۆمەڵ مردن

| |
|---|
| بە مەبەستەوە<br>- جەنگ<br>- نێودەوڵەتی/ناوخۆیی |
| دیمۆساید:<br>- جینۆساید<br>کوشتنی جوولەکەکانی قوبرس لە لایەن نازییەوە<br>کوشتنی ڤێتنامییەکان لە لایەن خمێر ڕاگەوە<br>کوشتنی جێرمانەکانی ڤۆڵگا لە لایەن سۆڤیەتەوە<br>- پۆلیتیساید<br>پاکتاوکردنەکانی هیتلەر لە ١٩٣٤<br>کوشتنی ناشونالیستەکان لە لایەن ڤێت مین<br>بۆمبابارانکردنی فڕۆکەوانی لە لایەن لیبیاوە |

| |
|---|
| - کۆمەڵکوژیی<br>تۆڵەسەندنەکانی نازی لە یۆگسلافیا<br>کوشتنەکان لە ڤێتنام بە کۆتا<br>دەستدرێژییە سێکسییەکانی ژاپۆنییەکان بۆ سەر نانکینگ<br>- تیرۆر<br>کوشتنەکانی دەستەی خەڵک لە گواتیمالا<br>کوشتنی کۆمۆنیستەکان لە لایەن ستالینەوە لە ١٩٣٦-١٩٣٨<br>بێسەروشوێنکردنەکان لە ئەرجەنتین |
| بە بێ مەبەست<br><br>گرانیی<br>بەهۆی سروشتەوە<br>گرانییە گەورەکەی چین لە ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٢<br><br>نەخۆشی<br>لە سروشتەوە:<br>پەتای ئەنفلەوەنزای سەرانسەریی لە ١٩١٨<br>لە حکومەتەوە[99]:<br>گرانەتا لە سۆڤیەت لە ١٩١٨-١٩٢٣<br><br>کارەسات<br>زریان<br>بومەلەرزە<br>ئاگر<br>هتد |

مردنی دیمۆساید ئەو کوشتنە ئەنقەستەیە لە لایەن وەکیلەکانی حکومەتەوە دژ بە کەسی بێچەک یان چەککراودا دەهێنرێت، ئەوان بە سیفەتی فەرمییان ئەو کارە دەکەن و سیاسەتی حکومەت و سەرکردایەتی باڵا پیادە دەکەن، (وەک لە دۆخی کوشتنی جولەکەکان لە ژوورەکانی گازدا لە لایەن نازییەکانەوە). هەروەها ئەوەش دیمۆسایدە کە مردنەکان لە ئەنجامی کردەوە و رێکاری شێتانەی حکومەتدا ڕوودەدات بە بێ گوێدانە ژیان و رۆحی خەڵک. (وەک دانانی خەڵک لە ئۆردوگا زۆرەملێکان و زیندانیکردنیان و برسیکردنیان و کاری قورسی زۆرەملێ پێکردنیان). ئەوەش

[99] ئەو پەتایانەی کە بە مەبەستەوەن و مرۆڤکردن دەچنە خانەی دیمۆسایدەوە و دەشێ جینۆساید، پۆلیتیساید یان کۆمەڵکوژی بن.

دیمۆسایده كه حكومەت چاوپۆشی بكات یان رەواج بدات به كوشتنی خەڵكانێك ئەگەرچی له لایەنی فەرمی حكومەتەوه ئەنجام نەدرابێت.(وەك مردنی گروپەكان له سلڤادۆر و گواتیمالا). ئەوەش به دیمۆساید دادەنرێت كه بەرپرسەكانی حكومەت به ئەنقەست رێگه بدات به درێژەكێشانی بارودۆخێك كه مردنی لێدەكەوێتەوه و هۆشداری پێویست نادات له بارەیەوه(وەك له دۆخی برسێتی ئەثیوبییەكاندا ڕوویدا له حەفتاكان). هەموو كوشتن و لەسێدارەدانەكان له دەرەوەی چوارچێوەی یاسا دەبێته دیمۆساید. تەنانەت هەندێ له لەسێدارەدانه یاساییەكانیش دەبن به دیمۆساید، وەك له دادگا كارتۆنیەكانی سۆڤیەتدا له سییەكانی سەدەی پێشوو روویان دا. دۆخەكانی لەسێدارەدان كه لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی به كەمبایەخ و بێنرخ دەژمێردران، وەك دۆخی كوشتنی جوتیارەكان له كێڵگەكاندا، یان كوشتنی ئەو كرێكارانەی كه نوكتەیان لەدژی حكومەت دروستدەكرد، یان ئەو ئەندازیارانەی كه مەزەندەی هەڵەیان كردووە، به دیمۆساید دادەنرێن.

ئەوەم دۆزییەوه كه زۆربەی ئەو زنجیره ڕووداوانەی كه دیمۆسایدن حاشاهەڵنەگرن، كه لەژێر فەرمانی سەركردایەتی باڵادا ئەنجام دەدرێن. كاتێ به فەرمانی سەركردایەتی باڵا خەڵكی لادێكان ناچار دەكرێن بچنه ناو كێڵگەكان و لەوێدا دەستدرێژییان لێ دەكرێت، نابێ ئیتر هیچ پرسیارێك لەبارەی پێناسەكەیەوه بكرێت. كاتێ گروپێكی چەكدار به زۆر مامۆستاكان و قوتابییەكانی قوتابخانەیەك دەهێننه دەرەوه و دەیاندەنه بەر دەستدرێژی گوله، بێگومان ئەمه دیمۆسایده. كاتێ هەموو مادده خۆراكییەكان له ناوچەیەك لادەبرێت به شێوەیەكی سیستەماتیك له لایەن حكومەتەوه و گەمارۆی خواردنیان دەكرێته سەر، دەبێت ئەو مردنانەی كه له ئەنجامیدا دەبێت به دیمۆساید دایبنێین. هەموو دۆخەكانی كوشتن له لایەن حكومەتەوه به تەواوەت ڕوونه. ژمارەی مردنەكان دەشێ ڕوون نەبێت له زۆرێك لەم دۆخانه.

ر.ج. ڕومێل

پاشکۆی ٣

دەسەڵات دەکوژێت، دەسەڵاتی ڕەها بە ڕەهایی دەکوژێت

---

دەسەڵات پلەبەپلە دەستهەڵدەگرێت لە بەها مرۆڤایەتییەکان و فەزیلەت.

ئەدمۆند بورک،
پاساوەکانی کۆمەڵی سروشتی

دەسەڵات وەک پەتای هیلاککەر وایە، بەر هەر شتێ بکەوێت پیسی دەکات.

پێرسی بیش شیلی،
"شاژن مابی سێیەم"

دەسەڵات مەیلی گەندەڵی هەیە، دەسەڵاتی ڕەها بە رەهایی گەندەڵی دەکات.

لۆرد ئاکتۆن،
نامەیەک بۆ مەتران کیتۆن

...

ئەو دەرەنجامەی کە "دەسەڵات گەندەڵی دەکات"، پەیامێکە لە ئەنجامی کارێکەوە هەڵێنجراوە کە لەسەر کەیسەکانی شەڕە و توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان جینۆساید، پۆلیتیساید و کۆمەڵکوژی، من بە دیمۆساید یان کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵک، ناوی دەبەم، کە لەم سەدەیەدا ڕووی داوە.

حکومەت تا دەسەڵاتی زیاتر بێت، زیاتر توانای ئەنجامدانی کاری زۆردارانەی هەیە بە پێی هەوەس و ئارەزووی دەستەبژێر، زیاتر شەڕ هەڵدەگیرسێنێ دژی خەڵکانی ناوخۆ و بێگانە. تا دەسەڵاتی حکومەت بەربەندکراوبێت، زیاتر چاودێریکراو و هاوسەنگ دەبێت، کەمتر شەڕانگێز دەبێت لەبەرامبەر ئەوانی تر بۆ ئەنجامدانی دیمۆساید. لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا ، حکومەتە تۆتالیتارییە کۆمۆنیستەکان، کوشتاریان بەرامبەر بە دەیان ملیۆن خەڵک ئەنجام دا، لە کاتێکدا دسەڵاتە دیموکراتییەکان بەحاڵ خۆیان لە قەرەی زنجیرە کوشتن دەدەن.

ئەم جەختکردنەوانە یەکلاکەرەوە و پەرگرانەن، بەڵام بەڵگە کەڵەکەبووەکان تا ئێستا وا پیشان دەدەن. بڕوانە جەنگی یەکەمی جیهانی، خشتەی ژ.١ ڕوودانی جەنگ پیشان دەدات لە نێوان نەتەوەکان لە ١٩١٨ەوە. هیچ دۆخێک نەبووە لە نێوان وڵاتە دیموکراتییە سەقامگیرەکان کە ململانێی سەربازی توندوتیژی تێدا بووبێت، ئەگەرچی شەڕ ڕوویداوە لە نێوان وڵاتە نادیموکراتیەکان وەکو هەموو لایەک دەزانین. زۆرینەی شەڕەکان بێگومان لە نێوان وڵاتە نادیموکراتییەکانە. لە ڕاستدا، لێرەدا پرنسیپێکی گشتیمان هەیە کە قوتابیانی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و جەنگ پەسەندیان کردووە، ئەویش ئەوەیە کە بە دەگمەن وڵاتە دیموکراتییەکان

جەنگ لە دژی یەکتر هەڵدەگیرسێنن. دەمەوێت ئەوەش زیاد بکەم کە دوو دەوڵەتی کەمتر دیموکراتی، رەنگە یەک پەلاماری ئەویتر بدات.

خشتەی ١/ جەنگ لە نێوان دیموکراتییەکان و نادیموکراتییەکان ١٨١٦-١٩٩١

| دەوڵەتەکان "ئا" | شەرەکان "بێ" |
|---|---|
| دیموکراتییەکان بەرامبەر دیموکراتییەکان | سفر |
| دیموکراتییەکان بەرامبەر نادیموکراتییەکان | ١٥٥ |
| نادیموکراتییەکان بەرامبەر نادیموکراتیەکان | ١٩٨ |
| سەرجەم | ٣٥٨ |

"ئا" دیموکراتییە سەقامگیرەکان. ئەمە تەنها جەنگ لە نێوان کۆمار فەرەنسا و کۆماری ڕۆما لە ١٨٤٩ ڕوویداوە.
"بێ" پێناسەی کردەوەی سەربازی دەکات کە لای کەم ١٠٠٠ کەسی تێدا کوژرابێت، ١٨١٦-١٩٦٥.

جگە لەوە، ئەمە لە ڕووی مێژووییشەوە سەبارەت بە دیموکراتەکان، ڕاستە. هەر لە پێناسەکەیەوە دیموکراتی مانای بەشداری چینەکانی خوارەوە و ناوەڕاستە لە دەسەڵات بۆ دەستنیشانکردنی کەسانی دەسەڵاتدار و دروستکردنی بڕیار و سیاسەتەکان، لە مێژوودا زۆر لەو دیموکراتیانە هەیە. ئەگەر بڕوانینە دیموکراتییە کلاسیکییەکانی یۆنان، یان دیموکراتییەکانی دارستانەکانی سویسرا لە سەدەکانی ناوەڕاست، یان دیموکراتییەکانی نوێ، پەلاماری یەکتریان نەداوە(بە پشتبەستن بە پێناسەی شەڕ و دیموکراتی، هەندێ کەس پێیان باشە بڵێن بەدەگمەن شەڕیان لە دژی یەکتر کردووە). سەرەڕای ئەوە، ئەگەرچی ئەو دەوڵەتانە چەندین جار چوونەتە ناو شەڕەوە لە دژی یەکتر و دوژمنی سەرسەختی یەکتر بوون، (وەک ئەڵمانیا و فەرەنسا لەم سەدانەی دواییدا)، دیموکراتیین، بەم لۆژیکە، ئەورووپای رۆژئاوا، لە ساڵی ١٩٤٥ بە دواوە، شەڕ لە نێوانیان وەستاوە. لەهەموو شەڕەکان کارەساتبارتر لە سەدەکانی دواییدا، لە ساڵی ١٩٤٥ ڕوویدا و تەنانەت هیچ شارەزایەکی شێتیش پێشبینی ئەوە بکات نەک تەنها ٤٥ساڵی ئاشتی، بەڵکو لە کۆتایی ئەو کاتەوە لە ئەورووپا دامەزراوەی حکومەتی ناوەندی بەرەو هێزی سەربازی هاوبەش لە نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا، بچێت، هەروەها پێشبینی ئەوەی کە هیچ زەبروزەنگ و توندوتیژییەک لە نێوان ئەمانەدا ڕوونەدات کە پێشتر دژی یەکتر بوون، بەڵام ئەمە ڕووی دا. هەموو ئەمەش لەبەر ئەوەیە دیموکراتی بوون.

هەرچی لەبارەی دەسەڵاتە زۆردارەکانەوە بگوترێت کە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕەکان و بردنی گەنجەکان بۆ کوشتارگاکان، بگوترێت، هێشتا کەمە، چونکە واقیع زۆر لەوە خراپترە، وەک لێکۆڵینەکان دەریدەخەن. تەنانەت بە بێ هەبوونی پاساوی شەڕ، دەسەڵات بە خوێنساردییەوە خەڵکی بێپشتیوان و بێ بەرگریی کوشتووە بە ژمارە زیاتر لەوەی لە شەڕەکاندا کوژراون. بڕوانە خشتەی ژمارە ١ و هێڵکاری ژمارە ١، لیستێک و هێڵکاری ئەم سەدەیە و ئەو دەوڵەتانەی بە خوێنساردییەوە، بە چاوپۆشی لە شەڕەکان، ملیۆنان ژن و پیاو و منداڵیان کوشتووە. ئەم پانزە ملیۆنە ١٥١ ملیۆن کەسیان لەناوبردووە. کە دەکاتە نزیکەی چوار ئەوەندەی کە لە جەنگە

نێودەوڵەتییەکاندا کوژراون کە ٣٦،٥٠٠،٠٠٠ کەسن کە لە سەدەی بیستەمدا تا ساڵی ١٩٨٧ هەڵگیرساون. لە هەموو دەوڵەتەکان رەهاتر یەکێتی سۆڤیەتی کۆمۆنیست و چین، پێش ئەوانیش چەتەکانی ماو، خەمیرە سوورەکان لە کەمبۆدیا و ڤێتنام و یۆگسلاڤیا، فاشییەکان لە ئەڵمانیای نازی ١٢٨ ملیۆنیان کوشتووە کە دەکاتە ٨٤ لە سەد.
نەخشەی ٢ دیسان رێژەی سەدی ساڵانەی دیمۆساید دەخاتە ڕوو (رێژەی سەدی دانیشتوانەکەی کە رژێمەکە ساڵانە دەیانکوژێت). گرافیکی ١ بە هێڵکاری سەرجەمی کوژراوەکان دەخاتە ڕوو. زۆرکوژەکانی وەکو یەکێتی سۆڤیەت و چینی کۆمۆنیست، کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆر زۆر بووە، لەگەڵ ئەوانەی کە کەمکوژبوون و دیمۆسایدیان کەمتر بووە.

نەخشەی ٣ لیستی ئەو دەوڵەتانەیە کە زۆرکوژن و نەخشە بەیانییەکە دەیانخاتە ڕوو. هیچ رژێمێک زۆرکوژتر نەبووە لە رژێمی کۆمۆنیستی خەمیرە سوورەکان لە کەمبۆدیا لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٥ تا ١٩٧٨. لەماوەی چوار ساڵی حوکمڕانییان ٣١ لەسەدی پیاو و ژن و منداڵەکانی وڵاتیان کوشتووە. ئەگەری رزگاربوونی هەر کەسێکی کەمبۆدی لەو ساڵانەدا تەنها ١ تا ٢،٢ لەسەدە.

هەروەها کیلۆکوژەکان هەن، کە بریتین لەو دەوڵەتانەی کە دەیان هەزاریان کوشتووە، وەک ئەو دە دەوڵەتەی لە ترۆپکی لیستی ژمارە ٢ دایە : خواوەندەکانی شەڕی چینییەکان لە (١٩١٧-١٩٤٩)، تورکیای ئەتاتورک(١٩١٩-١٩٢٣)، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(بەهۆی گەمارۆی ئابوورییەوە لە(١٩١٤-١٩١٩) بۆ هێزە ناوەندییەکان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، هەروەها بۆردومانی هەڕەمەکی (١٩٤٠-١٩٤٥)ی شارە ئەڵمانییەکان)، پورتوگال(١٩٢٦-١٩٨٢)، ئەندەنووسیا(١٩٦٥-١٩٨٧). هەندێ لە کیلۆکوژە کەمتر باوەکان ئەفغانستان، ئەنگۆلا، ئەلبانیا، رۆمانیا و ئەثیوپیا، هەروەها مەجەڕ و بوروندی و کرواتیا (١٩٤١-١٩٤٤)، چیکسلۆڤاکیا(١٩٤٥-١٩٤٦)، ئەندەنووسیا، عێراق، روسیا و ئۆگەندا. بەهۆی بۆردومانی هەڕەمەکی شارەکانی ئەڵمانیا و خەڵکی مەدەنی ژاپۆن، دەبێت ئەمریکا بۆ ئەم لیستە زیاد بکرێت. ئەمانە و کیلۆکوژەکانی تر نزیکەی ١٩ ملیۆن کەسیان دیمۆساید کردووە لە سەدەی بیستەمدا، وەک لە خشتەی ژمارە ٢ دا دەردەکەوێت.

خشتەی ٢ دیمۆسایدی سەدەی بیستەم

| رێژەی سەدی (%)[h] | دیمۆساید (000)[a] | | | ساڵەکان | رژێمەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | جینۆساید | ناوخۆیی | سەرجەم | | |
| .92[d] | 33,476 | 116,380 | 151,491 | 1900-87 | مێگا - بکوژەکان |
| .18[d] | 26,690 | 100,842 | 128,168 | 1900-87 | دێکا- بکوژەکان |
| .42 | 10,000 | 54,769 | 61,911 | 1917-87 | یەکێتی سۆڤیەت |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆماری چینی میللی | 1949-87 | 35,236 | 35,236 | 375 | .12 |
| ئەڵمانیان | 1933-45 | 20,946 | 762 | 16,315 | .09 |
| چیین | 1928-49 | 10,075 | 10,075 | Nil | .07[e] |
| کەمتر مێگا بکوژەکان | 1900-87 | 19,178 | 12,237 | 6.184 | 1.63[d] |
| ژاپۆن | 1936-45 | 5,964 | nil | nil | nil |
| چیین (سۆڤیەتیە ماوییەکان) | 1923-49 | 3,466 | 3,466 | nil | .05[e] |
| کەمبۆدیا | 1975-79 | 2,035 | 2,000 | 541 | 8.16 |
| تورکیا | 1909-18 | 1,883 | 1,752 | 1,883 | .96 |
| ڤێتنام | 1945-87 | 1,678 | 944 | nil | .10 |
| پۆڵۆنیا | 1945-48 | 1,585 | 1,585 | 1,585 | 1.99 |
| پاکستان | 1958-87 | 1,503 | 1,503 | 1,500 | .06 |
| یۆگسلافیا (تیتۆ) | 1944-87 | 1,072 | 987 | 675 | .12 |
| گومانلێراو مێگا بکوژەکان | 1900-87 | 4,145 | 3,301 | 602 | .24[d] |
| کۆریای باکوور | 1948-87 | 1,663 | 1,293 | nil | .25 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مەکسیکۆ | 1900-20 | 1,417 | 1,417 | 100 | .45 |
| ڕووسیا | 1900-17 | 1,066 | 591 | 502 | .02 |
| سێنتی کیلۆ-بکوژەکان | 1900-87 | 14,918 | 10,812 | 4,071 | .26[d] |
| پێنج کەسی سەرەوەی لیستەکە | 1900-87 | 4,074 | 2,192 | 1,078 | .89[d] |
| چین(خواوەندەکانی شەڕ) | 1917-49 | 910 | 910 | nil | .02 |
| تورکیا(ئەتاتورک) | 1919-23 | 878 | 703 | 878 | 2.64 |
| بەریتانیا | 1900-87 | 816 | nil | nil | nil |
| پورتوگال (دیکتاتۆری) | 1926-82 | 741 | nil | nil | nil |
| ئەندەنووسیا | 1965-87 | 729 | 579 | 200 | .02 |
| کەمترکوژەکان | 1900-87 | 2,792 | 2,355 | 1,019 | 13[d] |
| تەواوی جیهان | 1900-87 | 169,202 | 129,547 | 38,566 | .09[f] |

a/ جینۆساید، پۆلیتیساید و کۆمەڵکوژی دەگرێتەوە، بەڵام مردن لە جەنگدای تێدا نییە.زۆر لەوانەیە ژمارە مەزەندەییەکان لە ڕێژەی نزم بۆ ڕێژەی بەرز پۆلێن کرابێت. دەشێ ژمارەکان نزیک نەبن.

b/ ڕێژەی سەدی دانیشتوان کە لە دیمۆسایددا لەناو براون لە ساڵێکدا لە لایەن ڕژێمەوە.


c/ قۆناغی پارتیزانی

d/ مامناوەندی

e/ ناوەندی ڕێژەکە لە هەر سێ قۆناغەکەدا

f/ ڕێژەی ناوەندی ساڵانە بە نسبەی دانیشتوانی جیهان لە ساڵی ١٩٤٤ دەژمێرێت.

هێلکاری ١: مێگابکوژەکان و ڕێژەی سەدییان لە دیمۆساید(لە خشتەی ژ ٢)




بێگومان، دەبێ بڵێین ئەو دەوڵەت و ڕژێمە بکوژەکانە بەرجەستەی هەندێ لە کەسەکان دەکەن. ڕژێم لە واقیعدا بریتییە لە خەڵکانێک کە دەسەڵاتیان هەیە فەرمان بدەن بەسەر هەموو کۆمەڵگەکەدا. ئەمانەن کە مێگاکوشتار و کیلۆکوشتاریان ئەنجام داوە لەم سەدەیەدا و نابێت ناسنامەیان بشاردرێتەوە لە ژێر ناوی دەوڵەت یان ڕژێم یان حکومەت یان کۆمۆنیست. خشتەی ٤ لیستی ناوی ئەو پیاوە هەر ناودار و بکوژانەیە کە بەرپرسیارن لە مێگاکوشتار و کیلۆکوشتاری سەدەی بیستەم.

ستالین، تا ئێستا لەسەرووی لیستەکەوەیە. ئەو فەرمانی کوشتنی ملیۆنان کەسی داوە و ڕووداوی وای خوڵقاندووە کە بووەتە هۆی مردنی ملیۆنانی تر و بە دیکتاتۆری کۆتایی ناوزەدکراوە. ڕەنگە پێت سەیر بێت کە ماو تسی تۆنگ دوای ئەو دێت لە لیستەکەدا بە گەورەبکوژی سەدەکە دادەنرێت، بەڵام ئەو لە ماوەی سەرکردایەتییەکەیدا بە کوشتنی

کۆمۆنیستەکانی چین بە شێوەیەکی فراوان خەریک بووە و ڕۆژئاوا کەمتر ئاگاداری ئەمە بووە. هیتلەر و پۆلپۆت بێگومان لەناو ئەو زۆرداره گەورانەن و دەشێ هەندێ ناوی تریش بێت سەیر بێت بەلای زۆربەوە بەڵام ئەوانە مێگابکوژن و تۆمار کراون. ئەمەنە دەبێت خوێنی دڕندە لە ناو دەمارياندا بووبێت، دەبێ ناويان بۆ هەميشە لە لاپەڕەی شەرمەزاريدا بمێنێتەوە. دەبێ ناوەکانيان بۆ هەميشە هۆشداری ئەوەمان بدەنێ کە دەسەڵاتی بکوژ هەيە.

خشتەی ٣
پانزە لە زۆرترین بکوژ لە ناو ڕژێمەکان

| کوژراوەکان (000)[a] | ساڵەکان | وڵاتەکان | ئایدۆلۆژی | دیکتاتۆر |
|---|---|---|---|---|
| 42,672[b] | 1929-53 | یەکێتی سۆڤییەت | C | یوسف ستالین |
| 37,828[c] | 1923-76 | چین | C | ماو تسی تۆنگ |
| 20,946 | 1933-45 | ئەڵمانیا | F | ئەدۆلف هیتلەر |
| 10,214[d] | 1921-48 | چین | M/F | چیانگ کای شاک |
| 4,017[c] | 1917-24 | یەکێتی سۆڤییەت | C | ڤلادمیر لینین |
| 3,990[f] | 1941-45 | ژاپۆن | M/F | تۆجۆ هیدکی |
| 2,397[c] | 1968-87 | کامبۆدیا | C | پۆل پۆت |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1,500 | 1971 | پاکستان | M | یەحیا خان |
| 1,172[c] | 1941-87 | یۆگسلافیا | C | یوسپ بروز تیتۆ |

کلیلەکان:
کۆمۆنیستC:، فاشیست :F ، میلیتاریست/فاشیستM/F ، میلیتاریست:M
A ئەمە شیاوترین مەزەندەیە کە لە نزمەوە بۆ برز پۆلێن کراوە، مەزەندەکە بە پێی کتێبەکەی رۆمڵ کراوە ١٩٩١، ١٩٩١، هەروەها ستاتستیکی دیمۆساید.
B تەنها هاوڵاتی
C قۆناغی گەریلاکان دەگرێتەوە
D قۆناغی خواکانی شەڕ دەگرێتەوە
E یەک لە سەر سێی دیمۆسایدەکان قۆناغی ١٩٢٣-١٩٢٨ دەگرێتەوە.
F بە نیوە مەزەندە دەکرێت ١٩٣٧-١٩٤٥ دیمۆساید لە چین و دیمۆساید لە جەنگی دووەمی جیهان

لەم هەشتاوهەشت ساڵەی یەکەمی ئەم سەدەیە، ١٧٠ملیۆن کەس، پیاو و ژن و منداڵ، گولەباران کراون، لێدراون، ئەشکەنجەدراون، بەچەقۆ کوژراون، سوتێندراون، برسیکراون، بەستێنراون، شێلراون، یان کاری تامردنیان پێکراوە. ئەمانە حکومەتەکان شوێنپێیان هەڵگرتوون و کوشتوویانن، هاوڵاتی بێبەرگری بوون و تەنیا بوون، یان بێگانە بوون. مردووەکان دەشێ ژمارەیان بگاتە ٣٦٠ ملیۆن کەس. دەشێ وەک دیاریمان کرد بە نەخۆشی تاعوونی رەش مردبن، بێگومان بە هێزی دەسەڵات نەک بە هێزی بەکتریا. رۆحی ئەم هەموو کۆمەڵە مردووانە نەتەوەیەکی تری لە نێو ئێمەدا دروست کردووە، لە دونیای شکسپیردا "ئەم زەوییە ناوی نراوە کێڵگەی گۆڵگۆثا و ئێسکبەندی لاشەمردووەکان". وەک لە مێگا بکوژەکان ڕوون دەبێتەوە کە بە تەنیا لە لیستی ژمارە ٢ دایە. ئەم وڵاتە فرەکولتوور و فرەنەتەوەیە. دانیشتوانەکەی شوێنکەوتووی هەموو ئایینەکانی دونیان و بە هەموو زمانەکانی دنیا دەپەیڤن. دیموگرافیاکەی هێشتا بە وردی نەپێوراوە.
خشتەی ژ ٦ ئەو مەزاندانەیە کە سەبارەت بە دیمۆسایدە و بەراوردی دەکات لەگەڵ ژمارەی مردووەکان لەم سەدەیەدا. شێوەی ژمارە٣ هێڵکاری سەرجەمیانە. بڕوانە تێچووی دیمۆساید زۆر زیاترە لە تێچووی شەڕ لە دژی رژێمە زۆردارەکان و تۆتالیتارەکان. لە وڵاتە دیموکراتەکان شێوازێکی پێچەوانەیە، سەرەڕای ئەوەش ژمارەی مردنیان زۆر کەمترە لە رژێمەکانی

تر. ئەگەر مردن لە جەنگدا لە وڵاتە دیموکراتییەکان هەڵسەنگێنین، ئەوەت لە یاد بێت ئەوە ئەو جەنگانەیە کە لە وڵاتە دیموکراتییەکان دژ بە وڵاتە تۆتالیتار و زۆردارەکان کراوە. بە تایبەت جەنگی یەکەمی جیهانی و جەنگی کۆریا و ڤێتنام.

خشتەی ٥
هەندێ لە کەیسەکانی دیمۆساید

| رژێمەکان | قوربانییەکان | ساڵەکان | دیمۆساید (000)[a] | دۆخەکان |
|---|---|---|---|---|
| یەکێتی سۆڤییەت | هەرکەسێ | 1917-87 | 39,464 | کەمپە چڕەکان/ کەمپەکانی کار |
| هیتلەر | جولەکەکانی ئەوروپا | 1942-45 | 5,291 | هۆلۆکۆستی جولەکە |
| ستالین | peasantsجوتیارەکان | 1932-33 | 5,000 | برسێتی ئەنقەست لە ئۆکراینیا |
| ماو تسی تونگ | دەوڵەمەند/خاوەن زەویوزار | 1949-53 | 4,500 | ریفۆرمی زەویوزار لە چین |
| Stalinستالین | جوتیارەکان/خاوەن زەوییەکان | 1928-35 | 3,133 | کۆمەڵەی هەرەوەزی |
| پۆل پۆت | خەڵکی کەمبۆدیا | 1975-79 | 2,000 | دۆزەخی کەمبۆدی |
| ماو تسی تونگ | کۆمۆنیستەکان/ بەرپرسان/رۆشنبیران | 1964-75 | 1,613 | شۆڕشی کولتووری |
| پۆلۆنیا | ئیتنیکی ئەڵمانی | 1945-48 | 1,583 | دەرکردنی ئەڵمانەکان |
| پاکستان | هیندۆسەکان/سەرکردە بەنگالییەکان/رۆشنبیران | 1971 | 1,500 | جینۆسایدی هیندو/بەنگالی |
| گەنجە تورکەکان | ئەرمەنییەکانی تورکیا | 1915-18 | 1,404 | جینۆسایدی ئەرمەنەکان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تیرۆری گەورە | 1,000 | 1936-38 | کۆمۆنیستەکان | ستالین |
| جینۆسایدی سربەکان | 655 | 1941-45 | سربەکان/جولەکەکان/قوبرسیەکان | ئوستاشی کرواتی |
| کوشتاری ئەندەنوسییەکان | 509 | 1965-66 | کۆمۆنیستەکان/هاوسۆزەکانیان | سوپای ئەندەنوسیا |
| کوشتاری ئۆگەندییەکان | 300 | 1971-79 | رەخنەگرەکان/بەرهەڵستکاران/پیاوانی خێڵ | عیدی ئەمین |
| پەنابەرەکانی کەشتی | 250 | 1975-87 | چینییەکان/ڤێتنامییەکان | ڤێتنام |
| شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیا | 200 | 1936-39 | کۆمارییەکان/نەتەوەییەکان | حکومەتی کۆماری ئیسپانیا/سوپای نەتەوەیی |
| دەستدرێژی سێکسی نانکین | 200 | 1937-38 | چین | سوپای ژاپۆن |
| کوشتاری لاڤیۆلۆنسیا | 180 | 1948-58 | کۆنسێرڤاتیڤەکان/لیبرالەکان | لیبرالەکانی کۆلۆمبیا/حکومەتی کۆنسێرڤاتیڤ |
| کوشتاری خێڵەکان | 150 | 1971-72 | خوێندەوارە هووتووەکا/ سەرکردەکان | توتسییەکانی بروندی |
| کوشتاری تیموری رۆژهەڵات | 150 | 1975-87 | تیمورییەکان | سوپای ئەندەنووسیا |
| کوشتاری داگیرکاری | 132 | 1900-18 | هیرۆرۆکان/هۆتینتۆکان/خەڵکانی تر | قەیسەری ئەڵمان |

زۆربەی مەزەندەکان لە نزمەوە بۆ بەرز کراوە. لەسەر بنچینەی مەزەندەکانی رۆمڵ، ١٩٩٠،١٩٩١،١٩٩٢ و سەرچاوەکانی ستاتستیکی مەزەندەکردنی دیمۆسایدەکان.

تێبینی: ئەم ئەژمارانە کەیسەکانی دیمۆسایدی ئێستا ناگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر ڕاپۆرتەکەی لە ئینسکلۆپیدیادا هەبێت، وەک جینۆسایدی یۆگسلاڤیای پێشوو(١٩٩١-١٩٩٥) یان ڕواندا(١٩٩٤).

بە پێی مەزەندەکان، جەنگ و دیمۆساید بەیەکەوە تێچوویان بۆ مرۆڤ بریتییە لە کوشتنی ٢٣ ملیۆن کەس لەم سەدەیەدا. ئەگەر کەسێک لەسەر مێزێک دابنیشێت و ئەو هەموو مرۆڤەش بە پێ بێن و لە دەرگایەکەوە بێنە ژوورەوە و بە پێ لە سەعاتێکدا سێ میلیان بڕیبێت،(گریمانەی ئەوە بکە هەر کەسێک وەک یەک باریک بێت لە ناوکەوە تا بڕبڕەی پشت) لە دەرگایەکی ترەوە دەردەچن، کارەکە پێنج ساڵ و نۆ مانگ دەخایەنێت تا بتوانن تێپەڕن، بیست و چوار سەعات لە ڕۆژدا، ٣٨٥ ڕۆژ لە ساڵدا. ئەگەرئەم مردووانە لە سەرەوەیان هەتا پێیان بە درێژایی بە دوای یەکدا دابنرێن و گریمانەی ئەوە بکرێت ناوەندی باڵایان پێنج پێ بێت، ئەوان لە هۆنۆلۆ و هاوای بەناو ئۆقیانووسی هێمن دا، دواتر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا واشنتۆنی پایتەخت، لە کەناری ڕۆژهەڵات، ئینجا جارێکی تر و نزیکەی بیست جاری تر بگەڕێتەوە. ئێستا، وەک چۆن لە خشتەی ژمارە ٦ و شێوەی هێڵکاری ٣ دا دەردەکەوێت، وڵاتە دیموکراتەکان خۆیان بەرپرسیارن لە هەندێ لە دیمۆسایدەکان. بە هەرحاڵ، ئەمانە هەموویان دیمۆسایدی بیانین کەلە دۆخی جەنگدا ڕوویان داوە وەک ئەوەی ژاپۆن و ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانییدا، هەروەها دیمۆساید لە وڵاتە دیموکراتەکان کوشتاری فیلیپینیش دەگرێتەوە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا. مردن لە کەمپە چڕەکانی بەریتانیا لە باشووری ئەفریقیا لە کاتی شەڕی بۆیر، مردنی خەڵکی سیڤیل لە ئەنجامی برسێتی لە کاتی گەمارۆی بەریتانیا بۆ سەر ئەڵمانیا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی، دەستدرێژی سێکسی و کوشتنی خەڵکی سیڤیل و بێبەرگری چین لە پەکین لە ١٩٠٠، ئەو کوشتوبڕانەی ئەمریکییەکان لە ڤێتنام، کوشتنی خەڵکی بێبەرگریی جەزائیرییەکان لە لایەن فەرەنساوە، هەروەها مردنی ناسروشتی ئەڵمانییەکانی دیلی شەڕ لە فەرەنسا و کامپی پاوی ئەمریکا لە جەنگی یەکەمی جیهان.
ئەم هەموو کوشتارانەی خەڵکی بیانی بە دەستی دیموکراتیەکان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بوون بەڵام پاساویان بۆ هێنراوەتەوە. چونکە لە هەموویاندا کوشتنەکان تا ڕادەیەکی زۆر، بە ڕێگەیەکی نادیموکراتی ئەنجام

دراون، بە نهێنی و لە ژێر پەردەی درۆ و بوختان و هەڵخەڵەتاندندا، یان لە ڕێگەی بەکرێگیراوەکان کە دەسەڵاتیان پێدراوە لە کاتی شەڕەکاندا سەربەخۆ ئەو کارانە بکەن. بەهۆی کۆنترۆڵکردن و سانسۆرکردنی تەواوی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانەوە بەتەواوەتی تاوانەکان داپۆشراوبوون. تەنانەت بۆردومانە هەڕەمەکییەکان بۆ سەر ئەڵمانیا لە پەرلەمانی بەریتانیا وەک هێرش بۆ سەر ئامانجی سەربازی تێدەپەڕێندرا، لە ڕاگەیاندنیشدا بەو جۆرە باس دەکرا. هێرشکردنە سەر پیاوانی کار تا ماوەیەکی زۆریش دوای شەڕ، هەر بە نهێنی ئەنجام دەدرا.

خشتەی ژمارە ٦
دیمۆساید و دەسەڵات

| ڕژێم a | ڕژێم دەسەڵات | کوژراوەکان(000)[b] | | | ڕێژە[c](%) | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سەرجەم | دیمۆساید | بێگانە | بە گشتی | ساڵانە |
| دیمۆساید | | | | | | |
| بە دیموکراتی | least | 2,028 | 159 | 1,858 | 0.04 | 0.01 |
| چەوسێنەرەکان | mid | 28,676 | 26,092 | 2,584 | 1.06 | 0.21 |
| توتالیتارەکان | high | 137,977 | 103,194 | 34,783 | 4.15 | 0.40 |
| کۆمۆنیست | highest | 110,286 | 101,929 | 8,357 | 5.35 | 0.52 |
| هی ترەکان[d] | | 518 | 464 | 54 | | |
| جیهان | | 169,198 | 129,908 | 39,278 | 7.28[e] | 0.083[e] |
| جەنگ | دەسەڵاتی ڕژێم | سەرجەم | ناوخۆیی | Int'l | هەر جەنگێک | %دانیشتوان[g] |
| دیموکراتی | کەمترین | 4,370 | 5 | 4,365 | 62 | 0.24 |
| چەوسێنەرەکان | مامناوەندی | 15,298 | 4,774 | 10,523 | 86 | 0.33 |
| توتالیتارەکان | بڵند | 14,354 | 68 | 14,286 | 399 | 0.64 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆمۆنیست | بڵندترین | 9,784 | 68 | 9,715 | 326 | 0.53 |
| جیهان | | 34,021 | 4,848 | 29,174 | 120 | 1.46[h] |
| تەواوی جیهان | | 203,219 | 134,756 | 68.452 | | 8.74[i] |

a/ ئەم ڕژێمانە لە دەوڵەتەکان و نیمچە دەوڵەتەکان و گروپە ناحکومییەکانن. پۆلێنکردنەکان لەسەر بنچینەی داتاکانی Small and Singer ١٩٧٦ و Ted Robert Gurr's Polity یەک و دوو، دانراون.

b/ ئەژماری دیمۆسایدەکان لە کۆی مەزەندەکراوی ناوەندی لە خوارەوە بۆ سەرەوە ئەژمارکراو لە قۆناغەکانی ١٩٠٠ تا ١٩٨٧. ژمارەکانی تایبەت بە شەر ئەوانەن کە لە ١٠٠٠ کوژراو بەرەوسەرەوەن، لە ساڵانی ١٠٠ تا ١٩٨، لە سەر بنچینەی Small and Singer ١٩٨٢، هەموارکراو و ژمارەبۆزیادکراو.

c/ سەرجەمی ڕێژەی سەدی بۆ هەر ڕژێمێک و ناوەندی قۆناغەکانی دیمۆساید لە ١٩٠٠-١٩٨٧. ڕێژەی ساڵانەی کوشتارەکان.

d/ ئەم گروپانە ئەوانەن کە ڕژێمێکی دیاریکراویان بۆ دەستنیشان ناکرێت وەکو تیرۆریستی نێودەوڵەتی و گەریلا ناوخۆییەکان.

e/ ڕێژەی ناوەندی دانیشتوانی جیهانی بۆ ساڵی ١٩٤٤ ژمێردراوە.

f/ ناوەندی ڕێژەی کوشتن لە جەنگە بیانییەکان
g/ ڕێژەی ناوەندی کوشتنەکانی ڕژێمەکان لە جەنگە نێودەوڵەتییەکان

h/ ڕێژەی ناوەندی کوشتنەکانی حکومەت لە جەنگەکاندا، لە ١٩٠٠-١٩٨٠، ڕێژەی سەدی ساڵانەی ٠.١٨ یە.

i/ ڕێژەی دانیشتوانی جیهان لە ١٩٤٤ و کوشتنەکان بە دیمۆساید، ١٩٠٠-١٩٨٧، هەروەها جەنگەکان لە ١٩٠٠-١٩٨٠.

ئاوا، دەسەڵات دەکوژێت، دەسەڵاتی ڕەها بە ڕەهایی دەکوژێت. دەبێ قوتابییانی زانکۆکان چی بە باش دەزانن بگوترێت دەربارەی ئەو هۆ و فاکتەرانەی شەڕ، جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکان؟ چی دەربارەی جیاوازی کولتووری-ئێتنیکی، ململانێی نێوان گروپەکان، بەهەڵە تێگەیشتن، داهێزراندن-دژایەتیکردن، بێبەشکردنی ڕێژەیی، پێویستییە ئایدۆلۆژییەکان، داماڵین لە مافی مرۆڤ، کێبڕکێ لەسەر سەرچاوە مرۆییەکان،.. هتد؟


لە کاتێک یان لە کاتێکی تردا، لە رژێمێک یان زیاتر، یەکێک یان زیاتر لەم فاکتەرانە رۆڵی گرنگ دەگێڕن لە دیمۆسایددا. ئەمانە جەوهەرین بۆ هەندێ لە جینۆسایدەکان وەک جینۆسایدی جولەکەکان و ئەرمەنەکان؛ هەندێ لە پۆلیتیسایدەکان وەک "دوژمنەکانی مرۆڤ"، "بۆرژواکان" ، "گروپە ئایینییەکان"، هەندێ لە کوشتارەکان کە بۆ ململانێی هەندێ گروپی ئایینی-ئێتنیکی دەکرێن. یان هەندێ لە دڕندایەتییەکان، وەک ئەوەی لە دژی هەندێ لە خەڵکی هەژاری لادێکان دەکرێن لە لایەن سەربازە براوەکانەوە. بەڵام هەموو کوشتارەکان ڕوون ناکرێنەوە. ئەوان تەنها گریمانەی زووتر ڕوودانی شەڕ و دیمۆسایدەکان دەکەن. رژێمێکی ڕەها پێویستە بۆ هەڵگیرسانی شەڕ و ئەنجامدانی دیمۆساید. ئەگەر ئەو دەستەبژێرە دەسەڵاتێکی رەهایان هەبێت، بە رەهایی شەڕ و دیمۆساید بەدوای ئەو پرۆسەیەدا دێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەسەڵاتی رەها هەرگیز بە جێگیری نامێنێتەوە. لەگەڵ بەرژەوەندی و تواناکارییەکان و ویستی دەوروبەریدا، گۆڕانی بەسەردا دێت. مردنی سەرکردەیەکی کاریزمی، تورەیی گروپێکی لادەر، دەستوەردانی هێزی بیانی لە گروپێک، چوونە ناو جەنگ و ئازادبوونی دەستەبژێرێک بۆبەکارهێنانی هێز لە ژێر پەردەی ئازادیدا. بەم شێوەیە دەشێت هاوسەنگی هێز بە تەواوی بگۆڕدرێت لە نێوان گروپەکاندا. ئەگەر ئەم گۆڕانکارییانەی ڕوودەدات لە بەرژەوەندی دەستەبژێری دەسەڵاتداردا بێت، یان هەستیان بە

هەڕەشە کرد، وا دەبینرێن لە دەرەوەی قەوارەی رەوشت بن و دێواندنیان دەست پێ دەکات. ئەگەر گروپە دەرەکییەکە خاوەنی کولتوور و نەژادێکی جیاواز بێت، دەسەڵات بە کەمتر لە نەژادی خۆیانی بزانێت، ئیدی هەموو تواناکارییە کوشتندەکانی لە دژیان بەکار دەبات. بە کورتی لە بیانوویەک دەگەڕێت بە جۆرێک لە جۆرەکان، کوشتنی کەسێک، هەوڵێکی کودەتا، برسێتی، یان کارەساتێکی سروشتی، بۆ پاساودانی دەستپێکی دیمۆساید. هەموو دیمۆسایدەکان لە ژێر پەردەی شەڕ، شۆڕش، پارتیزانی، شەڕی گەریلایی و لێکەوتەکانی، ڕوودەدات.

**هێڵکاری ٣**

**مردن بە دیمۆساید و بەراوردکردنی لەگەڵ مردنەکان لە جەنگە نێودەوڵەتییەکان (لە خشتەی ژمارە ٦ەوە)**



ئەنجامی توندوتیژی لەو جۆرە دەکرێت ببێتە هۆی هاوسەنگییەکی نوێی هێز و هێنانەکایەوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی نوێ. لە هەندێ دۆخدا دیمۆساید نامێنێت، بۆ نمونە لەناوبردنی تەواوەتی گروپێکی ژێردەستە(وەک تورکەکان لە دژی ئەرمەنەکان کردیان). لە زۆرێک لەو دۆخانەدا دەستەیەک رزگاریان دەبێت (وەک لە کەمپە زۆرەملێکانی ئۆکرانییەکان کە لە لایەن ستالینەوە بۆیان کرابوو، هەروەها گرانی و برسێتی دەستکرد و ئەنقەست کە بەسەریاندا هێنرابوو). لە هەندێ دۆخدا ئەمانە هاوسەنگی نوێی هێز بەرهەم دەهێنێت و بەلای دەستەبژێری دەسەڵاتداردا دایدەشکێنێتەوە، بە جۆرێک کە ئەوانیش تا لە دەسەڵاتدا بن توندوتیژی بەکار دەهێنن: کوشتن دەبێت بە بەشێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتی نوێ. بڕوانە سیستەمی کۆمەڵایەتی هیتلەر، ستالین، ماو، پۆلپۆت و دەستوپێوەندەکانیان.
ڕوون نییە بۆچی لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا کە رژێمەکانیان دەسەڵاتی سنووردارە و قابیلی لێپرسینەوەیە، شەڕ و دیمۆسایدی بەرچاو ڕوودەدات. دوو چەمک ئەمە ڕوون دەکاتەوە، ١) فشاری پچڕ پچڕ، ٢) کولتووری سیاسی پەیوەست بەوەوە. کاتێ دەسەڵات لێپرسینەوەی وردی لەگەڵ دەکرێت، کە ژمارەیەکی ئیجگار زۆر کۆمەڵە و رێکخراو و سەندیکا و کۆمپانیا و دامەزراوەی سەربەخۆ دروست بکرێت، بە بەرژەوەندی جۆراوجۆرەوە. بەرژەوەندی ئەمانە تێکەڵ بەیەک دەبن و جەخت دەکەنەوە لەسەر: بەرژەوەندی و ئارەزووە هاوبەشەکان و دڵسۆزییان بۆی، کەنیسەکان و سەندیکاکان و کۆمپانیاکان و بیرۆکراتی حکومەت و حیزبە سیاسییەکان و میدیا و بەرژەوەندی تایبەت و گروپەکان و ئەم جۆرانە، هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دەدەن. تاکەکان و دەستەبژێر پاڵپێوەدەنرێن بۆ بەئەندامبوون لە یەکێک لەو گروپ و دامەزراوانە. زۆر سەختە ئەم هەموو بەرژەوەندییانە لە یەک فۆرمدا کۆبکرێنەوە. بەرژەوەندییەکان دابەشکراون، لاواز و هاودژن، فشاریان لەسەرە. بۆ ئەوەی ئەو دەستەبژێرە بە پێی پێویست یەکگرتوو بن، پێویستە هاوسۆزی و بایەخ هەبێت بۆ ئەو دەستەبژێرە، بەڵام ئەگەر ئەمە لە نێوان ژمارەیەکی کەمیشیاندا بێت، ئەوە بەرژەوەندی جۆراو جۆر لەمیانەی دەستەبژێری سیاسی وبیرۆکراتییەکانی پەیوەست بەوانەوە، هەروەها ئازادی میدیا لە دەرەوەی ئەوەی کە پلانی بۆ دانراوە، هەروەها تواناکارییە هەمیشەیی و بەردەوامەکان بۆ دژەپێکردنی ترس و شتی وا،

هەروەها دزەپێکردنی هەواڵ لە لایەن هەندێ لەو دەستەبژێرە سیاسییە بۆ میدیا، ئەو مەیلانە دەوەستێنێت.

سەبارەت بە دروستنبوونی شەڕ و ڕوونەدانی دیمۆساید لە نێوان دیموکراتەکاندا، جۆراوجۆرێتی و ئەو فشارەی لە ئەنجامییەوە دروست دەبێت، دەستەبەری دەکات. بۆ دەستەبژێری دیموکراتییەکان قورس نییە رای گشتی بە پێی پێویست بۆ بڕیاری شەڕ یەکبخات، بەڵام پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە نێوان دیموکراتییەکاندا بەهێزە و رێی شەڕ و توندوتیژییان لێ دەگرێت.

بەڵام لەوەش زیاتر کۆت و پێوەند لەسەر دەسەڵاتی دیموکراتی هەیە. فشاری هێزی کۆمەڵایەتی، کە ئازادی تاک و گروپەکان دەستەبەری دەکەن. سروشتییە بوارێکی کۆمەڵایەتی لەخۆوە دروست ببێت، بەڵام رەفتاری کۆمەلایەتی تەنها بریتی نییە لە پرسی هێزی کۆمەڵایەتی، بەڵکو کولتووری دیموکراتی پەیوەستە بە بەها و مانا و نۆرمەکان و پرسێکی گرنگ و جەوهەرییە. کاتێ دەسەڵات کۆنترۆڵ بکرێت و قابیلی لێپرسینەوە بێت، کاتێ فشاری لەسەر بێت لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکاندا، کولتووری دیموکراتی گەشەدەستێنێت. ئەم کولتوورە بریتییە لە گفتوگۆ و مشتومڕەکان، خۆپیشاندانەکان، هەروەها دانوستان و سازشەکان و یەکترقبوڵکردنەکان. بریتییە لە هونەری چارەسەرکردنی کێشەکان و قبوڵکردنی رێکارە دیموکراتییەکان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵدا. کاغەزی پێشنیار جێگەی فیشەک دەگرێتەوە، تاکەکان و گروپەکان ئەو چارەسەرییانە پەسەند دەکەن لە جیاتی ئەوەی ئەو زیانە گەورانە قبوڵ بکەن کە لە ئەنجامی ململانێکاندا ڕوودەدات." ئەمڕۆبدۆڕێ، سبەینێ ببەرەوە."
ئەم وێنەیەی دەسەڵات و تێچووە مرۆییەکەی، نوێیە. کەم کەس ئاگاداری ئەو دیمۆسایدانەیە کە بەسەر خوشکوبرا مرۆڤەکانیدا هێنراوە. تەنانەت لەوەش زیات، پێزانینی ئێمە بۆ ئەو بەرفراوانییەی دیمۆسایدەکان کە لەم سەدەیەدا ڕوویدا، بەهۆی کەمیی چەمکەوە، شێوێندراوە. دیمۆساید، دەسەڵاتی رەها ئەنجامی دەدات، حکومەت بریکارێتی. دیسپیلینی لێکۆڵینەوە و شیکاری لەبارەی دەسەڵات و پەیوەندی بە جینۆساید و کۆمەڵکوژییەوە، دەچێتە خانەی زانستی سیاسەتەوە. بەڵام بە ریزپەڕی چەند کەیسێکی کەم، وەک هۆلۆکۆست

و جینۆسایدی ئەرمەنەکان و هەندێ کاری گشتی تر نەبێت، بە دەگمەن دەتوانین لێکۆلینەوەیەک بدۆزینەوە لەناو زانستی سیاسەت، دەربارەی ئەم بابەتە.
ئەوەی پێوستە بۆ دەستەواژەگەری سیاسەت و حکومەت، هاوئاهەنگی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە دەیزانین سەبارەت بە دیمۆساید و لێکەوتەکانی. پێویستە دەستەواژەی نوێ دابهێندرێت، کۆنەکان هەمواربکرێنەوە، یانیش نوێ بکرێنەوە، سەبارەت بە تێگەیشتنمان بۆ دەسەڵات. دەبێ دەستەواژەی نوێ دابهێنین بۆ ئەو حکومەتانەی کە لە سنوورەوە تا سنوور وڵاتەکەی دەکاتە ئۆردوگای زۆرەملێ و ملیۆنان هاوڵاتی بێگوناهی خۆیانی تێدا لە برسا دەکوژن! هەروەها بە دانانی کۆتا خەڵکی ئەم دێ و ئەو دێ و ئەم شار و ئەو شار دەکوژن(وەک لە سۆڤیەت و چینی کۆمۆنیست و ڤیێتنام ڕوویاندا)، هیچ دەستەواژەیەکم لە زانست سیاسەتدا نەدۆزییەوە بۆ ئەو نامرۆڤایەتییە لە ڕادەبەدەر و لە بڕوابەدەرە. ئێمە هیچ دەستەواژەیەکمان نییە بۆ کوشتن لە پێناوی سیاسەتی گشتی، کە لە ئەنجومەنی باڵای سەرکردایەتییەوە دەردەچێت و حکومەت دەیسەپێنێت بەسەر خەڵکدا.

بەهەر حاڵ؛ دەرەنجامی تیۆری و ئەزمونگەری ئەوەیە کە: رێگەی نەهێشتنی شەڕ و بە کردەوە رێگرتن لە دیمۆساید، ئەوەیە کە لێپرسینەوە لە دەسەڵات بکرێت و کۆت بکرێت، ئەمەش لە رێگەی چەسپاندنی ئازادی و دیموکراتییەوە دێتە دی.

دواوتە:
یەکێک لەو کۆرسە زانکۆییانەی کە وانەی تێدا دەڵێمەوە دەروازەی زانستی سیاسەتە. لە هەر بەشێکی ساڵی خوێندندا، بە شێکی زۆر لەو تێکستانە دەخەمە ڕوو کە بۆ ئامادەکاری ئەم ڕشتەیە پێویستن(باشترین پێوەر بۆ پسپۆڕێتییەکان)، من هەندێ جار سەرم رادەوەشێنم لەوەی کە لەناو ئەم تێکستانەدا دەیبینم رەواجی پێدراوە و زۆر ناواقیعییە. ئەوانە نەگونجاون و روون نین، تەنانەت هاودژن لەگەڵ دەوڵەتێکی دۆزەخئاسای وەک کەمبۆدیای پۆل پۆت، دەوڵەتی گولاجی سۆڤیەتی ستالین و دەوڵەتی ئەڵمانیای جینۆسایدی هیتلەر.

## سەرچاوەکان و کارەکانی رومێل:

Rummel, R.J. (1990). *Lethal Politics: Soviet genocide and Mass Murder Since 1917.* New Brunswick, NJ: Transaction Publishers.

Rummel, R.J. (1991). *China's Bloody Century: Genocide and Mass Murder Since 1900.* New Brunswick, NJ: Transaction Publishers.

Rummel, R.J. (1991). *Democide: Nazi Genocide and Mass Murder.* New Brunswick, NJ: Transaction Publishers.

Rummel, R.J. (1992). Power kills, Absolute power kills absolutely. *Internet on the Holocaust and Genocide, Special Issue 38.* Jerusalem Institute on the Holocaust and Genocide.

Rummel, R.J. (1994). *Death by Government.* New Brunswick, NJ: Transaction Publishers.

Rummel, R.J. (1999). *Statistics of Democide: Genocide and Mass Murder Since 1900.* New Brunswick, NJ: Transaction Publishers.

Rummel, R.J. (1997). *Power Kills: Democracy as a Method of Nonviolence.* New Brunswick, NJ: Transaction Publishers.

*Other References*

Elot, Gil (1972). *Twentieth Century Book of the Dead.* London: Penguin.

Harff, Barbara, and Gurr, Ted Robert (1988). Toward empirical theory of genocide and politicides: Indentification and measurement of cases since 1945. *International Studies Quarterly,* 32(4), 359–371.

Horowitz, Irving Louis (1997). *Taking Lives: Genocide and State Power.* Fourth Edition Expanded and Revised. New Brunswick, NJ: Transaction Publishers.

Lemkin, Raphael (1944). *Axis Rule in Occupied Europe: Laws of Occupation, Analysis of Government Proposals for Redress.* Washington, DC: Carnegie Endowment for International Peace.

---

R.J. Rummel, "Power Kills, Absolute Power kills Absolutely", in: Charny (ed.), *Encyclopedia of genocide,* vol. 1, pp. 23-34.

# پاشکۆی ٤
# بە ڕەش و سپی[100]

لە کاتێکدا بیرەوەری دامەزراندنی هەر وڵاتێک هۆیەکە بۆ ئاهەنگگێڕانی دانیشتوانەکەی، بۆ ئۆسترالییەکان هۆیەکی تایبەت هەبوو لە ساڵی ١٩٨٨، ئەویش بیرەوەری دووسەدەی دامەزراندنی بوو. گرووپێکی کەم لەو شوێنە داگیرکراوانەی کە لە ساڵی ١٧٨٨ بە یەکەمین کەشتی هاتن و لە پێگەی سیدنی دابەزین، ئەم بەربەستانەیان هەبوو. ئوسترالیا هێشتا ناسراو نەبوو: داگیرکەرەکان هێشتا هیچ بیرۆکەیەکیان نەبوو سەبارەت بەوەی چۆن بە زیندوێتی لە ژیاندا بمێننەوە. لە وڵاتەکەیان خۆیان بە دووری پانزەهەزار میل دوورکەوتبوونەوە، بە گەشتێک کە هەشت مانگی خایاندبوو. برسێتی دوو ساڵ و نیوی خایاندبوو تا کەشتییەکی تری فریاکەوتن لە ئینگلستانەوە گەیشتە لایان. زۆرێک لە دانیشتوانەکە ئەوانە بوون کە بەر زەبری لایەنە توندوتیژەکانی ژیانی سەدەی هەژدەیەم بووبوون. سەرەڕای ئەو سەرەتایانەش، دانیشتوانەکە رزگاریان بوو، کیشوەرێکیان بنیاتنا و دیموکراتییان هێنایە کایەوە و نەتەوەیەکی جیاهەڵکەوتوویان بنیاتنا. بۆیە سەیر نییە کە ئوسترالییەکان هەست بە شانازی بکەن و ئاهەنگی بنیاتنانی نەتەوەکەیان بگێڕن.

لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵێ بەرهەڵستکاریی ئاهەنگەکەی شێواند. دانیشتوانە سپیپێستەکان یەکەمین گروپ نەبوون کە لە ئوسترالیادا بژین، لە جێی ئەوان پەنجا هەزار ساڵێک پێشتر، دانیشتوانێک هەبوو بە "ئەبورجینییەکان" ناسرابوون و هەروەها لە لایەن ئۆسترالییەکانەوە بە بەناوی "ڕەشپێستەکان"یش ناودەبران. کە ئینگلیزەکان لەوێ نیشتەجێ بوون، زۆرینەی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەوێیان کوشت، یان بەهۆکاری جیاواز مردن. هەندێ لە وەچەی رزگاربووەکانی ئەوان، لە جێی ئاهەنگگێڕانی یادکردنەوەکان، ئاژەوەیان دەنایەوە. ئاهەنگەکان جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە چۆن ئوسترالیا بوو بە سپییێست. لەم بەشەدا تەکەز دەخەمە سەر ئەم

[100] From Jared Diamond, The Third Champanzee- The Evaluation and Future of The Human Animal. HarperCollins Publishers, New York, 1992.

بابەتە لەجیاتی ئەوەی باسی ئەوە بکەم چۆن ئوسترالیا وازی لەوە هێنا رەشپێست بێت و چۆن ئینگلیزە ئازاکان هاتن بۆ ئەوەی جینۆساید ئەنجام بدەن.

بۆ ئەوەی ئوستورالییە سپیپێستەکان شەرمەزار نەبن، دەبێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە من باوباپیرانیان تۆمەتبار ناکەم بەوەی شتێکی ترسناکی دەگمەنیان ئەنجام دابێت، بەڵکو هۆکاری من بۆ گفتوگۆکردن لەسەر لەناوبردنی ئۆبەرجینییەکان، لەبەرئەوەیە جەخت بکەمەوە ئەوەی ئەوان کردوویانە دەگمەن نییە. نموونەیەکی بەڵگەداری ئەو دیاردەیەیە کە کەم کەس پێی دەزانن. لە کاتێکدا یەکەمین پەیوەندییمان بە دەستەواژەی جینۆسایدەوە پەیوەستبوونێتی بە کوشتارەکانی کەمپەچڕکانی نازییەکانەوە، ئەمانە تەنانەت زۆرترین ژمارەی کوشتاریش نەبوون لەم سەدەیەدا. تاسمانییەکان و چەندین گەلی تر ئامانجی نوێی هەڵمەتی لەناوبردن بوون. چەندین گەلی تری سەر رووی ئەم جیهانە لە دوارۆژی نزیکدا، ڕووبەڕووی هەڵمەتی لەو جۆرەن. لەگەڵ ئەوەدا، جینۆساید بابەتێکی ئەوەندە ژانئاوەرە کە پێمان خۆش نییە تەنانەت هەرگیز بیریشی لێ بکەینەوە، یاخوود پێمان خۆشە باوەڕ بکەین کە خەڵکی باش شتی وا خراپ ئەنجام نادەن، تەنها نازییەکان ئەوە دەکەن. رەتکردنەوەمان بۆ بیرکردنەوەی وا ئەم ئاکامانەی هەیە: کەممان کردووە بۆ وەستاندنی هەڵمەتی کۆمەڵکوژی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، هۆشداریش نادەین سەبارەت بەوەی چیتری بەدوادا دێت. هاوکات لەگەڵ وێرانکردنمان بۆ سەرچاوە مرۆییەکانی ژینگەی خۆمان، مەیلە جینۆسایدئامێزەکانمان لەوەدەچێت مانای ئەوە بێت کە جۆری مرۆڤ دەیەوێت هەموو پێشکەوتنەکانی خۆی لە نێو شەو و رۆژێکدا، تەفروتوونا بکات.

سەرەرای زۆربوونی بایەخی دەروونناسان و زانایانی بایۆلۆژی و خەڵکانی ئاساییش بۆ بابەتی جینۆساید، بەڵام پرسیارە سەرەکییەکە هێشتاش جێگەی مشتومڕە. ئایا هیچ ئاژەڵێک جۆری خۆی بەو شێوە پلانبۆدانراوە دەکوژێت؟ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئایا جینۆساید کارێکی بەدەگمەن ڕووداو بووە، یانیش شتێکی باو بووە و دەشێ پەیوەندی بە مرۆڤەوە وەک شتە ئاساییەکانی تری نموونەی هونەر و زمان، پۆلێن بکەین؟ ئایا کەرەتەکانی ڕوودانی لە ئێستادا زیادی نەکردووە، چونکە چەکی نوێ بە دەستپێنانی دوگمەیەک، رێ بە دروستبوونی جینۆساید دەدات، لەوێشەوە ئامرازەکانی رێگرتن لە کوشتن و

لەناوبردنی مرۆڤ، کەمتر دەبێتەوە؟ بۆچی زۆرێک لە دۆخەکان، کەمتر بایەخی پێدراوە؟ یان، ئایا کۆمەڵکوژەکان خەڵکی نائاسایی دەکوژن یان خەڵکی ئاسایی دەخەنە دۆخی نائاساییەوە؟
بۆ ئەوەی لە جینۆساید تێبگەین، نابێت لە بوارێکی تەسکدا هەنگاوبنێین، بەڵکو دەبێ سوود لە زانستەکانی بایۆلۆژیا، ئیتنیک و سایکۆلۆژیا، وەرگرین. لێرەوە، دۆزینەوەکانی جینۆساید لە ڕێگەی بەدواداچوونی مێژووی بیۆلۆژیا لە باوباپیرانەوە تا سەدەی بیستەم، دەست پێدەکات. دوای پرسیارکردن سەبارەت بە هاوئاهەنگی لە نێوان بکوژەکان و رێسا ڕەوشتییەکانیان، دەتوانین شوێنەوارە دەروونییەکانی لەسەر بکوژەکان، رزگاربووەکان، قوربانییەکان و تەماشاکارانی، بدۆزینەوە. بەڵام پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، سوودمەندە دەست بە باسکردنی جینۆسایدی تاسمانییەکان بکەین، وەک نموونەی دۆخێکی جینۆسایدی ناو دۆخگەلێکی زۆر لە جینۆسایدەکان.

تاسمانیا؛ دورگەیەکی شاخاوی هاوشێوەی ئیرلەندایە، بە دووری دووسەد میل دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی کەناری ئۆسترالیاوە. کاتێ کە لە لایەن ئەوروپییەکانەوە لە ساڵی ١٦٤٢ دۆزرایەوە، تەنها پێنج هەزار ڕاوچی و کۆکەرەوەی تێدا دەژیان، کە پەیوەست بوون بە ئەبورجینییەکان، دانیشتوانە ڕەسەنکەی ئۆستراليا و تەنها تەکنەلۆژیای سادە و ساکاریان بەکار دەهێنا، کە گەلێکی ساکار بەکاری دەهێنا. تاسمانییەکان؛ تەنیا چەند جۆرێکی ساکاریان لە ئامرازەکان لە دار و بەرد دروست دەکرد. وەک دانیشتوانە ڕەسەنەکە، ئامرازی کانزایی کەمیان هەبوو بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و گۆزەگەریی و تیر و کەوان. وەک دانیشتوانی ڕەسەن، توولەوتانجی و تۆڕ و توانای دوورمان و زانیاری دەربارەی تفەنگ تەقاندن، لە لایان کەم بوو.

لەبەر ئەوەی تەنها بەلەمی بچووکیان هەبوو، تاسمانییەکان دەیانتوانی تەنیا گەشتی کورت بکەن. پەیوەندییان لەگەڵ هیچ گروپێکی تری مرۆڤدا نەبوو، لە دەهەزار ساڵ پێشترەوە، لەو دەمەوەی کە ئاستی دەریا بەرز ببووەوە و تاسمینیای لە ئۆستراليا دابڕیبوو. لەبەر ئەوەی بە درێژایی ژیانی سەدان نەوە، ئەوان جیهانێکی تایبەتیان هەبوو، رزگاریان بوو لە درێژترین تەنیایی و دوورەپەرێزی لە مێژووی مرۆڤ، تەنیاییەک کە لە خەیاڵی زانستیشدا وێنای

نەکرابوو. دوای ئەوەی سپپیێستەکان کۆتاییان بەم تەنیایی و دابڕانەیان هێنا، هیچ دوو گەلێکی سەر رووی زەوی هێندەی ئەم دوانە، تاسامینەکان و سپییەکان، ناکۆک و ناتەبا نەبوون.

پێکداهەڵپژانی تراژیدی لە نێوان ئەو دوو گەلەدا لەو دەمەوە دەستی پێکرد کە کەشتیەوانە بەریتانییەکان لە نزیکەی ساڵی ١٨٠٠ گەیشتنە ئەوێ. سپپیێستەکان منداڵەکانی تاسمانییەکانیان دەڕفاند و وەک کرێکار بەکاریان دەهێنان، ژنەکانیان دەڕفاند و بۆ رابواردنی خۆیان بەکاریان دەهێنان، پیاوەکانیان دەکوشت یان کەمئەندامیان دەکردن، دەستیان بەسەر زەوی و زارەکانیاندا گرت و  هەوڵی لەناوبردنی تەواوەتی تاسمانیەکانیان دەدا، لە سەر ڕووی زەوی خۆیان. هێندەی نەبرد ململانێکان چڕ بوونەوە لەسەر شوێنی ژیان و نیشتیمان، کە بە درێژایی مێژوو یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی جینۆساد بووە. بەهۆی رفاندنەکانەوە، ژمارەی دانیشتوانی تاسمینیا لە ساڵی ١٨٣٠ دابەزی بۆ حەفتا پیاو و ٣ ژنی پێگەیشتوو، کە هیچ منداڵیان نەبوو. یەکێک لە شوانەکان بە تفەنگێکی دووبەشی پێکەوەبەستراوی بزماررێژ، دەستڕێژی لە خەڵکەکە کرد و نۆزدەی لێ کوشتن، شوانێکی تر سیی کەسی لە دانیشتوانە رەسەنەکە کوشت و لاشەکانیانی فڕێ دایە ناو تاوێرەکانەوە، کە ئێستا ئەو شوێنە بە گردی سەرکەوتن ناو دەبرێت.

بە شێوەیەکی سروشتی، تاسمینییەکان تۆڵەیان کردەوە و سپپیێستەکانیش لە بەرامبەردا دووبارە تۆڵەیان کردەوە. ئارثۆری پارێزگار لە ساڵی ١٨٢٨ فەرمانی دا تاسمینییەکان ئەو زەوییانە بەجێبهێڵن کە ئەوروپیەکانی تێدا نیشتەجێ بوون. بۆ ئەوەی ئەو فەرمانە جێبەجێ بکات، حکومەت گروپگەلێکی دروست کرد بە ناوی "پارتە گەڕۆکەکان"، کە بریتی بوون لە کەسانی سیڤیل و بە سەرۆکایەتی پۆلیس هەڵیان دەکوتایە سەر تاسمینییەکان و ڕاویان دەکردن و دەیانکوشتن. لە ڕاگەیاندنی بڕیارە عورفییەکانی ساڵی ١٩٢٨، سەربازەکان دەستئاوەڵاکران بۆ لەناوبردنی هەر تاسمینییەک کە لە سەر ڕووی ئەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوون. دوای ئەوە بڕیاری لەناوبردنی دانیشتوانە ڕەسەنەکە درا: پێنج پاوەندی بەریتانی بە هەر کەسێکی پێگەیشتووی تاسمینی، دوو پاوەند بۆ هەر منداڵێکی تاسمینی، کە بە زیندوویەتی بگیرێت و بدرێت بە دەستیانەوە. ڕاوەڕەش، ئەو دەستەواژەیە بوو

که بەو دۆخە دەگوترا، لەبەر رەنگی رەشی پێشتی تاسمینییەکان، بووە بازرگانییەکی گەورە و بەرهەمی پارتە گەڕۆکە تایبەت و فەرمیەکان بوو، کە بە سەرۆکایەتی ویلیەم برۆتۆن دامەزرابوو. سەرۆکێک بۆ کڵێسای ئەنجلیکانی دامەزرێندرا و سەرپشک کرا ئەو سیستەمە بەسەر دانیشتوانە ڕەسەنەکە پیادە بکات. دوای ئەوە پێشنیار کرا دەستگیربکرێن و وەک کۆیلە بفرۆشرێن، یان دەستبەسەر بکرێن. یان لەگەڵ سەگەکاندا بۆ ڕاو ببرێن، لیژنەکە بەردەوام بوو لەسەر دەستکەوتی لەوجۆرە و بەکارهێنانی گالیسکەکانی پۆلیس.
لەساڵی ١٩٣٠ جۆرج ئاوگوستۆن ڕۆبنسۆن، بانگخوازێکی دیاری کرستیان، بەکرێ گیرا بۆ تەواوکردنی کارەکە لەگەڵ لێماوەی تاسمینییەکان و ڕاگواستنەوەیان بۆ دورگەی فلیندەرز، ٣٠ میل دوورتر لەوێ. رۆبنسۆن ٣٠٠ پاوەندی پێشەکی پێدرا و ٧٠٠ پاوەندیش دوای تەواوکردنی کارەکە. سەختی و مەترسی زۆر لە رێگاکەدا هەبوو، لە لایەن ژنێکی بوێری تاسمینیەوە کە ناوی تروجانینی بوو، کارەکەی بە سەرکەوتوویی ئەنجام دا و لێماوەی خەڵکەکەی باوەڕپێهێنا کە چارەنووسێکی خراپتر چاوەڕێیان دەکات ئەگەر خۆبەدەستەوە نەدەن، دواتریش بە زەبری چەک ئەو کارەیان تەواو کرد. زۆرێک لە دەستبەسەرکراوەکانی رۆبنسۆن لە رێگای بەرەو دورگەی فلیندەرز، مردن، بەڵام ٢٠٠ کەس، لە کۆی ٥٠٠کەس گەیشتنە ئەوێ و رزگاریان بوو.
لە دورگەی فلیندەرز، رۆبنسۆن سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەو رزگاربووانە بە شارستانی و بە مەسیحی بکات. ئۆردوگاکەی وەکو زیندان بەڕێوەدەچوو، کەوتبووە شوێنێکی بەر رەشەباوە و ئاوێکی کەمی هەبوو. منداڵەکان، بۆ ئاسانکاری پرۆسەی بە شارستانیکردنیان، لە دایک و باوکانیان جیاکرانەوە. بەرنامەی رۆژانەیان خوێندنەوەی ئینجیل، سرووتی ئایینی، رێکخستنی جێگا و شوشتنی قاپ و پاککردنەوە بوو. بەرنامەی خۆراکی کامپەکە بووە هۆی کێشەی کەمخۆراکی و نەخۆشی، کە بووە هۆی مردنی دانیشتوانی کەمپەکە. زۆرکەم لە ساواکان لە چەند هەفتەیەکدا، رزگاریان بوو. حکومەت بەشەخۆراکی کەم کردەوە بۆیان بە هیوای ئەوەی هەموویان بمرن. لە ١٨٦٩ دا تەنیا تروجانینی و ژنێکی تر و یەک پیاو لە ژیان مانەوە.
ئەم سێ تاسمینییە بوونە جێی سەرنجی زانایانیان، کە پێیان وابوو ئەمانە بازنەی ونی نێوان مرۆڤ و مەیمونن. دوای ئەوە، کاتێ دوا پیاوی تاسمینی

کە ناوی ویلیەم لانەر بوو، مرد، تیمەکانی پزیشکەکان بەسەرۆکایەتی د. جۆرج ستۆکڵ لە کۆمەڵەی شاهانەی تەسمینیا و دکتۆر و.ل.کرۆزەر لە کۆلێژی شاهانەی تەسمینیا، کێبەرکێیان بوو لە سەری، لە گۆڕیان دەرهێنا و دووبارە لە گۆڕیان نایەوە. پارچە پارچە کرا و لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کرد. د. کرۆزەر سەرەکەی برد و دکتۆر ستۆکڵ دەستەکانی و قاچەکانی، یەکێکی تر گوێیەکانی و لووتی برد وەک دیاری و یادگاری. د. ستۆکڵ لە پێستی لانەر کیسەی تووتنی بۆ خۆی دروست کرد.

پێش ئەوەی تروجانینی، دوائافرەتی تاسمینی بمرێت لە ساڵی ١٨٧٦، زندۆقی چوو بوو لە ترسی ئەوەی لاشەی ئەویش بشێوێنن و داواکەی بێسوود بوو کە دەیویست دوای مردنی بیخەنە ناو دەریاوە. کۆمەڵەی شاهانە کەوڵی کرد و ئێسکبەندەکەی لە مۆزەخانەی تاسمینیا دانا، کە تا ساڵی ١٩٤٧ مایەوە، لەو ساڵەدا مۆزەخانەکە سکاڵای خراپی زۆری پێگەیشت سەبارەت بە ئێسکبەندەکە، بۆیە گواستیانەوە بۆ ژوورێکی تایبەت کە تەنها زاناکان دەیانتوانی ببینن، ئەمەش هەر بووە مایەی سکاڵای خەڵک، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٦، لە یادی سەد ساڵەی مردنی تروجانینی، سوتێندرا و خۆڵەمێشەکەی فڕی درایە دەریاوە، وەک خۆی داوای کردبوو.

لە کاتێکدا کە تاسمینییەکان بە ژمارە کەمیش بوون، بەڵام لەناوبردنییان کاریگەرییەکی زۆر نارێکی هەبوو لەسەر مێژووی ئۆستڕالیا، چونکە تاسمینیا یەکەمین شوێنی داگیرکراوی ئۆسترالی بوو کە کێشەی نەتەوایەتییان بەو جۆرە چارەسەر بکرێت، کە بووە هۆی ئەوەی لە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی رزگاریان بێت. (لە راستیدا، هەندێک منداڵ، لە لایەن ژنە کرێکارە سپیپێستەکانەوە رزگار کران. وەچەی ئەوان ئێستا حکومەتی تاسمینیایان شەرمەزار کردووە و نازانن چییان لێ بکەن). زۆرێک لە سپیپێستەکانی خاکی ئۆسترالیا، کاریگەر بوون بە شێوازی چارەسەری تاسمینییەکان و ویستیان لاسایی بکەنەوە، بەڵام وانەشیان لێ وەرگرت. لەناوبردنی تاسمینییەکان لە ناوچە ئارامەکاندا ئەنجام درا، لەبەرچاوی رۆژنامە و راگەیاندنی شارستانی و پەیامی نێگەتیڤیان لەبارەیەوە بڵاوکردەوە. دوای ئەوە نۆرە هاتە سەر لەناوبردنی ئەبورجینییەکان، ئەوانیان لە شوێنی دوورەدەست و لە سەر سنوورەکان لەناو برد، دوور لە ناوەندە شارستانییەکان.

ئامرازەکانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە، لەسەر هەمان مۆدێلی لەناوبردنی تاسمینییەکان بوو. شان بە شانی پارتە گەڕۆکەکانی حکومەت تاسمینیا، لقی پۆلیسی بە پۆلیسی ناوخۆ ناوبراو، دانران و ئەوانە کاریان گەڕان بوو بە دوای ئەبورجینییەکان. ستراتیژییەکی تایبەت کە پەیڕەوییان دەکرد ئەوە بوو کە بە شەو گەمارۆی کەمپەکەیان بدەن و دەمەوبەیانی هێرش بکەنە سەریان و تەقەیان لێ بکەن. دانیشتوانە سپیپێستەکەش بە شێوەیەکی فراوان خۆراکی ژەهراوییان دەدانێ بۆ ئەوەی ئەبورجینییەکان بکوژن. ڕێکارێکی تر کە بەکار دەبرا گرتنیان و زنجیرلەملکردنیان بوو لەو کاتەدا بەرەو گرتووخانەکان دەیانبردن و لەوێ دەیانهێڵانەوە. ڕۆماننوسی بەریتانی ئەنتۆنی ترۆلۆپ هەڵوێستی سەدەی نۆزدەی بەریتانییەکانی لە دژی ئەبورجینییەکان وا دەربڕیوە"لە نێو پیاوە سپییەکاندا وا دەگوترێن ئەوانە پێویستە بڕۆن. دەڵێین بە دڵنیاییەوە دەبێت بە بێ ئازاردانی ناپێویست بڕۆن و پێویست ناکات ببنە ئامانجی ئەوانەی بایەخیان بۆیان هەیە."

ئەم جۆرە تاکتیکە بەردەوام بوو هەتا ماوەیەکی درێژی سەدەی بیستەمیش. لە ڕووداوێکدا، لە ساڵی ١٩٢٨، پۆلیس ٣١ کەسی لە ئابورجینییەکان کوشت. پەرلەمانی ئۆستراليا ڕەتی کردەوە ڕاپۆرت لەبارەی ئەو قەسابخانەیەوە پەسەند بکات، دوو ئابورجینی لە ڕزگاربووەکانیان (لە جێگای پۆلیس)تۆماتبار کرد بە کوشتنەکان و دایانن بە دادگا. زنجیرلەملکردن هێشتا بەکارهێنراو بوو لەلایان و بەرگرییان لەبەکارهێنانی دەکرد لە ساڵی ١٩٥٨، پۆلیس و بانگخواز و حکومەتی ڕۆژئاوای ئۆستراليا بۆ ڕۆژنامەی میلبۆرن هیرالد وایان ڕوونکردەوە کە زیندانییە ئەبورجینییەکان خۆیان پێیان باشترە بە زنجیر ببەسترێنەوە.
ئەبورجینییە دانیشتوانە ڕەسەنەکە ژمارەیان زۆر زیاتر بوو لە تاسمینییە لەناوبراوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بە هاتنی داگیرکەری بەریتانیا لە ١٧٨٨ەوە هەتاکو ساڵی ١٩٢١، ژمارەیان لە ٣٠٠٠٠٠سێسەدهەزار کەسەوە دابەزی بۆ ٦٠٠٠٠شەست هەزار کەس.
ئەمڕۆ، هەڵوێستی ئۆسترالییەکان زۆر جیاوازە بەرامبەر بە مێژووی بکوژیی خۆیان. لە کاتێکدا کە سیاسەتی حکومەت و تێڕوانینی تایبەتی زۆرێک لە سپیپێستەکان بە شێوەیەکی زۆر هاوهەستی نواندنە بەرامبەر بە ئەبورجینییەکان، هەندێکی تر لە سپیپێستەکان نکۆڵی لە جینۆسایدەکە دەکەن و

بەرپرسیارێتییەکەی هەڵناگرن. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٢ یەکێک لە گۆڤارە هەواڵییە پێشەنگەکانی ئۆسترالیا *The Bulletin* نامەیەکی بڵاوکردەوە بۆ خانمێک بەناوی پاتریسیا کوبێرن، کە بە توندی رەتی کردەوە کە دانیشتوانە سپیپێستەکان تاسمانییەکانیان ریشەکێش کردبێت، خاتوو کوبێرن نووسیبووی دانیشتوانەکە ئاشتیدۆست بوون و خاوەنی کەسایەتی و رەوشتی بەرز بوون، هەرچی تاسمانییەکان بوون زۆردار و توند و پیاوکوژ و شەڕانی و پیس بوون و مێروئاسا قێزەوەن بوون و نەخۆشی و پەتای سفلسیان هەبوو. جگە لەوانەش بە باشی ئاگایان لە ساواکانی خۆیان نەبوو، هەرگیزخۆیان نەدەشوشت، دابونەریتی ژنوژنخوازییان قێزەوەن بوو. بەهۆی هەموو ئەم رەفتارە ناتەندروستتانەوە مردن، جگە لە مەرگدۆستی و کەمی باوەڕی ئایینییان. تەنیا بە رێکەوت بوو، دوای هەزاران ساڵ لە نیشتەجێبوونیان لە تاسمینیا، لە ئەنجامی ململانێی داگیرکاریەکاندا مردن. تاقە کوشتارێک کە کرابێت لە لایەن تاسمینییەکانەوە بووە، نەک بە پێچەوانەوە. داگیرکەرە نێشتەجێبووەکان تەنیا بۆ بەرگری لە خۆکردن خۆیان چەکدار کردبوو، هیچ لەگەڵ چەکدا ئاشنا نەبوون، هاوکات جگە لە ٤١ کەسی تاسمینی، تەقەیان لە کەسی تر نەکردبوو[..].

سەلماندنی پاڵنەرەکانی جینۆساید هێندەی پێناسەکەی قورسە. لە کاتێکدا دەشێ چەندین پاڵنەرهاوکات پێکەوە لە ئارادا بن، دەکرێت دابەشی سەر چوار جۆر بکرێن. لە دوو جۆرەکەی یەکەمدا، ململانێی راستەقینە لەسەر دەسەڵات و خاک هەیە، جا ئەو ململانێیە لە ناو ئایدۆلۆژیادا شاردرابیتەوە یان نا. دوو جۆرەکەی دوایی، ململانێکە کەمە و پاڵنەرەکان یان ئایدۆلۆژییە، یانیش دەروونییە.

دەشێ پاڵنەرێکی باو بۆ جینۆساید ئەوەبێت کە خەڵکێکی لە ڕووی سەربەزییەوە بەهێز، هەوڵی داگیرکردنی خاکی خەڵکێکی لەخۆیان لاوازتر دەدەن، ئەوانیش بەرگری لەخۆیان دەکەن. لەناو ئەو نمونە ڕوونانەی کە لەم جۆرەن تەنها تاسمینییەکان و ئەبورجینییەکان نیین لە لایەن ئۆسترالییە سپی پێستەکانەوە، بەڵکو کوشتنی هیندییە ئەمریکییەکانیش لە لایەن ئەمریکاییە سپیپێستەکانەوە، هیندییە ئەروکانییەکانیش لە لایەن ئەرجەنتینییەکانەوە و کوشتنی بوشمان و هۆتنتووتسیش لە لایەن دانیشتوانی باشووری ئەفریقاوە.

پاڵنەرێکی تری باو بۆ جینۆساید ململانێی ناوخۆیی کۆمەڵێکی فرەنەتەوە، کە گروپێکیان بۆ چارەسەری کۆتایی پەنا بۆ کوشتنی گروپەکەی تر دەبات. دۆخی وا کە دوو گروپی لە ڕووی ئیتنیکییەوە جیاواز ململانێیان بێت، نمونەی کوشتنی تووتسییەکان لە ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٣، هەروەها کوستنی سڕبەکان لە لایەن کرواتییەکانەوە لە یۆگسلاڤیا لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانی، کرواتەکانیش لە لایەن سڕبەکانەوە لە کۆتایی جەنگەکەدا، هەروەها کوشتنی عەرەبەکان لە زنجبار لە لایەن ڕەشەکانەوە لە ١٩٦٤. ئەگەرچی دەشێ بکوژ و کوژراوەکان سەر بە هەمان گروپی ئیتنیکی بن و دەشێ تەنها لە ڕووی تێڕوانینی سیاسییەوە جیاواز بن. ئەمە دۆخەکە بووە سەبارەت بە هەموو جینۆسایدە ناسراوەکانی کە لە مێژوودا ڕوویان داوە، کە مەزەندە دەکرێت قوربانییەکانی ٢٠ ملیۆن کەس بێت لە ماوەی نێوان ١٩٢٩-١٩٣٩ و ٦٠ملیۆن لە نێوان ساڵانی ١٩١٧ و ١٩٥٩، ئەوانەی کە حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامی دان لە دژی هاوڵاتییە بەرهەڵستکارەکانی خۆی. کردەکانی کوشتنی سیاسی زۆروزەوەندەی جیاواز لەو ژمارانە ئەویش کوشتنی خەمیرە سوورەکان لە لایەن کەمبۆدییەکانەوە، هەروەها کوشتنی سەدان هەزار کۆمۆنست لە ١٩٦٥-١٩٦٧لە ئەندەنووسیا.

لەم دوو پاڵنەرەی جینۆساید، قوربانییەکان بە بەربەست زانراون لەبەردەم بکوژەکاندا بۆ کۆنترۆڵکردنی وڵات یان دەسەڵات. بە پێچەوانەشەوە، کەمینەی بێ بەرگری دەکرێتە قۆچی قوربانی و تۆمەتبار دەکرێن بە بێهیواکردنی بکوژەکانیان. جولەکەکان لە لایەن کرستیانەکانەوە کوژران لە سەدەی چواردەیەم و کران بە قۆچی قوربانی نەخۆشی تاعون. روسییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بوونە قۆچی قوربانی کێشە سیاسییەکانی روسیا. ئۆکرانییەکان پاش جەنگی یەکەمی جیهان بوونە قۆچی قوربانی تۆڵەسەندنەوەی بەلشەفیکەکان، هەروەها نازییەکان لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهان بوون بە قۆچی قوربانی لە ئەنجامی دۆڕانی ئەڵمانیا جەنگی یەکەمی جیهانی. کاتێ حەوتەمین سوارەی ئەمریکییەکان چەند سەد کەسێکیان لە هیندییە سیوکسەکان لە ئەژنۆوە پێکا لە ساڵی ١٨٩٠، سەربازەکان بۆ تۆڵەکردنەوەی هێرشی بەرفراوانی سیوکس بەناوی حەوتەمین سوارەوە، لە جەنگی کاسل، لە سەدەی چواردەدا، کرا. لە ١٩٤٣-١٩٤٤، لە گەرمەی

کۆژانی رووسەکان لە ئەنجامی داگیرکاری نازییەکانی ئەڵمانیا، ستالین فەرمانی کوشتنی بۆ شەش گەلی کەمایەتی دەرکرد وەک قۆچی قوربانی؛ بەلقارەکان، شیشانەکان، تەتارەکانی کریمین، کالمیکەکان و کاراچییەکان.

چەوسانەوە لەسەر بنچینەی ئایین و نەژاد، جۆرێکی تری لێماوەی پاڵنەرەکانی جینۆسایدە. بانگەشەی ئەوە ناکەم کە لە عەقڵیەتی نازییەکان تێگەیشتووم، دەشێ چەوسانەوەی قەرەجەکان لە لایەن نازییەکانەوە بە شێوەیەکی رێژەیی پاڵنەری نەژادی پاراوی هەبێت، بەڵام لەناوبردنی جولەکەکان بە پاڵنەری ئایینی، قۆچی قوربانی بوون. لیستی کوشتارەکانی ئایینی زۆر دوورودرێژن تا ڕادەی بێکۆتایی، کوشتاری هەموو موسڵمانەکان و جولەکەکان لە لایەن خاچپەرستەکانەوە، دەگرێتەوە، لەو کاتەدا کە قودسیان گرت لە ساڵی ١٠٩٩. هەروەها کوشتاری پەرثۆلۆمیۆ بۆ کاثۆلیکەکانی فەرەنسا لە ساڵی ١٥٧٢، بێگومان، پاڵنەرە ئایینی و ئیتنیکییەکان بە قورسیی رۆڵیان لە جینۆسایدکردندا بینی کە ململانێکان لەسەر دەسەڵات و خەباتی قۆچەکانی قوربانی وروژاندیان.
تەنانەت ئەگەر مرۆ لەسەر پێناسەکردن و پاڵنەرەکانیشی ڕای جیاوازی هەبێت، بەڵام زۆرێک لە دۆخەکانی جینۆساد دەمێنێتەوە. با ئێستا بڕوانینە پشتمانەوە و ببینین مێژووی ئێمە وەک جۆری مرۆڤ تا کوێ دەمانگەڕێنێتەوە بۆ کۆمەڵکوژییەکان.
ئایا ئەمە ڕاستییەکە کە زۆر جار دەگوترێت، مرۆڤ لە نێو هەموو جۆرەکانی گیانلەبەردا دەگمەنە لە مەسەلەی کوشتنی ئەندامەکانی جۆری خۆی؟ بۆ نمونە، زانای بایۆلۆژی جیاهەڵکەوتوو کۆنراد لورێنز، لە کتێبەکەیدا "سەبارەت بە شەرانگێزی" ، دەڵێت غەریزەی شەڕانگێزی ئاژەڵ کۆنترۆڵ دەکرێت لە لایەن رێگرییە ڕەمەکییەکانیەوە لە دژی کوشتن. بەڵام لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گریمانەی ئەوە دەکرێت ئەم هاوسەنگییە تێکچووبێت بەهۆی داهێنانی چەکەوە: بەرگرییە ڕەمەکییە بۆماوەییەکانمان بە پێی پێوست بەهێز نەماونەتەوە لە دژی دەسەڵاتی نوێی کوشتنەکان. ئەم تێڕوانینەی مرۆڤ وەک بکوژێکی دەگمەن و نەگونجاوی پەرەسەندنەکانی لە لایەن هەردوو ئارثور کۆستلەر و زۆرێکی تر لە نووسەرە بەناوبانگەکان، پەسەند کراوە.

لە ڕاستیدا، لێکۆڵینەوەکانی ئەم چەند دەیەی دوایی، ئەگەر بۆ هەموو جۆرەکانی ئاژەڵیش نەبێت، بە دڵنیاییەوە بۆ بەشێکی زۆری کوشتنەکانی تۆمار کردووە. کوشتنی تاکێکی دراوسێ رەنگە بەسوود بێت بۆ ئاژەڵێک، ئەگەر بتوانێت دەستبگرێت بەسەر زەویوزار و خۆراک و مێینەکانی دراوسێکانیدا، بەڵام هێرشەکان هەندێ مەترسیشیان تێدایە بۆ هێرشبەرەکان. زۆرێک لە جۆری ئاژەڵان ئامرازی پێویست شک نابەن بۆ کوشتنی هاوڕێکانیان، هەندێکی تریان ئامرازیان هەیە بەڵام ڕەتی دەکەنەوە و بەکاری ناهێنن. بێزئاوەرە لێکۆڵینەوە و شیکاری بۆ تێچوون و سوودی کوشتن بکرێت، بەڵام ئەم جۆرە شیکارییانە یارمەتی تێگەیشتن لە هۆکاری تاوانەکان دەدەن، کە تەنیا هەندێ لە ئاژەڵان ئەو سیفەتانەیان هەیە.
لە جۆرە ناکۆمەڵایەتییەکاندا، تاوانی کوشتن لە پەلاماری یەکێک بۆ سەر یەکێکی تر، تێناپەڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەندێ جۆری گۆشتخۆردا وەکو شێر و گورگ و کەمتیار و مێروو، دەشێت کوشتن پەلاماری هاوئاهەنگ بگرێتەوە بۆ سەر ئەندامانی گروپێکی دراوسێ و کۆمەڵکوژی بکرێت. شەڕ و کۆمەڵکوژی لە نێوان نێرەکاندا جیاوازە، دەشێ نێری گروپێک لەگەڵ مێینەی گروپەکەی تردا پێک بێن و وەچە بنێنەوە و کۆرپەڵەکان بکوژن. مەیمونەکانی لانگور، یان تەنانەت شێرە نێرەکان، یان هەردووکیان نێرەکانیش و مێیەکانیش (گورگەکان) بکوژن. وەک نمونەیەک، بەسەرهاتی هانز کروک کە شەڕی نێوان دوو خێڵی کەمتیارە لە دەروازەی نگۆرۆنگۆرۆ لە تەنزانیا:
"نزیکەی دوانزە کەمتیاری زل، نێرینەی مونگی گرت و دایەبەرگاز، بە تایبەت لە زگ و قاچەکانی و گوێیەکانی. قوربانییەکە بە تەواوەتی لە لایەن هێرشبەرەکانەوە داپۆشرا، کە دە خولەک بوو بە لێدان تێی بەربووبوون و شیتاڵ شیتاڵیان کرد. نێرینەی مونگی لەچنگیان قوتارکرا و دەرکەوت گوێیەکانی بە گاز برینداره و کاتێک من لە نزیکەوە لە برینەکانیم کۆڵییەوە بینیم قاچەکانی و گونییشی و بڕبڕەی پشتیشی بە سەختی بریندارە. برینێکی گەورە لە قاچەکانی و زگی و پاشەڵی هەبوو، لە ژێرپێستیشەوە لە هەموو شوێنیک خوێنبەربوونی ناوەکی هەبوو."

بایەخێکی تایبەتی بۆ تێگەیشتن لە ڕەگی ڕەفتاری جینۆسایدئامێزی ئێمە، کۆڵینەوە لە دوو جۆر لە خزمانی مرۆڤ، مەیموونەکان و شامپازەکان، پێویستە. دوو دەیە پێش ئێستا، هەر زانایەکی بایۆلۆژی مەزەندەی دەکرد توانای ئێمە بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکان و دانانی پلانی بایەخداری گروپئامێز، وادەکات لە مەیموونەکان بکوژتر بین. ئەگەر مەیموون، وەک دۆزینەوەکان دەریان خستووە لە واقیعدا بکوژ بێت، بەڵام گۆریلا و شامپانزی ململانێی نێوانیان لەسەر مێینەکانیانە و مێینەکانیان بۆ نمونە ئەوەی براوە بێت، ساوای شیرەخۆرەی دۆڕاوەکە دەکوژێت. ئەم جۆرە کوشتنانە هۆی سەرەکی مردنی گۆریلا نێرەکان و ساوا کوڕەکانی گۆریلایە. گۆریلا دایکانەکان لە ماوەی ژیانیاندا لای کەم یەک ساوا لە دەست دەدەن بە دەستی نێرینە ساواکوژەکانەوە. ٣٨%ی مردنی ساواکانی گۆریلا بەهۆی ساواکوژییەوەیە.

ئەمە بە تایبەت بونیاتگەرانەیە، چونکە بە وردەکارییەوە تۆمار کراوە، کە لەناوبردنی یەکێک لە جۆرەکانی شامپانزە ئاساییەکان، کە تیمی لێکۆڵینەوەی جین گودال کردوویەتی، لە ساڵی ١٩٧٤ و ١٩٧٧ لە لایەن تیمێکی ترەوە کراوە. لە سەروبەندی کۆتایی ساڵی ١٩٧٣یشدا، ئەو دوو تیمە بە شێوەیەکی یەکسان نزیکبوون لە یەکترەوە: تیمی کاساکیلا لە باکوور کە پێک هاتبوون لە چوار نێرینەی پێگەیشتوو و یەک لە نێرینەی هەرزەکار، کە پانزە کیلۆمەتری چوارگۆشەیان گرتبوو، لەگەڵ تیمی کاهاما لە باشوور، سەیر و سەمەرە بوو کە بانگی شامپانزەکانیان دەکرد و ڕوویان لە ئاراستەی باکوور دەکرد، کە بەناوی جوودی ناسرابوو. یەکێک لە نێرینەکانی کاسکیلا کە لە خاکی جودییەوە ڕای کردبوو، نیشتە سەری و تێر و پڕی کوتا و دە خوولەک بەردەوام بوو لەسەر کوتانی. دواتر، یەکێک لە هێرشبەرەکان بەردێکی گەورەی بۆ جودی فڕێدا، ئینجا هێرشبەرەکان ڕۆیشتن. ئەگەرچی دەیتوانی بوەستێت، بەڵام جودی بە سەختی بریندار بوو و تووشی خوێنبەربوونیش هات، لەشی کونکون بوو. جارێکی تر نەبینرایەوە، وادیارە لەبەر سەختی برینەکانی مردبێت.

بۆ مانگی داهاتوو، سێ نێرینەی کاساکیلا و یەک مێینە، دیسانەوە بەرەو باشوور کۆچیان کرد و هێرشیان بردە سەر نێرینەی کاهاما دێ لەسەر دارەکە، تێی بەربوون و لێیان دا و لە چەندین جێگەوە پێستیان لێ کردەوە.

مێینەی کاهامادێ ناچار بوو بەرەو باکوور لەگەڵ هێرشبەرەکان بگەڕێتەوە. دوای دوو مانگ، کاهامادێ هێشتا لە ژیاندا مابوو، بەڵام زۆر رەنگزەرد و لاواز بوو، بە شێوەیەک کە ئێسکی بڕبڕەی پشتی و حەوزی دەرپۆقیبوون. هەندێ لە نینۆکەکانی و بەشێک لە پێیەکانی داڕزابوون، کیسەکانی گوونی پێنجیەکی جاران بچووک ببووەوە. دوای ئەوە ئیتر نەبینرایەوە.

لە شوباتی ١٩٧٥، پێنج نێرینەی کەساکیلای گەورە و یەکێکی نێرینەی هەرزەکار، هێرشیان کردە سەر گولیاث و نێرینەی کاهاما. لە هەژدە خولەکدا، ئەوان تێیبەربوون و لێیان دا و خوڵماندیانەوە، قاچیان بریندار کرد و لوولیان دا. لە کۆتایی هێرشەکەدا گولیاث نەیدەتوانی دابنیشێت، دوای ئەوە ئیتر نەبینرایەوە.

لە کاتێکدا ئامانجی ئەو هێرشانەی کە لە سەرەوە باسکران نێرینەکانی کاهاما بوو، لە ئەیلولی ١٩٧٥ کاهامایەکی مێینە، مەدام بی، بە سەختی بریندار بوو، دوای چوار هێرشی ناکوشندە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، هێرشەکە لە لایەن چوار نێرینەی پێگەیشتووی ساکالییەوە کرایە سەری، لە کاتێکدا هەرزەکارێک و چوار مێینەی کاساکیلا(لەناویاندا کچی مەدام بی رفێنراو)، لێدرا و راکێشرا و درا بە عەردا و خلکرایە خوارەوە. دوای پێنج رۆژ، مردار بووەوە.

لە حوزەیرانی ١٩٧٧، پێنج نێرینەی کاسکیلی، نێرینەیەکی کاهاما بە ناوی چارلی بوو، کوشتیان، بەڵام وردەکارییەکانی شەڕەکە تێبینی نەکرا. لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٧، شەش نێرینەی کاسکیلی، نێرینەیەکی کاهامایان گرت، تێی بەربوون، لێیان دا، رایان کێشا، قاچەکانیان بریندار کرد، پێی چەپیان شکاند. رۆژێ دوای ئەوە لە ژیان مابوو، بەڵام دواتر نەبینرایەوە.

لەناو لێماوەکەی شامپانزی لە کاهاما، دوو نێرینەی پێگەیشتوو لەگەڵ دوو مێینەی پێگەیشتوو دیارنەمان بە هۆکاری نەزانراو، لە کاتێکدا دوو مێینەی هەرزەکار گواسترانەوە بۆ ناو خێڵی کاسکیلا، کە نیازی داگیرکردنی هەرێمی پێشووی کاهامابیان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ساڵی ١٩٧٩ تیپێکی تر بەرەو باشوور چوون. تیپێکی فراوان بوون لای کەم نۆ دانە نێرینەی پێگەیشتوویان

تێدا بوو، دەستیان گرت بەسەر ناوچەی کاسکیلا و ڕەنگە چەندین شامپانزی کاسکیلی بەرکەوتبێت و بریندار بووبێت و لەناوبرابێت. هەروەها لە تاقە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی چەند پەلاماردانێکی تری لەم جۆرە لە نێوان گروپەکاندا لە درێژخایەندا، بەدی کرا بۆ شامپانزە هاوبەشەکان، بەڵام لێکۆڵینەوەی دوورودرێژ لەسەر شامپانزە قەزەمەکان، نەکرا.

ئەگەر کەسێ دادوەری بکات لەبارەی شامپانزە بکوژەکانەوە بە پێوەری هەڵسەنگاندنی بکوژە مرۆڤەکان، زۆر قورسە شۆک نەیگرێت لەبەر ناکارامەییان. ئەگەرچی چەند گروپێکی سێ تا شەش کەسی، پەلاماری قوربانییەکی تاک و تەنیایان دا، هەر زوو بە بێ بەرگری هێشتیانەوە، بەردەوام بوون لە پەلاماردان و لێدانی بۆ ماوەی دە تا بیست خولەک، ئینجاش ئەو تاکە لە کۆتایی ئەو کاتەدا، بە زیندوویی مایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پەلاماردەرەکان سەرکەوتوو بوون لە ئیفلیجکردنی بزوتنەوەی قوربانییەکەیان، زۆربەی کاتیش دەبووە هۆی مردنی قوربانییەکە. شێوازەکە بەو جۆرەیە کە لە سەرەتاوە قوربانییەکە بە دەستەکانی بەرگری لە سەری خۆی دەکات، دواتر واز لە بەرگریکردن دەهێنیت، پەلامار لە زیاتر لە یەک خاڵەوەیە لە لایەن پەلاماردەرانەوە دەکرێت، لەو شوێنەی کە قوربانییەکە وازی لەبەرگریکردنی هێنا. لەم ڕووەوە پەلامارەکان جیاوازن لەو شەڕانەی کە زیاتر هاوسەنگە. ناکارامەیی شامباز لە کوشتندا، بەهۆی نەبوونی ئامرازێکی چەکە بە دەستیانەوە، بەڵام هێشتاش سەیرە کە فێری کوشتن لە ڕێگەی خنکاندنەوە نەبوون، ئەگەرچی ئەمە لە سنووری توانایاندایە.

هەموو تاکێکیش ناتوانا نییە بە پێی پێوەرەکانی ئێمە، بەڵکو بە شیوەیەکی گشتی ڕێڕەوی بەرەو جینۆسایدی شامپانزی، پرۆسەکە لە سەرەتاوە تا دواکەسی گروپی شیما کاهاما، سێ ساڵ و دە مانگی خایاند، هەموو کردەی کوشتنەکانیش بۆسەر تاکەکان بوو، هەرگیز بۆسەر چەند شامپانزێکی کاهاما پێکەوە، نەبوو. لە بەرامبەردا، دانیشتوانەکەی ئۆسترالیا لە زۆربەی کاتدا، لە یەک دانە پەلاماری سپێدەیەکدا بۆ سەر دانیشتوانە ڕەسەنەکە، ئەمەیان دەکرد.

جارێکی تر دەبێت بڵێین بەشێکی ناکارامەیی شامپانزەکان لە کوشتن نەبوونی چەکە بە دەستیانەوە و ئەوەیە هەموو شامپانزەکان وەک یەک چەکدار نین،

بۆیە تەنها بە گەلەکۆمەی چەندین شەمپاز بۆ سەر یەک قوربانی دەتوانیت سەرکەوتوو بێت لە کوشتنی، بەڵام نیشتەجێبووە ئوسترالییەکان بە زەبری پەلاماری چەکدارانە بۆ سەر دانیشتوانە ڕەسەنە بێچەکەکە و توانای ئەوەی هاوکات تەقە لە ژمارەیەکی زۆریان بکەن، توانیان جینۆساید بکەن. جگە لەمە، شامپانزەکان توانای مێشکیان زۆر کەمترە لە توانای مێشکی مرۆڤ بۆ دانانی پلان و ئەنجامدانی کردەی جینۆسایدئامێز. وادیارە شامپانز ناتوانن وەک تیمێکی هاوئاهەنگ هێرشی شەوانە بکەن و کەمین دابنێن.

لەگەڵ ئەوەشدا، وادیار دەکەوێت ئەو شامپانزانەی کە کردەی جینۆسایدئامێز ئەنجام دەدەن، نیازی پلانێکی تۆکمەیان هەبێت. هەندێ ڕووداوی کوشتن لە ناوچەی کاهاما و پەلامار بۆ سەر کاساکیلا بە ڕاستەوخۆیی، بە خێرایی و بە نهێنی و بێدەنگی رۆیشتن بە ئاراستەی ناوچەی کاهاما و دانیشتن لە سەر دارەکان و گوێگرتن بۆ ماوەی نزیکەی یەک کاتژمێر، دواتر دۆزینەوە و ڕاکردن بەرەو شامپانزی کاهاما. جگە لەوە شامپانزەکان رقیان لە بێگانەیە، ئەوان بە ڕوونی ئەندامانی گروپی دیکە دەناسنەوە کە جیاوازە لە گروپی خۆیان و زۆر جیاواز رەفتاریان لەگەڵ دەکەن.

بە کورتی، لە هەموو ئەو جێپەنجانەی وەک مرۆڤ هەمانە، وەک هونەر، زمان، ماددەی هۆشبەر و هتد، ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوڕاست لە ئاژەڵانەوە هەڵمانهێنجاوە، جینۆسایدە. شامپانزەکان بە کردار پلانیان بۆ کوشتن داناوە و ئەنجامیان داوە، گروپە دراوسێکانیان لەناو بردووە، شەڕیان بۆ بەدەستهێنانی خاکی هەرێمێ کردووە، مێینەی گروپی تریان زەوت کردووە. ئەگەر شیر و تیر بدرێت بە دەستی شامپانز و رێنومایی پێبدرێت، بێ هیچ گومانێک زۆر بە کارامەییەوە وەک ئێمە بەکاری دەبەن. پێشنیار دەکرێت ئەو رەفتارەی شامپانز، بە شێوەیەکی سەرەکی جێپەنجەی بەسەر ژیانی ئێمەی مرۆڤەوە هەبێت، وەک گروپ بەرگری لەخۆمان دەکەین لە بەرامبەر گروپی دیکە، بە تایبەت کاتێ کە چەک و مێشکێکی گەورەمان بەدەست هێنا، کە بۆ پلاندارشتن و کەمین دانان یارمەتیمان بدات. ئەگەر ئەم لۆژیکە ڕاست بێت، ئەنترۆپۆلیژیستە نەریتییەکان جەخت دەکەنەوە "مرۆڤی راوکەر" هێزێکی پاڵنەرە بۆ پەرەسەندنی مرۆیی- دەشێ تا ڕادەیەک ڕاست بێت- بە جیاواز

لەوەی ئێمە خۆمان نێچێری تایبەت بووین و هەروەها ڕاوکەرەکە ناچارمان دەکات لەگەڵ گروپێکدا بژین.

بەم شێوەیە، دوو ڕەوت لە جینۆساید زیاتر باوە لەناو مرۆڤدا، هەردووکیان پێشینەی ئاژەڵییان هەیە: کوشتنی ژن و پیاو بە بێ جیاوازی، کە ئەم رەوتە لەگەڵ رەوتی شامپانزەکان و گورگەکان، دەگونجێت و هاوبەشە، لە کاتێکدا کوشتنی پیاو و لێگەڕان لە ژنەکان لەگەڵ گۆریلاکان و شێرەکاندا گونجاو و هاوبەشە. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت لەگەڵ ئاژەڵانیشدا، پێشینەی نییە، ئەو رێکارەی هێزە چەکدارەکانی ئەرجەنتین گرتیانە بەر لە ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٨٣، لە کوشتنی نزیکەی ١٠٠٠٠دەهەزار کەس لە بەرهەڵستکارە سیاسییەکان و خێزانەکانیان، دیساباریسیوس. قوربانییەکان بریتی بوون لە پیاوانی ئاسایی، ژنانی نادوگیان و منداڵانی ژێر تەمەنی سێ و چوار ساڵان، کە زۆرجار پێش کوشتن ئەشکەنجەش دەدران. بەڵام سەربازە ئەرجەنتینییەکان رەفتارێکی زۆر ئاژەڵیانەیان ئەنجام دەدا کاتێک ژنە دووگیانەکانیان دەستگیر دەکرد: ژنەکان لە ژیان دەهێڵدرانەوە تا ئەو کاتەی منداڵەکەیان دەبوو، دوای ئەوە یەکسەر تەقەیان لە سەریان دەکرد و دەیانکوشتن، منداڵەکانیان دەدانە داییابی سەربازەکان بۆ بەخێوکردن.

ئەگەر ئێمە دەگمەن نەبین لە نێو ئاژەڵەکاندا لە ئارەزووماندا بۆ کوشتن، ئەی ئایا دەبێت دەوڵەمەندیمان بەرهەمی نەخۆشی بێت بۆ شارستانی نوێ؟ نووسەرە مۆدێرنەکان، کە بێزیان لە لەناوبردنی کۆمەڵە "سەرەتاییەکان" دێت لە لایەن کۆمەڵە "پێشکەوتوو"ەکانەوە، دەیانەوێت وای بناسێنن کە ئەوانەی پێشوو خانەدان و نمونەی باڵای ئاشتیخوازیی بوون، یان وای بناسێنن کە ئەوان تەنها تاوانی کوشتنی تاک و تەرایان ئەنجام داوە نەک کوشتاری بەکۆمەڵ. ئێریک فرۆم پێی وایە شەڕی کۆمەڵگەی "ڕاوکەر و کۆکەرەوە" لەسەر ئەوە بوو ببنە کۆمەڵگەیەکی "بە سیفەت ناخوێناوی" . بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگەی ناهۆشیاری وەکو پیجامییەکان و ئەسکیمۆکان کەمتر شاڕانگێز بوون لە ئەوانی تری وەکو (گینییە نوێیەکان، پلاینییە مەزنەکان و ئامازۆنییەکان و هیندییەکان). تەنانەت مرۆڤە شەڕانگێزەکانیش- وەک دەگوترێت- بە رێورەسمێکی تایبەتییەوە کوشتارەکانیان دەکەن و دوای ژمارەیەکی کەم لە کوشتن، رادەوەستن. بەڵام بە ئەزموونی من ئەم نمونەیە

لەسەر دانیشتوانی گینییای نوێ ناچەسپێت، کە وا ناسراون بە رێوڕەسمی تایبەتەوە شەڕ دەکەن و دراوسێکانیان دەکوژن. لە کاتێکدا زۆربەی ئەو کوشتارانەی لە گینییای نوێ ئەنجام دەدرێت، تەنها چەند کوشتنێکی کەمی لێ کەوتووەتەوە و هەندێ جار سەرکەوتوو بوون لەوەی دراوسێکانی خۆیان بکوژن. گەلی گینییای نوێ، وەکو گەلانی تری وەک خۆیان، هەوڵیان داوە لە دراوسێکانیان دەربکەن یان لە بۆنەکاندا بیانکوژن، کاتێ لە بەرژەوەندییاندا بووبێت، یان بە چاکیان زانیبێت، یان لەبەر بارودۆخی ئاسایشیان و یانیش لە پێناوی مانەوەیان لە ژیاندا.

کاتێ دەڕوانینە شارستانیەتە پێشکەوتووەکانی زووتر، لە تۆمارەکانیاندا دەبینرێت کە جینۆسایدی ناوبەناو ڕوویداوە. شەڕی نێوان گریکەکان و تروجانییەکان، رۆمەکان و کارتاجەکان، ئاشوورییەکان و بابلییەکان و فارسەکان و کۆتاییە هاوبەشەکانیان: کوشتنی دۆراوەکان بە بێ ڕەچاوکردنی توخم و رەگەزیان، یان کوشتنی پیاوان و بەکوێلەگرتنی ژنەکانیان. هەمووومان ئاگاداری بەسەرهاتی ناو تەوراتین سەبارەت بە رووخانی دیوارەکانی ئەریحا لەگەڵ دەنگی زوڕنا و تەپڵی جۆشوا. کەمجار باسی ئەوە دەکرێت: کە یەسوع راسپاردەی یەزدانی جێبەجێکردوە بۆ کوشتاری خەڵکی جەریکۆ و ئای، مەکەدا، لیبەنا، هێبرۆن، دەبیر، و زۆر شاری تر. ئەم دۆخە ئەوەندە بە ئاسایی بینراوە، تەنانەت کتێبی جۆشوا بۆ هەر یەکێک لەمانە تەنها چەند بڕگەیەکی کەمی بۆ تەرخان کردووە، وەک ئەوەی بڵێت: بێگومان هەموو دانیشتوانەکەی کوشت، ئەی چاوەڕێی چی دەکەن؟ بەسەرهاتێک کە وردەکاری بوێت خوودی رووداوی کوشتاری ئەریحایە، کە جۆشوا بە شێوەیەکی نائاسایی کردی: تەنها ژیانی یەک خێزانی رزگار کرد (کە یارمەتییان دا لە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی).
لەم جۆرە بەسەرهاتە لە شەڕی خاچپەرستەکان و دانیشتوانی دوورگەکانی ئۆقیانووسی هێمن و گروپەکانی تریشدا دەبینین. ئەوە روونە، من ناڵێم دۆراوەکانی شەڕ بەردەوام بە بێ ڕەچاوکردنی توخم و رەگەزیان ڕووبەڕووی کوشتن کراونەتەوە، بەڵکو دەرەنجامەکەی وا بووە، کوشتنی پیاوان و بەکۆیلەگرتنی ئافرەتەکانیان، لە زۆر کات و شوێندا ڕووی داوە، وەک لە تێڕوانینی ئێمەدا بۆ مرۆڤ، دەرکەوتووە. لە ساڵی ١٩٥٠ بە دواوە نزیکەی بیست جینۆساید ڕوویداوە، لەناویاندا دووانیان لە ملیۆن زیاتر

قوربانی هەبووە (نمونەی سوودان و ئەندەنوسیا لە شەستەکان و بوروندی و ئۆگەندا لە حەفتاکان).

ڕوونە کە جینۆساید بۆتە بەشێکی دانەبڕاو و میراتێکی مرۆیی لە ملیۆنان ساڵ پێش ئێستاوە. لەبەر رۆشنایی مێژوویەکی درێژ، چی سەبارەت بە ئەو بڕوایەمان بگوترێت کە پێمان وابێت جینۆساید لە سەدەی بیستەمدا وەک کردەیەکی دەگمەن وایە؟ گومان لەوەدا نییە کە ستالین و هیتلەر، تۆماری نوێیان سەبارەت بە قوربانییەکان دانا، چونکە ئەوان سێ سیفەتی جیاوازتریان هەبوو لە بکوژەکانی پێشووتر: دانیشتوانێکی چڕی قوربانییەکان، ئامرازەکانی پێشکەوتووی پەیوەندیکردن یارمەتی دەدان بۆ کۆکردنەوەی قوربانییەکان، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ کۆمەڵکوژی. نموونەیەکی تر کە چۆن تەکنەلۆژیا یارمەتی خێراترکردنەوەی جینۆساید دەدات، دانیشتوانی دورگەکانی سۆلۆمۆن لە روڤیانا لاگوون لە باشووری رۆژئاوای ئۆقیانووسی هێمن، بەوە ناسرابوون کە بۆ ڕاوکردن هێرشیان دەکردە سەر دورگەکانی نزیکی خۆیان و دەیانکوشتن، وەک لە هاوڕێکانم کە خەڵکی دورگەکانی رۆڤیانان بۆم باسکراوە، دوای ئەوەی کە قازمە داهات و گەیشتە ئەوان، هێرش و کوشتارەکانیان ئاسانتر بووەوە و خێراتر ئەنجامیان دەدا.

پرسیارێکی زۆر هاودژ سەبارەت بەوەی ئایا تەکنەلۆژیا وادەکات ئەمڕۆ لە ڕووی دەروونییەوە جینۆساید ئاسانتر بێت، وەک کۆنراد لۆرێنس گوتوویەتی. لۆژیکەکەی بەم ئاراستەیەدا دەڕوات: لەگەڵ پەرەسەندنی مرۆڤ لە مەیمونەوە، زیاتر پشتمان بە کوشتنی ئاژەڵەکان بەستووە بۆ دابینکردنی خۆراک. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا ژیاوین لە ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان پێکهاتووە و هاوکاری لە نێوانیاندا پێویست بووە. ئەم کۆمەڵگانە نەیاندەتوانی پارێزگاری لە خۆیان بکەن، ئەگەر بهاتبا و بۆ رێگرتن لە کوشتنی مرۆڤ رێگری بەهێز پەرەی نەسەندایە. لە میانەی زۆرینەی مێژووی پەرەسەندن، چەکەکانمان زیاتر لە ناوچە نزیکەکان کاری کردووە، بۆیە پێویست بووە ڕووبەڕووی کەسەکە ببینەوە تا بیکوژین، بەڵام چەکی نوێ کە بە دەستپێدانانی دوگمەیەک هەموو ئەو رێگرییانە لادەبا و دەبڕێت و دەتوانێت بکوژێت بە بێ ئەوەی تەنانەت دەموچاوی قوربانییەکەش ببینێت. بەم شێوەیە، تەکنەلۆجیا مەرجە پێشوەختە دەروونییەکانی بۆ جینۆساید

دروست کرد، کە جینۆسایدە سپییەکانی لە ئۆشفیتز و تریبلانکا، لە هێرۆشیما و درسدن، ئەنجام دران.

من دڵنیا نیم کە ئەم پاساوە دەروونییانە بەشدارییان کردبێت لە سووککردنەوەی جینۆسایدی نوێ. رێژەی جینۆسایدەکانی پێشوو لای کەم بە قەد ئەوەی ئەمڕۆ بەرز بووە. سەرەڕای ئەوەی کە تێفکرینە کردارییەکان ژمارەی قوربانییەکانی سنووردارتر کردۆتەوە. بۆ تێگەیشتن لە جینۆساید، دەبێ لە ژمارە و مێژووەکانی گەڕێین و لە بارەی رەفتاری کوشتنەوە بپرسین.
....

پاڵنەرمان بۆ کوشتن، نزیکەی لە هەموو کاتێکدا بەندە بە ڕەوتارەکانمانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە: چی شتێ بەلەسەی دەکات؟
ئەمڕۆ، لە کاتێکدا کە ئێمە گەلانی جیهان بەسەر "ئێمە" و "ئەوان"دا دابەش دەکەین، دەزانین کە سەدان جۆری "ئەوان" هەیە لە رووی زمان و داب و نەریتەوە، لە یەکتر جیاوازن. بەفێرۆدانی وشە بۆ ئاماژەدان بەمە بێ ئەرزشە: چوون ئێمە هەموومان لە رێگەی کتێب و تەلەفیزیۆنەوە ئەمە دەزانین و زۆربەمان لە رێگەی ئەزموونی سەفەرەوە راستەوخۆ دەیزانن. زۆر سەختە، بگەڕیینەوە و خۆمان بخەینە نیو بۆتەی عەقڵی باو بە درێژایی مێژووی مرۆڤ، کە لە چاپتەری ١٣ دا وەسف کراوە، وەک شامپانزەکان و گۆریلاکان و گۆشتخۆرە کۆمەڵایەتییەکان، لە ناوچەیەکی پڕجەردەدا دەژین. جیهانی ناسراو زۆر بچووکتر بوو لەو جیهانەی ئەمڕۆمان و ساکارتریش بوو لە هی ئەمڕۆ: زۆر کەم گرووپی ناسراو هەبوو لە (ئەوان) وەک دراوسێ ڕاستەوخۆکان.
بۆ نمونە: لە گینیای نوێ هەتا ئێستاش، هەر خێڵێک پارێزگاری لە شێوازی تایبەتی خۆی دەکات لە جەنگ و هاوپەیمانێتی لەگەڵ دراوسێکان. دەشێ کەسێک بە دیدارێکی دۆستانە سەردانی دۆڵێک بکات(کە هیچ مەترسی شەڕی تێدا نییە، بەڵام دەرفەت و توانای دەربازکردنی چەندین دۆڵ بەو شێوە دۆستانەیە، لە گێڕانەوە نایەت. ئەو رێسا توندانەی کە بەرامبەر یەکێک لە (ئێمە) دەکرێت، دەشێ بەسەر (ئەوان)دا نەچەسپێت، ئەوان کە دراوسێ دوژمنەکانن. کاتێ بە ناو دۆڵەکانی گینیای نوێدا دەڕۆیشتم، کەسانێک کە خۆیان پەیڕەوەی کەنیبالیزمیان دەکرد(خواردنی گۆشتی مرۆڤ) و وەک

چەرخی بەردین رەفتاریان دەکرد، منیان ئاگادار دەکردەوە لەوەی کە دۆڵەکەی تر مرۆڤی دڕندە و شەرانگێزی لێیە و ئەوانەی کە من رووبەڕوویان دەبمەوە لە دۆڵەکەی تردا، گۆشتی مرۆڤ دەخۆن. تەنانەت چەتەکانی ئال کابونی لە شیکاگۆ لە سەدەی بیستەمدا سیاسەتی کوشتنی هاوڵاتی لە دەرەوەی شەردای پەیرەوی دەکرد، بە جۆرێک کە بکوژەکە هەستی بەوە دەکرد کەسێک لە (ئەوان) دەکوژێت لە جیاتی کەسێک لە (ئێمە).

نووسینە کلاسیکییە گریکییەکان فراوانبوونەوەی خێلەکێتی ئاشکرا دەکەن، جیهانی ناسراو، جیهانێکی فراوانتر و جۆراوجۆرتر بوو، بەڵام "ئێمە"ی گریکەکان هێشتاش جیادەکرایەوە لە "ئەوان"ی بەربەری و دڕندە. وشەی (بەربەری) ئێمە لە بەربەری گریکییەوە هاتووە، کە بە ئاسانی مانای نا-گریکی دەدات، واتە بێگانە. میسریەکان و فارسەکان، کە ئاستی شارستانێتییان وەک گریکەکان بوو، بەربەری بوون. نمونەی باڵای رەفتار ئەوە بوو پیاو و ژن بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، بەڵکو یەکێکیان وەک هاوڕێ و ئەویتریان وەک دوژمن، مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. کاتێ زەینەفۆنی نووسەر ویستی بە وەسفێکی سەرنج ڕاکێش گوزارە لە سەرۆکە مەزنەکەی "کۆرش" بکات، زەینەفۆن هەردەم دەیویست و ئەوەی دەبەستەوە بە سیرۆس کە هەردەم دەستبڵاوانە لەگەڵ هاوڕێکانی رەفتاری دەکرد بەڵام هەڵەی دوژمنەکانی زۆر بە توندی وەڵام دەدایەوە.(بۆ نمونە چاوی دەردەهێنان و دەستەکانیانی دەبڕییەوە.).

هەروەکو عەشیرەتەکانی مونجی و بەردهەڵکۆڵەکان، پێوەرێکی دووفاقانەیان بەکار دەبرد: قەدەغەیەکی توندیان هەبوو بۆ کوشتنی کەسێک لە "ئێمە"، بەڵام چرایان سەوزیان هەڵدەکرد بۆ کوشتنی کەسێک لە "ئەوان"، ئەگەر دەرفەت لەبار بوایە بۆ ئەو کارە. لەسایەی ئەو دابەشکارییەدا جینۆساید پەسەندکراو بوو، هەبوون وەک غەریزەیەکی ئاژەڵی بۆماوە تێیان دەڕوانی یان وەکو یاسایەکی ئەخلاقی دەگمەنی مرۆڤ. ئێمە هەمووومان هێشتاش پێوەرە زۆردارانە دووفاقییەکانی مناڵیمان پەیڕەوی دەکەین سەبارەت بە رێزگرتن یان رەتکردنەوەی خەڵکانی تر. دیمەنێکی فڕۆکەخانەی گۆرۆکام وەبیردێتەوە لە بەرزاییەکانی گینییای نوێ، کاتێ یاریدەدەرەکانم لە کێڵگەی تووداوێ نارەحەتانە وەستابوون، بە کراسی شڕ و بە ڕیشی نەتراشراو و بە پێی پەتی و

به چڵکنییەوە، پیاوێکی سپیپێست بە شێوەزارێکی ئۆسترالییەوە و شەفقەکەی بەسەر چاویدا دادابوو. تەنانەت پێش ئەوەی بە گاڵتەجاڕیەوە بە تاداوێیەکان بڵێت "ڕەشە ئاوارەکان، نزیکەی سەدەیەک نەیانتوانی ئەم وڵاتە بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبەرن"، لەبەر خۆمەوە بیرم دەکردەوە"دامب ئوسی، بۆچی ناگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بۆ لای ڕانەمەڕە نەعلەتییەکەی" ئەمە پلانی جینۆساید بوو: من گاڵتەجاڕیی بە ئۆسترالیا دەکەم و ئەو گاڵتەجاڕیی بە تووداوێییەکان دەکات، بە پشتبەستن بەو سیفەتە دەستەجەمعییانەی بە چاوتروکانێک دەدرانە پاڵ.

بە تێپەڕبوونی کات، وای لێهات ئەم دابەشکارییە کۆنە وەک بنچینەیەک بۆ کۆدی ڕەوشت پەسەندکراو نەبێت، لە جێی ئەوە مەیلی ئەوە دروست بوو کۆدە گەردوونییەکان بە هەند وەربگیرێت- بەو مانایەی پەیڕەوی هەمان کۆد دەکرێت بۆ خەڵکانی جیاواز. جینۆساید ڕاستەوخۆ ناکۆکە لەگەڵ کۆدە گەردوونییەکەدا.

سەرەڕای ململانێ ڕەوشتییەکان، زۆرێک لە جینۆسایدە نوێیەکان، بۆ ئەوە بووە شکۆیان بشکێنن. کاتێ جەنەڕال خولیۆ ئەرجەنتینۆ ڕۆکا، لە ڕێگەی بێمیهرانە لەناوبردنی هیندییە ئاراوکانییەکانەوە ڕێی خۆش کرد بۆ نیشتەجێکردنی سپیپێستەکان، ئەرجەنتینییەکان بە خۆشحاڵییەوە هەڵیان بژارد بۆ سەرۆکایەتیکردنیان لە ساڵی ١٨٨٠. ئەمڕۆ چۆن جینۆسایدکارەکان لە نێوان ململانێی کردەکانیان و کۆدە گەردوونییەکانی ئەخلاقدا دەوەستن؟ ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ یەکێک لەم سێ جۆرە پاساوە، هەمووشیان ئۆباڵ دەخەنە ئەستۆی قوربانییەکان خۆیان.
یەکەم؛ زۆرینەی باوەڕداران بە کۆدە گەردوونییەکان هێشتاش پێیان وایە بەرگریلەخۆکردن پاساوهەڵگرە. ئەمە بیانوویەکی باشە بۆ خۆقوتارکردن، چونکە ئەوان دەتوانن پاساوی جۆراوجۆری بەپێی پێویست بهێننەوە بۆ بەرگریلەخۆکردن. بۆ نموونە، تاسمانییەکان پاساویان دەهێنایەوە کە لە ماوەی ٣٤ ساڵدا خەڵکی ١٨٣ کۆلۆنییان کوشت، دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر دەستدرێژیی و ڕفاندن و ئەشکەنجەدانیان ئەنجام دابوو. تەنانەت هیتلەر بانگەشەی بەرگریلەخۆکردنی دەکرد کە جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرساند: دەیویست هێرشێکی ساختەی پۆڵۆنییەکان بۆ سەر سنوورەکانی ئەڵمانیا دروست بکات و بیکاتە پاساو.

هەبوونی مافی ئایینی یان نەتەوەیی یان باوەری سیاسی، یانیش بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنی پێشکەوتن لە ئاستێکی بەرزی شارستانیدا، هەموویان پاساوی نەریتی لاوەکین بۆ بیانووهێنانەوە لە کردنی هەر شتێک، ، بۆ ئەوانەی خاوەنی پرەنسیپی هەڵەن، لەناویاندا جینۆسایدیش. کاتێ من قوتابی بووم لە میونیخ لە ساڵی ١٩٦٢، نازییەکان بە شێوەیەکی زانستی ئەوەیان بۆ ڕوون دەکردمەوە کە ئەڵمانەکان ناچار بوون شەڕی ڕووسیا بکەن، چونکە ڕووسەکان کۆمۆنیست بوون. پانزە یاریدەدەرەکەشم لە چیای فاکفاک لە گینییای نوێ، هەموویان لە یەک دەچوون لە لای من، ڕوونیان دەکردەوە بۆم بۆچی ئەوانەی موسموڵمان بوون یان ئەوانەی کرستیان بوون، هەروەها بۆچی ئەوانەی پێشوو (یان ئەوانەی دواتر)، کەمتر لە بەشەر دەچوون و چاککردنەوەیان ئەستەم بوو. زنجیرەیەکی هەرەمی گشتگرەوە هەیە بۆ هەموو گەلانی شارستانی و پێشکەوتوو(بۆ نمونە، داگیرکەرە سپیپێستەکان لە ئەفریقیا) سووک سەرنجی رەعیەت دەدەن، (بۆ نمونە تووتسییەکان، هۆتنتووتسەکان)، (بۆ نموونە، پیگمییەکان و بوشمانەکان).

لە کۆتاییدا، کۆدە رەوشتییەکانمان بەرامبەر بە ئاژەڵان لەوەی لە بەرامبەر مرۆڤ هەمانە، جیاوازە. جینۆسایدکارە مۆدێرنەکان بەراوردی قوربانییەکانیان لەگەڵ ئاأەلاندا دەکەن، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا پاساوی بۆ کوشتنیان بهێننەوە. نازییەکان؛ جولەکەکانیان بە ئەسپێ دەزانی، فەرەنسییە نیشتەجێکانی جەزائیر، موسوڵمانە خۆجێییەکانیان بە مشک دەزانی، پاراگوایینە شارستانییەکان ڕاوچی-کۆکەرەوە ئاشییەکانیان بە مشکەکان (رزقەکان) ناو دەبرد، ئەفریقیییەکان بوێرەکانی ئەفریقیایان بە مەیموونە بووبەجانییەکان ناو دەبرد، نایجیرییە خوێندەوارەکان ئیبۆکانیان بە مێرووی نامرۆڤ ناو دەبرد. زمانی ئینگلیزی پڕە لە ناوی ئەو ئاژەڵانەی کە وەکو بۆمبا بەکار براون: تۆ بەرازیت(مەیموون، سەگ، گا، مشک و هتد).

هەرسێ پاساوەکان بەکارهێنران لە لایەن داگیرکەرە ئوسترالییەکانەوە بۆ لەناوبردنی تاسمینییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت هاورێ ئەمریکییەکانم و من تێگەیشتنێکی باشتر بەدەست بهێنین بۆ پرۆسەی پاساوهێنانەوەکان لە رێگەی تەکەزکردن لەسەر ئەو دۆخانەی راهێنانمان لەسەر کردن هەر لە منداڵییەوە تا پێگەیشتن: هەندێ لەو هەڵوێستانەی هەرسی دەکەین، بەم جۆرەی خوارەوەیە:

بەوە دەست پێبکەین؛ با زیاتر گفتوگۆی تراژیدیای هیندییەکان نەکەین- لای کەم زیاتر نەبێت لە باسکردنی جینۆسایدەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەوروپا، بۆ نمونە. تراژیدیای گەورەی ئێمە شەڕە ناوخۆییەکانە، هێندەی ئەوەی بیر لە شەڕی سپیپێستەکان دژی هیندییەکان، بکەینەوە، چونکە بە موڵکی رابردووی دووری دەزانین و بە زمانێکی سەربازییانە وەسفی دەکەین: جەنگی پێکواد، جەنگی زۆنگاوە گەورەکان، جەنگی ئەژنۆ بریندارەکان، ململانێکانی رۆژئاوا و هتد. هیندییەکان، بە ڕوانینی ئێمە، خەڵکێکی شەڕدۆست و توندوتیژ بوون، تەنانەت بەرامبەر خێلە هیندییەکانی تریش، وەستای غەدرو خیانەت بوون. ئەوان بە بەربەرێتی ناسرابوون، بە تایبەت بە ئەشکەنجەدانی دیلەکان و دوژمنەکانیان. بە ژمارە کەم بوون و ژیانێکی کۆچەرییان بەسەر دەبرد، بە تایبەت ڕاوکەرە بیسونییەکان. ژمارەی هیندییەکان لە ئەمریکا تا ساڵی ١٤٩٢ یەک ملیۆن کەس بوو. ئەم ژمارەیە زۆر بێبایەخە لە چاو ژمارەی ئەمریکییەکانی ئێستا کە ٢٥٠ ملیۆنن، بە شێوەیەک کە حەتمییە سپیپێستەکان دەستبەجێ کۆنترۆڵی ئەو کیشوەرە خاڵییە بکەن. زۆر لە هیندییەکان بەهۆی نەخۆشی و پەتای ئاولە و نەخۆشی دیکەوە، مردن. زۆرێک لە سیاسەتی هیندییەکان سەرسامکار بوون بۆ سەرۆکەکان هەر لە جۆرج واشنتۆنەوە بەرەو پێشەوە(بڕوانە بڕگە هێنراوەکانی "سیاسەتی هیندی لەبارەی سەرکردە ناودارەکانی ئەمریکا)، لە کۆتایی پاشکۆکەدا.

ئەم پاساوانە ڕاستییە مێژووییەکان دەگۆڕن. زمانی سەربازیی ئاماژە بە جەنگی ڕاگەیەندراو لە لایەن پیاوە پێگەیشتووە جەنگاوەرەکانەوە، دەکات. لە ڕاستیدا، تاکتیکی باوی سپیپێستەکان (لە زۆربەی کاتدا لە لایەن مەدەنییەکانەوە) بۆ سەر لادێییەکان یان ئۆردوگاکان، بۆ کوشتنیان لە هەر تەمەن و توخم و رەگەزێک بن. لە یەکەمین سەدەی نیشتەجێبوونی سپیپێستەکان، حکومەتەکان پاداشتیان دەبەخشییە بکوژە نیمچە پیشەمەندەکان، کە هیندییەکیان دەکوشت. کۆمەڵگە ئەوروپییە هاوچەرخەکانی ئەوانیش هەروەکو کۆمەڵگەی هیندییەکان پڕ بوو لە شەڕ و ئاژاوە و توندوتیژی. کاتێ مرۆ بڕوانێتە کۆمەڵگەی ئەوروپییەکان، بەرهەڵستی، ململانێی بەردەوام، شەڕی چینایەتی، توندوتیژی رەوەیەتیپێدراو دژی تاوان، خواردنەوە، یاخیبوون و شەڕە تەواوەکانیان و لەناویاندا لەناوبردنی خۆراک و وێرانکردنی ماڵومولک، دەبینێت. لە ئەوروپا ئەشکەنجەدان بە شێوەیەکی

نایاب ئەنجام دەدرا: راکێشان و چوارپارچەکردن، سوتان بە تاوە، ڕووتکردنەوە. لە کاتێکدا کە دانیشتوانی باکووری ئەمریکا بابەتی گفتوگۆیە، بەڵام بە پێی مەزەندەکان ژمارەیان نزیکەی هەژدە ملیۆن کەسە، ئەوەش ژمارەی دانیشتوانی سپیپێستەکانە کە تا ساڵی ١٨٤٠ گەیشتبووە ئەو ژمارەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کە هیندییە سوورەکان لە ئەمریکا ڕاوکەر بوون و نیمچە خێڵەکی بوون بە بێ کاری کشتوکاڵ، بەڵام زۆرینەی هیندییەکان جوتیارەکانیان لە لادێکاندا نیشتەجێ دەکرد. نەخۆشی و پەتا یەکێک لە گەورەترین بکوژەکانی هیندییەکان بوو، بەڵام هەندێ لە نەخۆشییەکان بە مەبەستەوە لە لایەن سپیپێستەکانەوە بڵاودەکرایەوە، نەخۆشی تا ئێستاش یەکێک لە گەورەترین ئامرازەکانی کوشتنی هیندییە "کێوییەکان"ە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(ئەو هیندییانەی بە ناوی ئیشی ناسراون). ئێستاش بە ئاشکرا بیرەوەرییەکانی بکوژەکان لە ساڵی ١٩٢٣ەوە ، بڵاو دەکرێتەوە.

بە کورتی، ئەمەریکاییەکان سروشتێکی رۆمانسی پیادە دەکەن لە بارەی باسکردنی شەڕ و ململانێکانی نێوان سپیپێستەکان و هیندییەکان، وەک شەڕەکانی ئەو پیاوانەی لەسەر پشتی ئەسپ ڕوواون، ئەو جەنگانەی پیاوە ئەمریکاییە ڕاوکەر و گاوانەکان لە دژی کۆچەرە دڕندەکانی بیسۆن وەک بەرگرییەکی بەهێز، دەیکەن. ململانێکان بە شێوەیەکی وردتر گوزارەی لێ بکرێت بریتییە لە نەژادێک لە جوتیارە زیاتر شارستانییەکان کە ئەوانی تر لەناو دەبەن. ئێمەی ئەمریکایی لە ئالامۆ زیانەکانمان (کوژرانی زیاتر لە ٢٠٠ کەس بوو)، لە شەڕەکانی مایین (٢٦٠ کوژراو)، لە پیرل هاربور(نزیکەی ٢٢٠٠ کوژراو)، ئەو ڕووداوانەی بووە پاڵنەرمان بۆ شەڕی مەکسیک، شەڕی ئیسپانی-ئەمریکی و جەنگی دووەمی جیهانی، یەک لە دوای یەک. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ژمارانەی مردنەکان زۆر کەم دێتە بەرچاو لە چاو زیانە لەبیرکراوەکانی کە لە هیندییەکانمان داوە. ڕامانەکانمان پیشانمانی دەدەن لە نووسینەوەی تراژیدیا نەتەوەییە گەورەکانمان، چۆن حەزمان لەو گەلە مۆدێرنانەیە کە سەرکەوتوو بوون لە جینۆسایدکردن و کۆدە رەوشتییەکانی جیهان. چارەسەرییەکە ئەوە بووە کە بەرگری لە خۆ و لە بیروباوەڕی خۆ بکرێت و قوربانییەکانیش وەک ئاژەڵی دڕندە ببیندرێت.

....

دووباره نووسینەوەی مێژووی ئەمریکا و جینۆسایدە ئەنجامدراوەکانی، لەو ڕووەوە زۆر جێگەی بایەخە کە ڕێگە لە کردەی جینۆسایدئامێز بگیرێت: کاریگەرییە دەروونییەکانی لەسەر بکوژەکان، قوربانییەکان و لایەنی سێیەم. پرسیاری هەرە سەرسوڕهێنەر سەبارەت بە کاریگەرییەکەیەتی، یان ڕوونتر بووترێت کاریگەرییە نادیارەکەی لەسەر لایەنی سێیەم. لە یەکەمین تێفکریندا، پێویستە مرۆ چاوەڕێی ئەوە بکات هیچ ترس و سامێک هێندەی ئەو بەمەبەستەوە و بە دڕندانە کۆمەڵکوژییی، کاریگەری نابێت. لە ڕاستیدا، جینۆساید بە دەگمەن لە وڵاتانی تردا سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێت، بەڵکو لەوەش زیاتر بەهۆی دەستتێوەردانی بێگانەوە وەستێندراوە. کێ لە ئێمە سەرنجی دایە کوشتارەکانی زنجباری عەرەبەکان لە ١٩٦٤، یان هیندییە ئاچییە پاراگواییەکان لە ١٩٧٠کان.

بە پێچەوانەی بەرسڤنەدانەوەی ئەو هەموو جینۆسایدانەی کە لەم دەیانەی دواییدا ڕوویان داوە، لەگەڵ کاردانەوەمان بۆ تەنیا دوو جینۆسایدە تازەیەی کە هێشتا لە خەیاڵگەماندا چنراوە: نازییەکان لە دژی جولەکەکان و تورکەکان لە دژی ئەرمەنەکان. ئەم دۆخانە بە سێ هۆکاری یەکلاکەرەوە جیاوازن لەو جینۆسایدانەی تر کە پشتگوێمان خستوون: قوربانییەکان لە سپیپێستەکان بوون و سپیپێستی تر پەلاماریان داون؛ ئەنجامدەرانی تاوانەکە لە دۆخی شەڕدا دوژمنمان بوون و هانمان داون بۆ ئەو ڕقە چوونکە شەڕانگێز بوون(بە تایبەت نازییەکان)؛ هەروەها لە دەربازبووەکان بیرمەند هەبوون و لە ئەمریکا کۆششی زۆریان کرد بۆ ئەوەی ئێمە ناچار بکەن لەبیرمان بمێنێت، دواجار، بارودۆخ و هەلومەرجی تایبەت پێویستە بۆ ئەوەی لایەنی سێیەم وا لێ بکەیت تەکەز لەسەر جینۆساید، بکەن.

سەیروسەمەرەیی لە بێجوڵەیی حکومەتەکانە، کە کردەکانیان ڕەنگدانەوەی باری دەروونی گشتییە. کاتێ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ دا ڕێککەوتننامەی سەبارەت بە جینۆساید لە ئەستۆ گرت و وەک تاوان ناساندی، نەتەوە یەکگرتووەکان هەرگیز هەنگاوێکی نەنا بۆ ڕێلێگرتن، یان پەکخست و سزادانی بکەرەکانی تاوانەکە، سەرەڕای ئەو هەموو سکاڵایەی کە دەگەیشتە یوو ئێن سەبارەت بە جینۆسایدەکانی کە ئەودەم لا

ئارادا بوون لە بەنگلادیش و بوورووندی و کەمبۆدیا و پاراگوای و ئۆگەندا. سکاڵا لە دژی ئۆگەندا لە ترۆپکی تیرۆرەکانی سەردەمی عیدی ئەمین، دەکرا، سکرتێری یوو ئێن خۆی دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد سەبارەت بەوە. ئەمریکا خۆی لە نێو ئەو وڵاتانەدا نەبوو کە پەیماننامەی جینۆسایدی یوو ئێنیان پەسەند کرد.
ئایا ئەو بێهەڵوێستییە سەیرەمان هۆی ئەوە بوو کە نەماندەزانی، یان نەمانتوانیبوو ئەو جینۆسایدە بەڕێوەبووە بدۆزینەوە؟ بێگومان نەخێر: زۆرێک لەو جینۆسایدانەی ساڵانی ١٩٦٠ەکان و ١٩٧٠کان لە ڕاگەیاندنەکانی رۆژانەدا و لە کاتی خۆیدا تیشکیان لەسەر بوو، لەناویاندا ئەوەی بەنگلادیش، بەرازیل، بوورووندی، کەمبۆدیا، تیموری رۆژهەڵات، گینییای ئیستیوائی، ئەندەنووسیا، لوبنان، پاراگوای، رواندا، سودان، ئۆگەندا و زنجبار. (قوربانییەکانی لە بەنگلادیش و کەمبۆدیا گەیشتنە زیاتر لە ملیۆن کەس). بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٦٨، حکومەتی بەرازیل تۆمەتی دایە پاڵ ١٣٤ کارمەند لە کۆی ٧٠٠ کارمەند لە فەرمانگەی بەرگری هیندییەکان، لە سۆنگەی ئەو کردەوانەی بۆ لەناوبردنی خێڵە ئەمازۆنییەکان کردوویانە. وردەکاری ئەو تۆمەتنامەیە لە پێنج راپۆرتدا بەناوی فیگیریدۆ کە لە ١١٥ لاپەڕە پێکهاتبوو، لە لایەن داواکاری گشتی بەرازیلەوە پێشکەش کرا و لە پرێس کۆنفرانسیشدا لە لایەن وەزیری ناوخۆی برازیلەوە بڵاوکرایەوە، ئەمانەی گرتبووە خۆی: کوشتنی هیندییەکان بە بۆمبای دینامیت و بە تفەنگ ، ژەهراویکردنی شەکر بە زەرنیخ، بڵاوکردنەوەی بە ئەنقەستی نەخۆشی ئاوڵە و سیل و سورێژە، ڕفاندنی منداڵی هیندییەکان و بەکۆیلەکردنیان، دامەزراندنی بکوژە پیشەمەندەکانی هیندییەکان لە لایەن کۆمپانیاکانی پەرەپێدانی زەوی کشتوکاڵی. وردەکارییەکانی راپۆرتی فیگیریدۆ لە رۆژنامە ئەمریکایی و بەریتانییەکان بڵاو بووەوە، بەڵام هانی کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەدا بۆی بکرێت.

دەکرێت ئەو بێبایەخی و کەمتەرخەمییەی خەڵک لە بەرامبەر ئەو جینۆسایدانە، بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە کە بە مەسەلەی خۆیانی نازانن. ئەمە بە بێ گومان بەشێکە لە لێکدانەوەکە، بەڵام هەمووی نا. زۆرێک لە خەڵک بە پەرۆشەوە بایەخ دەدەنە خەڵکی چەوساوە، وەکو ئەپارتاید لە ئەفریقیای باشوور، ئەی بۆچی ئەو بایەخە نادەنە جینۆساید؟ ئەم پرسیارە ئاراستەی رێکخراوەکانی دەوڵەتە ئەفریقاییەکان کرا لە لایەن قوربانییەکانی

هووتو لە لایەن توتسییەکانی بووروندییەوە، کە ژمارەیان لە نێوان ٨٠٠٠٠٠ تا ٢٠٠٠٠٠ هووتو دەبوو کە لە ساڵی ١٩٧٢ کوژران: "جیاکاری نەژادی هووتوەکان بنچینەیەکی زیاتر شەڕانگێزانەی هەبوو لە هی ڤۆرستەرەکان، نامرۆڤانەتر بوو لە هی بزوتنەوەی ئۆنیالیزمی پورتوگالییەکان. لە دەرەوەی بزوتنەوەی نازیی هیتلەردا، هیچ شتێک نییە قابیلی بەراوردکردن بێت لەگەڵیدا لە مێژووی مرۆڤایەتی. خەڵکی ئەفریقیا پێیان وایە کەس ناگاتە جەلادی سەرۆک میکرۆمبیرۆ(سەرۆکی بووروندی، توتسی)، لە کاتێکدا دەست بۆ تەوقەی سڵاو درێژ دەکات. بەرێزان، سەرۆکەکانی وڵاتان ئەگەر دەتانەوێت یارمەتی گەلانی ئەفریقیا بدەن وەک نامیبیا، زیمبابوی، ئەنگۆلا، مۆزەمبیق و گینییا-بیساو بۆ ئەوەی خۆیان رزگار بکەن لە چەوسێنەرە سپیپێستەکانیان، مافی ئەوەتان نییە رێگە بدەن ئەفریقییەکان ئەفریقی تر بکوژن... ئایا تۆ ئاوایت؟ تەماشا دەکەیت تا بە تەواوی هووتووکان لەناو دەبرێن لە لایەن بووروندییەوە، پێش ئەوەی دەنگت هەڵببڕیت؟"

بۆ تێگەیشتن لەو بێهەڵوێستی و نەبوونی کاردانەوەیە لای لایەنی سێیەم، پێویستمان بە پێزانینی کاردانەوەی قوربانییە رزگاربووەکانە. ئەو دەروونناسانەی لێکۆڵینەوەیان لە بارەی قوربانییەکانی جینۆسایدەوە کردووە، وەکو دەربازبووەکانی کامپی ئاوسویتچ، وەک "سڕبوونی دەروونی" گوزارە لەو دۆخەی خۆیان دەکەن، زۆربەمان ئەزموونی ئازار و ژانێکی چڕ دەکەین کاتێ دۆست و کەسە نزیکە خۆشەویستەکانمان بەبەرچاومانەوە مردنێکی ئاسایی دەمرن. ئەستەمە وێنای توندیی ئەو ژانە یەکلەدوای یەکە بکەین کە مرۆڤ ناچار دەکات لە دوورەوە چاودێری کوشتنی دڕندانەی کەس و دۆست و هاوڕێ نزیکەکانی بکات. سەبارەت بە دەربازبووەکان، هەستکردن بە گوناە و هەستکردن بە بێنرخی کاتێ مرۆ ڕووبەڕووی ئەم رەوتارە دەبێتەوە، ئازارێکی دەروونی توند دروست دەکات: هیچ رێگەیەکی تر نییە بۆ ئەوەی دەربازبووەکان بە عاقڵی بمێننەوە. بۆ من، ئەم کاردانەوانە لای خزمانێکی دەربازبووم کە دوو ساڵی لە کەمپی ئاوسشویتز بەسەر بردبوو، وابوو، کە بە چەندین دەیە دوای ئەوە، نەیاندەتوانی بگریەن.

هەرچی سەبارەت بە کاردانەوەی بکوژەکانە، ئەو بکوژانەی کە کۆدە ڕەوشتییەکانیان "ئێمە" و "ئەوان" لە یەکتر جیا دەکاتەوە، دەشێ هەست بە شانازی بکەن، بەڵام ئەوانەی کە کۆدە ڕەوشتییە گەردوونییەکان پەیڕەوی دەکەن، ڕەنگە بەشداریش بکەن لە سڕکردنی هەستی قوربانییەکان، کە ئەمەش دەبێتە هەستکردن بە گوناهی سەدان هەزار ئەمریکی کە لە شەڕی ڤێتنام بەشدارییان کرد و بەدەست ئەم سڕبوونەوە دەیانناڵاند. تەنانەت نەوەکانی جینۆسایدکاران، ئەوانەی بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی تاوانەکە هەڵناگرن، -دەشێ هەست بە گوناهێکی دەستەجەمعییان لە لا دروست ببێت، وێنەیەکی ئاوێنەئاسای کۆمەڵی قوربانییەکان کە بە جینۆسایدکراوان ناسراون. بۆ ئەوەی ئەو ئازاری هەست بە گوناهە کەم ببێتەوە لە لایان دەست دەکەن بە دووبارە نووسینەوەی مێژوو، زۆربەی کات، نەوەکانیان دووبارە مێژوو دەنووسنەوە. بڕوانە کاردانەوەی ئەمریکییە نوێیەکان، یان کاردانەوەی خاتوو کۆبێرن و زۆرێک لە ئوستراڵییە هاوچەرخەکان.

ئێستا دەتوانین لە نەبوونی کاردانەوەی لایەنی سێیەم بۆ جینۆساید، تێبگەین. جینۆساید زیانێکی زۆری دەروونوێرانکەر دەگەیەنێتە قوربانییەکان و بکوژەکان، ئەوانەی ڕاستەوخۆ و بە دەستی یەکەم ئەزموونی دەکەن، بەڵام کاریگەری زۆر قووڵیش لەسەر ئەوانە دادەنێت کە تەنیا گوێبیستی دەبن، وەک ئەو منداڵانەی کە دەربازبووی ئاوسشفێتز بوون، یان ئەو پزیشکە دەروونییانە(سایکۆ تێراپیست)انەی جەنگاوەرە کۆنەکانی شەڕی ڤێتنام دەکەن و بە پێی پیشەکەیان ڕاهێنراون کە گوێ لە ئازارەکانی مرۆڤ بگرن، زۆر جار بەرگە ناگرن لە گوێگرتنی ئەو بیرەوەرییە قێزەونانەی کە تێوەگلاوەکانی جینۆساید، دەیگێڕنەوە. ئەگەر پیشەمەندەکان نەتوانن بەرگە بگرن، ئیتر چۆن گلەیی لە جەماوەر بکرێت کە نایانەوێت گوێبیستی ئەوانە بن؟

بڕوانە کاردانەوەی ڕۆبەرت جای لیفتۆن، پزیشکی دەروونی ئەمریکایی، کە ئەزموونێکی زۆریشی هەیە لەگەڵ قوربانییەکان، کە لە بارودۆخێکی زۆر نالەباری بۆمبابارانی هیرۆشیما دەرباز بوون، "... ئێستا لە جێی ئەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەی بۆمبابارانی ئەتۆمی بکەن، من وردەکارییم سەبارەت بە دڕندایەتی ئەزموونی مرۆڤەکان بیستووە کە لە بەرامبەرم دانیشتوون و گێڕاویانەتەوە. پێم وابوو تەواوکردنی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ئەم کەسانە،

تووشی زەبرێکی دەروونی توندم دەکات، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک، لە ڕاستیدا- تێبینیم کرد کاردانەوەکانم گۆڕانیان بەسەردا هات، گوێم لە وردەکاری ئەو مەرگەساتانە دەگرت، بەڵام کاریگەرییان کەمتر بوو، ئەزموونەکە لە یادنەچووەوەیە بەڵام تووشی "داخستنی دەروونی" دەبێت لە بارەی هەموو شتێکەوە کە پەیوەندی بە تەقینەوەی بۆمبای ئەتۆمی هەبێت..."

...

چی جینۆسایدێک لە هۆمۆساپێنز "مرۆڤی عاقڵ"ەوە چاوەڕێ دەکەین لە دوارۆژدا؟ زۆر هۆ هەیە بۆ دروستبوونی هەستی ڕەشبینی. جیهان بەو کێشانەوە ئاوسە کە تەنیا بە پیاکردنی نووکە دەرزیەک بەرەو جینۆساید بڕوات: باشووری ئەفریقیا، ئیرلەندای باکوور، یۆگسلافیا، سریلانکا، کالیدۆنیای نوێ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ نموونە نەک بە سنووردارییی. حکومەتە زۆردارەکان کە دەست بە جینۆساید دەکەن وەستاندنیان ئەستەمە، چەکە مۆدێرنەکان ڕێگە بە کوشتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەدەن و دەبنە قوربانی، کەسەکە بکوژە و قات و بۆینباخی بەستووە و تەنانەت کاریگەری گەردوونی دادەنێت لەسەر جینۆسایدی توخمی مرۆڤایەتی.

لە هەمان کاتدا؛ هۆکار دەبینم بۆ گەشبینی بەئاگادارییەوە، بەوەی کە داهاتوو پێویست ناکات و مەرج نییە وەک ڕابردوو بێت. لە زۆر وڵاتدا، خەڵک لە نەتەوەی جیاواز و لە ڕەگەزی جیاواز و لە ئایینی جیاواز پێکەوە دەژین، بە ڕێژەیەکی جۆراوجۆر دەستەبەری دادپەروەری کۆمەڵایەتییان کردووە، بە بێ کوشتاری بەکۆمەڵ: بۆ نموونە سویسرا، بەلجیکا، پاپوا گینییای نوێ، فیجی، تەنانەت ئەمریکای ئشی، هەندێ لە جینۆسایدەکان بە سەرکەوتوویی وەستێندرا یان کەم کرایەوە بە کۆشش و کاردانەوەی لایەنی سێیەم. تەنانەت کۆمەڵکوژی نازییەکان بۆ جولەکەکان، کە ئێمە وەک دیاردەیەکی نەوەستێندراوی جینۆساید تێی دەڕوانین، لە دانیمارک و بولگاریا و وڵاتە داگیرکراوەکانی تر، سەرۆکی کڵێسا زاڵەکانیان ڕێگەی لە ئەنجامدانی ڕاگواستنەوەی جولەکەکانی گرت. نیشانەی تری دڵخۆشکەر و هیوابەخش ئەوەیە، کە ئامرازەکانی سەفەرکردنی نوێ و تەلەفیزیۆنەکان و وێنەگرتنی فۆتۆگرافی ئەو دەرفەتەمان بۆ دروست دەکەن مرۆڤ وەک خۆمان لە دووری دەیان هەزار میللەوە ببینین. چەند تەکنەلۆژیای سەدەی بیستەم بە نەفرەت بکەین کە بووە هۆی جیاکردنەوەی "ئێمە" و "ئەوان" لە یەکتری و وای کرد جینۆساید بکرێت، لە کاتێکدا وای کرد جینۆساید لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

پەسەند بکرێت و جێگەی سەرسورمان نەبێت لە رابردوودا، بەڵام لە دنیای مۆدێرندا بڵاوبوونەوەی رۆشنبیری و زانیاری نێودەوڵەتی نوێ لە نێوان گەلانی دنیادا، وای کردووە سەخت بێت پاساو بۆ ئەو کارانە بهێنرێتەوە.

هێشتاش، مەترسی جینۆساید لەگەڵماندایە، تا ئەو کاتەی لێی تێنەگەیشتبین و تا ئەو کاتەی خۆمان بەو باوەڕە گومرا بکەین و پێمان وابێت تەنیا لادەرە دەگمەنەکان ئەو تاوانە ئەنجام دەدەن. راستە، سەیر دەبێت تووشی سڕبوون نەیەین کە لە بارەی جینۆسایدەکانەوە دەخوێنینەوە. سەختە وێنای بکەین چۆن مرۆڤی ئاسایی و میهرەبانی کە دەیانناسین، بشێ بە چاوێکی بەزەیئامیزەوە تەماشای خەڵکی داماو بکەن کە دەیانکوژن. نزیک بوومەوە لە توانای وێناکردنی خۆم بۆ ئەو دۆخە، کاتێ هاوڕێیەکم کە دەمێک بوو دەمناسی باسی کوشتارێکی بۆ گێڕامەوە کە لەوێدا ئەو بکوژ بووە:
کارینگا پیاوێکی باشی خێڵی تووداوێ بوو، کە لەگەڵ مندا لە گینییای نوێ کاری دەکرد. ئێمە پێکەوە ژیانی سەختی پڕ لە ناخۆشی و خۆشی، ژیرکەوتن و سەرکەوتنمان بەسەر بردبوو، من سەرسام بووم پێی. دوای ناسینی من بۆ کارینگا بە پێنج ساڵ، ئێوارەیەکیان بەسەرهاتێکی بۆ گێڕامەوە هی سەردەمی گەنجێتی. مێژوویەکی دوورودرێژی ململانێ هەبوو لە نێوان توداوێکان و دێهاتە دراوسێکانی لەگەڵ پیاوانی خێڵەکانی داریبی. توداوێکان و داریبییەکان تەواو لە من دەچوون. بەڵام کارینگا داریبییەکانی وا پەسن دا کە "ئەوپەڕی بێنرخ"ن. لە زنجیرەیەک کەمین دانان بۆ یەکتریدا داریبییەکان لە کۆتاییدا سەرکەوتن لەوەی زۆرێک لە توداوێکان بگرن، لە ناویاندا باوکی کارینگا، تا وای لێهات توداوێکان تووشی بێهیوایی بوون. هەموو پیاوەکانی توداوێ لە شەودا دایان بەسەر دێی داریبی و دەمەوبەیانی ئاگریان بەردایە رەشماڵەکانیان. بە دەم خەوەوە لە رەشماڵە سوتاوەکانیاندا خەڵکی دێی داریبی کوژران. ئەو داریبییانەی کە توانیان رزگاریان بێت، خۆیان لەناو دارستانەکاندا شاردەوە، شوێنپێیان هەڵگرتن و لە ماوەی دوو هەفتەی دوابەدوای یەکدا هەموویان کوشتن. بەڵام حکومەتی ئۆستراليا کۆنترۆڵی دۆخی ڕاوڕووتەکەی کرد لە پێش ئەوەی کارینگا بتوانیت بکوژەکانی باوکی بگرێت.
لەو ئێوارەیەوە، زۆر جار خۆم دەبینم لەرزم لێهاتووە کاتێ وردەکارییەکانی ئەو بەسەرهاتەم وەبیر دێتەوە- پڕیشکێک لە چاوی کارینگا دەردەچوو کاتێ

باسی کوشتاری ئەو سپێدەیەی دەگێڕایەوە. ئەو چرکە رازیکەرانەی کە لە کۆتاییدا تیرەکەی توانی هەندێک لە بکوژانی گەلەکەی بپێکێت، هەروەها فرمێسکەکانی لە توڕەیی و بێهیواییدا کاتێ بکوژەکانی باوکی توانیان ڕابکەن، کە هیوای ئەوەی هەبوو رۆژێک لە رۆژان بە ژەهر بیانکوژێت. لەو ئێوارەیەدا، پێم وایە تێگەیشتم چۆن کەسێکی باشی میهرەبان دەتوانێت خۆی بۆ کوشتن ئاراستە بکات. تواناکاری جینۆساید بە پێی هەلومەرجی دەورەدراوی کارینگا، لە ناوەوەی هەمووماندا هەیە و شاراوەتەوە. بە پێی ئەوەی گەشەی دانیشتوانی جیهان، ململانێکان توندتر دەبن لە نێوان کۆمەڵگەکاندا، مرۆڤەکان پەرۆشی زیاتریان دەبێت بۆ کوشتاری یەکتری، چەکە کاریگەرترەکانیش هۆیەکە بۆ ئەنجامدانیان. گوێگرتن لە کەسی یەکەمی رووبەڕووبووە لەگەڵ جینۆساید، ئازاردەرە. بەڵام ئەگەر پشتی تێبکەین و لێی تێنەگەین، ئایا نۆرەی ئەوە نییە ئێمە ببینە بکوژەکان، یان قوربانییەکان؟

سیاسەتی ئەمریکا لەبارەی هەندێ لە هیندییە ناودارەکانەوە

سەرۆک جۆرج واشنتۆن:
"ئامانجە سەرەکییەکان وێرانکردنی تەواوی ئەوان و نیشتیمانەکانیان. گرنگە بەروبوومەکانیان لەسەر زەوییەکان وێران بکەین."

بنیامین فرانکلین:
"ئەگەر ئەوە پلانەکە بێت کە ئەم دڕندانە تەواو لەناوببرێن بۆ دروستکردنی دەرفەت بۆ کشتوکاڵکارەکانی ئەو زەوییانە، وا دیارە ئەستەم نییە کە ڕوومەکان ئامرازەی دیاریکراو بن."

سەرۆک تۆماس جێفرسۆن:
"ئەم نەتەوە بەدبەختە، کە ئێمە ئازاری زۆرمان چیشتووە بیپارێزین و بە شارستانی بکەین، بەهۆی ڕاکردنی ناچاوەڕوانکراوەوە و دڕندایەتییە پاساوهەڵگرەکانیان بۆ جینۆساید، ئێستا چاوەڕێی بڕیاری ئێمە دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسیان."

سەرۆک جۆن کوینسی ئادەمز:

"مافی پیاوە ڕاوکەرەکەن چییە لەو دارستانانەی هەزاران میل دوورن و بە مەبەستەوە تیا ماون و بە دوای نێچیردا دەگەڕێن."

سەرۆک جێمس مۆنرۆ:
"دۆخی راوکەرەکان یان دڕندەکان پێویستی بە زەویوزارێکی فراوان هەیە کە بپارێزرێت، زیاتر لەوەی کە لەگەڵ پێشکەوتن و بانگەشە دادپەروەرەکانی ژیانی شارستانێدا یەکبگرێتەوە.. دەبێت ملکەچی بێت..."

سەرۆک ئەندریۆ جاکسۆن:
"ئەوان نە زیرەکی شک دەبەن، نە پیشەسازی، نە رەوشت، نە دابونەریت، نە ئارەزوویەک کە پێویستە بۆ هەر گۆڕانیک لە بارودۆخیان. لەناو نەژادیکی سەرووتر لە هی خۆیان دامەزران، وە بە بێ پێزانینی هۆکاری کەمێتی خۆیان یان گەڕان بە دوای دا بۆ کۆنترۆڵ کردنی، دەبێت و پێویستە لەسەریان خۆ بە دەستی ئەو بارودۆخەوە بدەن، بۆ ماوەیەکی درێژ ون بن."

سەرۆکی دادگای باڵا جۆرج مارشاڵ:
"ئەو خێڵە هیندییانەی کە نیشتەجێی ئەم وڵاتە بوون، دڕندەن، بەشەڕ داگیریان کردووە، ئەوان لە دارستانەکانەوە هاتوون... ئەو یاسایە بە گشتی پێویستە رێکبخرێتەوە، پەیوەندی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو لەسایەی ئەو هەلومەرجەدا، توانای پیادەکردنی نییە [دۆزینەوەی ئەمریکا لە لایەن ئەوروپییەکانەوە] مافێکی سنووورداری دا بە هیندییەکان کە نازناوی داگیرکەریان لێ بستێنێتەوە، لە رێگەی کڕین یان لە رێگەی پەلامارەوە."

سەرۆک ویلیەم هێنری هاریسۆن:
" ئایا یەکێک لە باشترین دادپەروەرییەکانە کە بەشێکی جیهان لە دۆخێکی سروشتیدا بمێنێتەوە. ڕاوکردنی ژمارەیەکی کەم لە دڕندەکان، کاتێ دەبینن یەزدان هاوکاری ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی کردووە ببنە ناوەندی شارستانێتی؟"

سەرۆک ثیۆدۆر رۆزڤێلت:

"لە کۆتاییدا دانیشتوانەکە و پێشەنگەکانیان بەخت یاوەریانە، ئەم کیشوەرە مەزنە نەدەتوانرا پارێزگاری لێ بکرێت، وەک ئەوەی یاری بێت بە دەستی دڕندەکانەوە."

جەنەڕاڵ فیلیپ شێریدان:
"هیندییە باشەکان کە من دیبێتیانم تەنیا ئەوانە بوون کە مردن."

وەرگیراوە لە کتێبی:
Jared Diamond, The Third Chimpanzee- The Evaluation and Future of the Human Animal. HarperCollins Publishers, New York, 1992.

# سەرچاوەکان


Auron, Yair, *Sensitivity to the World's Suffering: Genocide in the 20th Century* (Tel Aviv: Seminar Hakibbutzim college of Education, 1994) [Hebrew].

———, *The Pain of Knowledge* (New Brunswick: Transaction Publishers, 2005).

Avidan, David, "The Stain Remained on the Wall," in *Poets on the Edge: An Anthology of Contemporary Hebrew Poetry*, ed. Tsipi Keller (Albany: SUNY Press, 2008).

Bauer, Yehuda, "Against Mystification: The Holocaust as a Historical Phenomenon," in *The Holocaust in Historical Perspective* (Seattle: Washington University Press, 1978), 30-49.

———, "The Place of the Holocaust in Contemporary History," in *Studies in Contemporary Jewry*, Vol. 1, ed. Jonathan Frankel (Bloomington: Indiana University Press, 1984), 201-234.

———, "Defining the Holocaust: Different Approaches in the Historiography," in *Studies in Historiography*, ed. Moshe Zimmerman, Menahem Stern and Joseph Salmon (Jerusalem: Zalman Shazar Center, 1987), 245-253 [Hebrew].

———, *Rethinking the Holocaust* (New Haven, CT: Yale University Press, 2002).

Berenbaum, Michael, "The Uniqueness and Universality of the Holocaust," in *After Tragedy and Triumph: Modern Jewish Thought and the American Experience* (Cambridge: Cambridge University Press, 1990), 17-32.

———, ed. *A Mosaic of Victims: Non-Jews Persecuted and Murdered by the Nazis* (New York: New York University Press, 1990).

Brecht, Bertolt, *Poems: 1913-1956*, trans. John Willett (New York: Eyre Methuen, 1976).

Browning, Christopher R., *Ordinary Men: Reserve Police Battalion 101 and the Final Solution in Poland* (New York: Harper, 1993).

Celan, Paul, "Fugue of Death," in *The Poetry of Our World*, ed. Jeffery Paine (New York: HarperCollins, 2000), 240-242.

Chalk, Frank, "Definitions of Genocide and Their Implications for Prediction and Prevention," *Holocaust and Genocide Studies* 4 (1989), 149-160.

Chalk, Frank, and Kurt Jonassohn, *The History and Sociology of Genocide: Analyses and Case Studies* (New Haven, CT: Yale University Press, 1990).

Charny, Israel W., *How Can We Commit the Unthinkable? Genocide, the Human Cancer* (in collaboration with Chanan Rapaport, Boulder, CO: Westview Press, 1982).

———, "Genocide: The Ultimate Human Rights Problem," *Social Education* 49 (1985), 446-452.

———, ed. *Genocide: A Critical Bibliographic Review*. 2 vols. (New York: Facts on File, 1991).

———, "Toward a Generic Definition of Genocide," in *Genocide: Conceptual and Historical Dimensions*, ed. George Andreopoulos (Philadelphia, PA: University of Pennsylvania Press, 1994), 64-94.

———, ed. *The Widening Circle of Genocide* (New Brunswick: Transaction Publishers, 1994).

———, "Commonality in Denial: Classifying the Final Stage of the Genocide Process," *International Network on Holocaust and Genocide* 11 (1997), 4-7.

———, ed. *Encyclopedia of Genocide* (Santa Barbara: ABC-CLIO, 1999).

———, "Innocent Denial of Known Genocide: A Further Contribution to the Psychology of Denial of Genocide," *Human Rights Review* 1 (2000), 15-39.

Chaumont, Jean Michel, *La concurrence de victimes – génocide, identité, reconnaissance* (Paris: La Découverte, 1997).

Cohen, Stanley, *States of Denial: Knowing About Atrocities and Suffering* (London: Polity Press, 2001).

Dadrian, Vahakn N., "A Typology of Genocide," *International Review of Modern Sociology* 5 (1975), 201-212.

Diamond, Jared, *The Third Chimpanzee: The Evolution and Future of the Human Animal* (New York: Harper Perennial, 1992).

Dobkowski, Michael, and Isidor Wallimann, eds., *Genocide in Our Time: An Annotated Bibliography with Analytical Introductions* (Ann Arbor, MI: Pierian Press, 1992).

Drost, Pieter N., "The Crime of State: Penal Protection for Fundamental Freedoms of Persons and Peoples," in *Genocide in Theory and Law*, ed. Adam Jones (London: Sage, 2009) [Original edition, 1959].

Fein, Helen, *Accounting for Genocide: National Responses and Jewish Victimization During the Holocaust* (New York: The Free Press, 1979).

———, "Genocide: A Sociological Perspective," *Current Sociology* 38 (1990), 1-126.

Foss, Clive, "Introduction," in *Teaching About Genocide*, ed. Joyce Freedman-Apsel and Helen Fein (New York: Institute for the Study of Genocide, 1992), 1-6.

Funkenstein, Amos, and Adin Steinsaltz, *The Sociology of Ignorance* (Tel Aviv: Broadcast University and Ministry of Defense, 1987) [Hebrew].

Gellner, Ernest, *Nations and Nationalism*, 2nd ed. (Malden, MA: Blackwell, 2006).

Giddens, Anthony, *Sociology*, 6th ed. (Cambridge: Polity Press, 2009).

Goldhagen, Daniel J., *Hitler's Willing Executioners: Ordinary Germans and the Holocaust* (New York: Knopf, 1996).

Gorny, Yosef, *Between Auschwitz and Jerusalem* (London: Mitchell Vallentine, 2003).

Gutman, Israel, "The Uniqueness and Universal Character of the Holocaust," in *Struggles in Darkness: Studies in Holocaust and Resistance* (Jerusalem: Sifriat Poalim, 1985), 47-71 [Hebrew].

———, ed. *Encyclopedia of the Holocaust* (Tel Aviv: Sifriat Poalim, 1990).

Herman, Judith Lewis, *Trauma and Recovery: The Aftermath of Violence – From Domestic Abuse to Political Terror* (New York: Basic Books, 1997).

Horowitz, Irving L., *Genocide: State Power and Mass Murder* (New Brunswick, NJ: Transaction, 1976).

———, "Many Genocides, One Holocaust? The Limits of the Rights of States and the Obligations of Individuals," *Modern Judaism* 1 (1981), 74-89.

———, "Genocide and the Reconstruction of Social Theory: Observations on the Exclusivity of collective Death," *Armenian Review* 37 (1984), 1-21.

———, *Taking Lives: Genocide and State Power*, 5th rev. ed. (New Brunswick, NJ: Transaction, 2002).

Jehl, Douglas, "Officials Told to Avoid Calling Rwanda Killing Genocide," *New York Times*, June 10, 1995.

Katz, Steven T., *The Holocaust in Historical Context*, Vol. 1 (Oxford: Oxford University Press, 1994).

Kundera, Milan, *The Book of Laughter and Forgetting*, trans. Aaron Asher (New York: HarperCollins, 1996).

Kuper, Leo, *Genocide: Its Political Use in the Twentieth Century* (New Haven, CT: Yale University Press, 1983).

———, *The Prevention of Genocide* (New Haven, CT: Yale University Press, 1985).

Lang, Berel, *Act and Idea in the Nazi Genocide* (Syracuse: Syracuse University Press, 2003).

Lemkin, Raphael, *Axis Rule in Occupied Europe: Laws of Occupation, Analysis of Government, Proposals for Redress* (Washington, DC: Carnegie Foundation for International Peace, 1944) [Reprint, New York: Howard Ferting, 1973].

———, "Genocide: A Modern Crime," *Free World* 4 (1945), 39-43.

Levi, Primo, *The Drowned and the Saved* (New York: Vintage International, 1989).

Lifton, Robert J., *The Nazi Doctors: Medical Killing and the Psychology of Genocide* (New York: Basic Books, 1986).

Lipstadt, Deborah, *Denying the Holocaust: The Growing Assault on Truth and Memory* (New York: The Free Press, 1993).

Macionis, John J., *Sociology*, 13th ed. (Upper Saddle River, NJ: Prentice Hall, 2010).

Melin, Charlotte, ed. *German Poetry in Translation, 1945-1990* (Hanover, NH: University Press of New England, 1999).

Melson, Robert, *Revolution and Genocide: On the Origins of the Armenian Genocide and the Holocaust* (Chicago: University of Chicago Press, 1992).

Porter, Jack N., "Introduction: What Is Genocide? Notes toward a Definition," in *Genocide and Human Rights: A Global Anthology*, ed. Jack N. Porter (Lanham, MD: University Press of America, 1982), 2-32.

Power, Samantha, *"A Problem from Hell": America and the Age of Genocide* (New York: Basic Books, 2002).

———, "Genocide and America," *The New York Review of Books*, 49, March 14, 2002.

Rummel, Rudolph J., *Lethal Politics: Soviet Genocide and Mass Murder since 1917* (New Brunswick, NJ: Transaction Publishers, 1990).

———, *The Conflict Helix: Principles and Practices of Interpersonal, Social, and International Conflict and Cooperation* (New Brunswick, NJ: Transaction Publishers, 1991).

———, *Death by Government* (New Brunswick, NJ: Transaction Publishers, 1994).

———, *Statistics of Democide: Genocide and Mass Murder since 1900* (New Brunswick, NJ: Transaction Publishers, 1998).

———, "The New Concept of Democide," in *Encyclopedia of Genocide*, Vol. 1, ed. Israel W. Charny (Santa Barbara: ABC-CLIO, 1999), 18-23.

———, "Power Kills: Absolute Power Kills Absolutely," in *Encyclopedia of Genocide*, Vol. 1, ed. Israel W. Charny (Santa Barbara: ABC-CLIO, 1999), 23-34.

Savon, Hervé, *Du cannibalisme au genocide* (Paris: Hachette, 1972).

Smith, Roger W., "Human Destructiveness and Politics: The Twentieth Century as an Age of Genocide," in *Genocide and the Modern Age: Etiology and Case Studies of Mass Death*, ed. Isidor Wallimann and Michael Dobkowski (Westport, CT: Greenwood Press, 1987), 21-40.

Smith, Roger W., Eric Markusen, and Robert J. Lifton, "Professional Ethics and the Denial of Armenian Genocide," *Holocaust and Genocide Studies* 9 (1995), 1-22.

Staub, Ervin, *The Roots of Evil: The Origins of Genocide and Other Group Violence* (New York: Cambridge University Press, 1992).

Striar, Marguerite, ed. *Beyond Lament: Poets of the World Bearing Witness to the Holocaust*(Evanston, IL: Northwestern University Press, 1998).

Strom, Margot Stern, and William S. Parsons, *Facing History and Ourselves: Holocaust and Human Behavior* (Watertown: International Educators, 1982) [New edition, 1994].

Szymborska, Wisława, "The Century's Decline," in *View with a Grain of Sand: Selected Poems*(New York: Mariner Books, 1995).

Tal, Uriel, "On the Study of the Holocaust and Genocide," *Yad Vashem Studies* 13 (1979), 7-52.

Totten, Samuel, and Steven L. Jacobs, eds., *Pioneers of Genocide Studies* (New Brunswick, NJ: Transaction Publishers, 2002).

Totten, Samuel, William S. Parsons, and Israel W. Charny, eds., *Century of Genocide: Critical Essays and Eyewitness Accounts* (New York: Routledge, 2004).

Vidal-Nacquet, Pierre, "By Way of a Preface and by the Power of One Word," in *A Crime of Silence: The Armenian Genocide*, ed. Permanent People's Tribunal (London: Zed Books, 1985).

———, "Theses on Revisionism," in *The Assassins of Memory: Essays on the Denial of the Holocaust* (New York: Columbia University Press, 1992).

Wiesel, Elie, "Then and Now: The Experiences of a Teacher," *Social Education* 42 (1978), 266-271.

About this book:

This book is taught as the first unit of the course "Genocide".

Author: Yair Auron

Development Team:
Prof. Yair Auron (head)
Yahonatan Alsheh (assistant)

English Edition:
Translated from Heblow by Geremy Forman
Scientific Editor: Issac Lubelsky
Editor of Englishversion: Gila Haimovic

Kurdish Edition:
Translated from English by: Mahabad Qaradaghi
Scientific Editor: Dr. Mohammad Ihsan
Shahab Printinghouse - Erbil

ISBN: 978-91-981378-9-7